# موبارەک و سەردەمەکەی

## لە سەکۆوە بۆ گۆڕەپان

سەرنج:

لە سەرەتای ئەم کتێبەوە تا لاپەڕە ١٤٢ لە وەرگێڕانی
کاک عومەر عەلی غەفوورە. لە ١٤٣ بەدواوە لە وەرگێڕانی
کاک سەباح ئیسماعیلە.

محەمەد حەسەنێن هەیکەل

# موبارەک و سەردەمەکەی

## لە سەکۆوە بۆ گۆڕەپان

وەرگێڕانی:
عومەر عەلی غەفوور و سەباح ئیسماعیل

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

محەمەد حەسەنێن هەیکەل
موبارەک و سەردەمەکەی لە سەکۆوە بۆ گۆڕەپان
وەرگێڕانی: عومەر عەلی غەفوور و سەباح ئیسماعیل
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٩٥
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٧٥ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئیسماعیل

ژینک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-64-5

# پێڕست


پێشەکی ........ 9
پرسیارێک و چەندان وەڵام ........ 36
دیدارە شەش سەعاتییەکە ........ 44
گفتوگۆکە درێژەی هەیە ........ 55
چیرۆکی نوێ لە پاریس ........ 75
بیووره ........ 92
دڵەخورپەی کۆن و نوێ ........ 104
چەماوەیەک لەسەر رووبار ........ 122
ڕۆڵ یاخۆ فەرمان ........ 141
ئاسایش و زامنکردن... سامان و دەسەڵات ........ 156
حوسێن سالم ........ 184
پرسی ئەشرەف مەروان ........ 201
چی لەبارەیەوە دەزانین؟ ........ 223
دوا پێوەندی ........ 237
گرێی میراتگری ........ 251

تێبینی:

بە درێژایی ئەم لاپەڕانە خۆم نەبەستووەتەوە بەو وشانەی وەسفی سەرۆک "حوسنی موبارەک"یان پێ دەکرێ، وەک ئەوەی پاش ئەوەی لە دەسەڵات لادراوە، لە قسە و نووسینەکاندا وەسفی ئەوی پێ دەکرێ، بگرە مادام هێشتا ئەو پیاوە دادگەیی نەکراوە و حوکم نەدراوە، هەر ئاماژەگەلی ئاسایی بۆ بەکار دێنم.

ئەگەرچی "موبارەک" بەڕاکشاوی لەسەر نوێنێکی پزیشکی گەیشتە ناو قەفەسێکی ئاسنینی ناو هۆڵی دادگە، بەڵام ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کراون ئەو تۆمەتانە نەبوون کە پێویست بوو ئاراستەی بکرێن، بگرە رەنگە ئەوە دواین تۆمەت بێ کە بکرێ ئاراستەی سەرۆکی دەوڵەتێک بکرێ کە گەلەکەی لەدژی راپەڕیون و دەسەڵاتەکەیان رووخاندووە و لایان داوە.

لۆجیک لە دادگەییکردنی هەر سەرۆک دەوڵەتێکدا ئەوەیە لەسەر ئەو رەفتارانە دادگەیی بکرێ کە تێیدا سستی لە پابەندبوون بە ئەرکی نیشتمانی و سیاسی و ئەخلاقیی خۆی نواندبێ و خراپەی بەرامبەر گەلەکەی کردبێ، ئەو تۆمەتانە بوونە مایەی تەقینەوەی شۆڕش بە گژیدا.

***

واتە پێویستە دادگەییکردنی سەرۆکی دەوڵەت هەر سەرۆک و هەر دەوڵەتێک سیاسی بێ و بەرپرسیاریەتیی ئەو لە شکاندنی بەڵێن و پەیمان و شەرعیەتەکەی لەسەری ساغ بکاتەوە یاخۆ بەپاش بداتەوە کە وای کردووە شۆڕشی بە روودا بکرێ، جگە لەمە، کورتکردنەوەی تۆمەتەکان لە بەربەرەکانیکردنی خۆپێشاندەرەکاندا، هەڵگەڕاندنەوەی دۆخەکان و

پەلەکردنە لە گەیشتن بە پاشەکی بەر لە پێشەکی و بە ئەنجامەکان بەر لە هۆکان، چونکە ئەگەر نەسەلمێ "موبارەک" لە پەیمان و بەڵێن و شەرعییەت دەرچووە، ئەوکاتە رووبەڕووبوونەوەی بۆ خۆپێشاندانەکان دەکاتە بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆی لە بەکارهێنانی ئامرازە پێویستەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتیی خەڵک و سیستمی گشتیی دەوڵەت، خۆ ئەگەر لەو مەیانەیەدا زێدەڕۆییەکیشی کردبێ لە دەرکردنی فەرمان یاخۆ جێبەجێکردنیدا بەمەبەستی خێرا یەکلاکردنەوەی دۆخەکە ئەوە پێویستیی گەورەتر شەفاعەتی لەوەدا بۆ دەکا، یاخۆ لە خراپترین دۆخدا دەکرێ رەوایی ئامانجەکانی ببێتە تکاکاری لە زێدەڕۆییکردنی لە بەرکارهێنانی هێزدا.

هەروەها پاش دادگەییکردنی سیاسی نەک پێش لەو بوار بۆ دادگەییکردنی تاوانکاری (جینائی) و لەگەڵیشیدا کەلەپچە و قەفەس، واز دەبێ!

***

دادگەییکردنی سیاسی بناغەیەکی پێویستە بۆ دادگەییکردنی جینائیی سەرۆکی دەوڵەت، چونکە رەوایی یاسایی بەو هۆکارانە دەدا کە بوونەتە مایەی روودانی شۆڕشەکە لەدژی، لەو کاتەدا فەرمانکردنی بە تەقەکردن لە خۆپێشاندەرانیش لە رووی یاساییەوە نیشانەی ئەوە دەبێ کە سوورە لەسەر درێژەدانی بە دەستدرێژیکردنە سەر مافی گشتی و شکاندنی ملهوڕانەی بۆ بەڵێنە دەستوورییەکەی لەگەڵ نەتەوە!

لەم روانگەوە من لە ئاماژەکردن بۆ "موبارەک" وەسفەکانی وەک "لێخراو" و "دەرکراو"، یاخۆ تەنانەت "پێشوو"م بەکار نەهێناوە، بگرە بەدرێژایی ئەم لاپەڕانە تەنیا ئاماژە ئاساییەکانم بەکار هێناوە.

بەهەرحاڵ هەرکەس بۆی هەیە ئەگەر بیەوێ لە بریی ئەو ئاماژانەی بەگوێرەی ئەو لۆجیکەی باسم کرد بەکارم هێناون، وشەکانی "لێخراو" و "دەرکراو" یاخۆ "پێشوو" دابنێ.

## پێشەکی

بیـرۆکـەی نووسـینی ئەم چەند لاپەڕەیە لەوەوە هـات بیکەمـە پێـشـەکی بۆ کتێبێک لە دووتوێیدا باس لە کۆی پێوەندیم بەسەرۆک "حوسنی موبارەک" بکەم، کە پێوەندیەکی سنووردار و ساردوسڕ و زۆرجاریش توند و گرژ بوو، رەنگە درێژترینیـان دیدارێکی نێـوانمان بێ کـە شـەش سـەعـاتی تەواوی خایاند، کە لە سەعات ٨ی بەیانی تا ٢ی پاش نیوەڕۆ رۆژی ٥ دێسەمبەری ١٩٨١ واتە دوای دوو مـانگ لە سەرەتای سەرۆکایەتییەکەی درێژەی کێشا، ئەوانـی تر دیداری سـەرپێی بوون، هـەروەها هەندێ قـسـەکـردن بوون کـە زۆربەیان بە تەلەفـۆن بوون و هەر هـەمـوویشـیـان بەدەسـتـپـێـشـخـەریی دۆسـتـانەی ئەو بوون. بەڵام لە راسـتـیـدا گـفـتـوگـۆی نێـوانمان نـەپچـڕا، نەشدەکرا بپچڕێ لەبارێکدا ئەو پیاوە دەستی بەسـەر میسـردا گرتبوو و منیش لای خـۆمـەوە بایەخم دەدا بەوەی رووی دەدا، هەر بۆیە لەبارەی سیاسەت و رەفتارەکانیەوە نووسیم و قسەم کرد، ئەویش لای خۆیەوە بە راستەوخۆ یاخۆ بە ئاماژە، بە زمانی خۆی یاخۆ بە زمانی کەسانێک کە ئەو دەسـتنیـشـانی دەکـردن لە بریی ئەو قـسـە بکەن، وەڵامـی دەدایەوە، یان ئەمانەی دوایی لەخۆیانەوە بەبێ راسپاردن وەڵامیان دەدایەوە.

لەو ئەزموونە مادەیەکی زۆری نووسراو و چاپکراو یاخۆ بینراو و بیستراو کـەڵەکـە بوون و بیـرم لەوە کـردەوە، بیـانکەمـە تۆمـارێکی تێـروتەسـەلی دیالۆگـەکـانی نیـشـتـمـانێک و هەروەها پێـوەندیی رۆژنـامـەنووسـێک لەگـەڵ حوکمڕان و دەسەڵاتی نیشتمانەکەی لە ساتێکی دیاریکراودا.

بەڵام لە خـۆمم پرسی ئاخـۆ ئامانج لـەو تۆمـارە چییـە و کـۆکـردنەوەی چ

کەڵکێکی هەیە؟

سەرەتا بە بیرمدا هات هەر تۆمارکردنی رووداوەکان بۆ خۆی ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن لە قۆناغێکی مێژووی میسر، کە هێشتا لەناوماندا دەژی و ئێمەیش لەناویدا دەژین!

بە بیرمدا هات زۆر لە پرسەکان هێشتا گفتوگۆ لەبارەیانەوە گەرمە، بەو پێیەش تۆمارکردن دەبێتە دەستبارێک بۆ پێککگەیاندن و بەردەوامبوون.

ئەنجا بە بیرمدا هات هەندێ لەو ئادگار و ئاماژانەی لە جێبەند (سیاق)ی ئەو دیالۆگەدا هاتوون، رەنگە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە لوغزی پیاوێک بۆ ماوەی سی ساڵ حوکمی میسری کرد و لە لووتکە نەبزووت، دنیا گۆڕا، بەڵام ئەو وەک خۆی، بسکەی سمێڵی دەهات، پێویست بێ.

هەر بۆیە پشکنین و لێکۆڵینەوەی پێویستە !

***

خەیاڵم بە هەموو لاکاندا پەلی هاویشت، ئەنجا بۆم دەرکەوت ئاراستەکان لق و پۆپیان لێ دەبێتەوە و درێژ دەبنەوە، بەڵام رێگەکان ناگەنە ئامانجێک کە بکرێ ببێتە خاڵێک وەڵام بێ بۆ پرسیارەکە.

گەڕامەوە بۆ کاغەز و دۆسیەکانم، بۆ یاداشت و بیرەوەرییەکانم، ئەگەرچی شتی زۆرم بینییەوە و زۆر دیمەن بە کەشوهەوا و وردەکارییەکانیانەوە بۆم گەڕانەوە، لە ناوەندی ئەو هۆسەیەدا پرسیارێکی تر بەخەیاڵمدا هات کە ناتوانم خۆی لێ ببوێرم، پوختەکەی ئەوەیە:

ئاخۆ بە راستی و دڵنیایی چ لەبارەی ئەو پیاوەوە دەزانم کە بەکەمی پێی گەیشتووم و بە زۆری لەگەڵ خۆی و رێژیمەکەی رووبەڕوو بووم.

لەوەیش گرینگتر:

خەڵکی تر بە راستی و دڵنیایی چی لەبارەی ئەم پیاوەوە دەزانن، کە من و ئەوانیش لە پێگە و گۆشەی بێشومارەوە وێنەگەلێکی ئەومان دیوە، بەڵام هەر

هەمــوویان بەس نەبوون بۆ ئەوەی بڕوا بەو پیــاوە بکەین، یاخــۆ تەنانەت هەستــێکمـان لەبارەیەوە لا گەلاڵە ببێ کە بەهۆیەوە متمانەی پێ بکەین و بیناسینەوە، یاخۆ متمانە بە بڕیاری بکەین.

بگرە رەنگە زۆریی بێسنووری وێنەکان سەرسوڕمانیی خەڵکی زیاتر کردبێ، یاخۆ لانی کەم شەکەتی کردوون و توانای زۆربەیانی لە هەڵبژاردنی نێزیکترینیان لە راستییەوە بۆ گوزارە لەو پیاوە و هەڵسەنگاندنی کەسایەتیی ئەو و ئەرخەیانبوون لە کردەوەی، لاواز کردووە.

ئەگەر وێنەی یەکەمی ئەو پیاوە وەربگرین وەک لە یەکەم دەرکەوتنیدا بڵاو بوویەوە، ئەوە لە "مانگای پێکەنیو" La vache qui rit دەچێ، ئەی کەوابێ مانگایەکی پێکەنیو دەتوانێ ٣٠ ساڵ حوکمڕانیی میسر بکا؟!

ئەگەر وێنە زۆر بەشکۆکەیش وەربگرین، کە پاش شەڕی ئۆکتۆبەر وەک سەرکردەی ئەوەی ناونرا "زەبری ئاسمانی" پێشکێشی گۆڕەپانی میسری عەرەبی کرا، ئەی چۆن ئەو "ئەفسانە"یە چۆکی دادا و بوو بەو وێنەیەی لە دواینی دیمەنی گۆڕەپانەکەدا دیمان، کە لەسەر قەرەوێڵەیەکی پزیشکی لەپشت دیواری قەفەسێکەوە لە دادگەی تاوانەکانی میسر، بە لاوازی و کەنەفتی، تەخت راکشابوو، کە پێڵووی چاوەکانی بە کزی داخستبوو و جاروبار چاوێکی هەڵدەهێنا و دزە نیگایەکی دەگرتە دەوروبەری تا بزانێ چی روو دەدا، لەبیری چووبوو کە لاوازییش جۆرێکی تایبەت بەخۆی لە شکۆمەندی هەیە، چونکە لە هەموو بارەکاندا مرۆڤایەتیی مرۆڤ موڵکی خۆیەتی و رێزگرتنی لەو مرۆڤایەتییە مافێکە هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ لێی دابڕنێ، مەگەر بە سەرشۆڕکردن دەستبەرداری ببێ، لاوازیش (وەن) جیایە لە سەرشۆڕی (هوان)!.

ئەگەر وێنەی پیاوەکەیش لەوەوە وەربگرین کە خۆی هەوڵی دەدا وەسفی سەردەمەکەی بکا، بەوەی گوایە سەردەمی مەزنترین دەسکەوتە لە مێژووی میسردا پاش "محەمەد عەلی"، ئەی چۆن بتوانین تەفسیری ئەو بارودۆخە

بکەین کە میسری تێدا بەجێ هێشت، کە زێدەڕۆیی و کورتڕۆییکردنە بەرامبەر سەرچاوە و پیاوەکان و ڕامالینی تەواوی فیکر و ڕۆشنبیرییە، تەنانەت کاتێ گەڕایەوە و ویستی ڕای بگەیەنێ بە تەما نییە کوڕەگەی بکاتە میراتگری تەخت دوای خۆی، لە وەڵامی پرسیاری میرێکی سعوودیدا کە لە مێژە پێوەندییان هەبوو، بە تیژی وەڵامی دایەوە "کابرا گوناهت دەگا! چی بە میرات بۆ کوڕەکەم بەجێ بێڵم؟ وێرانەی بۆ بەجێ بێڵم؟!".

گوێگرەکەیشی لێی نەپرسی ئاخۆ کەی و چۆن وەک ئەو باسی کرد میسر بوو بە "وێرانە"!

ئاخۆ ئەو بەو وێرانەییە دەسەڵاتی تێدا وەرگرت، ئەگەر وایە، ئەی لە ماوەی سی ساڵی حوکمڕانیی خۆیدا چی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کرد، کە ئەو ماوەیە دوو هێندە زیاترە لەو ماوەیەی لە وڵاتانی وەک چین و هندستان و مەلایۆ خایاندی بۆ ئەوەی هەستنە سەر پێ و پێش بکەون!

دوای ئەوەیش ئەگەر دەستکەوتەکانی هێندە زۆرن کەسی تر لە سەردەمی "محەمەد عەلی"ەوە پێی نەگەیشتبێ، کەوابێ ئەو دەسکەوتانە بۆ کوێ چوون و چۆن وڵات لە سایەی حوکمڕانیی ئەودا گۆڕا بۆ "وێرانە"؟! ئەنجا ئەو هەموو کۆششە لەپێناو بەمیراتکردنی "وێرانە"یەک بۆ کوڕەکەی بۆ؟، نەخاسمە کە منجڕیکردن لەسەر ئەوە شەتڵێکی ئەڵغام بوو کە لە ناوەڕاستیدا سیستەمی "باوک" شەقار شەقار بوو و تا ئێستەیش، پاش ساڵێک لە قڵیشبوون و داڕووخانی، هەر داڕووخێ!

چۆن و چۆن و چۆن؟!

لێرەدا پرسیارەکە چی تر لەبارەی وێنەکانەوە نابێ، بەڵکو دەگوێزێتەوە بۆ گەڕان بە دووی پیاوەکە خۆیدا!

***

بەدرێژایی ئەم لاپەڕانە پێش لە سەیرکردنی ئەلبوومی وێنەکانی، هەوڵم

داوە بەدوای پیاوەکە خۆیدا دەگەڕام، گەڕامەوە سەر دۆسیە و پەڕە کاغەزەکانم و یاداشت و بیرەوەریەکانم لەبارەی "حوسنی موبارەک"، بەڕێکەوت سەرەپارچەی ڕۆژنامەیەکم بەرچاو کەوت کە ئێستە لام روون نییە بەر لە ٣٠ساڵ بۆچی هەڵمگرتبوو، بەلاّم کاتێ لەناو ئەرشیفەکە هێنامە دەرێ، جارێک و دووان بە بیرکردنەوەوە دەستم بەخوێندنەوەی کرد.

پارچە رۆژنامەکە وتارێکی رۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" بوو لە ٢٧ ئۆکتۆبەری ١٩٨١ و لە سەرەتای وتارەکە رستەیەک هەڵوەستەی پێ کردم، بەزۆریش بە هەمان هەستەوە کە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر وای لێ کردبووم بیپارێزم!

رستەکە بە هەواڵێک لە قاهیرەوە دەست پێ دەکا پاش کوژرانی سەرۆک "سادات"، ئاماژە بەوە دەکا ئەو پیاوەی لە سەرۆکایەتیی میسردا جێی دەگرێتەوە "حوسنی موبارەک"ی جێگریەتی، دوای ئەوە رستەیەک دێ کە دەڵێ "تەنانەت ئەوانەیش کە دەگوترێ "موبارەک" دەناسن، لە راستیدا هیچی لەبارەوە نازانن!".

ئێستە پاش ٣٠ ساڵ لەبەردەم ئەم رستەیەدا وەستام، شتێک لە ناواخنیدا ئەو ئاماژەیە دەبەخشێ کە "کلیل"ی هەموو وتارەکەیە، لەبەرئەوەی ئێمە لەبەردەم پیاوێکداین هەموو رۆژ و سەعاتێک بینیومانە، بەیانی و ئێوارە گوێمان لێی بووە، لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا ملیۆنان لە وێنەکانیمان پێشان داوە، بەلاّم نەماندەناسی و هێشتایش هەر نایناسین!

***

دوا ئەوە لە خۆمم پرسی:

ئەگەر ئەو پیاوە وێنەیەکی جێگیری نەبێ بەهۆیەوە وێنایەکی ماقووڵ لەبارەیەوە گەڵاڵە بکرێ، ئەی من چۆن چەند مانگێک خۆم تەرخان بکەم بۆ کۆکردنەوە و بلاّوکردنەوەی ئەوەی لە ماوەی ٣٠ ساڵدا، لە چەند دیدارێکی

کەمدا راستەوخۆ لەوم بیستووە، یاخۆ بە ناڕاستەوخۆ لەرێی گفتوگۆ و نووسین و قسەکردنەوە پێم گوتووە.

ڕاڕا بووم، بەڵام بیرکردنەوە لەوەی ئەو ٣٠ ساڵە لە تەمەنی نیشتمان، هاوکات بریتییە لە ٣٠ ساڵ گۆڕانکاری و هەڵبەز و دابەز لە ناوچەکە و هەرێمدا، تێیدا پیاوێک، کە نایناسین، بۆ چارەنووسێکی نادیار رابەرایەتی کردین، گەیاندمییە ئەو بڕوایەی هۆکار هەرچی بن، ناکرێ چاوپۆشی لە مێژووی ئەو پیاوە بکرێ یاخۆ بازی بەسەردا بدرێ، ئەگەرچی چەندان هۆ هەیە دیارترینیان ئەوەیە مێژوو کۆتای نەهاتووە وەک هەندێ لە فەیلەسوفە مۆدێرنە خۆشخەیاڵەکان بۆی چوون!

دوای ئەوە گەیشتمە شتێکی ناوەند لەنێوان ئەو هەستە جیاوازانەدا:

لەلایەکەوە بیرم لەوە کردەوە لەم کتێبەدا لە دۆسیە و کاغەز و یاداشت و بیرەوەریەکانم پێشەکییەکی تێروتەسەل لەم کتێبەدا بنووسم کە هەندێ هێڵ و رەنگ لەبارەی "حوسنی موبارەک" بگەیەنێ، پێشەکیش دان بەوەدا دەنێم ئەو پێشەکییە چەندە تێروتەسەل بێ ناتوانێ ببێتە تابلۆیەک مەرجەکانی هونەری وێنەکێشانی قوتابخانەی کلاسیکی تێدا بێ، بەڵام بە خەیاڵمدا هات خۆ دەتوانێ لە مەرجەکانی قوتابخانەی وێنەکێشانی دەربڕینکاری (تەعبیری) تێدا نێزیک بێتەوە.

بەو واتایەی دەکرێ وێنەیەک بێ هەوڵی لاساییکردنەوەی قوتابخانەی "لیوناردۆ دافینشی" یاخۆ "مایکڵ ئەنجیلۆ" نەدا کە لە نیگای سرووشتەوە هاتبێ، بگرە هەوڵی لاساییکردنەوەی قوتابخانەی "رینوار" و "مانیە" دەدات بە کاریگەریی کەشوهەوا مرۆڤایەتییەکەی پەنجە لە بابەتەکەی دەدا و ئەوەندەی هەست درکی بکا و چاو نەیبینێ، ئاماژە بە سرووشت و کەسایەتی دەکا.

***

هەندێ جار ئەو هەستەیش ختووکەی دەدام کە ڕەنگە هەمووان لە وێناکردنی پیاوەکەدا نەیانپێکابێ.

پەنایان بۆ کامێرا برد تا وێنەیەک بە ڕووناکی بگرن، لە کاتێکدا دەبوو پەنا بۆ فڵچە و ڕەنگ ببەن و بە زەیت وێنەبکێشن، ئینجا هەڵەکەیان دووبارە کردەوە کاتێ لە بریی پەنابردن بۆ قوتابخانەی کاریگەربوون (تەئسیری)، پەنایان بۆ قوتابخانەی کلاسیکیی هونەر برد.

پێم وایە من هەوڵم دا بە کێشانی چەند ڕەنگێک لەسەر ڕووبەرێک کاغەز ئەوە بکەم، کە فڵچەیەکی زەیت لەسەری دەنیشێ، کە هێمای سێبەر یاخۆ بۆشایی دەبەخشێ و زیاتر لەوەی پەیامی ڕوون بێ، ئاماژە دەدا و ئەوەندەی بکرێ گوزارە دەکا لە سەردەمێکدا کە بوار بۆ نیانیی "رینوار" یاخۆ خەیاڵی "مانیە" نەماوەتەوە.

***

لەبارەی ئەو هۆیەی وای لە هەمووان کرد نەتوانن بەدوای پیاوەکە خۆیدا بگەڕێن و ئەو نەناسینە سی ساڵ درێژە بکێشێ، پرسیاری زۆرم لە خۆ کرد.

ڕاڤەکردنی ئەو بابەتە فرەهۆ بوو، هەمووشیان لۆجیکی بوون، بەڵام لە جەنجاڵیدا بزر بوون:

هەندێ خەڵک هەر کە موبارەکیان دی لە ئامێزیان گرت و لەسەر کەسایەتیەکەی نەوەستان لەو کاتەی لە سەکۆکەوە بازی دایە سەرۆکایەتی. ئەمانە ڕوداوەکەی سەکۆکە تووشی شۆکی کردن و ئامێزیان بۆ ئەو کەسە کردەوە کە پاش ڕووداوەکە بەزیندوو مایەوە.

هەندێکیش دیوە ڕواڵەتییەکەی سەرۆکی نوێیان وەرگرت و ڕووداوەکەیان بە سووکی وەرگرت و بەدۆخێکی کاتییان زانی بۆ تێپەڕاندنی تەنگژەیەک، لێرەشەوە خۆماندووکردن بە شیکردنەوەی، کات بەفیڕۆدانە.

هەندێکیشیان ئەو ڕووداوانەی ئەو پیاوە یەکێک بوو لە کارەکتەرەکانی

کاری تێ کردن، هاوکات وێنەی گشتیی ئەو رووداوە مەزنانەی ناوچەکەی گرتەوە رۆڵیان بەویش بەخشی، لەگەڵ بەها و قورسایی میسریشدا ئەو کەسەی لە لووتکەی هەرەمەکەیدایە بەیداخەکەی بە خۆیەوە پێچا و ئەو کەسانەیش چاویان بڕیبووە بەمیراتگرتنی ڕۆڵی میسر، یارمەتییان دا لەوەی ئەو بەیداخە بکاتە شەوقێک و ئادگارە گۆڕاوەکانی سیاسەتی میسری پێ بشارێتەوە.

هەندێکیان بەتایبەت نەوەی لاوان، گەورە و پیر بوون و جگە لەو "موبارەک" سەرۆکێکی تریان نەدی، واتە چەندان نەوە خوویان بەو پیاوەوە گرت و خۆیانیان لەگەڵ بوونی ئەودا راهێنا.

هەندێکیش لە روانگەی "نازانم راحەتی گیانم"ەوە خۆیان لە سەرێشەی پرسیارکردن لەبارەی "موبارەک" بوارد و خۆیان دایە دەست ئەو وەڵامە ئامادەیەی میدیای ملکەچی دەسەڵات و سامان لە میسر بەرهەمیان دەهێنا، کە ناخۆشبەختانە ئەو میدیایە کاریگەری لەدەست دابوو، ئەگەر چی ژاوەژاوەکەی هەر مابوو!

لەوانەیە و لەوانەیە و هەموویان نیشانەی پرسیارن کە گومانەکان تێیدا سەرگەردان دەبن، بەڵام لە راستیدا پێش و پاش هەموو شتەکان ئەو پیاوە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ لە لووتکەی دەسەڵاتی میسردا مایەوە.

لێرەدا مۆڵەت وەردەگرم تا ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئەم لاپەڕانە، ئەگەرچی زیاتر لەوەی چاوەڕوانم دەکرد درێژ بوونەوە، چیرۆکی ژیان یاخۆ ژیننامەی پیاوێک نین، بگرە تەنیا چەند نیگایەکن کە خۆم بینیونم یاخۆ زانیونم، هەر ئەوەیش بیانوو و پۆزشمە بۆ ئەوەی لە هەندێ لە بەشەکاندا شێوازی قسەکەرم بەکار هێناوە، هەروەها بۆ وردیی زیاتر لە دەربڕیندا هەندێ وشە و دەستەواژەم بە شێوە عامییەکە، بەو شێوەی بیستوومە، گواستووەتەوە.

دەبێ ئەوەیش بڵێم کە هەوڵم نەداوە کەسێک لەوانەی لەنێزیکەوە لەگەڵ "موبارەک" کاریان کردووە و ژیاون، بدوێنم، چونکە ئەوە ئەرکی خەڵکی ترە کە بیانەوێ ژیاننامەکەی بنووسنەوە و رۆڵی روون بکەنەوە.

بەلای منەوە پێم وایە بەلای کەسانی تریشەوە جێی سەرنجە کە زۆر لەوانەی لەراستەوخۆ لەگەڵیدا کاریان دەکرد، لە پێشی ئەوانەوە بوون کە لێی هەڵگەڕانەوە، واتە ئەو پیاوە پێوەندییەکی مرۆڤانەی قووڵی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا نەبووە، هەروەها وابەستەیی دووسەرە یاخۆ دۆستایەتی لەگەڵ کەسە نێزیک و هاوکارەکانی نەبوو، بگرە وا دیارە پێوەندییەکانی بە دەوربەرەکەیەوە تەنیا چەند شوختێکی رواڵەتی بووە کە تەنیا چەند خاڵێک لەسەر پێست بەجێ دێڵێ و دوای چەند رۆژ یاخۆ هەفتەیەک نامێنێ!

ئەوەیش دیسان دیاردەیەکی جێسەرنجە!

ئەوە بەشی یەکەمی کتێبەکەیە.

هەرچی بەشی دووەمە کە گەورەترین بەشی کتێبەکەیە، برێتییە لە کۆی ئەو شتانەی لە لاپەڕەکانی رۆژنامە و کۆوارەکان نووسیومە یاخۆ لە شاشەکانەوە گوتوومە و هەموو پێوەندییان بە پرسەکانی سەردەمەوە هەیە، بە خستنە روو و لێکدانەوە، شیکردنەوە و وردکردنەوەی رووداوەکانی ٣٠ ساڵ و پێم وایە وشەکان قەرەبووی بەشێک لەوە دەکەن کە رەنگەکان نەیانتوانی بیکەن!.

ئومێدم وایە ئەمە خوایە شتێک لەو هەمووە تیشکێک بنێرێ کە هیچ نەبێ سووچێک لەو تونێلە تاریکەی رۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" ئاماژەی پێ دا روون بکاتەوە، کە نووسی "تەنانەت ئەوانەیش کە دەگوترێ "موبارەک" دەناسن، لە راستیدا هیچی لەبارەوە نازانن!".

ئەوەیش، بەداخەوە، راست دەرچوو، چونکە هەم سەرەتا و هەم کۆتای "موبارەک" بەلای ئەو بزانانەوە لەناکاو بوو.

***

پرسـیـارێک مـاوە دەبێ بگاتە گـوێی هەمـووان: ئەو پیـاوە چۆن توانی ٣٠ ساڵ لەسـەر کورسیی سـەرۆکایەتیی میـسر بمێنێتـەوە و چۆن چۆنی گەلی میسر توانی ٣٠ ساڵ لە سایەیدا ئارام بگرێ؟

وەڵامـی "چۆن"ەکــەی یـەکــەم ئەوەیـە: ئەوە بـەخــتـی خــۆی بـووە مــادام توانیویەتی بمێنێتەوە!

هـەرچی "چۆن"ەکەی دووەمە، ئەوە بەرپرسیاریەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی هـەمـوو گەلی مـیـسـر، کە لەرێی دانبـەخـۆداگرتن و بێدەنگبوون و هـەندێ جـار دەربڕینی وەڕسی و بێــزارییــەوە توانی بـەرگــە بـگرێ، تـا شــۆڕشی ٢٥ یەنایەری ٢٠١١ هـات، ئەو کاتەی جـامەکە پڕ بوو و ئارامگرتن و بێدەنگبوون لە توانادا نەمان و دەربڕینی بێزاری دادی نەدەدا!

***

چۆن "حوسنی موبارەک" بۆ جێگری سەرۆک هەڵبژێردرا و.. بۆچی؟

بەدواداچوونی لەنـێـزیکەوەم نێزیک وەک بایەخـپـێدان، بەڵام دوور لە رووی مـەوداوە بۆ سـەرۆک "حـوسـنی مـوبارەک" لەو کاتەوە دەسـتـی پێ کرد کە بۆ یەکەم جـار وەک فـەرمـاندەی چەکی باڵەفـڕوانیی مـیـسـری لەپاش ئەو دۆخـە دژوارەی بەهۆی رووداوەکانی یۆنیۆی ١٩٦٧ەوە سەری هەڵ دا، لـە گۆڕەپانە گشتییەکەدا دەرکەوت و لەو کاتەدا بۆ ساتێکیش ئەوە بە خـەیاڵمدا نەهات کە ئەو پیـاوە لە داهاتوودا بۆ مـاوەی ٣٠ سـاڵ حوکمـڕانیی مـیـسـر دەکات و بیر لەوەش دەکاتەوە دەسـەڵاتەکەی بە میرات بۆ کوڕەکەی بەجێ بێڵێ.

کاتێ "موبارەک" پـاش تیرۆرکردنی سـەرۆک "ئەنوەر سادات" لـە ئۆکتۆبەری ١٩٨١دا بوو بە ســەرۆک، لەو کـاتەدا کـە ئـێـمـە هێـشـتـا لە گـرتـووخـانەی "توڕڕە"دا بووین (لە هەڵمـەتەی گرتنە بەناوبـانگەکەی سـێپـتەمـبەری ١٩٨١دا گـیــرابووین)، ئەو پـەندە فـرەنسـاییــە باوەم وەبیــر خــۆم و ئەوانی تریش دەهێنایەوە، کە نووسـەری بەناوبانگی فرەنسایـی "ئەندریە موروا" لە یەکێ لە

ڕۆمانەکانیدا بەکاری دێنێ کە دەڵێ "هەمیشە ئەوەی چاوەڕواننەکراوە ڕوو دەدا"!.

***

بۆ ئەمانەت دەڵێم گوێم لە محەمەد فەوزی وەزیری بەرگری بوو لای جەمال عەبدولناسر لەکاتی کاندیدکردنیدا بۆ پۆستی سەرۆکی ئەرکانی چەکی باڵەفڕوانیی لەکاتی شەڕی داچۆڕاندن (استنزاف)دا پەسنی حوسنی موبارەکی دەکرد، پاش ئەوەیش کاتێ سەرۆک سادات کردی بە فەرماندەی چەکی باڵەفڕوانی، بوو بە جێبایەخێکی گشتی و فراوان، چونکە لەو کاتەدا چەکی باڵەفڕوانی بە پرۆسەیەکی زەحمەتی قۆناغی خۆرێکخستنەوەدا تێدەپەڕی کە هاوکات دەبوو ڕۆڵ خۆی لە شەڕی داچۆڕاندنیشدا ببینێ، لەو ماوەیەدا پێنج فەرماندە سەرکردایەتیی ئەو دەزگایەیان گرتە ئەستۆ، کە بریتی بوون لە سدقی مەحموود، مەدکوور ئەبولعیز، مستەفا ئەلحەناوی و عەلی بەغدادی، کە هیچکامیان نەیانتوانی ماوەی سرووشتیی خۆیان تەواو بکەن، هەر بۆیە وەرگرتنی پۆستی فەرماندەیی باڵەفڕوانی لەلایەن هەرکامیانەوە کەفوکوڵێک بوو دانەدەمرکایەوە، ئەویش لە کەشوهەوایەکی گرژدا لەناو یەکێک لە گرینگترین چەکەکان و لە ساتێکدا کە زۆر پێویستی بە کاری ئەو کەسە هەبوو!

***

یەکەم دیدارم لەگەڵ "موبارەک" دیدارێکی ڕاگوزەر و بەرێکەوت بوو، مەوعیدێکم لەگەڵ فەریق "محەمەد ئەحمەد سادق" وەزیری جەنگ هەبوو، کاتێ بەناو ژووری یاوەرەکەیدا بەرەو ژوورەکەی تێیدەڕیم، هەندێ لە فەرماندەکان، لەناویاندا موبارەک، چاوەڕوانی دیداری وەزیر بوون. ئێستە لە یادمە دانیشتبوو و جانتایەکی پڕ لە کاغەزی بەدەستەوە بوو کاتێ هەستا و سڵاوی کرد و خۆی ناساند جانتاکەی هەر بەدەستەوە بوو، دیارە منیش بە ڕێزەوە تەوقەم لەگەڵدا کرد و لە موجامەلەیەکدا کە زۆر جار لەو برووسکە

دیدارانەدا روو دەدا، ئاماژەم دا بەوەی رۆڵی ئەو لە گرینگترین رۆڵەکانە لە قۆناغی داهاتوودا و هەموو وڵاتیش چاوەڕوانی جێدەستی دەکا.

ئەویش وەڵامی دایەوە "خودا یار بێ جێی گومانباشیی هەموولا دەبین".

بۆ ژوورەکەی فەریق سادق بانگ کرام. هێشتا دیدارەکەی چەند چرکە لەوەوبەری موبارەکم لە زەیندا مابوو، دیارە لەگەڵ بایەخدانی زیاتر بە چەکی باڵەفڕوانی و فەرماندەکەی، دەستم پێ کرد و لەبارەی "موبارەک"ەوە پرسیارم لە فەریق سادق کرد ئاخۆ دەتوانێ؟. ئەویش وەڵامی دامەوە "پاش ئەو هەموو هەڵبەز و دابەزەی بەسەر سەرکردایەتیی چەکی باڵەفڕوانیدا هات، ئێستە ئەو ئامادەترین ئەفسەرە لە ناو چەکی باڵەفڕوانیدا". نازانم بۆچی لەو کاتەی موبارەک لە گۆڕەپانە گشتییەکەدا دەرکەوت لە بەدواداچوونیدا هەندێ پرسیارم وروژاند و پووختەی قسەکەم پێوەندی بە پرسیارێکەوە هەبوو لە سەربانەوە (وەک دەڵێن): ئەو پیاوە چۆن چۆنی توانی لەگەڵ ئەو هەموو ململانە و گۆڕانکارییانەی لە چەکی باڵەفڕوانیدا روویان دا، لە نێزیک لووتکە لەناو چەکی باڵەفڕوانیدا بمێنێتەوە، چۆن توانی لە ماوەی ٤ فەرماندەی پێش خۆیدا دەست بە پێگەی خۆیەوە بگرێ، لەکاتێکدا هەریەک لەوانە چەندان گۆڕانکاری و گوێزانەوەیان ئەنجام دا؟

شتێکی تریشم بۆ ئەم تێبینییە زیاد کرد و گوتم "من چەندان سەربوردەم بیستووە لەبارەی رۆڵی "موبارەک" لە رووداوەکانی دوو ساڵ لەمەوبەری دورگەی "ئابا" (یاخیبوونی مەهدییەت لە رێژیمی سەرۆکی سودانی جەعفەر نومێری و سەرهەڵدانی ململانەی چەکداری لەنێوان هەردوولا لە ساڵی ١٩٧٠) کە چەند ئاماژەیەکی لەگەڵدایە، لەوانە چوونی "موبارەک" بۆ سودان بەیاوەریی ئەنوەر ساداتی جێگری سەرکۆمار تا بزانن میسر چی پێ دەکرێ بۆ هێورکردنەوەی تەقینەوەی دۆخەکە لە باشووری دۆڵی نیل و بەهێزکردنی هەڵوێتی نومێری لەو بارودۆخە عەرەبییە شلۆقەدا. یەکەم راسپاردەی

نێـردەکـەی "ئەنـورە سـادات" لەو کـاتەدا ئەوە بـوو بەدەم داواکـەی سـەرۆکی سودانەوە بچن و باڵەفڕەکانی میسر کە ئەو کات لە سودان نیشتەجێ بوون، بۆردمـانی پێگەکـانی مـەهـدیەت لە دورگـەی ئـابا بکەن تا ڕێگە لە دەرچوونی هێزەکـانی بۆ دەرچەی نیل و گەیشتن بە پایـەتەختە "سـێگۆشـە"کە بگیرێ. لە قاهیـرە گفتـوگۆی قـووڵ لەبارەی راسپاردەکـانی نێردەی سـادات لە خەرتووم کرا و بڕیار هـاتە سـەر ئەوەی هیچ باڵەفڕێکی مـیسری بەشداری لێدانی هیچ پێگـەیەک نەکـا و "بارودۆخ هـەرچی بێ نابێ خـوێـنی هـاووڵاتیی سـودانی بە چەکی میسری بڕژێ".

دوای چەد ڕۆژێک "هـادی ئەلمەهدی" سـەرۆکی مـەهدیەت کـوژرا و دەنگۆی ئەوە بڵاو بوویـەوە کـە مـینێک لەنـاو سـەبەتـەیەکی مـیـوەی مـانجـۆدا کـە بۆی نێرداوە تەقیوەتـەوە، هەروەهـا گوتـرا لیوا حـوسنـی "موبـارەک" (پیـاوی دووەم لە نێردەکەی سادات بۆ خەرتووم) دوور نەبووە لە نهێنییـەکانی، بگرە هەندێ لە مـیدیاکـانی سـودان ئەوکات و دواتـرش کە "مـوبارەک" بوو بە سـەرکـۆمـار، راسـتـەوخـۆ ئەویان تۆمـەتبـار کـرد بەوەی لەپـشت کـوشـتـنی ئیـمـام هـادی مەهدییەوە بووە.

لە بایەخـدانمەوە بە چەکی باڵەفـڕوانـی لەو کـاتە و دۆخـەکـەی، بە خـێـرایی ئاماژەم بـۆ هـەمـوو ئەوانە کـرد. وەڵامـی فـەریق "سـادق" ئـەوە بوو: ئەوەی من بیـسـتوومـە ئەویش بیسـتـوویەتی، بـەڵام لەوە زیاتر نازانێ. هـەروەهـا گـوتی "ئەگــەر مــوبارەک چووبێـتــە ناو ئـەو بابەتـە ئەوا دەبێ بـەهـۆی پێـداگــریی نومێرییەوە بووبێ و دەبێ ئەنوەر ساداتیش لەوە ئاگەدار بووبێ".

هـەروەهـا گـوتی "یەکـەمین سـیـفـەتی باشـی "مـوبارەک" ئەوەیـە گوێڕایەڵی سـەرۆکەکانیـەتی، داواکانیان جێبەجێ دەکا و قسـە لە قسەیاندا ناکا". دوای ئەوە گفتوگۆکەمـان گۆڕی بۆ ئەو بابەتەی لەپێناویدا هـاتبووم.

***

دووەم جار کە لەو ماوەیەدا لەکاتی شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ موبارەکم بینی دیسان ئەویش بینینێکی سەرپێیی و راگوزەر بوو، ئەوە بوو سەردانی سەنتەری ژمارە ١٠م کرد (کە سەنتەری سەرکردایەتیی گشتیی جەنگ بوو) و مەوعیدێکم لەگەڵ فەریق "ئەحمەد ئیسماعیل" فەرماندەی گشتیدا هەبوو، لە رۆژی پێنجەمی جەنگەکەدا بووین (١٢ ئۆکتۆبەر)، لیوا "موبارەک" (فەرماندەی چەکی باڵەفڕوانی)یش لەوێ بوو، بەبایەخەوە بەرەو پیرم هات و لێی پرسیم "رۆژنامەی ئەهرام چۆن وردەکاریی ئەو شەڕەی زانی کە لەسەر بنکەی ئەلمەنسووره رووی دا". "موبارەک" لەو بنکەیەدا بوو و چاوی بە باڵەفڕوانێکی ئیسرائیلی کەوت کە باڵەفڕەکەی خرابوویە خوارەوە، باڵەفڕوانە دیلەکەیان هێنابوو بۆ لای فەرماندەی باڵەفڕوانیی میسری و کەوتبوونە گفتوگۆ، موبارەک پێی گوتبوو کە لەکاتی شەڕەکەدا چاودێریی کاروانەکەی کردبوو و تێبینی ئەو هەڵانەی کردووە کە تێی کەوتبوون و لێی پرسیبوو: ئێمە پێمان وابوو باڵەفڕوانە ئیسرائیلییەکان لێهاتووترن، ئاخۆ ئێستە گۆڕاون؟ باڵەفڕە ئیسرائیلییەکەیش وەڵامی دابوویەوە "گەورەم ئێمە نەگۆڕاوین، بەڵام ئێوەن کە گۆڕاون".

موبارەک لەو کاتەی لەو راڕەوەی بەرەو نووسینگەکەی فەریق ئەحمەد ئیسماعیل لەگەڵم پیاسەی دەکرد بە پێداگرییەوە لێی پرسیم چۆن ئێمە ئەو سەرگوزەشتەیەمان زانیوە لە کاتێکدا شەڕەکە لە ئێوارەی پێرێ رووی دابوو، ئەویش دوێنێ وردەکارییەکەی بە تەلەفۆن بە سەرۆک سادات گەیاندبوو، کەچی تەواوی وردەکارییەکەی لە رۆژنامەی ئەهرامدا خوێندبوویەوە، هەروەها ئەو تەنیا بۆ سەرۆکی گێرابوویەوە، ئەی ئێمە چۆن زانیمان؟

گوتم "جەنابی لیوا، ئایا شتەکە روون نییە؟ لە سەرۆک خۆیەوە زانیمان". ئەویش بە سەرسوڕمانێکی زیاترەوە گوتی "لە سەرۆک خۆیەوە؟! هەروەک ئەوەی من بۆم باس کرد؟" ئینجا گوتی " ئای ئێوە خەڵکێکی چەندە وشکن!".

گەیشتینە نووسینگەی "ئەحمەد ئیسماعیل"، کە هۆڵی بەڕێوەبردنی "ئۆپەراسیۆنەکان"ی بە جێهێشت و هات بۆ نووسینگەکەی خۆی لە نێزیک هۆڵەکە بۆ بینینمان، چووینە ناو نووسینگەکە و فەرماندەی باڵەفڕوانیمان بەجێ هێشت کە هێشتا لەتاو خێرایی پێوەندی نێوان سەرۆک و ئەهرام سەری گێژ بووبوو. رەنگە دەبوو من زیاتر سەرم سووڕ بمێنێ لەو پێوەندییە راستەوخۆیەی نێوان فەرماندەی باڵەفڕوانی و سەر کۆمار بەبێ ئەوەی لە رێی فەرماندەی گشتییەوە بێ، بەڵام ئەو کاتە سەرم سوڕ نەما و وەک حەزێکی سەرۆک بۆ پێوەندیکردنی راستەخۆ بە فەرماندەکانیەوە بەبێ رەچاوکردنی پلەبەندیی سەرکردایەتیم زانی .

***

چەند ساڵێک بەسەر ئەم قسانەدا تێپەڕی کە چەندان رووداویان بە خۆوە بینی، لەوانە ئەو پێکدادانە توندەی لە ئایار/ مایۆی ١٩٧١ لە نێوان سەرۆک سادات و ئەوەی پێی دەگوترا سەنتەرەکانی هێز (مراكز القوي) رووی دا، دوای ئەو ململانەیە سەرۆک سادات کۆمەڵێ کاغەزی بۆ بەجێ هێشتم کە لە نووسینگەی بەڕێز "سامی شەرەف" بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک بوو، کە دکتۆر "ئەشرەف مەروان" ئەو پیاوەی پاش سامی شەرەف بوو بە بەڕێوەبەری نووسینگەی زانیارییەکان، بۆی بردبوو، ئەو رۆژە سەرۆک سادات ئاماژەی بۆ جانتایەک کاغەز لە بەردەمیدا کرد و پێی وتم " بیبە، تۆ کاغەزی کۆنت خۆش دەوێ و تاقەتی خۆندنەوەیت هەیە، بەڵام من تاقەتم لەگەڵیدا نییە".

جانتاکەم برد بەڵام ناوەکەیم نەپشکنی تا ئەو کاتەی رۆژنامەی ئەهرامم بەجێ هێشت و دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت بگەڕێمەوە سەری و پێیدا بچمەوە، بە تایبەت کە دەستم بە ئامادەکردنی کتێبێکی نوێ کردبوو تا لە لەندەن و نیویۆرک بڵاوی بکەمەوە کە ئەویش کتێبی "رێگە بەرەو رەمەزان The Road to Ramadan، پاش رۆچوون بەناو پەڕە کاغەزەکاندا ئاسەوارە

ونبووکان لەوێدا بوون.

بەڕێز سامی شەرەف (سکرتێری سەرۆک بۆ زانیارییەکان، هەروەها وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سەرۆکایەتیی کۆمار لەگەڵ عەبدولناسر و پاشتر لەگەڵ سادات) کردبووی بە نەریت بەخەتی خۆی هەرچی لەسەر زاری هەر بەرپرسێکی دەوڵەت بە تەلەفۆن ببیستایە تۆماری دەکرد، تا کاتێ دەیخاتە بەردەم سەرۆک هیچ وردەکارییەکی لەبیر نەچێ، هەندێ جاریش شتە گرینگەکانی بە خەتی خۆی دەست بەجێ بۆ سەرۆک نارد، دواتر دەستنووسەکانی بۆ دەهاتەوە، لەگەڵ ئاماژەدان بە بۆچوونێک، یاخۆ ئاماژەیەک بە رەتکردنەوە یاخۆ قبووڵکردن لە پەراوێزیاندا، هەندێ جاریش بە نووسینی نیشانەیەکی پرسیار یان سەرسوڕمان.

لەیەکێک لە فایلە ئاخنراوەکانی ناو جانتاکەی سامی شەرەف یاداشتێکم دۆزییەوە، کە بە خەتی خۆی لە یەکی نیسانی ١٩٧٠ نووسیبووی. یاداشتەکە تۆمارکردنی خاڵە سەرەکییەکانی لێدوانێکی تەلەفۆنیی ئەنوەر سادات (جێگری نوێی سەرۆک لە دێسەمبەری ١٩٦٩) بوو لەگەڵ سامی شەرەف سکرتێری سەرۆک بۆ زانیارییەکان. سادات لە پایەتەختی سودانەوە قسەی دەکرد، لیوا "حوسنی موبارەک"ی سەرۆکی ئەرکانی شەڕی باڵەفڕوانی لەگەڵ بوو بۆ یارمەتیدانی جەعفەر نومێری سەرۆکی سودان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو یاخیبوونەوەی بەسەرکردایەتیی ئیمام هادی ئەلمهدی دژ بە دەسەلاتەکەی کرابوو و خۆی لە دورگەی "ئابا"دا توند کردبوو و هەڕەشەی شالاوبردنی دەکرد لە دورگەکەوە بەمەبەستی هەڵکوتانە سەر ڕێڕەوی نیل بەرەو خەرتووم.

سەرۆک نومیری داوای کردبوو بە باڵەفڕی میسری کەنداوی ئابا بۆردمان بکرێ، کاتێ داواکەی لە قاهیرە رەت کرایەوە پەنای بۆ سۆڤیەت برد. لەسەر ئەو داوایە، هەندێ لە پسۆڕەکانیان بە سێ باڵەفڕی "میگ ١٧"ەوە بەسەر

دورگـەی ئابادا تـەپوسـووریان بوو، تا تـرس نیـشـان بدەن و ئەوەیش بـەبێ بۆردمـان ئـامـانجی خـۆی پێکا، ئەوە بوو مـەهدی هـەسـتی بە نیگەرانیی لایەنگرەکـانی لە دورگـەکـەدا کـرد لـەوەی سـوورانەوەی بـاڵەفـڕەکـان بۆ کـۆکـردنـەوەی زانیـاری بێ و دوای ئـەوە بۆمـبـاباران بکرێ، هەربۆیـە بە هەڵەداوان ئابای بەجێ هێشت و رووی کردە کەسلا لە رۆهەلات (باوەڕ وایە ویستبێتی لەوێوە بگاتە ئەسیوبیا)، لەوێدا لەرێی ناردنی سەبەتەیەک بەری مـیـوەی مـانجـۆی بۆمـبـڕێژەوە پـلانی تیـرۆرکـردنـی جـێـەجـێ کـرا. لەو سـەروەختـەدا ئەو گومـانە بڵاو بوویەوە کە "حوسنی موبارەک" ئـەو دەستـە شاراوەیە بووە کە ناردنی دیارییە بۆمبڕێژەکەی رێک خستووە، ئەو گومانە لە رۆژنامەکانی سەر بە مەهدی لە خەرتووم رەنگی دایەوە، شاندی میسری کە سادات و موبارەکیان لەناودا بوو لە قاهیرەوە فەرمانیان پێ گەیشت خەرتووم بەجێ بێڵن و دەستبەجێ بگەڕێنەوە قاهیرە.

من لای خـۆمـەوە چاودێریی نێردەکەی خـەرتووم و ئەرکـەکـەیم دەکـرد و نەیاریی خۆم بۆ داواکەی نومێری بۆ بەشداریکردنی باڵەفڕوانیی میسری لە لێدانی دورگەی ئابا دەربڕی، دەربڕینی هەڵوێستەکەیشم بە رەسمی بوو و ئیتر دوای ئەوە بابەتەکە لەناو جەنجاڵی سەرقاڵبوونەکاندا لە مێشکمدا نەمـا، لەبەرئەوەی لەوکـاتـەدا وەزیری راگـەیاندن بووم و ئەرکی وەزارەتی دەرەوەیشم لەسەر بوو و بەرپرسی راستەوخۆ بووم لە رووماڵکردنی سیاسی و دیبلۆماسی و میدیایی پرۆسەیەکی مەترسیدار و زیندوو لەو کاتەدا، ئەویش جووڵاندنی دیواری بەناوبانگی مووشەکەکان بوو بۆ بەرەی شەڕ، کە کۆشش و ماندووبوونێکی زۆری دەویست، چ لە ناوەندە دیبلۆماسییەکانی سیاسەتی ناودەوڵەتیدا یاخۆ لە بازنەی فراوانی میدیادا، بەتایبەت لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمـەریکا، کـە لەو کـاتەدا ویلیام رۆجـەر وەزیری دەرەوە بوو (کـە پێـشـتـر دەمـناسی لـەبەرئەوەی ئەندامی ئەنجـوومـەنی ئیـدارەی رۆژنامـەی واشنتـۆن پۆست بوو) بـۆ راگـرتـنـی شـەڕ بۆ مـاوەی ٩٠ رۆژ تا

دەرفــەت بۆ باڵوێز جــونار یانج نوێنەری ئەمــینداری گــشــتــیی نەتەوە یەکگرتووەکـــان بڕەخـــسێ بەپێی بڕیاری ژمـــارە ٢٤٢ چارەســــەرێکی دیبلۆماسی بدۆزێتەوە.

کـاتێ دواتر دەرفـەتم بـۆ رەخـسـا بۆ نووسین و بڵاوکـردنـەوە و دەسـتم بە پێداچوونەوەی ناوەرۆکی دۆسیـەکانم کرد، وەک پێشـتر گوتم، خـۆم لەگەڵ تەواوی نهێنییەکەدا رووبەڕوو بینیەوە!

***

لەناو چەندان فـایلی پڕ لە کاغەزدا ئەو یاداشتەم بینی کە سامی شەرەف بە دەسـخـەتی خۆی لـەکاتی گـفـتوگـۆیەکی لەگـەڵ ئەنوەر ساداتی جـێگری سەرۆکەوە لە خەرتووم تۆماری کردبوو.

بە یاداشـتـەکەوە دیارە کـە سادات لەرێی تەلەفۆنەوە قـسـە دەکا و سامی شـەرەفیش گوێ دەگرێ و ئەوەی فریای دەکەوێ بەپەلە تۆماری دەکا.

یاداشـتەکە لەسـەر کلێشـەیەکی رەسـمیی سکرتاریەتیی زانیـارییەکانە لە سەرۆکایەتیی کۆمار لە مێژووی ١ نیسانی ١٩٧٠، ئەمەیش دەقەکەیەتی:

سەرۆکایەتیی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو

سکرتاریەتی سەرۆک بۆ زانیاریەکان

١٤١٩٧٠

"خـالید عـەباس"[1] (بیـریان دەکردەوە چاکسـازیی کشـتوکـاڵی بکەن)

نومێری بیری دەکردەوە بیکاتە گرتووخانە

نومـێری و خـالیـد دەیانەوێ کـۆبوونەوەیەکی خـێـرای هەر سێ

---

١. خـالید عـەباس، یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شـۆڕش و جێگری سەرۆک وەزیران بوو

سـەرۆک (ی ئەرکـانی جـەنگ) بکەن بـۆ دانانی پلانێکی تەواو بۆ خۆماڵیکردن و دەستبەجێ جێبەجێ بکرێ.

٣ ملیۆن ئەنسارییی لە سودان هەیە.

"خـەرتووم" خـەڵک هەمـوو گۆچانـەکەیان لە ناوەڕاسـتدا گـرتبـوو، کـەس نەیتـوانی لەسـەر پـێی خۆی بوەسـتێ تا دوای گـفـتوگۆکەی سـەرۆک، نومێری چوو گفتوگۆکەی بۆ باس کردن، حزبی شیوعی هاتە دەر کـە پێش لە گـفـتـوگۆکە قـایل بوو بەوەی گۆچانـەکە لە ناوەڕاستدا بگرێ.

"مـوبارەک" راپۆرتێک لەبارەی سـەبەتەی ئەو بۆمـبـانە رەوانەمـان کردن ئـامادە دەکا هۆی سـەرکەوتنـی پرۆسەکەئەنجامەکانی زۆر بەهێزن[٢]. زۆربەی سوپا سەربازی سەر بە ئەنسارن.

ئـیـمـان دوو رۆژ لەمـەوبەر بە ئۆتـۆمـۆبـێل چووە دەریای سـوور، ئێمە لای نومـێری دانیشـتبـووین هەواڵی بۆ هات کە ئەفسـەرێک ئیمامی بە برینداری لە ئۆتۆمۆبێلێکدا گرتووە.

گوتی بیر لەوە دەکەینەوە ئێوە لە میسر بیبەنە لای خـۆتان، پێم گـوت لەلایەن سـەرۆکەوە دەسـەڵاتم پێ دراوە تۆ چیت بووێ بۆت بکەم، بەڵام تەواو نـابێ و ئـیـتـر با لـە خت و خـۆڕایی خـۆمـان تووشی دڵەئێشە نەکەین.

هەستا (خـالید حەسـەن) و قسـەی کرد و گوتی بۆی تەواو بکەن و پرۆسەکە تەواو بوو.

***

بەم شـێـوەیە وەک ئەوەی سـادات بە تەلەفـۆن بۆ سـامی شـەریفی باس کرد،

٢. واتە "سـادات" داوای لە موبارەک کردبوو راپۆرتێکی تەسەل لەبارەی دانانی بۆمبەکان لەناو سەبەتەی مانجۆکە ئامادە بکا.

نهێنییەکە لەبەرچاوم نمایان بوو، بەڵام هەمیشە هەمو نهێنییەک کۆمەڵێ کلکی هەیە. بەهۆی هەندێ هۆی ناکۆکییەوە دوای تەواوبوونی شەڕی ئۆکتۆبەر و تەنانەت لە کاتی رۆژە کۆتاکانیشیدا پێوەندیم لەگەڵ سەرۆک سادات تێک چوو، رۆژنامەی (ئەلئەهرام)م بەجێ هێشت و بۆ چەند مانگێک پێوەندیم پێوە پچڕاند، بەرهەحاڵ ئەو سەرقاڵ بوو بە پێوەندییە نوێیەکەی لەگەڵ "هنری کیسنجەر"، منیش لای خۆمەوە سەرقاڵ بووم بە دانانی کتێبێکی نوێ لەبارەی "پێوەندییەکانی عەرەبسۆڤیەت" بەناونیشانی "The Sphinx & The Commissar" و دامەزراوەی "ئەندریە دویچ" لە لەندەن و نیویۆرک بڵاوی کردەوە و ماوەی نۆ مانگم بۆ دیاری کرابوو تا دەقەکەیان بدەمە دەست، هیچ پێوەندییەکمان لەنێواندا نەما تا ٨ ئۆکتۆبەری ١٩٧٤، کە سەرۆک سادات خۆی بانگهێشتنی کردم و داوای کرد "هەر ئێستە" لە ماڵەکەی بیبینم (کە زۆر لە نووسینگەکەمەوە لە جیزە نێزیک بوو) و پێشنیازی کرد لەرێی خۆمدا سەرێکی لێ بدەم و دواتر لەکاتی شوێنی حەوانەی سەرۆکایەتی لە "هەرەم" راشکاوانە باسی ناکۆکییەکانمان بکەین.

لە هەموو بارەکاندان لەو ماوەیەدا لە بایەخپێدانی سیاسیمدا حوسنی "موبارەک" لەسەر شاشەی رادارەکەدا نەبوو.

***

ئێرە بواری باسکردنی وردەکارییەکانی ئەو دیدارە لەگەڵ سەرۆک سادات و ئەوەی دواتر رووی دا نییە، بە درێژایی زستانی ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥ دیدار و پێوەندی لەنێوانمان دووبارە دەبوویەوە، تا رۆژێک لە مانگی ئاداری ئەو ساڵە لە سەعات ١٠ی بەیانییەوە تا٣ی پاش نیوەڕۆ لە حەوانگەی (قەناتیر) بەیەکەوە بووین و موبارەکیش لە گفتوگۆکەدا ئامادەبوو، نەک تەنیا لە سەر شاشەی رادار!.

سەرۆک سادات لەناو گفتوگۆیەکی درێژدا لەژێر درەختی دێرینی فیکس لە ناوەڕاستی باخچەی حەوانەوەکەدا لەپڕ پرسیارێکی لێکردم کە

پوختـەکـەی ئەوە بوو " ئەو لـەبارەی پۆسـتـی جێگری سـەرۆک لە سـەردەمی نوێی دوای ئۆکتۆبەر دۆش داماوە و نازانێ چۆن بڕیار بدا".

بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی من بکا گوتی "حاجی حوسێن مەبەستی حوسێن شافیعی جێگری سەرۆک بوو چی تر بەکەڵکم نایەت".

ئەنجا گوتی" راشکاوانە بڵێم نەوەی یۆلیۆ بەکەڵک نەماوە، ئێستە نۆرەی نەوەی ئۆکتۆبەرە، پێویستە لەوانە و لە سەرکردەکانی، جێگری نوێی سەرکۆمار هەڵبژێرم!".

سەرۆک بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامێک بکا درێژەی دایە "نەوەی ئۆکتۆبەر پێنج سەرکردەی تێدایە، یەکەمیان ئەحمەد ئیسماعیل بوو مردووە، "جەمسی"ش ئێستە لەبەردەممدایە (لەکاتی شەڕەکەدا بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکان بوو و دوای ئەحمەد ئیسماعیل بوو بە وەزیری بەرگری)، ئەنجا "محەمەد عەلی فەهمی" (فەرماندەی بەرگریی ئاسمانی)، ئەنجا "حوسنی موبارەک" (فەرماندەی باڵەفڕوانی)، ئەنجا فەرماندەی هێزی دەریایی (هەر بەو شێوەیە بەبێ ناوبردن ئاماژەی پێ دا) و مەبەستی فەریق "فوئاد زیکرا" بوو.

سادات گوتی دەبێ یەکێک لەوانە هەڵبژێرم.

لەخۆوە لێم پرسی کە بۆچی خۆی لەو بازنە بچووکەدا قەتیس دەکا؟ واتە بۆچی پێی وایە نەوەی ئۆکتۆبەر تەنیا ئەو پێنج فەرماندە سەربازییەی شەڕەکەن؟

بە شێوازەکەی خۆی کاتێ بیەوێ لێبڕان پێشان بدا گوتی "تۆ دەزانێ دەبێ بۆ پەنجا ساڵی داهاتوویش سەرۆکی ئەم وڵاتە پیاوێکی سەربازی بێ، مادام وایش بێ فەرمانده سەربازییەکان لەوانی تر لەپێشترن".

بازنەی گفتوگۆکە فراوان دەبوو و گوتم "ئۆکتۆبەر شەڕی هەموو گەل بوو، ئەنجا تۆ ئێستە پێت گوتم بەنیازیت لیوا "مەمدووح سالم" وەزیری ناوەخۆ

بکەیتــە ســەرۆک وەزیران و دەترسم بەو کــارە ئەنجــوومــەنی وەزیران بپـۆلیـسـینێت، بە دانانی مـوبارەکیش بە جـێگری خـۆت سـەرۆکـایـەتیی دەسـەربازێنـێ، رەنگە دژوار بێ خـەڵک لـە یەک کـاتدا هەردووکـیـان قـبـووڵ بکەن".

وەڵامی دایەوە کـە پێی سـەیرە من راڕام لـە دەرککردن بە گرینـگیی ئەوەی سـەرۆکی داهاتووی میسر دەبێ پیـاوێکی سەربازی بێ، ئەنجا لێی پرسـیم: تۆ نازانی بۆچوونی مـامـۆسـتـایش (مەبـەسـتی جـەمال عـەبدولناسر بوو) هـەر وا بوو؟".

گـوتم "رەنگە بارودۆخ گـۆڕابێ، لایەنگیـریم لەدژی سـەرۆکـێکی سـەربازی نیـیـە، بەڵام بە دانـانی ئەفـسـەرێکی پـۆلیس لە سـەرۆکـایەتیی وەزیران و ئەفسـەرێکی باڵەفڕوان لە سـەرۆکـایەتیی کـۆمـار، ئەوە وێنەی پاش شـەڕ وا دەردەکـەوێ کـە جـەخـتکردن دەبێ لەسـەر (زەبت و رەبت)ێک کـە دۆخـەکـە پاســاوی پـێ نادا. لەبارەی بـۆچوونـی جــەمــال عــەبدولناســریش، ئەوە بەرپرسـیـاریەتیی شـەڕ و دەسکەوتەکـانیشی گـۆڕانی زۆری بەسـەردا هات کـاتێ لاوانی لێـوەشـاوە پێـوەندییـان بە سـوپای ملیـۆنییـەوە کـرد لە بەرەی شـەڕ".

هـەستم کرد سـووره لەسـەر بۆچوونەکەی، بەپێی لۆجیکی بەڵگەکەی خـۆی پێـشنیـازم بۆ کـرد، با وابێ بـەڵام لەبەرچی بۆ نموونەبیـرت لە جـەمـسی نەکردووەتەوە؟

بەخـێـرایی وەڵامی دایەوە "نـا، جـەمـسی بـۆ سـەرۆکـایەتی دەست نادا جەمسی جووتیارە و ئـەو کەسە نییە ئێمە ئێستـە بۆ پۆستی جێگری سەرۆک پێویستمانە".

هـەسـتم کـرد کـاندیدێکی هەیە، لێم پرسی بیـر لە کێ دەکـاتەوە، ئەوەیش وەک خووی هەمیشـەیی خۆی بە پرسیارێک وەڵامی دایەوە:

رات چۆنە لەبارەی "حوسنی موبارەک"؟

گوتم "ناوی بەخەیاڵمدا نەهاتووە، بگرە لەگەڵ پێداگیریکردنی لەسەر پیاوێکی سەربازی سەر بە نەوەی ئۆکتۆبەر، پێم وا بوو جێگرە نوێیەکەی یەک لەو دوو کەسە بن، جەمسی (وەزیری بەرگریی ئێستە کە بەرێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکان بوو)، یاخۆ "محەمەد عەلی فەهمی (فەرماندەی هێزی ئاسمانی، ئەو چەکەی گەورەترین کاریگەری هەبوو لە شەڕەکەدا لەرێی دیواری مووشەکەکانەوە)، ئەگەر ئەو دوانە نەبن، ئەوە رەنگە بیر لە یەکێک لە فەرماندەکانی سوپا بکاتەوە".

وەڵامی دایەوە "نا، هیچکام لەوانە بەکەڵک نایە، "موبارەک" لەوان باشترە، بەتایبەت لەم بارودۆخەدا!".

لێم پرسی: مەبەست چ بارودۆخێکە؟!

دەستی بە شیکردنەوە و درێژدادڕی کرد و قسەی بە خۆی دەبڕی، ئەنجا دەگەڕایەوە ناو بابەتی قسەکەی، ئەنجا لێی دور دەکەوتەوە، هەستم پێ دەکرد کە راڕایە لە درکاندنی تەواوی بیرۆکەکانی، ئەگەرچی هەندێ دەستەواژە سەرنجیان راکێشام:

وەک ئەوەی بۆ نموونە گوتی هەندێ فەرماندەی سوپا هێشتا لە سیاسەتی ئەو لە "پرۆسەی ئاشتی" و هۆکانی پشتەوەی تێ ناگەن. هەروەها گوتی "هێشتا هەندێ لە ئەندامانی سوپا هێشتا لایەنگری "سەنتەرەکانی هێز"ن یاخۆ لەگەڵ سەعدەدین شازلیدا هاوسۆزن".

هەروەها وەک ئاماژەدانی بە ئەزموونی شای ئێران "محەمەد رەزا پەهلەوی" کە بە "سیاسەتوانێکی بلیمەت"ی وەسف کرد و بەلای ئەوەوە بە حوکمی ئەزموونە دوور و درێژەکەی هۆشیارترین سیاسەتوانی ناوچەکەیە و کەڵکی زۆری لەو ئەزموونە وەرگرتووە.

لێرەدا سەرۆک سادات لێی پرسیم: "ئایا بەلاتەوە جێی سەرنج نییە کە

شای ئێران مێردی خوشکەکەی "جەنەراڵ محەمەد فاتمی" کردە فەرماندەی هێزی باڵەفڕوانی؟ ئەو بڕیارە دانایی تێدایە، چونکە باڵەفڕوانی دەتوانێ بە دەستوبرد دەست لە هەر یاخیبوون یاخۆ هەر هەوڵێکی کودەتا بکاتەوە".

لێم پرسی ئاخۆ ئەوە ئامۆژگاریی شای ئێرانە؟!

بەدەنگی بەرز بە نارەزاییەوە گوتی ئاخۆ ئەو پێویستی بە ئامۆژگارییەکی شا هەیە، ئاخۆ بەس نییە ئەوەی بەچاوی خۆمان دەیبینین و بەپێی توانا لێی تێدەگەین، ئەنجا وەک کەسێک بیەوێ هاوگفتوگۆکەی بێدەنگ بکا لێی پرسیم: محەمەد چیت لێ قەوماوە؟

قسەیەکی سەرنجی راکێشام کە گوتی "موبارەک وەک من جا لەو بەینەدا پێکەنی لە باڵەفڕوانیدا چەند کۆمەڵێکی لەناو ئەفسەراندا هەیە کە بەسەر چەکی ئاسمانیدا باڵادەستن" ئەنجا گوتی "خۆماڵیکردن، لە قۆناغی داهاتوودا بە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی تێی دەکەون پرسێکی گرینگە، رەنگە هەموو خەڵک بەو خێراییەی پێویستە لێی حاڵی نەبن".

لێم پرسی: بەڵام شا زاواکەی کردووەتە فەرماندەی باڵەفڕوانی نەک بە جێگری سەرۆکی دەوڵەت!، "موبارەک" بە بڕوای من شارەزایی لە کاروباری حوکمڕانی لە سیاسەتی ئەمڕۆدا نییە، نەخاسمە ئەوەی پێوەندی بە داواکاری و کێشەکانی خەڵکەوە هەبێ".

لێم پرسی "بۆچی دەرفەتی ئەوەی نادەیتێ لە یەکێک لە وەزارەتەکانی بەرهەمهێنان یاخۆ خزمەتگوزاریدا کار بکا، تا لە دۆخی بەرێوەبردنی مەدەنی تێ بگا و لەنێزیکەوە لە داواکاری و خواستەکانی خەڵک ئاگەدار بێ".

وەڵامەکەی ئەوە بوو "نا، ئەگەر ئەوەی تۆ پێشنیازی دەکەی بیکەم، ئەوە لە داهاتوودا دەیسووتێنم، دەسکەوتی خێرا لە وەزارەتە جێبەجێکارەکاندا زۆر سەختە".

***

تیشکێک بە زەینمدا گوزەری کرد، ئەو راپۆرتەم بیر کەوتەوە کە سامی شەرەف بە دەسخەتی خۆی لەبارەی پێوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ساداتی جێگری سەرۆکدا کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە خەرتووم بوو، نووسیبووی، لەناو قسەکاندا ئاماژەی بە هەوڵی کوشتنی ئیمام هادی لەرێی سەبەتەیەکی بۆمبرێژی مانجۆوە تێدایە!

بە سەرۆک ساداتم گوت لەبارێکدا نەمدەزانی لەبارەی یاداشتەکەی سامی شەرەفەوە چی ئاشکرا دەکەم و چی دەشارمەوە "بەڵام موبارەک لە کێشەی تیرۆرکردنی ئیمام هادیدا مقۆمقۆی زۆری لەسەر هەیە و لەگەڵ راگەیاندنی بوونی بە جێگری سەرۆک، ئەو بابەتە هەمووی لە خەرتووم دێتەوە ناو باسان". سادات بە شێوازەکەی خۆی بۆ قایلکردنی ئەو کەسەی گومانی لە شتێک هەیە وەڵامی دایەوە "محەمەد کێشەی تۆ ئەوەیە باوەڕ بە مقۆمقۆ دەکەیت و پێدەچێ ئەو چەند مانگەی لە من دابڕاویت (واتە لەو کاتەوە ئەهرامم لە فێبرایەری ١٩٧٤ بەجێ هێشت) لە سەرچاوەی هەواڵە راستەکان دووری خستوویتەوە".

بەڕێزەوە گوتم "هەواڵی راست لە هەموو جێیەک هەیە بۆ کەسێک بەدوایدا بگەڕێ".

سەرۆک وەک هەستی کردبێ بەو تێبینییەی دوایی نیگەرانی کردم، بەجارێ خەندەیەکی فراوانی پڕ بە لێوەکانی کرد وەک بیەوێ لێبوردەیی خۆی پێشان بدا، ئەنجا بە زمانێکی پڕ دۆستانەی خۆی ئاسا گوتی "بابەتەکە ئەوەیە تۆ بە غەریزەی رۆشنامەنووسییانەت هەموو هەواڵێکی وروژێنەر سەرنجت رادەکێشێ"!.

گوتم: "هەر هەواڵێکی وروژێنەر؟! تۆ خۆت هەموو چیرۆکەکەت بە تەلەفۆن گێڕایەوە و سامی شەرەف بە خەتی خۆی تۆماری کرد تا بیخاتە بەردەم جەمال عەبدولناسر، ئەوەیش سامی شەرەف نووسیویەتی لەناو ئەو

کاغەزانەمدایە کە جەنابت خۆت بە منت دا"!

وا هەستم کرد ئەوەی پێ سەیر بوو، یەکەم شتیش بۆ دەربڕینی ئەو حاڵەتە دەری بڕی وەک جۆرێ لە سەرسوڕمان کە لە دەمی دەرچووبێ گوتی "ئاھ"!

جا بە هەڵەداوان پرسی ئاخۆ ئەو کاغەزەم لایە کە سامی شەرەف نووسیویەتی و داوای کرد پێشانی بدەم!

گوتم کاغەزەکە هەیە بەڵام لێرە نییە و ئەوەم بیر خستەوە کە من پێشتر مۆڵەتم لێ وەرگرتبوو تا هەندێ لە ئەرشیفی بەڵگەنامەکانم ببەمە دەرەوەی میسر، نەوەک لە کێشمەکێشی ئەو ململانەی دەسەلاتەی پاش مردنی جەمال عەبدولناسر سەری هەڵدا ببنە سووتەمەنی.

پێم گوت لە یەکەم گەشتمدا بۆ ئەوروپا کاغەزەکەی بۆ دێنم، بەلام هاوکات ئەوەم بیر خستەوە دەبێ بەدووری نەزانێ ئەمەریکاییەکان و رەنگە سۆڤیەت و تەنانەت ئیسرائیلیش تەواوی گفتوگۆکەیان لەگەڵ سامی تۆمار کردبێ، کەواتە کەسانێک هەن چیرۆکەکە دەزانن و دوور نییە، بەبێ هیچ کاغەزێکی نووسراو، تۆماری تەواوی گفتوگۆکەیان لەلابێ!

پاش ئەوە کەوتینە ناو گێژاوی پەرەسەندنەکانی رووداوەکان، نە سەرۆک جارێکی تر داوای کاغەزەکەی کردەوە و نە منیش لە گەشتەکەمەوە لە ئەوروپا هێنامەوە!

***

بەلام گرینگترین شت پاش هەستان لە پشووەکەی "قەناتیر" ئەوە بوو کە چەند راستیەکم بۆ دەرکەوت:

١- هەڵبژاردنی "موبارەک" بۆ جێگری سەرکۆمار هەڵبژاردنێکی سادە نەبوو بگرە ئاڵۆز بوو و زۆر شت تێیدا لەبەرچاو گیراون، ئەوە تەنیا هەڵبژاردنی یەکێک نەبوو لەو پیاوانەی لە جەنگی ئۆکتۆبەردا دەرکەوتن

لەسەر بنەمای رۆڵی زیاتری یەکێکیان لەچاو ئەوانی تر، بگرە جگە لە ئۆکتۆبەر شتێکی تر هەبوو کە لەو هەڵبژاردنەدا موبارەکی هێنابوویە پێش و کاندیدی کردبوو.

٢- سەرۆک سادات پیاوێکی هەڵبژاردبوو کە پێشتر دەیناسی و توانای کارکردنی تاقی کردبووەوە و لێی دڵنیا بوو.

٣- لەو کاتەی بڕیاری هەڵبژاردنی ئەو پیاوەی داوە شتێکی گرینگ بەلای ئەو و سیاسەتەکانیەوە لە مێشکیدا بووە، ئەویش مەسەلەی پاراستنی رژێمە لە بارودۆخی گۆڕانکارییە هەستیارەکاندا!

٤- موبارەک پێش لە هەڵبژاردنی، ئاماژەیەکی وای لەخۆی نیشان داوە کە ئامادەیە ئەرکەکانی زیاد لە سنووری پێویستیش جێبەجێ بکا وەک ئەو گوتەزا بەناوبانگەی لە سیستمی سەربازیی بەریتانیاییدا هەیە و دەڵێ Going beyond the call of duty واتە جێبەجێکردنی ئەرک بە زیادیشەوە ئەگەر پێویستی کرد!.

***

## پرسیارێک و چەندان وەڵام

ئاوێکی زۆر لەنێوان کەنارەکان (چفاف)ی رووبارەکانەوە فوارەیان بەست تا "پایزی توورەیی" لە ساڵی ١٩٨١دا هات و سەرۆک سادات تیرۆر کرا و حوسنی موبارەکی جێگری بوو بە کاندید بۆ جێگرتنەوەی، بڕیار درا راپرسی لەبارەوە بکرێ، هەڵمەتە بەناوبانگەکانی دەستگیرکردن لە سێپتەمبەری ١٩٨١ ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتوان و سەندیکاکاران و نووسەرانی لە زیندان توند کران و گیراوەکان منیش لەناویاندا بووم لە زیندانی "پاشکۆی کێڵگەی تورڕە"وە چاودێریی رووداوەکانی دەرەوەی شوورەی زندانیان دەکرد، بەڵام سەرچاوەکانی زانیاری لەناو ئەو شوورانەدا زۆر کەم و پچڕپچڕ بوون.

***

رۆژێکیان یەکێک لە پارێزەرە بەناوبانگەکان سەردانی زیندانی "تورڕە"ی کرد و داوای بینینی سێ لە گیراوەکانی کرد، هەریەک بە جیا، کە بریتی بوون لە: "فوئاد سیراجەدین" (پاشا)، فەتحی رەزوان و من.

لە ژووری عەقید (مەحموود ئەلغەنام) بەرپرسی ئەوکاتی زیندانەکەدا پارێزەرەکە بەجیا لەگەڵ هەریەکەمان کۆ بوویەوە، داواکەی ئەوە بوو گیراوانی سیاسی ناو زیندانەکە بەیاننامەیەک دەربکەن و تێیدا پشتگیری لە هەڵبژاردنی "موبارەک" بە سەرۆک بکەن، ئاماژەیەکی وایشی دەدا کە ئەو کارە رێگەی ئازادبوونیان ئاسان دەکا وەک نیشاندانی نیازپاکی. جێی سەرسوڕمان بوو هەرسێک، کە بەجیا لەگەڵ پارێزەرەکە کۆ بووبوونەوە، هەمان رایان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو بۆ کەسێک لەسەر جیاوازیی بۆچوون

گیرابێ دروست نییە پشتگیری لە کاندیدێک بکا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا، نەخاسمە ئەگەر کاندیدەکە ئێستە جێگری سەرۆک بێ، ئەوە نە بۆ ئەو گیراوانە و نە بۆ کاندیدەکە شەرەفمەندانە نییە، چونکە لەودیو تووڵەکـــانی زیندانەوە ئازادیی بڕیاردان بوونی نیـــیـــە، هەروەک مومارەسەکردنی ئازادی لەناو زینداندا نە سوود بە خاوەنەکەی دەگەیەنێ، نە ئامانجی خۆیشی دەپێکێ، چونکە مایەی خانەگومانی و دڕدۆنگییە!

ڕاپرسییەکە کرا و "موبارەک" هاتە هەڵبژاردن، پاش چەند ڕۆژێک لەڕێی تەلەفۆنی نووسینگەی بەرپرسی زیندانەوە نامەیەکم لە دکتۆر ئوسامە ئەلباز (ڕاوێژکاری یەکەمی سەرۆکی نوێ)ەوە پێ گەیشت، کورتەی ناوەڕۆکەکەی ئەوە بوو بڕیار دراوە گیراوانی سیاسی بەچەند کاروانێک ئازاد بکرێن و پاش تێــپــەڕینی ٤٠ ڕۆژ بەســەر مــردنی ســەرۆک ســاداتدا دەست بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەکرێ و سەرۆکی نوێ تکا دەکا، لەو جێیەی خۆمان لە زیندانی تورە ئارام بگرین تا ئەو چل ڕۆژە تێدەپەڕێ!

ئوسامە داوای لێکردم پەیامەکە بە هەموو ئەو هاوەڵانەی زیندان بگەیەنم کە دەیانبینم، کاتێ لە پشوویەکدا پەیامەکەی شەوم بە برادەرانی زیندان ڕاگەیاند، کاردانەوەی جۆراوجۆریان هەبوو.

مامۆستا فەتحی ڕەزوان بەتووڕەیی گوتی "ئەوە خورافەی دابونەریتی گوندە" و "لۆجیکی گەورەی خێزان"ـە و "سەرۆکی نوێ ڕێک بە عەقڵیەتی ئەوەی پێش خۆی بیر دەکاتەوە!".

ڕای "فوئاد سیراجەدین" واقیعیانەتر بوو و گوتی "ڕەنگە سەرۆکی نوێ لەوە بترسێ بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی سەرۆکی پێشوو تۆمەتبار بکرێ و ناردنی ئەو پەیامی دڵنیاکردنەوەیە بۆ ئێمە و خەڵکی تریش ئامانجی خۆی هەیە".

"فوئاد سیراجەدین" ڕوو بە فەتحی ڕەزوان گوتی "بەهەرحاڵ، سەیرکە

هەموویان لە حاڵەتی سەراسیمەدان و هەموو لە هەڵویستێکی دژواردان، ئێستە ئەوە بەسە کە بڕیاری ئازادکردنیان داوین و ئەوەیان پێ راگەیاندووین، ئەمە ئاماژەیەکی روونە".

"فوئاد سیراجەدین" لە قسەکانی روو بە فەتحی رەزوان بەردەوام بوو "وا دابنێ دەستبەجێ ئازادیان کردین، چی دەکەین، دەبێ چاوەڕوان بین بزانین دۆخەکە بەرەو کوێ دەچێ، مادام بڕیار بێ چاوەڕوان بین باشتر نییە لێرە چاوەڕوان بین تا بچینە دەرەوە و لەناو دۆخێکی شلۆقدا کە ئێمە لێی دابڕاوین سەرمان لێ بشێوێ و نەزانین چی بکەین، بەتایبەت کە من پێشبینی دەکەم پاش ئەم نامەیە جۆری مامەڵەکردن باشتر ببێ و هەلی پێوەندیکردنمان بە دەرەوە بۆ بڕەخسێ، رۆژنامەکانمان بۆ دێن، رێگە بە سەردان دەدەن و وەک ئێستەیش (کە تەنیا نیو سەعات بواری وچانێکمان پێ دەدەن) بە رۆژ و شەو دەرگای زیندانەکانمان لەسەر قەپات ناکرێ، لەبەرئەوە کەشوهەوای ناو زیندانیش دەگۆڕێ".

مستەفا شۆرباچی (پارێزەری بەناوبانگ) هەڵی دایە و بە نارەزاییەوە بە "فوئاد سیراجەدین"ی گوت "نەخێر پاشا، هیچ سازشێک لەسەر مافی ئازادی ناکرێ".

ئەویش وەڵامی دایەوە "زۆر باشە سازش مەکە، بەڵام بڵێ بزانە دەتوانیت چی بکەی؟!".

ئەو مشتومڕە شتێکی نەزۆک بوو، لەبەرئەوەی قسەی کۆتا لەبارەی ئەوانەی لە زیندان‌دا بوون، بۆ دەسترۆیشتووانی دەرەوەی زیندان بوو.

کاتێ ٤٠ رۆژەکە تێپەڕی دەست بە ئازادکردنمان کرا و "موبارەک" وای بە باش زانی بەردانەکەمان پاش کۆبوونەوەمان بێ لەگەڵی لە کۆشکی "عرووبە" و لە رێگەدا پێشنیازم بۆ هاورێیانی گرووپی یەکەمی بەردراوەکان کرد کە یەکێکمان لە بریی هەمووان قسە بکا، تا لە دیدارەکەدا پارێزگاری لە

چوارچێوەی ڕێزگرتنی پێویست بۆ بۆنەکە و بۆ خۆیشمان بکەین. پێشنیازم کرد "فوئاد سیراجەدین" (پاشا) بەناوی هەموومانەوە قسە بکا لەبەرئەوەی لە هەموومان بەتەمەنتر و خاوەن ئەزموونێکی زیاتریش بوو لە سیاسەتدا، هەمووان بەوە قایل بوون.

ژمارەمان (یەکەم کاروانی گیراوانی سیاسیی ئازادکراو) نێزیکەی ٢٥ کەس بووین، ئۆتۆمۆبێلێکی گەورە لە زیندانی توڕەوە بردینی بۆ نەخۆشخانەی عەنبەری تایبەت بە گیراوان لە کۆشکی عەینی کە هێشتا هەندێ لەوانەی بڕیاری ئازادکرانیان درابوو لەوێ لەژێر چارەسەردا بوون، لەوێشەوە بۆ کۆشکی عرووبە!.

سەرۆکی نوێ کە دکتۆر فوئاد محیەدینی سەرۆک وەزیرانی بەتەنیشتەوە بوو، یەک بەیەک تەوقە و چاکوچۆنی لەگەڵ کردین، کاتێ لە دەوری کۆ بووینەوە بۆ گفتوگۆ هەستم کرد سەرۆکی نوێ بایەخ بە زانینی بۆچوونی من دەدا و رووی کردە من و گوتی "محەمەد بەگ" فەرموو!، منیش ئاماژەم دا کە ئێمە "فوئاد سیراجەدین"مان سەرپشک کردووە بەناومانەوە قسە بکا. ئەو سیاسییە دەبڵێنەوە (مخضرم)ە لە قسە و شیکردنەوەکەیدا نایاب و لە ئەرکەکەیدا سەرکەوتوو بوو. بەڵام "موبارەک" ئاوڕی لە من دایەوە ئاخۆ شتێکم هەیە بیڵێم، منیش سوپاسم کرد و گوتم کە فوئاد (پاشا) قسەی دڵی هەموومانی کرد (ئەگەرچی ئەوە بەری بە حەزی ئەوانی تر بۆ قسەکردن نەگرت، ئەوە بوو هەندێکیان قسەیان کرد و شتێک رووی دا کە حەزم نەدەکرد روو بدا، لەو جۆرەی هەندێ لە سیاسەتوانان لەکاتی دیدار لەگەڵ کاربەدەستان دەیکەن بەتایبەت ئەگەر کەوتنە خەیاڵی ئەوەی بۆ خۆبردنە پێش خۆیان بناسێنن، یاخۆ ئامادەسازی بۆ شتێک بکەن)، من بێدەنگبووم و گوێگرتنم بەچاک زانی!

پێنج رۆژی تێ پەڕین، تەلەفۆنێکم لە نووسینگەی سەرۆکەوە بۆ هات،

تێیدا سکرتێرە تایبەتەکەی ئەوکاتەی (وابزانم جەمال عەبدولعەزیز بوو) گوتی "جەنابی سەرۆک داوەتی کردووی سبەی سەعات هەشتی بەیانی بۆ نانی بەیانی لەلای میوان بیت، کاتێکی زوویشی هەڵبژاردووە، چونکە دەزانێ تۆ زوو هەڵدەستی، ئەویش وەک تۆ وایە و حەز دەکا لەسەرەتای رۆژەوە دەست پێ بکا".

هەروەها گوتی "جەنابی سەرۆک فەرمانی پێ کردووم پێت رابگەیەنم کە بەتەنیا بۆ نانی بەیانی داوەت کراوی" (واتە کەسی تر ئامادە نابێ).

ئەوەیشی لێ پرسیم ئاخۆ دەکرێ بۆ وەرگرتنی ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکەم پێوەندی بە نووسینگەکەمەوە بکا، تا هێزەکانی ئاسایش رێگە بە هاتنە ژوورەوەی بۆ ناو ماڵی سەرۆک بدەن.

کاتێ داوەتنامەکەی سەرۆکی نوێم پێ گەیشت بە رێکەوتێکی سەیر دوو هاوڕێی کۆنم میوانم بوون، ئەوانیش دکتۆر ئوسامە ئەلباز و مامۆستا مەنسوور حەسەن کە هەردووکیان "موبارەک" باش دەناسن، "ئوسامە ئەلباز" نێزیکترین راوێژکاری بوو، مەنسوور حەسەن هاوڕێ و وەزیری دەوڵەت بوو بۆ کاروباری سەرۆکایەتی لە دوایین ساڵی حکومڕانی سادات کە موبارەک ئەوکات جێگری سەرۆک بوو، پێوەندیەکی تەمومژاوی لەنێوان "موبارەک" و مەنسوور حەسەندا هەیە کە قسە و قسەڵۆک و چیرۆکی زۆری تێدا باس دەکرێ.

بەهەردووکیانم گوت "پێ دەچێ من سبەی سەرۆکی نوێ ببینم، کە بە پێچەوانەی ئێوە تەنیا لەچەند رێکەوتێکدا بینیومە، ئێوە لەنێزیکەوە کارتان لەگەڵ کردووە و لە کەسایەتی ئەو شارەزان "، هەروەها گوتم "من نامەوێ پێوەندییێکی پتەوم لەگەڵ سەرۆکێکی تری میسردا هەبێ، چونکە بەشی خۆم لەو پێوەندییانە لەگەڵ جەمال عەبدول ناسر لە یەکەم رۆژ تا دوایین رۆژی رۆڵی سیاسی ئەو بردووە، هەروەها بەهەمان شێوە بەدرێژایی چوار ساڵی

یەکەمی سەرۆکایەتیی ئەنوەر سادات، تا ئەو کاتەی لە ئیدارەی سیاسیی شەڕی ئۆکتۆبەردا ناکۆکی کەوتە نێوانمان، چیتر نامەوێ دۆستایەتی یا خۆ دوژمنایەتیم لە گەڵ سەرۆکێکی نوێی میسر هەبێ، تەنیا دەمەوێ وەک رۆژنامەنووس و نووسەرێک مافی رادەربڕینم هەبێ و هیچی تر.

واتە نامەوێ پێوەندییەکی تایبەتم هەبێ، هەوڵی پێکدادانیش نادەم، تەنیا دەمەوێ دوور بە دوور پێوەندیەکی ئاساییم لەگەڵی هەبێ، ئێستە ئەمە دەرفەتێکە، لێتان بپرسم " چۆن بتوانم لەو سنوورەدا لەگەڵ ئەم "هاوڕێیەتان" مامەڵە بکەم، بەتایبەت وەک گوتم پاڵنەرەکانی پابەندبوونی بەسیاسەتێکەوە کە بە دروستی نازانم دەزانم، لەلایەکی ترەوە من وەک کەسایەتییەکی زۆر ئاڵۆزتر لەوەی لای خەڵک باوە دەیبینم کە نوکتەی "ئەو مانگایەی پێ دەکەنێ"ی لەبارەوە بڵاو کردووەتەوە، من بەکەسایەتیەکی زۆر ئاڵۆزتری دەبینم".

ئوسامە ئەلباز دەستبەجێ وەڵامی دایەوە کە من لەسەر هەقم لەوەی چیرۆکی "ئەو مانگایەی پێدەکەنێ"م خستووەتە لاوە، چونکە لە راستیدا ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە کەسایەتیی موبارەک سادەکردنی کەسایەتییەکی ئاڵۆزە.

پێم نەگووتن کە من پێشتر هەندێ لایەنی شاراوەم لە تۆماری سەرۆکی نوێدا بینیوە( واتە رووداوەکەی خەرتوم).

ئوسامە درێژەی دایە و گوتی کە من باش دەناسێ، ئەو لە ستافی نووسینگەکەم بوو کاتێ وەزیری راگەیاندن و دەرەوە بووم، ئینجا پاش تەواوبوونی ئەرکێکی وەزاری (سنووردار لە ماوە و ئامانجدا) لەگەڵم گواستییەوە بۆ رۆژنامەی (الاهرام)، لەگەڵم مایەوە  تا پاش ناکۆکی لەگەڵ سەرۆک سادات من ئەهرامم بە جێ هێشت، ئەویش گەڕایەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە و بوو بە راوێژکار لە نووسینگەی وەزیرکەی "ئیسماعیل فەهمی".

ئوسـامـه ئەلبـازيش گـوتی " مـن لەگـەڵ تۆ و هەروەها لەگـەڵ سـەرۆک مـوبارەکـیش کـارم کـردووە، ئەویش لەو کـاتەی ئـەو جـێگری سـەرۆک بوو و وەزیر ئیسـماعیل فەهمی منی هەڵبژارد تا وەک راوێژکاری وەزارەتی دەرەوە لەگـەڵی بم، بە تایبـەت کـە سـادات هەندێ کـاری لە نـاوچەکە و هـەروەها لە پێوندییەکانی دەرەوەدا پێ دەسپارد، هەر بۆیە ئەزموونی زیاتر لە ١٢ ساڵ کارکردنم لەگەڵی هەیە، کەواتە من تۆ دەناسم ئەویش دەناسم".

هەروەها گوتی باشت کردووە کە چیرۆکی "مانگا پێکەنیوەکە"ت بەتەواوی دوور خستووەتەوە، ئەگەر بۆچوونی منیشت دەوێ ئەوا دوو تێبینیم هەیە:

یەکەم: لە قسەکردن لەگەڵیدا بە هیچ شێوەیەک باس لە هیچ کێشـەیەکی فیکری یاخۆ تیۆری مەکە، ئەو بەردەوامبوون لەو بابەتەدا بەلایەوە ئاستەمە، چونکە زیاتر حەزی لە شتی کردارییە تا شتی فیکری یاخۆ تیۆری، ئەگەر بویسـتـرێ بـە شـیکردنەوە شـتـەکـانی بۆ ئاسـان بکرێ ئەوا لە قـسـەی بەرامبەرەکەی غافڵ دەبێ و گوێی بۆ ناگرێ!.

دووەم: من شـێـوازی تۆ لە قـسـەکـردندا دەزانم، درێژە بە قـسـە دەدەی، ئینجـا بیـرۆکـەیەک باس دەکەی کـە بە خەیاڵتدا دێ، ئینجا دەگـەڕێیـتـەوە بۆ بابەتە ئەسـڵـییـەکەی خـۆت، بەڵام "مـوبارەک" لەوەدا شـوێن پێت ناکـەوێ، لە هەر جـارێکدا باسی یەک بابەتی لەگـەڵدا بکە و رێگە مـەدە بابەتـەکـان بەدەسـتـەوە پەرش و بڵاو بـبن، ئەگینا هـەر بەخـۆت زانی وا دوور لەو قـسـە دەکەیت و ئەو لەگەڵت نەماوە!".

ئوسـامـە گـوتی "ئەوەت لەبـیر بـێ کە لـە سـەرۆک سـاداتـەوە زۆرتر لەوەی بەخەیاڵتدا دێ لەبارەی تۆوە شتی بیستووە، زۆر جار لێی دەپرسیم: چۆن وا ئەو هاوڕێیـەتیـیە نێـزیکەت لەگەڵ سـەرۆک سـادات بـۆ دروست بووە و چۆن چۆنی ئا بەو شێوەیە ناکۆکی کەوتە نێوانتان؟ ئەمە بووبووە مەراق لەلای، بەتایبـەت کـە ئاگـای لە قـووڵیی دۆسـتـایـەتیـیـەکـەت لەگـەڵ سـەرۆک

عـەبدولناسـریش هەبوو و سـەرسـام بوو بە گـەورەیی ئەو هـاوڕێیـەتیـیـە، هـەروەها بۆی گێڕامـەوە کە چاودێریی کردوویت لەکاتی جوولاندنی دیواری مـووشـەکەکان بۆ بەرەی شـەڕ لەو کاتـەی وەزیر بوویت و لەو بەدواداچوونەدا ئەوەی بۆ دەرکـەوتووە بەبێ ئاوڕدانـەوە بۆ دواوە ڕەفـتـار دەکـەیت، ئەوەیش واتای ئەوەیە تۆ لەسـەر زەویـنەیەکی "زۆر ڕەق" وەستاوی (بیـرم کەوتەوە ئەوە دووەمین جـار بوو هـەمـان وەسفی لێ بیسـتم، جـارێکیان لـە "موبارەک" خـۆی لەکـاتی جـەنگی ئۆکـتـۆبەردا لەو کـاتـەی بەرێوە بووین بـەرەو نووسـینگەی "ئەحـمـەد ئیـسـمـاعـیل"، هـەروەها ئەم جـارەیش کـە لە زاری ئەوەوە پێم گەیشتەوە و لە دۆخێکدا بووە خۆم ئاگام لێ نەبووە".

ئوسـامـە دوو تێبینیـشی لەبارەی شـێوازەوە گوت، ئەو پیـاوێکە لە "هێزی دەسـەڵات" لـە هـەر کـوێیـەک بێ تـێ دەگـا، ئەوەیش کلیلێکی سـێـیـەمـە بۆ تێگـەیشتن لە کـەسـایەتیی ئـەو، کلیلێکی تریش توانـای ئەوە بۆ شـاردنەوەی نیاز و مەرامەکانی لای خۆی، بۆیە تکات لێدەکەم هـەوڵ مەدە فیکری ئاشکرا بکەیت، چونکە وای لێ دەکەیت لێت بسـڵـەمێتـەوە، سـڵـەمینەوەیش لای ئەو پێوەستە بە تێگەیشتنی لە هێزی دەسەڵات".

ئاوڕم دایەوە بـۆ لای مـەنسـوور حـەسـەن کـە بە بەبایەخ و زەردەخـەنەوە گوێقـولاخ بوو بۆ گفتوگۆکە، زەردەخەنەکـەی زیاتر بوو کاتێ ڕووی پرسـیارم کردە ئەو ئاخۆ چ بۆچوونێکی هەیە؟

وەڵامی دایەوە کە ئەو هیچ ناڵێ و پێی باشـە خۆم شتەکان بدۆزمەوە.

هـەروەها گـوتی "هـەرچی ببـیـسـتـیت ناتوانێ ئامـادەت بکا بۆ ئەوەی کـە دەیبینیت، وا چاکترە خۆت ببینیت، دوای ئەوە من گوێ لە تۆ دەگرم"!

## دیداره شەش سەعاتییەکە

دیدارەکەم لەگەڵ "موبارەک" دۆستانە بوو، بەڵام ناتوانم بڵێم خۆشەویستانە بوو، چاوەڕوانی خۆشەویستی (حەمیمیەت) لەنێوانماندا نەدەکرا پاش ئەوەی لەو کاتەی لە خەرتووم کەوتە بەر چاوم لە دوورەوە چاودێریم دەکرد، دواتریش وەک جێگری سەرۆک لە قۆناغێکدا کە پێوەندییەکانم لەگەڵ سەرۆک سادات بە دۆخێکی ئاڵۆزدا تێدەپەڕی، ئەویش لەنێوان ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥، هەر لەو ماوەیەشدا پێوەندییەکە پچڕا کە ئەو وەک جێگری سەرۆک بەرپرس بوو لە ئاسایش و دەستەبەری، دواتریش لە بارودۆخێکی نائارامدا بوو بە سەرۆکی دەوڵەت!

بەرەبەیانی رۆژی شەممە ٥ی دێسەمبەر لە کاتی دیاریکراودا گەیشتمە ماڵەکەی بە یاوەریی ئەفسەرێک بە پلەی عەمید لە قاوشێکەوە چوومە ناو سالۆنێک، لە سالۆنەکەدا کەمتر لە خولەکێک چاوەڕوانم کرد و "موبارەک" گەیشت، بە زەردەخەنە و بە سیمایەکی لاوانەی بەجۆش و خرۆشەوە دەستی تەوقەی بۆ درێژ کردم.

دەستودەم و پێش لەوەی دابنیشێ گوتی "دەبێ ئێستە برسیت بێ، من دەزانم تۆ زوو لەخەو هەڵدەستی".

گوتم "راستییەکەی جەنابی سەرۆک من نانی بەیانیم خواردووە، بەڵام کاتێ نان دەخۆیت لەگەڵت دادەنیشم"، بەدەم پێکەنینەوە گوتی "لەڕاستیدا منیش شتێکی سووکم خواردووە".

منیش گوتم "کەواتە پێویست ناکا کات لەسەر مێزی نانخواردن بەفیرۆ بدەین، زۆر شتم هەیە لە تۆی ببیستم".

دوای ئەوەی چەند جارێک دووپاتی کردەوە ئاخۆ نامەوێ لەو خواردنەی بۆیان ئامادە کردبووین شتێک بخۆم و منیش سوپاسم کرد، ڕەزامەندی پێشان دا و گوتی "کەواتە دوو کووپ قاوە داوا دەکەین و دادەنیشین".

"حوسنی موبارەک" بەبێ ئەوەی مەبەستی بێ، یان من مەبەستم بێ، کلیلێک لە کلیلەکانی کەسایەتیی خۆی دایە دەستم. ناخۆشبەختانە ئەوەی پێشکێشی کردم لەکاتی خۆیدا لە کیسم چوو، ئەگەرچی هەڵوەستەی پێ کردم و قسەم لەسەر کرد!.

هەر کە لەگەڵ سەرۆک "موبارەک" دانیشتین گوتم دوێنێ بیرم لەوە کردەوە داوا لە نووسینگەکەی بکەم کاتی دیدارەکە دوا بخا، لەبەرئەوەی لە ڕۆژنامەکاندا خوێندوومەتەوە کە سەرقاڵی پرس و ڕاوێژە بۆ ئەنجامدانی هەندێ گۆڕانکاریی وەزاری کە رای گەیاندبوو. وام بە خەیاڵدا هات ڕەنگە دیدارەکەی ئەمڕۆم تێکەڵییەکی ناپێویست لەنێوان دیدارەکانی سەرۆک تایبەت بە گۆڕانکارییە وەزارییەکە و دیدارە ئاساییەکانی وەک ئەو دیدارەی لەگەڵ من دروست بکا، یەکەمین قوربانیش لە تێکەڵوپێکەڵییەدا تیمی ڕۆژنامەنوسان دەبن، کە هەواڵەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار ڕوومالّ دەکەن.

موبارەک بە دەم زەردەخەنەوە و بریسکانەوەیەک لە چاویدا گوتی "بۆچی بەوە تەنگاو دەبی؟ با تێکەڵی بکەن"!

تێنەگەیشتم مەبەستی چییە، لێم پرسییەوە، وەڵامێکی دامەوە کە سەرەتا لێی حاڵی نەبووم کاتێ گوتی ئەوانە (ڕۆژنامەنووسان) خەڵکێکی "لبط"ن. وام نیشان دا کە لە واتاکە تێنەگەیشتم، درەنگ تێگەیشتنەکەمی بەلاوە ناخۆش و گوتی "نازانی (لبط) یانی چی؟ خۆ خواجە نیت؟"، دڵنیام کردەوە کە نەخێر، جا دەستی بە شیکردنەوەی وشەی (لبط) کرد و گوتی "لێیانگەڕێ با شتەکان تێکەڵ بکەن، تا خەڵک دڵنیا بن هیچ نازانن".

دیسان لە مەبەستەکەی نەگەیشتم و لێم پرسییەوە، جا بە زەردەخەنەیەکی

ماناداره‌وه وه‌ڵامی دامه‌وه "ڕۆژنامه‌نووسان پێیان وایه هه‌موو شتێک ده‌زانن و زۆر سه‌رکه‌وتوون، باشتر وایه ڕاستییه‌که‌یان بۆ خه‌ڵک ئاشکرا ببێ، ئه‌وان گه‌مژه‌ن و هیچ نازانن".

گوتم: به‌ڵام جه‌نابی سه‌رۆک ئه‌مه ڕۆژنامه‌وانیی تۆیه "واته ڕۆژنامه‌وانیی وڵاته‌که"، بۆیه ده‌بێ متمانه‌که‌ی بپارێزی، با هه‌وڵێک بدرێ ڕۆژنامه‌نوسان ده‌ستیان بگاته هه‌واڵ و سه‌رچاوه‌كانی.

وه‌ڵامی دایه‌وه "دکتۆر فوئاد (مه‌به‌ستی فوئاد محیه‌دین سه‌رۆک وه‌زیرانی حکوومه‌ته‌که‌یه‌تی) به‌رده‌وام ڕۆژنامه‌نووسان ده‌بینێ و له ڕاستییه‌کان ئاگه‌داریان ده‌کاته‌وه، به‌ڵام بێسووده، ئه‌وان به‌پێی میزاجی خۆیان تێکه‌ڵ و پێکه‌ڵ ده‌که‌ن و پرسیار له که‌س ناکه‌ن!".

گوتم "هیچ ڕۆژنامه‌نووسێک نییه ڕێزی خۆی لابێ و هه‌واڵی ڕاست و دروستی پێ بگا و بڵاوی نه‌کاته‌وه".

سوور بوو له‌سه‌ر بۆچوونه‌که‌ی و گوتی "ئه‌وان بڵاوی ناکه‌نه‌وه، جا یان له‌به‌رئه‌وه‌ی به‌رژه‌وه‌ندیی تایبه‌تیان له‌وه‌دا هه‌یه، یاخۆ تێناگه‌ن".

هه‌ستی کرد قه‌ناعه‌تم به قسه‌کان نییه و وه‌ک دڵڕاگرییه‌ک پێی گوتم "محه‌مه‌د به‌گ، تۆ ڕۆژنامه‌نووسانی ئێسته به ئه‌زموونی ئه‌وانه‌ی پێشوو به‌راورد ده‌که‌ی، ئێسته هیچ ڕۆژنامه‌نووسێک نییه پێوه‌ندیی تایبه‌تی له‌گه‌ڵ سه‌رۆک هه‌بێ" (ئاماژه‌که ڕاسته‌وخۆ بوو).

گوتم "جه‌مال عه‌بدولناسر پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ زۆر له ڕۆژنامه‌نووسان هه‌بوو، ئه‌وه‌یش ڕێگر نه‌بوو له‌وه‌ی هاوڕێیه‌تی له‌گه‌ڵ یه‌کێک له‌وانه به‌تایبه‌ت هه‌بووبێ، به‌ڵام گرینگ ئه‌وه‌یه په‌نجه‌کانی سه‌رۆکی ده‌وڵه‌ت هه‌میشه له‌سه‌ر ترپه‌ی (دڵی) ڕای گشتی بێ".

موباره‌ک بابه‌ته‌که‌ی گۆڕی و زیاتر سه‌رم سوڕما کاتێ گوتی "به ڕاست بیرۆکه‌یه‌کم هه‌یه، ئێمه پێمان وابوو تۆ له‌سه‌ر کۆشی جه‌مال داده‌نیشی،

بەڵام دەرکەوت جەمال لەسەر کۆشی تۆ بووە".

درێژەی دایە "نەمدەزانی پێوەندییەکەتان تا ئەو رادەیەیە، تا مامۆستا ئەنیس مەنسوور بۆی باس کردم".

ئەو قسانەم بەلاوە قورس بوو و ئەوەیش بە روخسارمەوە دەرکەوت، رەنگە بە ئاوازی دەنگیشمەوە دیار بووبێ کاتێ پێم گوت "جەنابی سەرۆک تکایە ئەم قسانە لای کەسی تر و تەنانەت لەبەردەم خۆیشتدا دووبارە مەکەوە، لەبەرئەوەی یەکەم: راست نییە، دووەم: لەبەرئەوەی زیان بە ناوبانگی پیاوێک دەگەیەنێ کە بە بڕوای من و زۆر کەس لە میسر و ناوچەکە و جیهانیش، سەرکردە و سیمبوڵی قۆناغێکی گرینگە لە مێژووی عەرەبیدا و هەرواش دەمێنێتەوە".

هەروەها گوتم "لەبارەی منیشەوە رەنگە من بەو وەهمە خۆشنوود بم کە من لەکاتی جەمال عەبدولناسردا (هەموو شت) بووم، بەڵام ئەوە راست نییە، لەبەرئەوەی جەمال عەبدولناسر، جەمال عەبدولناسر بوو، خۆشحاڵ بووم هێشتایش کە هاورێ و نێزیک و چاودێری رۆڵی بووم لەوکاتەی مێژوویەکی بۆ نەتەوە دروست دەکرد کە لانی کەم ساتێک لە هێز و شکۆی لە سەردەم و جیهانی خۆیدا بەرجەستە دەکرد، من ئەوە بە چاوێکی کراوەوە دەکەم و ئەوە دەزانم کە ئەزموونی عەبدولناسر ئەموونێکی مرۆیی بوو و قابیل بەوەیە وەک راستی، هەندێ جار هەڵەیش بکا، ئەزموونێکی ئەفسانەیی و مەعسووم و پیرۆز نەبوو، چونکە ئەوە شتێکی مرۆڤانە نەبوو، ئەوە راستییەکەیە"!

پێی بڕیم:

"من دەزانم سەرۆک جەمال کەسایەتییەکی چەندە مەزن بوو، ئەوەی پێم گوتی قسەی ئەنیس مەنسوور بوو، ئەوەیشی تەنیا بە من نەگوت، بگرە بڵاویشی کردەوە، من تەنیا ئەوەم گوتووە کە تۆ خۆت لەبارەی پێوەندییەکەت پێیەوە باست کرد، کە تۆ هاورێ و نێزیکی بوویت، منیش مەبەستم ئەوە

بوو، مـــەبـەســـتم ئـەوە بوو تۆ هـەمـــوو شـــتـــێکت دەزانی، بـەڵام ئێـــســـتـــە ڕۆژنامەنووسان نازانن".

گوتم جـۆری پێوەنـدیی ئەو "موبارەک" لـەگـەڵ ڕۆژنامـەنووسـان بەدەسـتی خـۆیەتی و دەتوانـێ چۆنی بوێ بـاسی بکا، بـەڵام هیـوادارم ئـاسـانکاری بۆ مـیـدیا بکا تا زانـیـاریـی زیاتری دەست بکـەوێ، چونکە ئەوە لە بـەرژەوەندیی هەموواندایە، لەپێشیانەوە ئەو خۆی.

لەســـەر ڕای خـــۆی ســـوور بـوو و نەیگۆڕی، بگرە زیـاد لەوەیش وەڵامی دامەوە کە "ئەگەر ڕۆژنامەنووسان زیاتر بزانن، زیاتر گەمەم پێ دەکەن".

بە نیـوچە نارەزاییـەک گـوتم "جـەنابی سـەرۆک تۆ بەرامبـەر مـیـدیایەک بەدگومانیت، من هەندێ لە پیر و لاوەکانی پیشـەکە دەناسم و متمـانەم هەیە کە گەمە بە هەواڵەکان ناکەن، چ جای نهێنییـەکان" و چەند دیمەنێکم لەبارەی پیشەی ڕۆژنامەنووسی لە میسر و مێژوو و پیاوەکانی باس کرد، ئەگەرچی لە باسکردنی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی میسردا "زۆربڵێیی"م کرد، بـەڵام هەستم دەکـرد گـوێی شل کـردووە و هەندێ پرسـیـار و وردەخـوازی (اسـتـفـسـار)ی لەبارەی هەندێ کەس و ڕووداوەکان هەبوو.

دوای ئەوە بە باشم زانـی ئەو بابەتە بگۆڕم بۆ بـابەتێکی تری جێـبـایەخ لە یەکـەمین دیدارمـدا لـەگـەڵ ســەرۆکی نوێی دەوڵەت لـە مـیـســر لە دۆخـێکی بەگێژاوی کەموێنەدا، کە ئاگر و خوێنی بەسەر میسردا پژاند!

***

گفتوگۆکەم بۆ دەروازە سرووشتییەکەی خۆی گێڕایەوە و بەسەرۆکم گوت: بەپەرۆشم بۆ بیستنی ئەو.

وەڵامی دایەوە: بەڵام ئـەم جارە من دەمـەوێ گـوێ لە تۆ بگرم و پرسـیـارت لـێ بکـەم، جـــاری داهـاتوو تۆ پرســـیـــار لـە من دەکـــەی، ئـەوەی بـە لەخۆبوردەییـەکەوە گوت وەک ئەوەی لەم جارەدا ئەو "ئەرکی دۆزینەوە" بێ و

بیەوێ ئەو "کەش"ە بناسێ کە پێویستە کاری تێدا بکا و گوتی "ئەو ڕۆژەی پاش ئازادکردنتان هاتی بۆ کۆشکی عرووبە، من داوام لێ کردی قسە بکەیت، بەڵام نەتکرد". گوتم من داوای بەخشینم کرد لەبەرئەوەی پێش هاتنمان ڕێک کەوتبووین یەکێکمان لەباتیی هەموومان قسە بکا، بۆ ئەوەیش "فوئاد سیراجەدین"مان هەڵبژارد لەبەرئەوەی لە هەمووومان بەتەمەنتر و بەئەزموونتر بوو لە کاری سیاسیدا.

قسەی پێ بڕیم و پرسی ئاخۆ لە زیندانی تورڕە سیراجەدینم ناسیوە؟ گوتم من لەپێش شۆڕشی ١٩٥٢ەوە دەیناسم کاتێ سکرتێری گشتیی حزبی وەفد و وەزیری ناوەخۆ بوو، ئەوکاتە (کە لە کۆتاکانی بیستەکانی تەمەنمدا بووم) سەرنووسەری "اخر ساعە" و بەڕێوەبەری نووسینی "اخبار الیوم" بووم و پێوەندیم لەگەڵ زۆر لە سیاسەتوانەکانی میسر هەبوو، کە "فوئاد سیراجەدین" لە دیارترینیان بوو، پێوەندیشم لەگەڵی و لەگەڵیان گۆڕانی بەسەردا نەهات، بگرە لەگەڵ ڕۆژدا پتەوتر بوو، تەنانەت پاش شۆڕشی یۆلیۆیش.

موبارەک پێی بڕیم و پرسی: ئایا سەرۆک عەبدولناسر ئەوەی دەزانی و قبووڵی دەکرد؟! گوتم: جەمال عەبدولناسر، بۆ نموونە مستەفا نەحاسی خۆش دەویست و ڕێزی دەگرت، زۆر سیفەتی باشی لە "فوئاد سیراجەدین"دا دەبینی و بە سیاسەتوانێکی زیرەک و بە ئەزموونی دادەنا، تەنانەت ئەگەر لەگەڵیشی جیاواز بووبێ.

موبارەک ساتێک داما و پرسی "بەڵام ئەی هەر سەرۆک جەمال عەبدوولناسر نەبوو "نەحاس"ی گرت؟".

گوتم "بە واتا ڕاستەقینەکەی نەیگرتبوو، تەنیا فەرمانی دەرکرد لە ماڵەکەیدا بمێنێتەوە، ئەوەشی لەساڵی ١٩٥٥ لە بارودۆخێکی دژواردا کە بەرەو شەڕی سویس دەچوو. لەو کاتەدا زانیارییەکان باسیان لەوە دەکرد ئینگلیز بەدوای حکوومەتێکی جێگرەوەدا دەگەڕێن بۆ ڕێژیمی ٢٣ی یۆلیۆ، جەمال عەبدولناسر دەترسا لەوەی کەسێک نەحاس پاشا لە خشتە ببا و لە باسکردنی

حکوومـەتێکی جێگرەوەی بگلێنێ، بەتایبەت کە لەو کـاتەدا زانیـارییـەکان وا بوون هـەواڵگریی بەریتانیـا نەحاس پاشا یاخۆ لیـوا "محەمەد نەجیب" پێشنیاز دەکا بۆ سەرۆکایەتیی حکوومەتێک بتوانن لەگەڵی رێک بکەون.

بە بڕوای من عـەبدولناسـر دەیویست نەحـاس پاشـا بپـارێزێ زیاتر لەوەی ویستبێتی خراپەی بەرامبـەر بکا، من دەزانم شێوازەکە نامۆیە، چونکە کەس بۆ پاراسـتنی کەسێک کە بۆی بەپەرۆش بێ، ناچێ لە مـاڵەکەیدا بەندی بکا، بەڵام جـەمال عـەبدولناسر لە قسەکردنیدا لەگەڵ من ئاماژەی بۆ ئەوانـە کرد نەحـاسیـان لە رووداوەکەی ٤ فـێبـرایەری ١٩٤٢وە گلاند، بیرمـە من لەو کـــاتەدا روخـــســـەتم خـــواست تـا پێش لە جـــێـــبـــەجـــێکردنی بڕیاری ماڵبەندکردنەکەی نەحاس بچمە لای و هۆکانی بڕیارەکەی بۆ روون بکەمەوە، عەبدولناسریش قایل بوو و چووشم بۆ بینینی نەحاس پاشا.

ئەوکاتە و ئێستـەیش نەیاری ئەو شـێوازەم، ئەگەرچی لە پاڵنەرەکانیشی دەگەم.

***

مـوبارەک پێی بڕیم "دەتەوێ بڵێیت سـەرۆک جەمـال عـەبدولناسر نەحـاسی خۆش دەویست؟".

ئـەنجـــا درێژەی دایـە "ببـــووره ســـەرۆکی ئەنوەر ســـادات پێی گـــوتم عەبدولناسر کەسی خۆش نەدەویست".

بزەیـەکم کـرد و گـوتم "وای دەبینـم ئەوە بۆچوونـی پاشـوەخـتی ســەرۆک ئەنوەر سـادات بێ، چونکە هـەر ئەو لە کتێبێکی تەواودا وەسفی دەکا بەوەی "دڵێکی گەورەیە کە جێی خۆشەویستیی هەموو خەڵک و سەرجەم مرۆڤایەتی تێدا دەبێتەوە".

پێی بڕیم "محـەمەد بەگ من سـەرۆک جەمالم خـۆش ویسـتووە، بیرت نەچێ یەکێک لە کوڕەکانم بەناوی ئەوەوە ناو ناوە".

گوتم "سەرۆک ساداتیش هەر وای کرد".

پرسی: "ئەی تۆ هیچ لە کوڕەکانت بەناوی سەرۆک جەمالەوە ناوناوە؟"

وەڵامم دایەوە، نەرێ، ناوی کلاسیکی و ئاسانی عەرەبیم لێناون: عەلی و ئەحمەد و حەسەن.

موبارەک گوتی "پێوەندیی هەردوو سەرۆک ئەنوەر و جەمال تووشی سەرسوڕمانی کردووم، بۆچی ناکۆکی کەوتە نێوانیان، تۆ ئاگات لە پێوەندیی نێوانیان بوو و لە هەردووکیان نێزیک بوویت تا ئەو کاتەی لەگەڵ سەرۆک ئەنوەر نێوانتان تێک چوو".

گوتم "لە پێوەندیم بە هەردووکیان هیچ ناکۆکییەکم لەنێوانیاندا هەست پێ نەکردووە، نە بابەتێکی جێناکۆکی هەبووە و نە بواری ڕوودانیشی هەبووە، ئەنوەر سادات هەمیشە لەپشت جەمال عەبدولناسر و پشتیوانێکی دڵگەرمی بووە، پاش مردنیشی ١٩٧٠ و تەنانەت پاش شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ کە لەگەڵی ناکۆک بووم و لێی دوور کەوتمەوە، پێوەندی لەگەڵ عەبدولناسر هەر وەک خۆی بوو، دوای ساڵی ١٩٧٤ لێرە و لەوێ هەندێ جار بە ئاماژە و هەندێ جاریش بە ڕاشکاوی دەمبیست کە ناکۆکییەک لەنێوانیان هەبووە و ناکۆکییەکەیش لەبارەی هەندێ هەڵوێستەوە بووە و کێشەکە تیراوێی کردووە، سەرەتا ئەوەم بە شتێکی بێمانا و نالۆجیکی هاتەبەرچاو!

***

لێرەدا قسەلەبارەی پێوەندیی نێوان هەردوو سەرۆکی پێشوو کۆتای هات و سەرۆک "موبارەک" چووە سەر باسکردنی ناکۆکیی شەخسیی من لەگەڵ سەرۆک ئەنوەر و گوتی "زۆر جار سەرم سوڕماوە، من دەزانم تۆ لە سەرەتای سەرۆکایەتییەکەیدا قیت لەگەڵی بوویت، لە شەڕی (سەنتەرەکانی هێز)یشدا لە مایۆ شێلگیرانەتر لەگەڵیدا بوویت و هەموومان دەمانزانی تۆ جێمتمانەی ئەویت و خۆم لە فەرماندەیی، ئەوەم لەکاتی شەڕەکەدا بینی.

هەروەها گوتی ئەو دەیزانی من نووسەری (التوجە الاستراتیجي)م کە لەلایەن موشیر ئەحمەد ئیسماعیلەوە دەرچوو بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی

شـەڕی ئۆکـتـۆبەر، ئەوەیش بە بڕوای ئەو "لووتکەی مـتـمـانە"یە، هـەر بۆیە ناکۆکبـوونم لەگەڵ سـەرۆک لەبارەی (پسـاندنی پێوەندی) بەلاوە سـەیر بوو، بەڵام ئەو شـتـانەی نەخـوێندبووەوە کە لەو بارەوە نـووسـیبـونم، ئەو دەیزانی ناکـۆکی رووی داوە، بەڵام نـەیدەزانی بۆچی؟ ئەنجـا بە پێکەنینەوە گـوتی "زووير مـەبە مـحـەمـەد بـەگ ئەگەر گـوتم من وتـارەکانـی تۆم نەدەخـوێندەوە ئەگـەرچی دەمـبـیست زۆر کـەس دەیانـخـوێننەوە، لێـشت ناشـارمـەوە من لە ئەفسـەرانی باڵەفڕوانیشم قەدەغە کردبوو بیانخوێننەوە".

منیش بەسەرپێییەکەوە گوتم "یاھ.. رەنگە هۆیەکە خێر بێ".

گـوتـی "هـەر کـە وتـارەکـەت (بصـراحـة) رۆژی هـەینی لە (الاهـرام) بڵاو دەبوویەوە، رۆژی شـەممە ئەفسـەرەکان کە دەهاتن هـەمـوو خـوێندبوویانەوە و دڵگەرم بوون بۆ گـفـتـوگـۆکـردن لـەبارەیەوە، زۆرجـار دەبووە مـرخـێش مرخێشیان، منیش مرخێش و مـرخێش و سیاسەتم لەناو هێزی باڵەفڕوانیدا ناویێ!

هـەروەها گوتی "لەبارەی خۆیشمـەوە، وتارەکانتم نەدەخوێندەوە، چونکە کە دەمخوێندنەوە تێنەدەگەیشتم دەتەوێ لە کۆتای وتارەکەدا چی بڵێیت".

بە زەرەخەنەیەکەوە درێژەی دایە "راستیت دەوێ وتـارەکەت هەمیشە تەواو دەبێ، بەبێ ئەوەی لەسـەر وشکانی دابەزین و پاش وتارەکە نازانین بەرەنجام conclusion چی بوو، بە ئینگلیزی گوتی".

گـوتم "جـەنابی سـەرۆک قـوتابخـانەیەک هەیە لە نووسـیندا پێی وایە بەرەنجـام ئەرکی نووسـەر نـیـیـە، ئەرکی نـووسـەر ئـەوەیە زانیـاریی راست و دروست، لە شیکردنەوەدا بیروبۆچوونی فراوان و هـەروەها بژارە کـراوەکانی بەردەم چارەسـەر بخـاتە روو، ئـیـتـر لەوەبەدوا خـوێنەر ئەوە هەڵدەبژێرێ کە قـەنـاعـەتی پێـیـەتی، واتـە من نـامـەوێ ئـەوەی دەینووسـم بـە بەرەنجـامـێکی ئامـادەوە قـفڵ درابـێ، بگرە وام پێ باشـە ئازادی بدەمـە خـوێنەر، واتە پاش تەواوکـردنـی وتـارەکـە پێـوەنـدیی خـۆی لەگـەڵ وتـارەکـە دەست پێ بکا نەک

ئەوکاتەی دەست بە خوێندنەوەی دەکا، چونکە ئامانجی من هاندانیەتی بۆ بیرکردنەوە لەوکاتەی دەخوێنێتەوە و خوازیارم بە بیرکردنەوەی خۆی بگاتە ئەو شتەی قەناعەتی پێیەتی".

گوتی "مامە، کەواتە چ کەڵکی هەیە خەڵک بابەتی نووسەرێکی گەورە بخوێننەوە؟! ئەو دەبێ لەسەر وشکانی دایانبەزێنێ!".

گوتم: من دەمەوێ خوێنەر لەسەر وشکانیی خۆی لەنگەر بگرێ نەک وشکانیی من.

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی "کاکە یانی دەتەوێ خەڵک وڕ بکەی، دە پێیان بڵێ و ئاسوودەیانکە".

کورتم کردەوە "بەهەرحاڵ چەندان قوتابخانە هەیە بۆ نووسین".

موبارەک گەڕایەوە سەر پرسیارەکەی لەبارەی پێوەندیی نێوان سادات و من و گوتی "ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە پێوەندییەکەی لەگەڵ تۆ Complex, Hate, Love بوو دیسان بە ئینگلیزی گوتی، واتە "لە هەمان کاتدا گرێ، رق، خۆشەویستی".

هەروەها گوتی، راستییەکەی ئەو بەڕێزەوە باسی تۆی دەکرد، بەڵام تێبینیی ئەوەی لەسەرت هەبوو کە تۆ دەتەوێ رای خۆتی بەسەردا بسەپێنێ.

بە سەرسوڕمانەوە گوتم "جەنابی سەرۆک چۆن رۆژنامەنووسێک دەتوانێ رای خۆی بەسەر سەرۆکی دەوڵەتدا بسەپێنێ؟!. سەرۆکی دەوڵەت هەموو دەسەڵاتەکان و ئامرازەکانی دەسەڵاتی لەدەستدایە، جا چۆن چۆنی من و جگە لە من لە

نووسەر و رۆژنامەنووسان دەتوانین شتێکی بەسەردا بسەپێنین؟! رەنگە فەرماندەی سوپا لەبەرئەوەی چەکی هەیە، یان سەرۆکی حزبێک لەبەرئەوەی رێکخستنێکی جەماوەری هەیە، یاخۆ وەزیری ناوەخۆ کە پۆلیسی لەبەردەستە بتوانن ئەوە بکەن، بەڵام رۆژنامەنووس تەنیا بیروڕاکەی هەیە و

دەیخاتە بەردەم رای گشتی جا ئاخۆ یەکێک شوێنی دەکەوێ یان پشتی تێ دەکا، ئەوەیان شتێکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی رۆژنامەنووس!".

ئەنجا گوتم: بە بڕوای من پێچەوانەکەی راستە، ئەوە سەرۆکی دەوڵەتە وا باوە دەیەوێ خۆی بەسەر رۆژنامەنووسدا بسەپێنێ، ئەمەیش کێشەکەیە!

هەوڵم دا بە روونی هەڵوێستی خۆمی بۆ روون بکەومەوە و گوتم "لەبارەی پێوەندیی من بە سەرۆک ساداتەوە، من قەناعەتم بەو سیاسەتانەی نەبوو کە لەکاتی شەڕی ئۆکتۆبەر و دواتردا گرتنیە بەر کاتێ "هنری کیسنجەر" هات و ساداتی قایل کرد و سەرۆک وا رەفتاری کرد وەک ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان ٩٩٪ی کارتەکانی چارەسەری تەنگژەی رۆهەڵاتی ناوەڕاستی لەدەستدایە و جڵەوی بڕیاری سیاسیی ئەمەریکایش لە دەستی کیسنجەردایە. من بۆچوونێکی جیاوازم هەبوو و لەسەر مکوڕ بووم و ئەوە لە زەینمدا بوو کە سەرۆکی ئەمەریکا و وەزیری دەرەوەکەیشی، تەنانەت ئەگەر بشیانەوێ، ناتوانن هیچ بکەن، ئەویش لەبەر زۆر هۆ. لەو بارودۆخەدا بەهۆی تێوەگلانی سەرۆک لە ئابڕووچوونەکەی "ووتەر گێت"ەوە ئیدارەی ئەمەریکا تووشی شلەپەتی (شلل) بووبوو".

درێژەم دایە: لای خۆمەوە نەمتوانی نەیاری ئەو سیاسەتە نوێیە نەبم و لە زیاتر لە دە وتاریشدا بۆچوونی خۆمم دەربڕی کە سەرۆک ساداتیان تەنگاو کردبوو و پێی وابوو من بە نووسینیان دەمەوێ کۆسپ بخەمە بەردەم رەوتەکانی، لێرەوە تەنگاو بوو.

لێرەدا بە سەرۆکم گوت کە بابەتی ئەو ناکۆکییە، چیرۆکێکی درێژە و نامەوێ کاتی ئەوی تێدا زایە بکەم، بەڵام ئەو داوای کرد گوێی بۆ بگرێ، یەکێک لە دوو سکرتێرەکەی بانگ کرد و فەرمانی پێ کرد مەوعیدێکی لە سەعات ١٠:٣٠ هەبوو دوای بخا.

## گفتوگۆکە درێژەی هەیە

هەستم دەکرد پاش ئەوەش دانیشتنەکەمان زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند، سەرۆک "موبارەک" تامەزرۆیە بۆ بیستنی زیاتر. کاتێ دوای دواخستنی مەوعیدەکەی ١٠:٣٠ی کرد زانیم دیدارەکەمان درێژە دەکێشێ، تەنانەت کاتێ روخسەتم خواست تا کار و پێوەندییەکانی پەک نەخەم و دواتر یەکتر ببینینەوە و درێژە بە گفتوگۆکانمان بدەین، سوور بوو لەسەر ئەوەی بەردەوام بین مەگەر من ماندوو بووبم، جەختم کرد کە ماندوو نەبووم بەڵام خەمی کاتەکانی ئەومە.

رەنگە ویستبێتی دڵنیام بکاتەوە یاخۆ بیەوێ ئیغرام بکا پرسی "ناتەوێ جگەرەیەک بکێشی، دەزانم تۆ جگەرەکێشی، منیش وەک تۆم".

سەرسورمانم پیشان دا، گوتی ئەو بە جگەرەوە لەوێنەدا دەرناکەوێ تا خۆی لە بایەهوایی بپارێزێ، بەڵام رۆژی جگەرەیەک دەکێشێ.

ئینجا زەنگێکی لێ دا و داوای پاکەتێک جگەرەی کرد.

ئەفسەرێک پاکەتەکەی هێنا و "موبارەک" ئاماژەی دایە کە پێشکێشی منی بکا، من جگەرەیەکم وەرگرت و ئەویش جگەرەیەک.

ئینجا لە کاتی داگیرساندنی شقارتەکەدا لێی پرسیم: جگەرەیەکی باشە؟!

هیچم نەگوت، وەک بڵێی هەستی کرد لەگەڵی هاورِا نیم.

گوتم " بە هەموو رێزێکەوە، لەراستیدا جۆرێکی گونجاوە"

بە نارەزاییەکەوە گوتی چی؟! "ئەمە رۆمیۆ و جولێت"ە؟

گوتم "ئەو کۆمپانیایەی جگەرەی "رۆمیۆ و جولێت" دروست دەکا بە مارکەکەی خۆی ٧٥ جۆر جگەرە بەرهەم دێنێ کە هەر جۆرێک لەوانی تر جیاوازە".

موبارەک بەبایەخەوە پرسی: "ئێ کەوابێ جگەرەی باش چییە؟!

گوتم "بە روخسەتی خۆت پاکەتێکی بچووک لەناو ئۆتۆمبێلەکەمدایە جگەرەی تێدایە نەمهێنایە ژوورەوە لەبەرئەوەی نەمدەزانی جگەرە دەکێشی، ئەگەر رازی بیت داوای دەکەین".

پاکەتە جگەرەکەیان هێنا و فەرمووم لە سەرۆک موبارەک کرد، جگەرەیەکی دەرهێنا و دایگرساند و گوتی "وەڵا وایە باشترە، زۆر سەیرە!".

بەدەم بیرکردنەوە لە یاداوەرییەکانی گوتی "لە رۆژانی مەشقکردن لە یەکتیی سۆڤیەت لە بنکەیەکی ئاسمانی بووین لە نێزیک "خارکۆف"، لە مۆڵەتدا دەچووینە مۆسکۆ، وەرەقە (سەت دۆلاری) پاش پێچانەوەی بە کلێنسی توالێت لەژێر شەرابەکەدا دەمانشاردەوە (دەیگوت کلێنسی توالێت لە رووسیا ئەستوور و زبرە)، ئەنجا لەرێی فەرمانبەرێکی نووسینگەی پاشکۆی سەربازییەوە لە بازاڕی رەش بە برێکی زۆر پارەی رۆبل دەمانگۆڕییەوە، بەو پارەیە چەند پاکەتێکمان لەم جگەرەیە دەکڕی و دەماننارد بۆ فەرماندەکانی هێزی باڵەفڕوانی لە میسر.

زیاتر گوتی "رۆبل بە نرخی رەسمی زیاتر لە دۆلارێک بوو، بەڵام لە بازاڕی رەشدا نرخی دۆلارێک ٢١ رۆبڵ بوو، جیاوازییەکی زۆرە". ئەنجا گوتی "بەڵام ئەو کوڕەی نووسینگە سەربازییەکە هار بووبوو".

موبارەک مژێکی لەو جگەرەیە دا کە پێم دابوو و گوتی "تۆ راست دەکەی، ئەمە زۆر باشترە، بەڵام ئەوان (مەبەستی ئەو فەرماندانە بوو کە جگەرەکەی بۆ دەناردن) پێیان وابوو یەکەتیی سۆڤیەت لەبەرامبەر پێدانی چەک جگەرەی کوبا دەبەن".

گـوتم ئەوە تا رادەیەک راسـتـە، بەڵام باشـتـرین جـۆری جگەرەی کـوبا بە دراوی قـورس رەوانـەی رۆئاوا دەکـرا، ئەوەی دەمـایەوە لە جـۆری پلە دوو و سێ و چوارەکە دەچوو بۆ یەکەتیی سۆڤیەت و سـەردانیکاران بە نیـازپاکی دەیانکڕی.

سـەرۆک "مـوبارەک" پلی بە زەنگێکدا نا و بانگی ئەفسـەرێکی کرد، ئەنجا سـەیری منی کرد و گوتی "مـحـەمـەد بەگ نـاوی هەمـوو جۆرەکانی جگەرەی باشی پێ بڵێ".

گـوتم هەر جگەرەیەک تامـێکی هەیە، هەر تامـێکیش پێـوەندی بە هەڵبـژاردنی کەسـەکەوە هەیە، هەر بۆیە زەحـمـەتە جگەرەکێشـێک جۆرێکی تایبەت لە جگەرە بۆ کەسێکی تر دەستنیشـان بکا".

گوتی "قەیناکا جۆرە نایابەکانی پێ بڵێ".

ئەفسـەرەکە دەسـتـوبرد قـەڵەم و کاغـەزێکی هێنا و چاوەڕوانی من بوو تا پێی بڵێم.

گـەڕایەوە سـەر ئەزمـوونـی ئەو جگەرەیەی مـن پێـشکێـشم کـرد و گـوتی "بەراستی زۆر باشە".

ئەنجا بەدەم کەنینەوە گوتی "کاکە دەمانەوێ فێری پۆز بین"!.

وشـەی "پۆز" سـەرنجی راکێشام و گوتم "ئەوە مـەسـەلەی پۆزلێدان نییـە، بگرە بارودۆخە، من ناخـۆشبەختانە بە لاوێتی لە دوو کەسـەوە فێری کێشان بووم، کـە نـەجـیب هیـلالی (پاشـا) و "فـوئاد سـیـراجـەدین" (پاشـا) بوون، هەردووکیـان لەکاتی داگیـرسـاندنی جگەرەدا دانەیەکیشـیـان پێشکێشی مـیـوانەکانیـان دەکرد، من وەک ئەزمـوون لێم وەرگرتن، بەڵام دواتـر کـەوتمە داوی "خووپێوەگرتن"ەوە.

موبارەک گوتی ئەو تێبینی کردووە هـەموو سەرۆکەکانی ئەمـەریکا جگەرە دەکێشن و یاریی گۆڵف دەکەن، تۆیش یاریی گۆڵف دەکەیت؟.

بەپەلە گوتم راستە، بەڵام بەبێ سەرۆکایەتی.

گوتی "وەڵا برا وا باشترە، خەڵک وادەزانن سەرۆکایەتی شتێکی گەورەیە، بەڵام لەراستیدا بەڵایە!".

هەندێ باسی یاریی گۆڵفم کرد کە چۆن باشترین فێرکەری سیاسەتە. پرسی: چۆن؟ بەپێی توانا باسی گۆڵف و پێوەندیی پتەوی بە زانستە ستراتیجییەکانم بۆ شی کردەوە.

بە بایەخەوە گوێی بۆ شل کردم، ئەنجا گوتی بەڵام یارییەکە کات دەبا، منیش حەزم لە خێراییە، هەربۆیە یاری ئەسکواش دەکەم کە یارییەکە بۆ باڵەفڕوانان دانراوە بۆ بەهێزکردنی توانایان لەسەر Agility واتە کاردانەوەی خێرا.

موبارەک بە پەژارەوە سەری راوەشاند و گوتی "ئێستە کاتم بۆ ئیسکوایش نییە، چونکە بارەکە گرانە و داواکاریی خەڵک سنوور ناناسێ".

ئەنجا هەڵوەستەیەکی کرد و گوتی "خەڵک بۆ وان؟ هیچیان نییە داواکاری نەوێ، دەست بە مافەکانەکانەوە دەگرن و ئەرکەکان لەبیر دەکەن، نەگبەتیش لەوەدایە هەموو ناکۆکن، داواکانیان دژبەیەکە، نازانم سەرۆک جەمال و سەرۆک ئەنوەر چۆن چۆنی بەرگەیان گرتووە، من کە تەنیا چەند مانگێکە سەرۆکم گیانم دەرچوو!"

ئاماژەی بۆ بێسەروبەریی هێزە سیاسییەکان و ژاوەژاوی میدیا و میدیاکاران کرد.

موبارەک لەوکاتەی دەستی پێش لە زارکردنەوەی قسەی دەکرد، گوتی "وەڵا ئەگەر لە زۆریی داواکاری و ناکۆکییەکان ماندوو بم بۆیان بەجێ دێڵم و هەموو شت بە هێزە چەکدارەکان دەسپێرم، وازیان لێ دێنم یەکتر بخۆن و خۆم قوتار دەکەم!"

(هەموو ئەوانە دڵخەبەردانێکی پێشوەخت بوون)!

تكام لێ کرد بەو شێوەیە بیر نەکاتەوە.

***

موبارەک جارێکی تر گەڕایەوە سەر باسی ناکۆکییەکەی من لەگەڵ سادات و لە راستیدا بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕی و گوتی "سادات لەسەر هەق بوو، نازانم بۆچی سەرۆک جەمال دۆستایەتیی سۆڤیەتی هەڵبژارد کە خەڵکی هەژارن، سادات ئەمەریکای هەڵبژارد کە دەوڵەمەندن. گەورەترین هەڵە سەرۆک عەبدولناسر تێی کەوت ناکۆکبوون بوو لەگەڵ ئەمەریکا".

هەروەها گوتی "دوای ئەوە سەرۆک سادات بڕیاری ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل دا، دەبوو سەرۆک جەمالیش بیزانیایە شەڕکردن لەگەڵ ئیسرائیل کەڵکی نییە".

درێژەی دایە "جولەکە دەستیان بەسەر هەموو دنیادا گرتووە، تۆ لەم بارەوە زیاتر دەزانی! لە منی وەرگرە، کەس ناتوانێ لەگەڵ ئەمەریکا ناکۆک بێ، من دەمزانی تۆ لە لایەنگرانی بوونی پێوەندیی باش بوویت لەگەڵ ئەمەریکا، بۆچی رات گۆڕی؟".

خۆی وەڵامی دایەوە "مامە، ئەوەی نازانێ ئەمەریکا بەهێزترین هێزی دنیایە.. (دەکۆکێ)".

کۆمێنتم لەسەر قسەکە نەدا، چونکە لەکاتی قسەکردندا ئەو جۆرە وشانەم زۆر بیستووە.

دەستم بە روونکردنەوەی بۆچوونی خۆم کرد "من هیچ لاریم لەوە نییە ئەمەریکا بەهێزترین هێزی دنیایە، پرسیارەکە ئەوەیە لە چ پێگەیەکەوە لایەنەکان لەگەڵ هێزە ئەمەریکاییەکەدا مامەڵە دەکەن (درێژەم دایە و بەجۆرێک ویستم مەبەستەکەمی پێ بگەیەنم)، ئەگەر لە روانگەی ئەوەوە مامەڵە لەگەڵ ئەمەریکادا بکەی کە تۆ ئاتاجی ئەوی، ئەوە ناگەیتە هیچ، بەڵام ئەگەر بەو خەیاڵە مامەڵەت لەگەڵ کرد ئەو پێویستی بەتۆیە، رەنگە

سەرکەوتوو بی".

پێی بڕیم "دەتەوێ بڵێیت ئەمەریکا پێویستی بە ئێمەیە، بێگومان نەخێر، ئێمە پێویستمان بەو هەیە!".

گوتم "جەنابی سەرۆک لە سیاسەتی ناودەوڵەتیدا دەبێ پێویستی هاوسەنگ بێ، ئەگەر هەر لایەک ئاتاج بێ کەواتە بارە بەسەر ئەوانی ترەوە، ئەگەر ئەو خۆیشی قبووڵ بکا لایەنەکەی تر قبووڵی ناکا، چونکە بە سادەیی بڵێین سیاسەتی ناودەوڵەتی کۆمەڵەی خێرخوازی نییە".

هەروەها گوتم "بایەخی سەرچاوە ستراتجییەکانی میسر و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئەو سەرچاوانە لێرەدا دیارە، لێرەدا ئینتیمای عەرەبیبوونی میسر بایەخی هەیە، واتە ئەگەر میسر بە سرووشت بەشێک نەبێ لە نەتەوەی عـــەرەبی، ئەوە بە زەرورەت دەبێ بەشـــێک بێ لێی. راشکاوانە دەڵێم من بەقەناعەت کەسێکی ناسیونالیستی عەرەبیم، سرووشتی شتەکانیش وایە کـــــەس باوەڕ بەشـــــتێ ناهێنێ تا باوەڕی وا نەبێ لە بەرژەوەندیی نیشتمانەکەیدایە، وێرای باوەڕم بە بنەمای عەرەبایەتیی میسر، باوەڕم بە زەرورەتی ئەو عەرەبایەتییە هەیە بۆ میسر و بۆ هەمو وڵاتێکی عەرەبیش".

ئەنجا گوتم:

جەنابی سەرۆک جیاوازی هەیە لەنیوان ئەوەی تۆ تەنیا وەک میسر بەو قەبارە قورسەی دانیشتوان و سەرچاوە سنووردارەکەیەوە لەگەڵ ئەمەریکادا مامەڵە بکەیت، لەگەڵ ئەوەی وەک بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی بەهەموو هێز و توانا و سەرچاوەکانیەوە مامەڵە بکەیت.

***

هەروەها گوتم جەنابی سەرۆک ئەمەیش دەکرێ کاریگەریت لە تەواوی دنیای سێ و جیهانی بەرفراواندا زیاتر بکا، ئەگەر بەتەنیا بیت، کاریگەرییەکە سنووردار دەبێ، ئەگەر لەناو بارستەیەکی گەورەشدا بی،

حسێبێکی تر بۆ کاریگەرییەکەت دەکرێ.

دیمانەیەکم وەبیر سەرۆک هێنایەوە کە لە دوای شەڕی ئۆکتۆبەر لە ٧ نۆڤەمبەر ١٩٧٣ لەگەڵ هنری کیسنجەر ئەنجامم دا، کە "موبارەک" ئەوکات پێشنیازی کرد لە دیمانەکەدا تەنیا باسی میسری لەگەڵ بورووژێنم نەک جیهانی عەرەبی، منیش وەڵامم دایەوە کە بەو پێشنیازەی دەیەوێ لەیەکەم ساتەوە گرینگترین کارتەکانی دانوستانەکەم لێ بسەنێ.

بیرم خستەوە کە چۆن بە کیسنجەرم گوت ئەوەیش لە وتارێکمدا لە (الاهرام)ی ئەوکاتدا بڵاو کراوەتەوە، "دکتۆر کیسنجەر تۆ مامۆستای زانستە سیاسییەکانیت، بۆیە گونجاو نییە گەمەی چاوشارکێت لەگەڵدا بکەم، بۆیە راشکاوانە قسەت لەگەڵ دەکەم: ئەگەر میسر تەنیا بایەخ بە کێشەکانی خۆی بدا، ئەوە ئەو پێویستی بە ئێوە دەبێ، بەڵام ئەگەر میسر لە ناوەندی نەتەوە عەرەبەکەیدا بێ، ئێوە پێویستتان بەو دەبێ. هەربۆیە با لە یەکەم ساتەوە لەسەر ئەوە کۆک بین کە بایەخدانەکانی میسر تەنانەت بە چاوپۆشین لە ناسنامە عەرەبییەکەیشی، دەیەوێ پێوەندییەکی باشی لەگەڵ ئێوە هەبێ، بەڵام دەبێ ئێوەیش خۆتان دۆخەکە هەڵبسەنگێنن و بزانن ئێوەیش پێویستتان بە پێوەندییەکی باش هەیە لەگەڵ میسر".

راستییەکەی ویستم زیاتر لەبارەی ئەوەی بە کیسنجەرم گوت بۆ "موبارەک" بدوێم، تا بۆچوونەکەم بەتەواوی بگا، بەبێ ئەوەی راستەوخۆ و لەشێوەی ئامۆژگاریدا بێ.

***

موبارەک قسەکەی پێ بڕیم و گوتی "ئەوە سەرچاوەی کێشەکانمانە، لە راستیدا من هاوڕات نیم و لەگەڵ سەرۆک سادات هاوڕام، کێشە ئەوەیە ئێمە هەر باری میسرمان نەکەوتە سەر شان، کە تەنیا بۆ ئەو کار بکەین و بەشێوەیەکی کرداری ئەو کێشانە چارەسەر بکەین، بگرە باری خەڵکی

تریشمان بەسەردا کەوت".

گوتم پێم وانییە بە دابڕان لە جیهانی عەرەبی چارەسەرێک بۆ کێشەی میسر بە تەنیا هەبێ، نە چارەسەری خەیاڵی و نە کرداری!

***

سەرۆک "موبارەک" گەڕایەوە سەر باسی ئەمەریکا و گوتی "تۆ لەبیرت نەچووە جگە لە ئەمەریکا کەس نییە لەدژی ئیسرائیل یارمەتیمان بدا، عەرەب ساڵی ١٩٦٧ دەستیان بۆ بەسنگدا هێناین لەکاتێکدا ئەوان ئێمەیان لە شەڕەکەوە گلاند".

هەروەها گوتی من لە ڕۆژانی بەرپرسیی باڵەفڕوانییەوە ئەسەد دەناسم (مەبەستی حافز ئەسەد بوو) ئەو پێی گوتم حزبی بەعس مەبەستی بووە عەبدولناسر لە شەڕی ساڵی ١٩٦٧ەوە بگلێنێ.

ئەنجا دەستی کرد بە باسکردنی پێوەندییەکەی لەگەڵ حافز ئەسەد.

گوتم من لەگەڵیدام کە هەندێ ڕێژیم لێرە و لەوێ چەند جارێک هەوڵیان داوە عەبدولناسر تێوە بگلێنن، ئەنجا باسێکی بارودۆخی دەرکردنی ئەو بڕیارە سیاسییەی ساڵی ١٩٦٧م بۆ کرد، تێیدا ئەوەشم گوت کە جگە لە لایەنی دەرەکی، بڕیارە میسرییەکەش کەوتە هەندێ هەڵەوە کە هیچ پاساوێکیان نەبوو، مەترسیدارترینیان بڕیاری کشانەوەی هێزەکان بوو لە سینا لە شەوێکدا (٧ حوزەیرانی ١٩٦٧). ئەو قسانە پەلکێشی کردین بەرەو قسەکردن لە زۆر وردەکاریی بارودۆخی ساڵی ١٩٦٧ و بۆی گێڕامەوە کە ئەو لەگەڵ کاروانی باڵەفڕە بهاوێژەکان بووە کە لە باڵەفڕگەی "بەنی سویف" جێگیر بووبوون و ئەو لێکۆڵینەوانەی خوێندووەتەوە کە لەبارەی ئەو شەڕەوە کران، لەبەرئەوەی لەوکاتەی جێگری سەرۆک بوو، سەرۆک سادات کردبوویە سەرۆکی لێژنەی نووسینی مێژوو، هەروەها لێژنەکە توانی زیاتر لە دوو ملیۆن لاپەڕە بەڵگەنامە کۆ بکاتەوە و خۆی هەندێکیانی بینیوە، بەڵام بەهۆی

کەمیی کاتەوە نەیتوانیوە زۆربەی بەڵگەنامەکان بخوێنێتەوە.

هەروەها ئاماژەی بەوە دا لەگەڵ ئەوەیشدا لەو بڕوایەدایە پێوەندییەکانمان لەگەڵ ئەمەریکا لە گرینگترین پێویستییەکانە، نەخاسمە لەوەی پێوەندی بە ئیسرائیلەوە هەیە.

ئەنجا لەوکاتەی سەری رادەوەشاند درێژەی بە قسان دا "هەندێ خەڵک دەیانەوێ پێوەندیی تەواو لەگەڵ ئیسرائیلدا ببەستم و هەر ئێستەیش، بەڵام دەبێ چاوەڕێ بکەم، من زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنی نیسان/ئەپریل دەکەم تا بەتەواوی لە خاکی میسر بچنە دەرەوە".

هەروەها گوتی ئایا خەڵک پێیان وایە من بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئیسرائیل خۆشحاڵم؟ جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی دان بەهێزی ئیسرائیلدا بنێم و لەگەڵ ئەوەی خۆشم بوێ!

ئەنجا گوتی "محەمەد بەگ سوێندت بۆ دەخۆم هەر جارێک یەکێکیان دەبینم جەستەم ژاراوی دەکەن، لێیان بێزارم و بەدەم جوێن پێدانیانەوە خەوم دەزڕێ و کاتی خەوتنەکەم بەسەر دەچێ".

گوتم من لێی تێدەگەم، بەڵام خۆشبەختانە من ناچار نیم بیانبینم، هەر بۆیە من وەک بنەما کەسیانم نەدیوە.

بەپەلە گوتی "بەڵام چۆن دەتوانی وا بکەی ئەگەر بەرپرس بیت؟"!

گوتم "سوپاس بۆ خوا کە بەرپرس نیم".

***

سەرۆک "موبارەک" گوتی "ئەمە بابەتێکە دەمویست لەبارەیەوە قسەت لەگەڵدا بکەم".

ئەنجا بە نەرمی دەستی بەهەندێ قسەی ناسک کرد، کە بۆنی سەرزەنشتیشی لێوە دەهات "سەرۆک ئەنوەر لەگەڵت ماندوو بوو تا هاوکاری بکەیت".

پرسیم: چۆن مرۆڤ دەتوانێ هاوکاری لە سیاسەتێکدا بکا کە باوەڕی پێی نییە؟

گوتی "دەتوانی هاوکاری بکەیت بەبێ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئیسرائیلدا بکەی".

گوتم "پۆستی وەزارەت لە ساڵی ١٩٥٦دا خرایە بەردەمم کە هێشتا لاو بووم و ڕەنگە پۆست فریوی بدا، سەرۆک سادات دواتر گەڕایەوە و پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران یاخۆ سەرۆکی دیوانی سیاسی خستە بەردەمم".

گوتی "ئەوە دەزانم و مەبەستم نەبوو لەبارەی پۆستەوە قسەت لەگەڵ بکەم"

بە تیژی سەیری کردم و گوتی پرسیارێکی ڕاشکاو و دیاریکراوت لێدەکەم "ڕات چییە بێیتە ریزی حزبی نیشتمانی؟"!

وەک ئەوەی تووشی شۆک بووبم گوتم "وێڕای قووڵیی هاوڕێیەتییەکەمان لەگەڵ جەمال عەبدولناسر و چەندان جار پێداگریکردنی لەو بارەوە، نەچوومە ریزی حزبەکەی حزبی یەکەتیی ئیشتراکی، لەبەرئەوەی باوەڕم بەو جۆرە ڕێکخستنە سیاسییانە نییە کە لە کۆشی دەسەڵاتدا دروست دەبن، جگە لەوەیش ڕۆژنامەنووس نابێ ببێتە کەسێکی حزبی".

***

کەمێک مات بوو ئینجا لێی پرسیم: "ئەگەر بیر لە هاتنە ناو حزب ناکەیتەوە، ئەی دەتەوێ چی بکەی؟!، خۆ ماقووڵ نییە بچی لە ماڵ کشومات پاڵی لێ بدەیتەوە"!

بەپێکەنینەوە گوتم پێویست ناکا نیگەران بێ، چونکە من نامەوێ بچمە لیستی بێکاران کە بەدوای کاردا دەگەڕێن.

گوتم " گرێبەستم لەگەڵ ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە لە لەندەن و نیویۆرک هەیە بۆ نووسینی چەند کتێبێکی نوێ، ئەویش پاش شەش کتێبی پێشتر، کە هەر هەموویان لە ئینگلیزییەوە بۆ زۆر زمانی تر وەرگێڕدراون، دواینیان

کـتـێـبی "گـەڕانەوەی ئایەتولّا" The Return of The Ayatollahیە لەبارەی شـۆڕشی ئێرانەوە و لەو کاتەی من گیرابووم لە ئەوروپا و ئەمەریکا بلاّو کرانەوە و تا ئێستە بۆ حەڤدە زمان تەرجەمە کراون، هەر لەگەڵ دەرچوونم لە گرتووخانە "ئەندریە دویچ" کە گەورەترین بلاّوکەرەوەیە و لێی پرسیم ئاخۆ دەتوانم بەخێرایی کتێبێکیان لەبارەی هۆی تیرۆرکردنی "سادات"ەوە بۆ بنووسم، کە بەلای ئەوانەوە قارەمانی ئاشتییە، منیش ئۆفەرەکەم قبووڵ کرد و لە گەشتێکی نێزیکدا بۆ لەندەن تاوتوێی دەکەن".

قسەکەی بڕیم "کتێبێک لەبارەی سەرۆک ئەنوەر"؟!

گوتم لەبارەی ئەوەوە نا، بە دیاریکراوی لەبارەی تیرۆرکردنەکەیەوە، لە گرتووخانەدا ناونیشانەکەیم بۆ هات، بیرم لە شتێکی لەو جۆرە دەکردەوە تەنانەت پێش لەوەیش کەس لە لەندەنەوە پێوەندیم پێوە بکا، لەکاتی بیرکردنەوە لە بابەتەکە ڕێم لە ناونیشانی "پایزی تووڕەیی" کەوت.

سەرۆک ناونیشانە پێشنیازکراوەکەی کتێبەکەی دووبارە کردەوە وەک بڵێی لە مەبەستەکەم نەگەیشتبێ، بەلاّم بازی بەسەر ئەوەدا دا.

گوتی "بەلاّم ئەوە زۆر کێشەت بۆ دروست دەکا، چونکە سەرۆک سادات گرووپی زۆری هەیە"!

گوتم "لەبارەی کێشەوە، لەگەڵ کێشە ڕاهاتووم، دوای ئەوەیش تکات لێ دەکەم بزانی کە سەرۆک سادات هاوڕێمان بوو، هیچ کێشە نییە بۆچوونمان جیاواز بێ و ڕێگەمان لێک دوور بێ، بەلاّم ئەوە هیچ ئاسەوارێکی لای من بەجێ نەهێشتووە".

هەروەها گوتم "کاتێ سەرۆک سادات کوژرا و لە گرتووخانە هەواڵەکەم بیست، لەدڵەوە بۆی گریام، لەو ساتەوە هەموو ئاسەوارێکی ناکۆکی و دەرهاویشتەکانی لام نەمان، چونکە خوێن و فرمێسک هەموو شتێکیان شۆردەوە".

***

لەپڕ گوتی نەمدەزانی کتێب "کارێکی باشە"!

گـوتم من نـازانم مـەبەسـتـی لە "کـاری باش" چیـیـە، بەڵام نووسـین بۆ من هەموو ژیانمە"!

هـەروەها پـرسـی "ئەی بیــرت لەوە نـەکــردووەتـەوە بگەڕێیـــتـــەوە نـاو ڕۆژنامەگەریی میسری؟"!

گوتم ئـەوە زۆر لە بیـرکـردنەوەی منەوە دوورە، چونکـە وام داناوە ڕۆڵی من لە ڕۆژنامـەگەریی مـیـسـری چوومەتە دەر پاش ئەوەی ئەهرامم بەجێ هێشت، پێم باشە بوار بە کەسانی تر و نەوەکانی تر بدەم".

جـا بە دەرفـەتی زانی بۆ گەڕانـەوە بۆ سـەر پێشنیـازەکەی و گوتی "حـەیفـە وڵاتەکــە سـوودت لـێ وەرنەگـرێ" لێم پرسـی "ئەی بوونـی ڕۆژنامــەنووس و نووســەرێکی مـیـسـری لە بـواری وەشـانی ناودەوڵەتیـدا بەسـوود نـازانێ بۆ وڵات!

هەندێ وردەکاریم لەبارەی قـەبارەی وەشانی ناودەوڵەتی، چ لە کتێب یاخۆ لە ڕۆژنامەکاندا، بۆ باس کرد بەتایبەت ئەگەر هەردووک یەکانگیر بن، بەوەی کـتـێـبـێک دەربچێ، ئەنجـا هـەندێ لە بەشــەکـانی لە هەزاران ڕۆژنامــە لە سەرتاسەری دنیادا بڵاو ببێتەوە.

وەڵامی دایەوە کە هێشتا پێی باشە بچمە ریزی حزبی نیشتمانی و لەوێ بواری کارکردن بێسنوورە!

گـوتم "تـۆ دەتەوێ من ببــەیتـە نـاو حـزبی نیـشـتـمـانی، من و هیـتـریش دەمانەوێ تۆ لە حزب بێیتە دەرەوە"!

لەبارەی هـۆی ئەوەوە پرسی، ئاخـۆ حـزبەکـان دێوەزمـەن، یاخـۆ ئامـرازی کاری سیاسین؟

گـوتم "ڕۆژنامـەنوس بەگـشـتی مـامـەڵە لەگـەڵ هەواڵدا دەکـا، هـەواڵیش سـەربەخـۆیی خـۆی هەیە و ڕەنگکردنی بە سـێبـەری حزبایەتی پێـچـەوانەی

بەهاو جێمتمانەییەتی".

هەروەها گـوتم رەنگە لە بیـری مـابێ ئەو رۆژەی پێش چەند رۆژێک لە گرتووخانەوە چووینە لای، گوێی لە هەندێکمان بوو راستەوخۆ داوایان لێ کرد واز لە سەرۆکایەتی حزبی نیشتمانی بێنێ. گوتم واباوە بەتایبەت لەسستمی سەرۆکایەتیدا، سەرۆک ئەگەر ئەندامی حزبێکیش بێ لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا ئەندامیەتی لە حزبەکەیدا رادەگرێ.

بە دەنگێکی یەکلاکەرەوە گوتی "ئەگەر حزب بەجێ بێلم، دەکەوێ".

گوتم: کەواتە حزب خۆی لە خۆیدا هیچ کێشێکی نییە و بوونی خۆی لە دەسەلاتەوە وەردەگرێ نەک لە خەلکەوە، مەترسیەکەیش لێرەدایە.

گوتی "ترسەکەت لە حزبی نشتمانی زیادەڕۆیی تێدایە، بوونی منیش لەناویدا هیچ کێشە نییە، کێشە لەکاری جێبەجێکردندایە، واتە لە حکوومەتدا کە تۆ خۆت قەبارەی کێشەکان دەزانی، مەترسیی تیرۆریشمان بۆ زیاد بوو، خەلک داوای" شیری چۆلەکە" دەکەن، پێویستە سەقامگیری هەبێ پێش ئەوەی بتوانیت هەر شتێک بکەی، گرووپە تیرۆریستیەکان خۆیان حەشار داوە و بەنهێنی بلاو دەبنەوە.

قسەکەم لەدەم وەرگرت و گوتم "رێژیمیش یارمەتی دەدا".

قسەکەمی پێ سەیر بوو پرسی "رێژیم چۆن یارمەتی دەدا؟".

گوتم دیارە کۆمەلێک کێشەی ئابووری و کۆمەلایەتی هەیە کە کێشەی گەورەن، بەلام هەندێ شتی تر هەیە بۆ نموونە وەک زۆریی ئەو بەرنامە ئاینییانەی کە دوورن لە بەهاکانی ئاین، هەروەها زۆریی فتوادان کە هیچ پێوەندی بە رۆحی ئاینەوە نییە، هەموو ئەمانە زیانیان هەیە بەلام هەمووی دنە دەدا!

هەروەها گـوتم داوام لە هاوڕێیەکی دێرینم لە سەنتەری لێکۆلینەوەی سیاسی و ستراتیجی لە ئەهرام کرد لێکۆلینەوە لە رووبەری بەرنامە

ئاینییەکان لە رادیۆ و تەلەڤزیۆندا بکا، سەرم سوڕما کاتێ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی دەری خست ٢٧٪ پرۆگرامەکان ئاینی یاخۆ خاوەن مۆرکی ئاینین.

من خۆم لە خێزانێکی ئاینپەروەرم و نرخی ئاین وەک سەرچاوەی رێڕۆشنی و پاکی دەزانم، هەروەها لە خێزانێکم یەکەم نەریتیان ئەوە بوو منداڵەکانیان قورئان لەبەر بکەن، خۆیشم هەموویم ئەزبەر کرد، بەڵام ناتوانم باوەڕ بەو شتانە بکەم لە هەندێ بەرنامەی ئاینیدا دەگوترێن.

بە دەربڕینی داخەوە گوتم "خۆم گوێم لە بەرنامەیەکی لەگەڵ گوێگران لە "رادیۆی قورئانی پیرۆز" لە قاهیرە بوو، کەسێک پرسیاری دەکرد لە حوکمی "چۆنیەتیی وسڵکردن پاش سێکسکردن لەگەڵ مانگا"، چەندە پرسیارەکە وڕی کردم، وەڵامی ئەو مەلایەش زیاتر تۆقاندمی کە وەڵامی دایەوە و بە وردی چۆنیەتیی خۆشۆردنی پاش ئەو کارەی بۆ پرسیارکەرەکە روون دەکردەوە.

موبارەک قاقا پێکەنی و گوتی "پێویستە بەرنامە ئاینییەکان فراوان بکەین، چونکە پێویستە لەسەر زەوینەی خۆیان رووبەڕووی تیرۆریستان ببینەوە و خەڵکیان لەدەست بسەنینەوە".

گوتم "کێشە ئەوەیە تۆ ئەگەر بەو شێوازە لەسەر زەوینەی ئەوان رووبەڕووی تیرۆریستان ببیتەوە، ئەوە بەو کارە رازی دەبی بەوەی ملکەچی یاسایەک بیت سەرچاوەکەی نازانی، دەقەکەی و دادوەرەکەی ناناسی".

موبارەک لەسەر ئەم دەربڕینە وەستا و سەرسامی پێوە دیار بوو و گوتی "دەتوانی ئەم قسەیەم بۆ شی بکەیتەوە؟".

ویستم بەشێوازێکی تر بۆچوونەکەم بخەمە روو!

بەدەم پێکەنینەوە گوتی "ئاخۆ دەبێ منیش بایەخ بەو پیاوە بدەم کە ئاشقی مانگایەکە؟! (وشەیەکی تری جگە لە ئەشقی بەکار هێنا).

بەخێرایی گوتم "کەس داوای ئەوەت لێ ناکا، بەڵام خەڵک تێڕوانینێکی قایلکاری لەبارەی داهاتووەوە دەوێ".

***

قسەمان گەیشتە سەر باسکردن لە شێوازی کارکردنی سەرۆکایەتیی دەوڵەت و پێشنیازم کرد "مادام سەرۆکایەتی ئەم رۆڵە ناوەندبەندی (مرکزي)یەی هەیە، پێویستە بەو شێوەی لەگەڵ سەردەمدا بگونجێ رێک بخرێتەوە".

پرسی مەبەستم چییە لەوە؟

گوتم لەوەتەی پێش هەفتەیەک لە گرتووخانە ئازاد کراوین، تێبینیم کردووە سەرۆکایەتی بەشێوەیەک بەڕێوە دەبرێ کە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە".

بە بایەخەوە گوێی بۆ رادێرابووم، گوتم "من لە هەندێ هاوڕێم لەوانە "فوئاد سیراجەدین" و مومتاز نەسار بیست، کە تۆ نامە یاخۆ تێبینیت لەگەڵ ئوسامە ئەلبازدا بۆ ناردوون، ئەوە لەگەڵ خۆیشمدا رووی دا، ئوسامەیش وەک دەزانی هاوڕێی منە و چەندان ساڵ کاری لەگەڵ کردووم، تۆیش متمانەت پێی هەیە و لەوە تێناگەم بۆچی وا دەکەی بەشێوەی "عارەبانچیی دەسگێڕ" نامەی پێدا بنێریت بۆ من یان بۆ غەیری من؟ بۆچی ئوسامە ئەلباز ناکەیتە وەزیری کاروباری سەرۆکایەتیی کۆمار و شوێنێکی لە کۆشکی سەرۆکایەتیدا بۆ بکەیتەوە کە خەڵک بیناسن و داوای لێ بکەی نووسینگەیەک بکاتەوە و پسپۆڕانی بواری یاسا و ئابووری تێدا دابمەزرێنێ.

هەروەها سەرۆکایەتی گۆتیارێکی هەبێ کە تێڕوانین و هەڵوێستەکانی لە ناوەوە و دەرەوە روون بکاتەوە، بەو شێوەیەش سەرچاوەیەکی ناسراو دەبێ کە نامە و رێنوێنییەکانی لێوە دەرچن و بارەگایەک هەبێ خەڵک بۆ پێوەندی

و پرسورا رووی تێ بکەن.

بە ئاوازێکی راڕاوە گـوتی "نامـەوێ جـارێکی تر رێگە بـە دەرکـەوتنی سـەنتەرێکی هێز لە سـەرۆکایەتی بدەم، خۆشت ئەزمـوونی سـامی شـەرەف لەگەڵ سەرۆک جەمال دەزانی، کێشە ئەوەیە بوونی پیاوێک لەو جۆرە دۆخەدا رەنگە سـەرۆکایەتی لە خەڵک دابڕێ و بتوانێ رێگە بە هەر کەس بدا یاخۆ نەدا، ئەوەیش کێشەیەکە پێی ئاشناین".

گوتم "شتەکە پێوەندی بە کەسایەتیی سـەرۆک و شێوازی کارکردنیەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا رێم بدە پێت بڵێم کە "سامی" لە هەندێ لەو شتانەی لەبارەیەوە گوتران "ستەمبار" بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوە پێوەندی بە تۆ و شێوازی کارکردنتەوە هەیە".

هەروەها گوتم "من وای بە باش دەانم کەسێک بنێریت بۆ کۆشکی سپی لە واشنتۆن، یاخۆ بۆ "١٠ داوننگ ستریت" لە لەندەن، تا لێکۆڵینەوە بکا لەوەی نووسینگەکانی سـەرۆک دەوڵەتەکان لە سـەردەمی نوێدا چـۆن چۆنی بەڕێوە دەبرێن، ئەنجا لەسەر ئەو بناغەیە بڕیار بدەیت کە کامە سیستم بە باشترین شێوە ئەوەی دەتەوێ بۆت بەدی دێنێ"!

بەپێی شـارەزایی خـۆیشم، هەندێ باسی رێکخـستنی کـۆشکی سـپی، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، سیستمی پێوەندییەکان لەگەڵ کۆنگرێس و لەگەڵ حزب و لەگەڵ میدیا و لەبارەی دامەزراوەکانی دەسەڵات لە ناوەوە و دەرەوەم بۆ کرد.

هەروەها بەپێی زانیارییەکانم، لەبارەی رێکخستنی "١٠ داوننگ ستریت"، لەبارەی کـولّگە (مگبخ)ی بڕیاری سـیاسی، لەبارەی نووسـینگەی پێوەندی لەگەڵ حزب چ لە ئۆپۆزسیۆن یاخۆ لە دەسەڵاتدا و هەروەها لەبارەی پۆستی سکرتێری گشـتیی ئەنجوومـەنی وەزیران کە سـەرۆکایەتیی ئەنجوومـەنی جێبەجێکاری بریکارە هەمیشەییەکانی وەزارەتەکان دەکا، روونکردنەوەم بۆ دا".

گوتم "ئێمە پێویستمان بە لێکۆڵینەوە لە ئەزموونی ئەوانی تر هەیە".

گوتی "هێشتا وای بە باش دەزانم راستەوخۆ لە هەموو ئەنجوومەنی وەزیراندا کار بکەم.. ئەنجوومەن نووسینگەی منە و هەر ئەویش سکرتارییەتی سەرۆکە"!

گوتم "ئەوە بە کردەوە مەحاڵە، دەبێ سەرۆک نووسینگەیەکی هەبێ پسپۆڕانی کاروباری سیاسی و یاسایی و ئابووری تێدا بن، لەو بوارە بکۆڵنەوە و راسپاردە بەرز بکەنەوە، ئەگینا سەرۆک هیچ چاری نییە دەبێ پرۆژەیاساکان بەو شێوەیەی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێی دەگا ئیمزا بکا، لەو بارەیشدا سەرۆکایەتی نابێتە ناوەندی ئاراستەکردنی کاری نیشتمانی، بگرە کاری تەنیا ئیمزا و مۆرکردنی مەرسوومەکان و بەیاساکردنیانە"!

نیشانەی سەرسوڕمانی پێوە دەرکەوت و گوتی "قسەکەت لۆژیکی تێدایە، ئوسامە ئەلبازیش لەگەڵ من ئەزموونێکی دوور و درێژی هەیە"!

گوتم "ئەو جێمتمانەتە، ئەوەیش گرینگە، من دەزانم ئوسامە هەندێ جار هەڵەوپەڵەی بوهیمی هەیە، بەڵام رەنگە هەندێ لەوانە پێوەندی بەوەوە هەبێ کە ئەو نووسینگەی نییە و دەزگایەکی لەگەڵ نییە، بگرە خۆی بەتاقی تەنیایە، مەبەستم ئەمە بوو کاتێ پێم گوتی سەرۆکایەتی بە لۆژیکی "فرۆشیاری دەسگێڕ" کار دەکا".

وەک ئەوەی ئامادەیی تێدا دروست بووبێ بۆ دەسبەجێ بڕیاردان لەو بابەتەدا گوتی "تۆ راست دەکەی، دەبێ ئوسامە هەست بکا پێویستە بەشێوەیەکی سیستماتیک کار بکا".

گووشی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و داوای کرد "ئوسامە ئەلباز"ی بۆ وەربگرن، دوای پێنج خولەک زەنگی تەلەفۆن لێیدا و سەرۆک هەڵی گرت، جا ئاوڕی لێ دامەوە و گوتی "بینیت، ئەوەتا ئوسامە لەبەردەست نییە، هەموو

شوێنێک بەدوایدا گەڕاون سۆراخی نییە".

بەرگرییەکەم لە ئوسامە کرد و گوتم "دیارە تۆ ئەرکێکت پێ سپاردووە و بەدەمیەوە چووە".

موبارەک گوتی "دەینێرم بۆ لات بۆ نووسینگەکەت، هەرچیت لایە پێی بڵێ تا لەگەڵی تاوتوێی بکەم و بڕیار بدەم".

***

دیدارەکە لە کۆتایی نێزیک دەکەوتەوە، ئەزنەکم دا هەستم، سەرۆک یەکێک لە پیاوانی سکرتارییەتەکەی بانگ کرد و داوای کرد لەسەر کاغەزێک ژمارەی هەموو تەلەفۆنەکانی نووسینگەکەی بە تەلەفۆنەکەی خۆیشیەوە تێدا بنووسێ و داوای کرد "هەرکات ویستم" پێوەندی پێوە بکەم.

بە سەرۆکم گوت "ئەمە بۆ من مۆڵەتێکە شانازی پێوە دەکەم، بەڵام بەتەما نیم بەکاری بێنم و پێم باشە هەرکات پێوەندیکردن بدەمە دەست ئەو، چونکە ئەو پیاوێکە بە کاروباری خەڵکەوە سەرقاڵە و دەبێ خشتەی کارەکانی لەدەستی خۆیدا بێ و کەس لەو رووەوە گوشاری نەخاتە سەر".

هەروەها گوتم "ئەگەر من ئەو مۆڵەتە بەکار بێنم کە جەنابی پێی کەرەم کردم، ئەوا لە دەربڕینی تێبینی کۆڵ نادەم، ئەویش لەبەرئەوەی لەگەڵ کۆی ئەو سیاسەتەی کاری پێ دەکرێ نیم، جا ئەگەر بۆ هەر شتێک سەردڵی گرتم پێوەندی بکەم، ئەوا دەبمە رۆڵی ئەو کەسە ئێسکگرانە دەبینم کە هیچ پەسەندێکی لاپەسەند نییە، منیش حەزم لەو جۆرە رۆڵە نییە!.

دووبەدوو بەرەو دەرگاکە چووین، "موبارەک" وێنەگری بەناوبانگی سەرۆکایەتی، مامۆستا "فاروق ئیبراهیم"ی بینی لەدوورەوە دەجوولا، سەیری کردم و گوتی "با وێنەیەک بەیەکەوە بگرین"، راشکاوانە بە سەرۆکم گوت "دەتوانین دەستبەرداری وێنەگرتن بین، رەنگە ئەوە باشتر بێ".

لەجێی خۆی چەقی و مڕێکی لێ کردم و گوتی "سەیرە، خەڵک دێن بۆ

دیدەنیی من و هیچ ئامانجێکیان نییە جگە لە گرتنی ئەم وێنەیە". گوتم "من هەفتانە دوو یاخۆ سێ جار جەمال عەبدولناسرم دەدی، هەروەها ساداتیش، رۆژانە بە تەلەفۆنیش چەند جارێک قسەمان دەکرد، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا وێنەیەکی دیدارەکە بڵاو نەکراوەتەوە و هیچ باسێک لەبارەی پێوەندیی تەلەفۆنی نییە، من تێناگەم لە "بیدعە"ی بڵاوکردنەوەی هەواڵ یاخۆ وێنەی دیداری رۆژنامەنووسان لەگەڵ سەرۆک، چونکە ئەوە "سرووشتی شتەکان"ە، سرووشتی شتەکانیش هەواڵ نییە".

ئەنجا هەڵی دایە "وەڵا راست دەکەی، من هەموو خەڵک دەبینم بەڵام هیچ روو نادا، بەڵام کاتێ زانییان چاوپێکەوتم لەگەڵ تۆ هەیە، لە رۆژنامەوانی و لە حکوومەت و لە حزبدا بوو بە هەرا".

خۆمم پێ نەگیرا و گوتم "جەنابی سەرۆک.. ئایا بە راستی حزب هەیە؟!".

سەری راوەشاند و گوتی: تۆ لەسەر بۆچوونەکەی خۆت لەبارەی حزبەوە سووریت، حزب گرینگە بۆ پێوەندیکردن بە خەڵک و "تێپەڕاندنی بڕیارەکان".

دوایین وشەی سەرنجی راکێشام!

***

ئێوارەی هەمان رۆژی دیدارەکە، ئوسامە ئەلباز پێوەندی پێوە کردم و لە نووسینگەکەمدا سەری لێ دام و دەفتەرێکی Yellow Padی بەدەستەوە بوو کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان یاساناسەکان بەکاری دێنن، پێش لەوەی لەبەردەممدا دابنیشێ، لێی پرسیم "چیت بۆ سەرۆک پێشنیاز کردووە".

چەردەیەکم لەوەی پێوەندی بەوەوە هەبوو لە گفتوگۆکەم لەگەڵ "موبارەک" بۆ باس کرد، وەڵامی دایەوە:

"تۆ کاتی خۆت بەفیڕۆ دەدەیت، ئەو شێوازی کارکردنی جیاوازی خۆی هەیە، ئەو حەز دەکا گوێ لەم و لەو بگرێ، بەڵام هەر ئەوە دەکا کە خۆی دەیەوێ (ئەم قسەیە بۆ تۆیە)، دەشبینیت، ئەو نە وەزارەتی کاروباری

سەرۆکایەتی و نە منیش بە وەزیر دادەمەزرێنێ".

قسەی زۆرمان کرد، لەکاتی دەرچوونم ئوسامە ئەلباز لەکاتی تێپەڕینی بەلای شوێنی دانیشتنەکەم لە نووسینگەکەمدا تێبینی کرد کاغەزێکی زۆر بە دەسخەتی من پڕ کراونەتەوە، لە رووی ناسراویی پێشترمانەوە پێی گوتم "گرەو دەکەم ئەو کاغەزانە خاڵەکانی قسەکانتی لەگەڵ ئەو (موبارەک) تێدایە".

گوتم "ئەوەی بۆی چوویت راستە".

***

## چیرۆکی نوێ له پاریس

ڕەنگە هەڵبژاردنی "موبارەک" لەناو کاندیدەکانی تر بۆ جێگری سەرکۆمار بەلای منەوە سەیر بێ (وێڕای هەموو ئەوەی لەبارەی پێوەندیی ئەو دوو پیاوە دەمزانی، بەتایبەت لە ئەزموونی هاوبەشیاندا لە خەرتووم)، بەڵام پێدەچێ هەڵبژاردنەکە بەلای کەسانی ترەوە سەیر نەبووبێ.

لە ڕاستیدا "شیمانەی هەڵبژاردنی" چەند ئاماژەیەکی تێپەڕ و هەندێ جار تەماوی لەبارەیەوە بە زەیندا هێنا، کە تێکڕا چەند ترووسکاییەک دەگەیەنن کە ئاستەمە فەرامۆش بکرێن. بەرکەوڵی ئاماژەکانیش ئەوە بوو لە بەرەبەیانێکی یەنایەری ١٩٨٢ لە کۆشکی "ئیلیزێ" لە پاریس رووی دا، لەوکاتەی وادەم لەگەڵ میتێران هەبوو، ئەوە یەکەمین دیمانەم بوو لەگەڵی پاش ئەوەی بوو بە سەرۆکی فرەنسا.

من پێشتر و لەوکاتەی سەرۆکی حزبی سۆشیالیستی بوو فرانسۆ میتێرانم دەناسی و بانگهێشتم کرد بۆ سەردانی قاهیرە، ئەویش بانگهێشتەکەی قبووڵ کرد. لە ٢٥ یەنایەری ١٩٧٤ بۆ ماوەی دە ڕۆژ میوانی ئەهرام و من بوو لە میسر، دیارە بەنێزیکەیی ڕۆژانە دەمبینی، هەروەها هەلی بەشداربوونیم لە چەندان دانیشتنی شارەزایانی سەنتەرەی لێکۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیجی و ژمارەیەک لە بیرمەندانی ئەوکاتی ئەهرام بۆ ڕێک خست. لەو دانیشتنانەدا چەندان پرس گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرا، چ لە سیاسەتی ناودەوڵەتی یاخۆ لە گۆڕانکارییە گەورەکان کە لە کۆتا قۆناغی شەڕی ساردا بەرەتاکانی لە ئاسۆوە دەرکەوتبوون.

دواتر میتێران لە کتێبێکیدا بەناونیشانی "دەنکێک لە گوڵەگەنمێکدا"

بەشـــێکی تایبـــەتی تەرخـــان کـــرد بـۆ باسـکردن لـەو کـــۆبـوونەوانـە و ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێیانم بەشداری تێدا کردن، لە کتێبەکەدا بەدرێژی باسـی لەو پێوەندییـە کـردووە کـە لەنێـوان سـەرۆک سـادات و مندا بینیویەتی.

لەکاتی سەردانەکەیدا جارێک یاوەریی ئەو سەرکردە ئیشتراکییەم کرد بۆ بینینی سادات لە ماڵەکەی خۆی لە جیزە.

پاش ئەو سەردانەی میسر لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٤، پێوەندیم لەگەڵ فرانسوا میتێران پتەوتر بوو، چەند جارێک لە پاریس یەکترمان بینی کە زۆربەیان لە ماڵەکەی خۆیدا بوو لە گەڕەکی "سان چیرمان"، کە سەعاتەکانی بەیانی لە قـاتی سـەرەوەی نووسـینگەکـەیدا دادەنیـشتین، دواتر بەپیـاسـە دەچووین بۆ نانی نیوەڕۆ لە چێشتخانەیەک لەو نێزیکانە و دادەنیشتین بەبێ پچڕان و دوودڵی درێژەمان بە قسەکردن دەدا.

لە ئایاری ١٩٨١ میتێران وەک سەرۆکی فرەنسا هاتە هەڵبژاردن. چەند هەفتـــەیەک دوای ئەوە من لەگـــەڵ زۆر کـــەسی تر خـــۆمـــان لەناو زینـدانی "توڕڕە"دا بینیـەوە. لەپشت شـوورەکانی زیندانەوە هەواڵی ئەوە دزەی کردە ناومان کە سەرۆک میتێران بەئاشکرا نەیاریی خۆی بۆ هەڵمەتەکانی گرتنی سێپتـەمبـەر لە مـیسـر دەربڕیوە و داوای لە مـەکتـەبی سیـاسـیی حـزبی ئیشتراکی کردووە کۆبوونەوەیەکی تایبەت گرێ بدا و سەرکۆنەی گرتنەکانی کرد. میـتـێران نـەیدەتوانی وەک سـەرۆکی دەوڵەتی فـرەنسـا سـەرکـۆنەکـە رابگـەیەنـێ بۆیە چارە ئەوە بـوو وەک ســـەرۆکی حـــزبی ئیـــشـــتـــراکی رای بگەیەنێ. هـەروەها بیسـتـمـان کە سـەرۆک سـادات توورە بووە و هەڕەشـەی بڕینی پێوەندییـەکانی مـیسری لـەگەڵ فرەنسا کردووە، لەبەرئەوەی دەستی خستووەتە کاروباری میسرەوە ئەگەرچی سەرۆکی فرەنسا وەک سـەرۆکی حزبی ئیشتراکیش بۆچوونی خۆی دەربڕیبوو.

***

له یەکەم گەشتمدا بۆ ئەوروپا پاش ئازادکرانمان، له یەنایەری ۱۹۸۲ نامەیەکم بۆ سەرۆک میتێران نارد و له کاتی گەیشتنم بە پاریس و ماوەی مانەوەم ئاگەدارم کرد و بوارم بۆ ئەو بەجێ هێشت کاتێک بۆ یەکتربینین دەستنیشان بکا، زۆری نەبرد نووسینگەکەی پێوەندی پێوە کردم و داوەتی ئامادەبوون لەسەر نانی بەیانی لەگەڵ سەرۆک لە سەعات هەشت و نیوی رۆژی دووشەمی داهاتوو پێ راگەیاندم.

لەسەر نانخواردن و له گفتوگۆیەکدا که زیاتر له سەعات و نیوێکی خایاند میتێران لەبارەی پێوەندیم بە سەرۆکی نوێوە "موبارەک" پرسیاری لێ کردم، ئاخۆ پێوەندییەکی سرووشتییە یاخۆ گەردەلوولییە وەک لەگەڵ سەرۆک سادات لە ساڵە کۆتاکانیدا؟

گوتم "لەم دواییەدا بۆ ماوەی چەند سەعاتێک چاوم بە سەرۆکی نوێ کەوت، وا دەبینم پاوێکی ماقووڵ بێ، دەتوانێ لە پۆستەکەی فێر بێ و تێیدا گەورە ببێ".

تێبینیم کرد میتێران بە بایەخەوە گوێی شل کردووە بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی هەبێ، تەنیا ئاماژەیەکی خێرا نەبێ کە گوتی "بەهەرحاڵ هەندێ کەس لای ئێمە باش دەیناسن".

لێم پرسی مەبەستی لەو ئاماژەیە چییە، بە نیوە زەردەخەنەیەک ئاماژەی بە دەستەواژەی: هۆگەلی دەوڵەت Raison d etat" کرد، کە دەستەواژەیەکی بەناوبانگی کاردینال ریشیلیو سیاسەتوانی مەزنە لە سەرەتای مێژووی فەرەنسادا.

قسەمان لەسەر زۆر بابەت کرد، بەڵام تێبینیم کرد میتێران زیاد لە جارێک ناوی "ئەلیکسەندەر دی میرانش"ی برد کە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی دەرەکیی فەرەنسا SDECE بوو. بە ئەزموونی رۆژنامەنووسی ئەو هەستەم لا بزووت کە لە پاریس خەڵکانێک هەبن زیاتر لەبارەی سەرۆکی

نوێی میسرەوە دەزانن، کە "دی میرانش" یەکێکیانە.

***

پێشتر "ئەلیکسەندەر دی میرانش"م دەناسی لە ئەزموونێکدا، کە چیسکار دیستان سەرۆکێکی پێشووی فەرەنسا ڕێکی خستبوو کەپێش ٥ ساڵ لە هەمان ئەو هۆڵەی ئێستە میتێرانی تێدادەبینم، چاوم پێی کەوت.

لەو دیدارەدا لەگەڵ چەسکار دیستان لە هۆڵێکی پاشکۆی نووسینگەی سەرۆکایەتی لە دوو کورسی بەرامبەر دانیشتبووین و مێزێکی چای لە جۆری "لویسی پازدەیەم" لەنێوانمان دابوو، ئەنتیجۆنی سەگەکەی دیستانیش لەژێر کورسیەکەیدا راکشابوو، ویستی پاساو بۆ بوونی سەگەکەی لەگەڵیدا بێنێتەوە بەوەی سەگەکە ناتوانێ لێی دوور بکەوێتەوە، بگرە هەمیشە بەدوایەوە لە ژووری نووستنەکەیەوە بۆ هۆڵی کتێبخانەکەی، کاتێ پارچەیەکی بچووک گۆشتی بۆ فڕێدایە ناو قاپەکەی، بە گونجاوی زانی پاساوێکی تر بۆ بوونی سەگەکەی باس بکات و گوتی "سەگەکە قسە ناکا، بەڵام وەفاداری بێ ئەندازەیە و لە نهێنیپارێزیشدا جێمتمانەیە".

ئەنجا گوتی "ئەو دڵسۆزییە پاکە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکاندا دەگمەنە"!

قسە زۆر کرا و پەلوپۆی لێبوویەوە و هەستم کرد سەرۆک دیستان بە ئەفریقیاوە سەرقاڵە و قسەکانی زیاتر لەبارەی ئەوێوە بوو، پێی وابوو شیوعیەت وردە وردە تێیدا رۆ دەچێ، هەروەها پێداگری کرد "پێویستە عەرەب دەرک بەمەترسیی دۆخی ئەفریقیا بکەن، لەبەر ئەوەی ئەو هەڕەشەی رووبەڕووی عەرەب و رۆژئاواش لەگەڵیان دەبێتەوە مەترسیدارە"!

سەرۆک دیستان لە روونکردنەوە بەردەوام بوو:

"١- کەناڵی سوێس هێشتا داخراوە، ئەمە وێڕای کۆتا هاتنی شەڕی "یوم الغفران" (سەرۆکی فەرەنسا بەم شێوەیە وەسفی شەڕی ئۆکتۆبەری کرد).

٢- نەوتی کەنداو بۆ ئەوەی بگاتە ئەوروپا و ئەمەریکا ناچارە لەڕێی "سەر

لووتکەی هیوا"وە بەدەوری ئەفریقیادا بسووڕێتەوە. ئەمەریکا دەتوانێ بەشێوەیەکی کاتی دەستبەرداری نەوتی عەرەبی ببێ، بەڵام ئەوە بۆ ئەورووپا مەحاڵە.

سووڕانەوەی نەوتگوێزەکان (ناقلات البترول) بەدەوری ئەفریقیادا لەڕێی ئەو ڕاڕەوە دەریاییانەی چوار دەوری کیشوەرەکەیان داوە، لەبەردەم چالاکیی سۆڤیەتیدا، کە کۆششێکی زۆر بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەو ناوچەیە دەکا، ئاشکرایە، بەتایبەتی لە ئەفریقیا و بەدیاری کراوی لە ئەسیوبیا (ڕژێمی مەنگستۆ هیلا مەریەم حوکمی دەکرد) کە ناسنامە کۆمۆنیستییەکەی نەدەشاردەوە.

٣- ئەورووپایش ناتوانێ ئاشکرابوونی ئەو ڕێڕەوە دەریاییانەی نەوتگوێزە ڕۆئاواییەکانیان پێدا تێدەپەڕێ قبووڵ بکا.

لەبارێکیشدا کردنەوەی کەناڵی سوێس لەبەردەم نەوتگوێزەکاندا هێشتا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ ڕەهنە بە ڕێکەوتنەکانی ئاشتیی نێوان میسر و ئیسرائیل و ناڕاستەوخۆیش بە ئاشتیی عەرەب-ئیسرائیلەوە، کەواتە دەبێ بە هەموو شێوەیەک سنوور بۆ هەژموونی سۆڤیەت لەناو کیشوەرەکەدا دابنرێ.

٤- فەرەنسا لە سەردەمی دیگۆلەوە بایەخ بە بوونێکی سیاسیی کاریگەری فەرەنسا لەو کیشوەرەدا دەدا، کە پارێزگاری لە زۆر بەرژەوەندی دەکا، هەروەها پێوەندیگەلی شارستانیش دەپارێزێ کە بایەخی خۆی هەیە، هەر بۆ ئەوەیش دیگۆل ڕێکخراوی "فرانکۆفۆنی"ی دامەزراند، بەڵام ئەم ڕێکخراوە بەپێچەوانەی ڕێکخراوی "کۆمۆنوێڵس" لە جموجوڵی سیاسیدا لاوازە، لەبەرئەوەی هەرێمە ئینگلیزییەکانی فەرەنسا (مەبەستی ئەو دەوڵەتە ئەفریقییانە بوو کە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوون و زمانی ئینگلیزییان بەکار دەهێنا) چوونە پاڵ کۆمۆنوێڵسی بەریتانیایی (کە ڕێکخراوێکی

ئابوورییە) لەکاتێکدا فرەنسا لەرێی رێکخراوی فرانکۆفۆنییەوە کولتووری وەک پێوەند بەکارهێنا لەو روانگەوە کە زمانی فرەنسایی بناغەیەکی هاوبەشە، بەڵام فرانکۆفۆنی لە ئەدەب و کولتووردا نوقم بوو و ستراتیجییەت و سیاسەتی لەبیر کرد، رەنگە ئەوەیش لەژێر کاریگەریی سەنگور (سەرکردەی سەنیگال)دا بووبێ، جا گوتی لەبیرت نەچێ سەنگور شاعیر بوو، ئەگەر وایش بێ رێکخراوی یۆنیسکۆمان بەس بوو (رێکخراوی رۆشنبیری و زانست) و پێویست بە فرانکۆفۆنیەت نەبوو.

جیسکار دیستان لێی پرسیم ئاخۆ هیچ لارییەکم هەیە لە بینینی "ئەلیکسەندەر دی میرانش) کە بەڕێوەبەری هەواڵگریی دەرەکیی فرەنسایە، لەبەرئەوەی ئەو لە هەر کەس زیاتر لە رادەی مەترسیی سۆڤیەت و رێگەکانی رووبەڕووبوونەوەی لە ئەفەریقیا تێ دەگا (ئەوە یەکەم جار بوو ناوی ئەو پیاوە ببیستم و شتێکی لەبارەوە بزانم).

گوتم من دەتوانم هەر کەسێک ببینم کە شتێکی نوێی لێوە بزانم.

***

بەهەرحاڵ دیدارەکەی ئەو رۆژەمان کۆتای پێ هات، سەرۆک دیستان گوتی داوا لە ئەلیکسەندەر دی میرانش دەکا لەو هۆتێلەی لێی نیشتەجێم پێوەندیم پێوە بکا.

دی میرانشیشم بۆ یەکەم جار بینی، بە رێکەوتیش زانیم خزم (ئامۆزا)ی ژنەهاوڕێیەکی دێرینم بوو (تیریز دی سان فال) کە ئەوکات بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە بوو لە "فلاماریۆن"، کە گەورەترین خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە بوو لە فرەنسا و مافی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی منی بە زمانی فرەنسایی هەبوو.

کاتێ دی میرانش هات بۆ بینینم لە هۆتێلی "کریۆن"، بانگهێشتی کردم بۆ ساڵۆنێک کە لە هەمان هۆتێل گرتبووی تا دوور لە کەسانی تر (لە

سالۆنی ئیپراتۆریەت کە تێیدا چاوەڕوانم دەکرد) دابنیشین و قسە بکەین. دیار بوو یەکێک لە یاریدەدەرەکانی شاشەیەکی لە هۆڵەکەدا ئامادە کردبوو کە نەخشەی ئەفریقیا و هێڵەکانی کەشتیەوانیی دەریایی لە چواردەوریدا کێشرابوون، لەگەڵ تۆماری ژمارەی ئەو بارە نەوتانەی رۆژانە بە ڕێڕەوەکانیدا گوزەر دەکەن.

لەبەردەم شاشە گەورەکەدا دانیشتین، میرانش دەستی بە شەرح کرد و لەگەڵیدا نەخشەی سەر شاشەکان دەگۆڕان، لەگەڵ هەندێ لە نەخشەکاندا ژمارەیەک بەڵگەنامە و خشتە و ژمارە دەردەکەوتن کە لەگەڵ جێبەندی پێشاندانەکەدا دەگونجان!

دی میرانش ناوبەناو سەرنجی دەخستە روو کە تێیدا سوور بوو لەسەر ئەوەی فەرەنسا هێشتا زلهێزێکە ئەگەرچی قایلیش بووە بە سەربەخۆیی وڵاتە بندەست (کۆڵۆنی)ەکانی!

هەروەها ئەفریقیا هێشتا بەلایەوە بەبایەخە (ناشتوانێ لێی بکشێتەوە وەک کە پاش سەربەخۆیی ڤێتنام لە ئاسیا کردی).

هەروەها فەرەنسا دەوڵەتێکی (دەریای) ناوەڕاستە و قبووڵ ناکا هیچ مەترسییەک هەڕەشە لەو ناوچەیە بکا. ناوەڕاستیش سەقفی ئەفریقیایە!

***

پێشاندانەکە تەواو بوو و دی میرانش درێژەی دا بە باسکردنی ئەوەی فەرەنسا گەورەترین بەکاربەری وزەیە لە کیشوەری ئەوروپا، هەژموونی راستەوخۆیشی بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا لە کەنداو نییە، هەر بۆیە ژیانی خۆی و ژیانی کۆمەڵگەی ئەوروپایی بە نەوتەکەی ئەوەوە بەندە و خۆیشی بە هاوبەشێکی سەرەکی دادەنێ لە دەستەبەرکردنیدا، هەر بۆیە هاوکاری لەگەڵ ژمارەیەک لە دەوڵەتانی ناوچەکەدا دەکا و پێکەوە "هاوکاری لە کارکردن" Cooperation D action یان دامەراند.

هەروەها گوتی خۆشبەختانە هەندێ لە هێزە پێوەندارەکانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ فرەنسا چوونەتە ناو ئەو "هاوکاری لە کارکردن"ـە، هەروەها فرەنسا بوو ئەمەریکا و ئیسرائیلی قایل کرد نەیەنە ناو گرووپەکە تا عەرەبەکان گومان لە نیازپاکیی "هاوکاری لە کارکردن" نەکەن، لە بریی ئەوە لەسەر ئەوە رێک کەوتن هەردووک ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل دوور بەدوور ئاگایان لە کارەکانی گرووپەکە بێ، ئەمەیش شتێکی پێویستە تا لە تاریکاییدا بەریەککەوتن لەناو پلانەکاندا روو نەدا.

دی میرانش گوتی ناونیشانی "سەفاری" (گەشت بە دارستانەکاندا)یان بۆ گرووپەکە هەڵبژارد، لەبەرئەوەی چالاکیی سەرەکیی گرووپەکە لە ئەفریقیایە، ناوێکی رۆمانسشیان بە "کۆد" بۆ هەڵبژارد، کە کەس ناتوانێ واتاکەی دیاری بکا مەگەر لایەنێک بێ لە گرووپەکەدا.

هەروەها گوتی خۆشبەختانە پیاوانێکی وەک شا حەسەن (لە مەغریب) و شا فەیسەڵ (لە سعوودیە) و محەمەد رەزا شای پەهلەوی (لە ئێران) و سەرۆک سادات (لە میسر) دووربینی و جەسارەتی ئەوەیان هەیە لەو ئەرکەدا، کە پێوەندی بەوانیشەوە هەیە و کار لە زیندە بەرژەوەندییەکانیان دەکا، هاوکاریی فرەنسا بکەن.

دی میرانش درێژەی دایە و باسی لەو مەترسییانە کرد کە هەڕەشە لە ولآت بە ولآتی شاخی ئەفریقیایی دەکەن، بایەخێکی ئاشکرای بە ئەفریقیا دەدا و بەتایبەت بە کۆنگۆ و ئەنگۆلا.

دی میرانش گوتی "ئەمە لە راستیدا (هاوکاری لە کارکردن)ێکی ستراتیجییە، کە بەرژەوەندیگەلێکی هاوبەش بەدی دێنێ، هەر بۆیە جێبەجێکردنی لەرێی پەیماننامەیەکی تایبەت و داخراوی نێوان هەر پێنج دەوڵەتەکە کراوە".

بەبێ ئەوەی قسە لەسەر قسەکانی بکەم تا لە روونکردنەوەکان راینەگرم،

لێم پرسی "ئاخۆ ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەی ڕێکەوتنەکە (ڕاستتر بڵێین: پەیماننامەکە)یان ئیمزا کردووە ئاگایان لەوە هەیە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیل کراوە؟ بەبێ دوودڵی وەڵامی دایەوە "ئەوان بەدڵنیاییەوە دەزانن، بەڵام بۆ ئەوەی تووشی ڕووزەردی (حرج) نەبن، لەوەدا هەموویانمان

بەخشیوە و ئەرکی هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ ئەمەریکامان بە ئێران سپاردووە، ئەمەریکایش لە چوارچێوەی پێوەندییە تایبەتەکانی خۆیدا لەگەڵ ئیسرائیل، ئەمەی دوایی لەو شتانە ئاگەداری دەکاتەوە کە گرینگە بیانزانێ"!

***

دی میرانش بایەخێکی تایبەتی بە سعوودیە دەدا، ئەویش لەو باوەڕەیەوە کە بە درێژی باسی کرد کە دەبێ ئیسلام ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پاراستنی نەوتدا ببینێ و گوتی "خۆشبەختانە گەورەترین بەرهەمهێنی نەوت لەهەمان کاتدا خانەی شوێنە پیرۆزەکانی موسڵمانانە و فرەنسا قەت باوەڕی بە بەریەککەوتنی ئیسلام و ئەوروپا نییە، بەپێچەوانەوە لە لایەنگرانی گفتوگۆی ئاینەکانە لەنێوان ئیسلام و ئەوروپادا و بە کردەوەیش لەگەڵ زانایانی سعوودی هەوڵێکی هاوبەشیان دەست پێ کردووە، ئەو هەوڵەیش لەلایەن میسرەوە هان دەدرێ (ئەوە ڕاست بوو، ئەگەرچی زانایانی سعوودیە هەستیان بە ڕووزەردی کرد لەو گفتوگۆیە و شێخێکی پێشووی ئەزهەر بۆ درێژەپێدانی لە میسر دڵگەرم بوو و لەو زانکۆ ئیسلامییە دێرینە (ئەزهەر) سەنتەرێکی تایبەتی بۆ کردەوە).

دی میرانش لە کۆتای پێشاندانەکەیدا پێی وابوو "دەبێ بیرمەندانی عەرەب لە لێکتێگەیشتنی شارستانی لەنێوان ڕۆحی ئیسلام و ڕۆحی ئەوروپادا یارمەتیدەر بن".

هەروەها ئاماژەی بەوە دا لە رابردوودا و لەوکاتەوە "ناپلیۆن پۆناپارت" چووە میسر، میسر هەندێ کۆششی لەو رووەوە کردووە، راستە ئەو هەوڵانەی میسر لە روانگەی خواستنی رۆشنگەریەوە بووە، بەڵام میراتی کولتووری دەبێ ببێتە مایەی پاراستنی زیندە بەرژەوەندییەکانی خاوەنەکەی"!

با بایەخەوە خووم دابوویە قسەکانی و بیرم لەو توانای دەوڵەتە زلهێزەکان دەکردەوە بۆ خستنەڕووی بەرژەوەندییەکانیان لە بارودۆخە گۆڕاوەکاندا و چۆن چۆنی شەڕێکی پەنامەکی، بە رووپۆشی کولتوور و شارستانیەت و تەنانەت ئاینەکانیش دادەپۆشن!.

دواتریش جارێکی تر دی میرانشم لە ئۆفیسەکەی بینییەوە، ئەم جارەیان جگە لە ئەفریقیا، بایەخێکی تازەی بە ئەمەریکای ناوەڕاست و کوبایش دەدا.

***

چەند ساڵێک تێپەڕین و دیستان لە کۆشکی ئەیلیزێ دەرچوو و میتێران چووە ژوورەوە و ئەو دیدارەمان بوو کە کەمێک پێشتر ئاماژەم پێ دا و تێیدا بە لێڵی باسی لەو کەسانەی "موبارەک دەناسن" و بەرژەوەندیی دەوڵەت کرد و پتر لە جارێک ناوی "دی میرانش"ی هێنا. بەخەیاڵمدا هات جارێکی تر بیبینمەوە، بەڵام بارودۆخ وا هاتە پێش میرانش خۆی هەوڵ بدا من ببینێ، ئەم جارەیان لە رێی "ئامۆزا"کەیەوە، خاتوو "تیریز دی سان فال" (بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە لە دامەزراوەی فلاماریۆن)، کە پێوەندی پێوە کردم و پێی گوتم ئامۆزاکەی دەیەوێ بمبینێ، چونکە دەیەوێ هەندێ لەو شتانەم بۆ راست بکاتەوە کە لە کتێبەکەم لەبارەی شۆڕشی ئێرانییەوە "گەڕانەوەی ئایەتوڵا"دا باسم کردبوون.

دەست بە بڵاوکردنەوەی هەندێ لە بەشەکانی کتێبەکە کرابوو لە

رۆژنامـــەی "فـــیگارۆ" وەک ســـەرەتایەک بـۆ بـڵاوکـــردنـەوەی لـە خـــانـەی "فلاماریۆن"، لەو کتێبەدا بەشێکی تەواوم تەرخان کردبوو، تێیدا بۆ یەکەمین جـار باسم لـە نهـێنیی گـرووپی "سـەفـاری" کـردبوو، دەقی پەیمـاننامـەی دامـەزراندنـی گرووپەکەم دیبـوو، ئەویش لە کۆشکی نیاڤاران کـە بارەگای رەسـمیی کـار و ژیانـی شـای ئێران بوو، ئایەتوڵا خـومـەینی فـەرمـانی دابوو ئاســـانکاریم بـۆ بکرێ بۆ بینینی هـەر بەڵگەنامـەیەکی ئـەو ســەردەمـــەی شۆڕشی ئێرانی بۆ رووخاندنی هەڵگیرسا!

بەڵگەنامـەی پێکهێنانی پەیماننامـەکە و ئیمـزاکردنی لە کۆبوونەوەیەکی تایبـەتدا بوو کە لە جدە گرێ درا، گرینگترین دەقـەکانی لە کتێبەکەدا بڵاو کــرایەوە، لەگـــەڵ دەقـــەکـــاندا نـاوی ئەوانـەیش نـووســـراوە کـــە لە بـریی ســەرۆکـەکـانیـان ئیـمـزایان کـردبوو، بڵاوکـردنـەوەی ناوەکـان لەو کـاتەدا هەرایەکی گـەورەی نایەوە، ئـەوانەی لە بریدا ئیـمـزایان کـردبوو پێنج کـەس بوون:

کۆنت "دی میرانش" خۆی (بەڕێوەبەری هەواڵگریی دەرەکیی فرەنسـایی) لە بریی سەرۆک دیستان.

کەمال ئەدهەم (بەڕێوەبەری هەواڵگریی گشتیی سعوودیە) لە بریی شا فەیسەڵ.

جـەنەراڵ ئەحمـەد دلێمـی (بەڕێوەبەری هەواڵگریی مـەغریبی) لە بریی شـا حەسەن.

جـەنەراڵ نیـعمـەتوڵا ناسری (بەڕێوەبەری ساواکـهـەواڵگریی ئێرانی) لە بریی شا محەمەد رەزای پەهلەوی.

دکـــتـــۆر ئەشـــرەف مـــەروان (بەڕێوەبەری نووســـینگەی ســـەرۆک بۆ زانیارییەکان لە میسر) لە بریی سەرۆک سادات.

***

ئەو بابەتەی "ئەلیکسەندەر دی میرانش"ی تەنگاو کردبوو هاتبوو داوای راستکردنەوەی دەکرد، ئەوە بوو کە لەبارەی رووداوێک لە یەکێک لە جێگرەکانی قەومابوو باسم کردبوو، کە چۆن پاش کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە مەغریب و لەکاتی تێپەڕینی بە باڵەفڕگەی "دارولبەیزا"دا جانتای کاغەزەکانی لێ دزرابوو، ئەنجا ئەو جەنەراڵە سەرکۆنە کرابوو کە بەکرێگیراوەکانی سۆڤیەت (دیارە هی تریش) توانیویانە جانتای بەڵگەنامەکانی بدزن کە نهێنیی گرینگی تیایە. من لە کتێبەکەدا ئەوەیشم نووسیبوو کە ئەو جەنەراڵە فەرەنسایییە بەرپرسە دواتر کوژراوە و گوتراوە لە سزای ئەو کارەدا بووە!

ئەوەی دی میرانشی تەنگاو کردبوو ئەوە بوو قسەکەی من ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە "دی میرانش" سەرۆکی راستەوخۆی ئەو جەنەراڵە فەرمانی لەناوبردنی دەرکردووە و دەیویست من روونکردنەوەیەکی بۆ زیاد بکەم (لانی کەم بۆ چاپە فەرەنسییەکەی، کە لە ئامۆزاکەیەوە بیستبووی لە دەرچووندایە)، ئەگینا، بەداخەوە، ناچارە سکاڵا لەسەر خانەی "فلاماریۆن" وەک بڵاوکەرەوەی کتێبەکە و من وەک نووسەری کتێبەکە تۆمار دەکا!

"دی میرانش" لەو کاتەدا و پێش لەوەی میتێران بچێتە کۆشکی ئەلیزێ، وازی لە پۆستەکەی هێنابوو!

ئێستە ئازاد بوو و تا رادەیەک گرێی زمانی کرابوویەوە و قسەکان خۆشتر و زیندووتر لە زاری هەڵدەقوڵان.

***

یەکترمان بینی و لە سەرەتادا ژنە ئامۆزاکەیشی "تیریز دی سان فال"مان لەگەڵ بوو، ئەم جارەیان لە گۆشەیەکی ئەستێرکێکی مەلەکردن لە باخچەی هۆتێلی "ریتز" لە گۆڕەپانی بەناوبانگی "فاندۆم" دانیشتبووین، لە نێزیک ستوونێکی پۆلا کە ناپلیۆن پۆناپارت لەو تۆپانەی لە شەڕی "ئەسترلینز" بە

تالآنی گرتبوونی، دروستی کردبوو!

ئەگەرچی مەوعیدمان سەعات ١٠ی بەیانی بوو، سەرم سوڕما کاتێ لە دی میرانشم پرسی ئاخۆ کووپێک قاوەی دەوێ، ئەو وەڵامی دایەوە بەوەی پرسی ئاخۆ بێتاقەت نابم ئەگەر داوای پێکێک "ویسکی" بکا.

ڕەنگە لەژێر کاریگەریی لێڵیی ئاماژەکەی چەند ڕۆژ پێشتری سەرۆک میتێراندا بێ کە گوتی "لای ئێمە هەندێ کەس سەرۆکی نوێی میسر دەناسن" و دوو جاریش ناوی "دی میرانش"ی بەسەر زاردا هات کە ڕاستەوخۆ لێم پرسی: "پێدەچێ تۆ سەرۆکی نوێمان بناسی، لە ئاماژەیەکی سەرۆک میتێران کە سەرەتای ئەم هەفتەیە یەکترمان دی، هەستم بەوە کرد".

دی میرانش سەیری کردم و چاوەکانی دەبریسکانەوە و گوتی "بەڵێ.. بەڵێ دەیناسم، لە چوارچێوەی گرووپی "سەفاری"دا بینیم کە بیرم دێ پێش چەند ساڵێک لەبارەیەوە قسەم بۆ کردی.

سەرەتا "ئەشرەف مەروان" نوێنەرایەتیی سەرۆک ساداتی دەکرد لە گرووپەکەدا، پاش دوو ساڵ ئەشرەف مەروان بزر بوو و "موبارەک" جێی گرتەوە!

***

ئەنجا دی میرانش سنگی دایە بەر قسەکردن، ڕەنگە ئەوە دڵنیای کردبێتەوە کە من ئێستە پێوەندیم بە دوو سەرۆکی فەرەنسایییەوە هەیە: "چیسکار دیستیان" و ئێستەیش و "فرانسوا میتێران".

دی میرانش باسی لە سەرهەڵدانی گرووپەکە کرد کە لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا دەستی پێ کرد. پاش کەوتنی سەرۆک "ریچارد نیکسۆن" بەهۆی ڕسواییەکەی "وۆتەر گەیت"ی ساڵی ١٩٧٤ و هەر بەو هۆیەوە ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمەریکایی A.I.C کە گەورەترین زەبەلاحی دنیای

هەواڵگرییــە پەکی کـەوت، لـەبەرئەوەی لەلایـەن کـۆنگرێســەوە لێکۆڵینـەوەی فـراوانی لەگـەڵدا کـرا پاش ئەوەی دەرکـەوت، بەپێـچـەوانـەی یاسـاکـەی، لە کارکردن لەناو خودی ئەمەریکاوە تێوەگلاوە.

هەروەهـا گـوتـی سـەرۆکی نـوێی ئەمـەریکا پاش دەرچوونـی نیکسـۆن لە کۆشکی سـپی، کـە سـەرۆک جیـراڵد فـۆردە، ئەویش بڕیاری داوە لێژنەیەکی تایبەت بەسەرۆکایەتیی نیلسـۆن روکفلەری جێگر پێک بێنێ بۆ لێکۆڵینەوە لە زێدەڕۆییـەکانی ئاژانسـی هەواڵگریی ناوەندی کە بەو هـۆیانەوە لەکارکەوتنی دەزگـاکـە درێژەی کـێـشـا، بەتایبـەت پاش ئـەوەی کـۆنگرێس سـەرمـایە داراییەکەی بلۆک کرد.

دی مـیـرانـش گـوتـی "لەو کـاتەدا هەسـتـمـان کـرد دەبێ لەسـەر بەرپرسـیاریـەتیی خـۆمـان بجـووڵێین، داوامـان لـە دۆسـتـانمان و دۆسـتـانی ویلایەتـە یەکگرتووەکـانیـش کـرد هـاوکـاریمـان بکەن، شـانشـینی سـعـوودی ئامـادە بوو بە پارە بەشـداری بکا، ئێـوە لە مـیسـر بە سـەربازگـەی مـەشق ئامـادە بوون، مەغریب بە رەگەزی مرۆیی ئامادە بوو، شـای ئێران بە هەمـوو شێوەیەک ئامادە بوو At large.

ئەشرەف مەروان نوێنـەری میسر بـوو، دواتر وەک عەرزم کردی بزر بوو و موبارەکی جێگری سەرۆک سەری هەڵدا.

دی مـیرانـش ئیسـتـێکی کـرد بۆ ئەوەی داوای پێکێکی تر ویسکی بکا و ئەنجــا درێژەی پـێ دایەوە: "لەبـارەی مـوبـارەکـەوە لێم دەپرسی، دەینـاسم، دیارە دەینـاسم هاوڕێکەم، لە دانیـشـتنەکـانی سـەفـاری لـەگـەڵمـان بوو، کـە چەند جارێک لە جیددە، چەند جارێک لە تاران و چەند جارێکیش لە مەغریب کۆ بـووینەوە، بەڵام کـۆبوونەوەی زۆرمـان لە فـرەنسـا نـەکرد تا واشنـتـۆن وا هەست نەکا ئێمە دەمانەوێ بالأ بەسەر گرووپەکەدا بکێشین.

A .I.C زۆر هەستیار بوون لەگەڵ ئەوەی لە هەموو شتێکیش ئاگەدارمان

دەکردنەوە، ئەوانیش ئیسرائیلیان ئاگەدار دەکردەوە. ئیسرائیل داوای کرد بەشداریی چالاکییەکەمان بکا، لەبەرئەوەی زانیاریی هەواڵکریی بەنرخی لە ئەفریقیا هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی سعوودیە هەست بە رووزەردی نەکا داوای لێبووردنمان کرد، بەڵام هیچ هەستکردن بە رووزەردییەک لای میسری و مەغریبییەکان نەبوو، ئەوان پێوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە"!

دی میرانش گەڕایەوە سەر باسی "موبارەک" و گوتی "بەڵێ بەڵێ دەیناسم، چەند ساڵێک لەگەڵمان بوو".

رەنگە هەڵەیەکم کردبێ کاتێ لەبارەی بواری کارکردنی "موبارەک" پرسیارم کرد، پێدەچێ پرسیارەکە دەماری هەواڵگیریی لا وروژاندبێ، هەر بۆیە ئیستێکی کرد و گوتی ناتوانێ بچێتە ناو وردەکاریی "هەندێ پرۆسەی تایبەتەوە"!

لەوکاتەی دیدارەکەمان لە کۆتایی نێزیک دەبوویەوە، دی میرانش وردەیەکی تری لەبارەی موبارەکەوە درکاند و گوتی "ئەو لەوکاتەی لە کەشوهەوای ئیمزاکردنی دەستەوارەی کڕینی باڵەفڕەکانی "میراج" کە لیبیا لەگەڵ فرەنسا لە ساڵی ١٩٧١ کە گرێبەستێکی گەورە بوو بۆ کڕینی ١٠٨ باڵەفڕ، بۆ یەکەم جار بیچمی موبارەکی بینیوە چاودێری کردووە".

دی میرانش گوتی "ئێمە دەمانزانی لیبیا ئەو دەستەوارە بۆ میسر ئیمزا دەکا بۆ یارمەتیدانی لە شەڕی ١٩٧٣، هەر بۆیە بەوردی چاودێریمان دەکرد، لە راستیدا لە شاندی دانوستانکار وردبووینەوە کە لەگەڵ کۆمپانیای "تۆمسۆن" دانوستاندنی دەست پێ کرد، هەر هەموویان لە هێزی باڵەفڕوانی میسری بوون، پاسپۆرتی لیبیاییان دابوونێ تا بڕوا بە ئێمە بێنن کە لیبیایین، بەڵام ئێمە راستییەکەیمان زانی".

هەروەها گوتی "ئێستە ئەوە چی تر نهێنی نییە".

دی میرانش گوتی "لەم کاتەدا بۆ یەکەم جار موبارەک کەوتە بەر نیگام، ناکۆکییەک لەنێوان هەندێ لەوانەی بەشداریی دانوستاندنەکانی ئیمزاکردنی دەستەوارەکەیان کرد دروست بوو و گرووپی چەکی باڵەفڕوانی میسرییان بەجێ هێشت و لەناو خۆیاندا دەستەیەکیان دروست کرد، دوای ئەوە لەبەر چەندان هۆ جیاوازی و ناکۆکییەکەیان قووڵتر بوویەوە، جا "موبارەک" کەوتبووە نێوانیان تا پێکیان بێنێتەوە و هانیان بدا پەرۆشی پێوەندییەکانیان بن، کە لە بنەڕەتدا لە ئەفسەرانی خۆی بوون. دەبوو چاودێریی هەموو شت بکەین، لەبەرئەوەی بارودخێکی نائاسایی دەوری تەواوی دەستەوارەکەی دابوو!

هەستم کرد دی میرانش حەزەرە کۆنەکەی پیاوی هەواڵگری سەری لێ دایەوە، منیش نەمویست هیچی لەسەر بڵێم!

***

زیاتری نەگوت و منیش هەستم کرد لەوە زیاتر ناڵێ کە گوتی، لەگەڵ ئەوەیشدا دی میرانش چەند جارێک ناوی موبارەکی هێنایەوە و بە ئاوازی سەرسامییەوە کە نەیدەتوانی بیشارێتەوە گوتی "ببینە قەدەر! من وا خانەنشینم و هاوڕێکەی پێشووم لە سەفاری لە لووتکەی سەرۆکایەتیی دەوڵەتی میسریدایە"!

بە سەرسوڕمانەوە گوتی "ئازیزم ئەوە قەدەرە.. قەدەر"!

***

جێی سەرسوڕمانە ئەمەیش شتێکی نوێیە دواتر وردەکارییەکان لەو رووەوە بەپێی خۆیان هاتنە لام. ئەوە بوو لە سێپتەمبەری ٢٠٠٨ لە پاریس بووم، بە رێکەوت لە هۆڵی هۆتێلی "بریستۆڵ" چاوم بە عەبدولسەلام جەلوود کەوت کە پاش شۆڕشی سێپتەمبەری ١٩٦٩ سەرۆک وەزیرانی لیبیا بوو (جەلوود لە سەردەمی خۆیدا پیاوی دووەم بوو لە سەرکردایەتیی شۆڕش

دوای موعەمەر قەزافی). لەو هۆڵەدا چاوەڕوانی کەسێک بووم کە پاش نیو سەعات دەهات، بانگهێشتی جەلوودم کرد بۆ دانیشتن لە باخچەی ناوەوەی هۆتێلەکەدا، جەلوود دەستی بە گێڕانەوە کرد و باسی لە دەستەوارەکەی "میراج" لەگەڵ فرەنسا کرد و جەختی کرد کە بەهای دەستەوارەکە ٤ ملیار دۆلار بوو، ئەنجا چووە ناو وردەکارییەکان، خۆشبەختانە ئەو بەشەی قسەکانی بەئامادەبوونی شایەتحاڵێک کرد کە ئەو میوانە بوو چاوەڕوانم دەکرد ئەویش دکتۆر غەسان سەلامە (بیرمەندی هەڵکەوتوو و وەزیری رۆشنبیریی پێشتری لبنان، کە ئێستە مامۆستایە لە زانکۆی پاریس) بوو، بانگهێشتم کرد بۆ دانیشتن لەگەڵ عەبدولسەلام جەلوود، پاش ئەوەی میوانەکەم پێ ناساند جەلوود لێی پرسیم "ئایا متمانەت پێی هەیە؟"! منیش متمانەی خۆمم بە غەسان سەلامە بۆ دووپات کردەوە.

جەلوود دەستی بەقسە کرد و درێژەی دایە، بەڵام ناتوانم زۆر لەوانەی بیستم بگوێزمەوە، چونکە سەرچاوەیەکی دووەمم نییە ئەو شتانەی گێڕانیەوە دووپات بکاتەوە. لە بنەماکانی پیشەکەیش وەک من دەیزانم ئەوەیە ئەگەر خۆم لەناو رووداوێکدا نەبم، ئەوا پێویستە پێش لە بڵاوکردنەوەی لە سەرچاوەیەکی دووەمیشەوە ساغی بکرێتەوە. بەڵام سەرچاوەیەکی دووەمم بۆ ئەو شتانە نەبیست کە لە هۆڵی هۆتێلی بریستۆڵدا بیستنم. بەهەرحاڵ عەبدولسەلام جەلوود ئەگەر ویستی دەتوانێ وردەکاریی گێڕانەوەکانی باس بکا!

## ببووره

لەو دیدارە یەکەم و درێژەمدا لەگەڵ سەرۆک "موبارەک" ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام، بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژە بوو کە بە ئاستەم لە گفتوگۆی سیاسەتوانەکاندا بەکار دێن و زۆربەیان دور لە عورفن و هەندێکیان نایاساییشن!

لەو یەکەم دیدارەدا ئەو سەرسوڕمانێکی لە ڕوومەتی مندا خوێندووەتەوە کە ڕەنگە بەهۆی ئەو دەستەواژانەوە لام ڕەنگی دابێتەوە کە ناوبەناو بەکاری دەهێنان و دەستی کرد بە شیکردنەوەی هەندێ شت کە شیکردنەوەیان پێویست نەبوو و گوتی "ببووره محەمەد بەگ، ئەو دەربڕینانەی هەستم کرد نیگەرانیان کردوویت، ئەو زمانەیە ئێمە لە سەربازگە و بنکە دوورەدەستەکاندا بەکارمان دەهێنا".

دڵنیام کردەوە من لەڕووی ئەزموونی کارکردنم وەک پەیامنێرێکی جەنگ چ لەو شەڕانەی میسر کردنی و چ لە شەڕگەلێکی تر کە ڕوو ماڵم کردوون، گوێم لە چەندان فەرماندەی گەورە هەبووە هاوشێوەی ئەو "زمانی سەربازگە و بنکە سەربازییەکان"یان بەکار هێناوە، هەروەها دڵنیام کردەوە کە گوێم لە بەناوبانگترین سەرۆکی ئەمەریکا جەنەراڵ "دوایت ئایزنهاور" بووە چەندان جار ئەو دەستەواژانەی بەکار هێناوە!

بە سەرنجەوە گوتی "ئایزنهاوەریش؟!"

ئەنجا گوتی لەو کاتەیش لە کۆلێجی "فرونز" لە ڕووسیا خوێندوویەتی گوێی لەو زمانە بووە، هەروەها لەو سەربازە ئەمەریکاییانەی بیستووە کە لە ئەزموونی خۆیدا بینیونی، تەنانەت وەک جێگری سەرۆکیش، بەڵام

بەخەیاڵیدا نەهاتبوو ئایزنهاوەریش بەکاری هێنابێ!

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی "خەڵک ئەم ناوە بەناوبانگانە لە جیهاندا دەبیستن و پێیان سەرسام دەبن، بەڵام کاتێ وەک پێویست لێیان نێزیک دەبنەوە دەبینن ئەوانیش هەر وەک ئێمەن و رەنگە خراپتریش"!"

موبارەک هەروەها گوتی "خاتوو سۆزی (هاوسەرەکەی) لەکاتی هاوسەرگیرییەکەماندا هەوڵی دا سەرلەنوێ پەروەردەم بکاتەوە، سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا، بەڵام "تا رادەیەک"، هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە دەرک بەو کێشەیە دەکا و پەرۆشە بۆ ئەوەی لەکاتی وتارێکی گشتیدا هیچ وشەیەکی لەو جۆرەی لە زار دەرنەچێ".

***

دواتریش هەستم نەکرد موبارەک، وێڕای هەوڵەکانی ئەو و هەوڵەکانی خەڵکی تریش، سەرکەوتنێکی گەورەی لەو رووەوە بەدەست هێنابێ. ئەوە بوو جارێکیان مامۆستا "فوئاد سیراجەدین" داوای لێ کردم پێکەوە گوێ لە کاسێتێک بگرین کە بەدەستی گەیشتبوو و وتارێکی لیوا ""زەکی بەدر"" وەزیری ناوەخۆی ئەوکاتی تێدا تۆمار کرابوو، کە لە کۆنگرەیەکی میللیی لە "قلیوب" دابووی. گوێم لە کاسێتەکە گرت کە تییدا وەزیری ناوەخۆ چەند پەرەگرافێکی دوور و درێژی وتارەکەی تەرخان کردبوو بۆ هێرشکردنە سەر سەرۆکی حزبی وەفد ""فوئاد سیراجەدین""، ئەنجا دەست بە جوێن و قسەی سووک دەکا، تا دەگاتە بن و بنچینەی خێزانەکەی.

""فوئاد سیراجەدین"" زۆر تووڕە بوو لەوکاتەی وردەکاریی رووداوەکەی دەگێڕایەوە!

"فوئاد سیراجەدین" لەبەردەممدا بوو پێوەندیم بە "ئوسامە ئەلباز" لە نووسینگەکەی لە بارەگانی کۆنی وەزارەتی دەرەوە کرد و لێم پرسی ئاخۆ دەتوانێ سەرێکمان لێ بدا کە بە ئۆتۆمۆبێل تەنیا پێنج خولەک لە

نووسـینگەکەمـەوە دوور بوو، ئوسـامـە هات و بە گـوێی خـۆی چیرۆکـەکەی سیـراجەدینی بیست و بەڵێنی دا کاسـێتـەکە بگەیەنێتـە سـەرۆک و دڵنیـایی پێـشـان دا کـە سـەرۆک "بە سـووکـایەتیکردن بـە هیچ کـەسـێک رازی نابێ، نەخاسمە بە پیاوێک لە پایەی فوئاد پاشادا".

دوو رۆژ دواتر سـەرۆک "موبارەک" خـۆی بە تەلەفۆن پێـوەندی پێوە کـردم و پێی گوتم کە زانیـویەتی چی رووی داوە و لێکۆڵینەوەی تێدا کردووە و داوای لە "زەکی بـەدر" کردووە پۆزش بـۆ "فـوئاد سـیـراجـەدین" بێنێـتـەوە، وەزیری ناوەخۆیش فـەرمانەکەی جێبـەجێ کردووە و ئیـتر وا دادەنێ بابەتەکە کۆتای هـاتووە.

موبارەک گوتی ""زەکی بەدر"" هەوڵی دا سەرپەتی تێ بدا و بڵێ کاسێتەکە سـاختـەیە، بەڵام دەرفـەتی نەداوەتێ و باسی کـرد کـە دوای ئەوە چی رووی داوە.

بەپێی گـێـڕانەوەکـەی، "زەکی بـەدر" پێـوەندی پێـوە کـردووە و پێی ڕاگەیاندووە کەبە فەرمانی سەرۆک عوزرخوایی بۆ سیراجەدین هێناوەتەوە، ئەگەرچی هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی کاسێتەکە ساختەیە.

مـوبـارەک لێی پرسـیـبـوو ئاخـۆ "فـوئاد سـیـراجـەدین" پۆزشـەکەی قـبـووڵ کـردوە؟ سـەرۆک مـوبارەک پێـدەکەنـی لەو کـاتـەی قسـەکـانی ""زەکی بەدر"" وەزیری ناوخـۆی دەگێـڕایەوە کـە گوتبـووی جـەنابی سـەرۆک خـۆت "فـوئاد سـیـراجـەدین" دەناسی، لەو جۆرە کەسـانەیە قـەناعـەتیـان پێ ناکرێ، ئەوانە (....)، کـە هەمـوویـان جـوێن و قـسـەی ناشـیـرینتـر بـوون لەوانـەی لە کاسێتەکەدا گوتبوونی.

موبارەک گوتی "سـەیرکە ئەو لەو کاتەی لە قسەکانیدا نکولی لە قسەکانی ناو کاسێتەکە دەکرد، کەچی جوێن و قسە ناشیرینەکانی خراپتر لەجاران دووبارە کردەوە!" خۆم پێنەگیرا و پرسیم ئایا ئەوە مەعقوولە؟!.

ســـەیر لـەوەدا بوو ســـەرۆک "مـــوبـارەک" وەڵامی دایـەوە "تۆ "زەکـی بـەدر" ناناسـی، زمـانـی بـەرەڵا و (......)یە". وشـەکـانـی سـەرۆک لە وەسـفـی وەزیری ناوەخـۆکـەیدا سـەخـتـتـر بوو لەوەی "زەکی بـەدر" لەبارەی سـیـراجـەدینەوە گوتبووی.

"موبارەک" بەبێدەنگ بوونەکەمدا هەستی کرد قسەکانی ئەویشم بەلاوە سەیرە بۆیە گوتی "ببوورە محەمەد بەگ پێدەچێ نووسین شیعرتان فێر بکا، نەک دنیا و ئەوەی تێیدایە"!

پێوەندیم بەمامۆستا "فوئاد سیراجەدین"ەوە کرد و لەسەر زاری سەرۆک تکام لێکرد بابەتەکە دابخا چونکە پێدەچێ زەکی بەدر داوای لێبوردنی لێ کردبێت.

"فوئاد سیراجەدین" پێی گوتم "سەرۆک موبارەک دەستبەجێ قسەی لەگەڵ کـردم و لێی پرسـیم ئاخـۆ "زەکی بـەدر" داوای لێـبوردنـی لێکردووە و ئاخـۆ داواکەیم قبووڵ کردوە"!

سـیـراجـەدین پێـشنیـازی کـرد رۆژی دواتر لەسـەر خـوانی نیوەڕۆ یەکـتـر ببینین و باس لەو بابـەتە و خەمە هەنووکەییەکانی تر بکەین، لە سـەر خوانی نیوەڕۆ لە ماڵی خۆی لە "گاردن سیتی" لەکاتی دیاریکراودا یەکترمان بینی، پێنج کەس لە خـوانەکەدا ئامـادە بووین: "فـوئاد سـیـراجـەدین" خۆی، خـاتوو لەیلا مەغازی، کە هاوڕێیـەکی دێرینی خێزانیی بوو و هەستی بە باردودۆخی شپرزی ژیانی ئەو سیاسییە دەبڵنەوە (مخضرم)ەدا بینی پاش مردنی خاتوو زەکیـە ئەلبـەدراوی هاوسـەری، بەتایبـەت کـە دەیزانی تەندروسـتـیـی نائیلەی کچـە گـەورەی باش نییـە و "نادیـە"ی کـچی دووەمـیـشی شـووی کردووە و لە کوێت دەژی.

خـاتوو مـەغازی لە ژیانی سیـراجەدین نێزیک بووبوویەوە و کـاروباری ماڵی بۆ جەموجۆر دەکرد.

سێیەمی مەجلیسەکە دۆست و هاوڕێی زیندان و گەورە سەرکردەی پێشووی حزبی وەفد "عەبدولفەتاح حەسەن" (پاشا) بوو کە وەزیری دەوڵەتیش بوو لەگەڵ "فوئاد سیراجەدین" لە وەزارەتی ناوەخۆ، "فوئاد سیراجەدین" لە کابینەکەی مستەفا نەحاس پاشادا بەرپرسی دوو وەزارەت بوو، کە هەردوو وەزارەتی دارایی و ناوەخۆ. هەروەها هاوسەرەکەم و من.

"فوئاد سیراجەدین" دەستی بە گێڕانەوە لە نووکەوە کرد.

باسی کرد چۆن کاسێتەکەی بەدەست گەیشتووە (لەڕێی ئەفسەرێکی پۆلسی گەورەوە کە هەر لەو کاتەی پێش لە شۆڕش خۆی وەزیری ناوەخۆ بوو دەیناسی".

هەروەها چۆن ""زەکی بەدر"" دەیویست خۆی لە پۆزشهێنانەوە بدزێتەوە بەناوی ئەوەی کاسێتەکە ساختەیە و پێی گوتووە ئەو وەک وەزیرێکی پێشووی ناوەخۆ، قایل نابێ وەزیرێکی دواتر وەک ئەو تۆمەتبارەی لەبەردەم بەرپرسی ئەو بەشەی تێیدا بەند کراوە سرتە سرت بکا.

ئەنجا گەیشتە ئەوەی "موبارەک" پێوەندی پێوە کردووە و هەمان ئەو قسانەی لەبارەی "زەکی بەدر"ەوە لێ بیستووە کە من پێشتر لەبارەیەوە لێم بیست.

"فوئاد سیراجەدین" گوتی لە موبارەکی پرسیوە "ئەگەر ئەوە بۆچوونتە لەبارەی ناوبراوەوە، بۆچی نایگۆڕی؟".

موبارەکیش وەڵامی داوەتەوە "هەمووان وەک ئەفسەرێکی پۆلیس کاندیدیان کرد چونکە توانای هەیە ڕووبەڕووی ئەو ئیرهابەی لە وڵاتدا هەیە ببێتەوە، بەڵام ئێستە بەجدی لە هەوڵی گۆڕینیدایە".

"فوئاد سیراجەدین" گوتی سەرۆک لێی پرسیوە ئاخۆ کاندیدێک شک دەبا بەکەڵک بێ؟!

ئەویش وەڵامی داوەتەوە "سەرۆک هەر پۆلیسێک لە پاسەوانانی هەر

بەندەرێک بکاتە وەزیری ناوەخۆ، هەڵبژاردنەکەی لە هەڵبژاردنی ""زەکی بەدر"" خراپتر نابێ".

عەبدولفەتاح حەسەن پاشا لای خۆیەوە روو بە "فوئاد سیراجەدین" گوتی "پاشا ئەی بۆچی کەسێکت کاندید نەکرد کە باش بیناسیت؟!"

"فوئاد سیراجەدین" لە روانگەی ئەزموونی سیاسییەکی دەبڵنەوەوە، بە ئاوازێکی یەکلاکەرەوە وەڵامی دایەوە "ئاخۆ دەگونجێ سەرۆکی دەوڵەتێک داوا لە نەیارێکی خۆی بکا کەسێک بۆ بەرپرسی ئاسایشەکەی دیاری بکا، لەکاتێکدا ئەو بڕوای تەواوی هەیە کە ئەو نەیارە مەترسییەکی سیاسییە لەسەری؟".

"فوئاد سیراجەدین" هەروەها گوتی "پێی سەیرە سەرۆکێک بەو شێوەیە دەست لە بنۆک (مرۆوس)ەکەی هەڵبگرێ تەنانەت ئەگەر هەڵەیش بکا، بگرە کاری دروست ئەوەیە مەحرەمانە راستی بکاتەوە، شتێکی ئاساییە داوای لێ بکا پۆزش بۆ کەسێک بێنێتەوە کە خراپەی لەگەڵی کردووە، بەڵام نابێ لەبەردەم نەیاراندا ئاشکرای بکا و داوایان لێ بکا جێگرەوەیەکی بۆ دەستنیشان بکەن"!

هەروەها گوتی "موبارەک یان ئەوەتا لەو قسەیەدا بەڕاستی نەبووە و ئەو داوای لە من کردووە بۆ چاوبەستەکی بووە، کە ئەوە رووی سیاسییەوە دروست نییە، یاخۆ ئەوەیە ئامادەیە هەر یەکێک لە پیاوەکانی توورِ بداتە ناو دەریا تا باری کەشتییەکەی سووک بکا، ئەوەیش نیشانەی ئەوەیە کەسێکی جێمتمانە نییە"!

***

گومانی من وا بوو و ئەو رۆژەیش لەسەر خوانەکە لە ماڵی "فوئاد سیراجەدین" گوتم چی دەبێ با ببێ، من لەگەڵی ناکۆک نیم لەوەی گوتی، بەڵام وڵات لەبەردەم کێشەیەکی راستەقینەدایە.

بەڵێ ئەو پیاوە هۆگەلێکی هەن بۆ کورتهێنان کە هەموومان دەیانبینین.

بەڵام لە بەرامبەردا ئەو پیاوە سەرۆکایەتیی دەوڵەتی میسر دەکا بە کردەوە و کەسی تر لەئارادا نییە.

لەلایەکی ترەوە لەم ساتەدا هیچ جێگرەوەیەک نییە، بگرە هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ گەیشتن بەو جێگرەوانە.

بارودۆخی وڵاتیش ناسک و سەختە، چونکە کەس بە وردی ڕاستیی پێویست نازانێ لەبارەی ئەو شتانەی لەپشت ئەو ڕواڵەتەوەیە کە دەیبینێ.

"فوئاد سیراجەدین" لە هەندێ شتدا لەگەڵم کۆک و لە هەندێکیشدا ناکۆک بوو، ناکۆکییەکەی زیاتر لەگەڵ ئەو قسەیەمدا بوو کە "جێگرەوەیەک نییە"، ئەو پێی وابوو حزبی وەفد نەک تەنیا جێگرەوەیە، بگرە حزبی ڕەسەنی شەرعی و ئامادەیە.

ئەوە بابەتێکی جێ مشتومڕ بوو لەنێوان من و "فوئاد سیراجەدین"دا، من پێم وابوو ئامادەکردنی ڕابردوو وەک ئامادەکردنی گیان وایە، کە لە سادەترین باردا قایلکەر نییە!

ڕەنگە حزبی وەفد بانگەشە بێ بۆ جۆرێک لە دیموکراسیەت، بەڵام بەلای منەوە زەحمەتە وەک جۆرێک لە بانگەشە بۆ وێنەی ئایندەی ببینم.

ڕاستیی هەنووکەیی ئەوەیە "موبارەک" سەرۆکە، کەسمان ناتوانین یارمەتی بدەین، لەبەرئەوەی هەردوولامان لایەنگرییەکی پێشوەختمان بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی میسر هەیە، لەگەڵ باوەڕم بە زنجیرەیی قۆناغەکان، بەڵام هەر قۆناغێکیش تایبەتمەندیی خۆی و هەروەها بەرپرسیارییەتیی خۆیشی هەیە!

پێشنیازی من بۆ "فوئاد سیراجەدین" ئەوە بوو هەر کەس دەتوانێ با یارمەتیی ئەو پیاوە بدا تا ئەزموونە تایبەتەکەی گەشە پێ بدا، بۆ ئەوەیش باسی ئەزموونی سەرۆکی ئەمەریکایی "هاری ترومان"م بیر خستەوە کە

جێگری سەرۆک و دوای پاش مردنی بەناوبانگترین سەرۆکی ئەمەریکاش بوو بە سەرۆک لەوکاتەی هێشتا جەنگی جیهانیی دووەم دژ بە هیتلەر بەردەوام بوو، رۆزفەڵت سەرکردەی هاوپەیمانییە گەورەکە بوو کە شەڕی لەدژی هیتلەر دەکرد و چەندان بڕیاری گەورە و گران چاوەڕوانی فەرمانی ئەو بوون، لەپێشیانەوە بڕیاری بۆ یەکەم جار بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بوو دژ بە ژاپۆن".

هەروەها گوتم "ترومان بەلای هەموو ئەوانەی بایەخیان بە داهاتووی جیهان دەدا، دواین پیاو بوو کە بکرێ لە سەکردایەتیکردنی شەڕی داهاتووی جیهاندا پشتی پێ ببەسترێ، چ بۆ کۆتاهێنانی جەنگەکە یاخۆ دوای ئەوە تەنانەت ئەگەر ئاشتیش بێ، بەڵام دەستەبژێرەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتی سەرۆکی نوێیان گرت و دەرفەتیان دایە، بەو هۆیەوە ترومان گەورە بوو و ئەزموونی بەرپرسیاریەتیی خۆی گەشە پێ دا و بوو بە یەکێک لە دیارترین سەرۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەدەی بیستەمدا".

پێنەدەچوو "فوئاد سیراجەدین" گەیشتبێتە قەناعەت کە "حوسنی موبارەک" دەکرێ ببێتە "هاری ترومان"ێکی میسری.

عەبدولفەتاح حەسەن (پاشا) جارێکی تر هاتەوە ناو دیالۆگەکە و روو بە "فوئاد سیراجەدین" گوتی "پاشا رات چۆنە هەیکەل بێتە ناو حزبی وەفد و بەوەیش هەردوو شۆڕشەکە (مەبەستی شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ و ١٩٥٢ بوو) بە یەک بگەن". "فوئاد سیراجەدین" بە جۆشەوە ئاوڕی دایەوە بۆ لای خاتوو لەیلا مەغازی و داوای لێ کرد بەپەلە بچێتە ژووی نووسینگەکەی و ئەنکێتی بەئەندامبوون لە حزبی وەفدی بۆ بێنێ.

لای خۆمەوە گوتم، "عەبدولفەتاح حەسەن (پاشا) نایەوێ قەناعەت بکا بەوەی من تەنیا رۆژنامەنووسێکم و کارم بە رێکخستنە سیاسییەکانەوە

نیـــیـــە، ئەمـــە جگە لەوەی من لـە لایەنگرانـی شـــۆڕشی ١٩٥٢م بەڵام من نوێنەرایـەتیی ئەو شـۆڕشـە ناکـەم، لەسـەروو ئەوەیشـەوە بڕوام وایە هەردوو شـۆڕشـەکەی ١٩١٩ و ١٩٥٢ چوونەتە قـووڵایی مێـژووی میـسـر و هەرسی کـردوون و شـیلەکـەیان چووەتە ناو دەمـارەکـانی، ئێـستـەش سـەردەمـێکی نوێیە!.

وەک هەمیشە لەم جۆرە موناقەشانەدا نەگەیشتینە هیچ، ئەوپەڕی ئەوەی دوای ئەوە لەسەری رێک کەوتین کووپێک قاوە و دووکەڵی جگەرەیەک بوو!

***

دوای چەند رۆژێکی کەم "مـوبارەک" پێـوەندی پێوە کـردمـەوە، سـوپاسی کردم کە من داوای مـەوعـیـدێکم کـردووە بۆ هاوڕێیـەکی ئـازیز کە سـەردانی میـسـر دەکـا، ئەویش شـازادە "سـەدرەدین ئاغـاجـان"ە، من لەرێی "ئوسـامـە ئەلبـاز"ەوە داوای مـەوعـیـدەکـەم کـرد، کـاتەکـەی دیـاری کـرا و "مـوبارەک" ناوبراوی بینی، ئێـسـتـە "مـوبارەک" پێـوەندی پێـوە کـردم تا سـوپاسـم بکا دەرفـەتم بۆ رەخـسـانـدووە پیاوێکی وەک "سەدرەدین ئـاغاجـان" ببینێ، کـە بە "پیاوێکی مەزن"ی بینیبوو!

سـەرۆک "مـوبـارەک" لە تەلەفـۆنـدا گـوتـی "ئەو پیـاوە زۆر شـت دەزانـێ، کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشە، لەگەڵ ئەوەی شازادەیە کەسێکی خاکییە".

گوتم "بە چاوپۆشین لە بابەتی  شـازادەیی "سـەدرەدین ئاغاجـان" پیـاوێکی رۆشنبـیـرە و ئەزمـوونێکی مـرۆیی گـەورەی لە ژیانـدا بینیـوە کـاتـێ ئەرکی کۆمسیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەرانی گرتە ئەستۆ، ئەوە دەرفەتی بۆ رەخسـان بە تانوپۆی کیشوەرەکاندا بجووڵێ".

هەروەها گوتم "سـەدرەدین ئاغـاجـان بەبـێ هیچ بەرامبـەرێک ئەو ئەرکەی گرتە ئەسـتۆ، کاتێ پێی گوترا هەموو پۆسـتێک گرێبـەسـتێکی هەیە و هەموو گرێبـەستێکیش مووچەیەکی هەیە، داوای کرد لە گرێبەستەکەدا مووچەکەی

بۆ هەر ساڵێک یەک دۆلار دابنرێ".

موبارەک گوتی وەک لە ئوسامەم بیست ئەو زۆر دەوڵەمەندە. "ئوسامە ئەلباز" پێی گوتم "شوێنکەوتووانی مەزەبەکەیان هەموو ساڵێک بە زێڕ دەیانکێشن".

هەروەها گوتی ئەو سوود و چێژی لە دیدارەکە بینیوە. هەروەها گوتی "کەم کەس ماون بەم شێوەیە بن"!

گوتم "خەڵک هەن، میسر پڕە لە پیاو و ژنی گەورە، بەڵام ئەو نایانبینێ".

پرسی "چۆن بیاندۆزینەوە؟"!

ئەوەم بە دەرفەت زانی تا پێشنیازێکی بۆ بکەم کە بەکەڵکم زانی.

پرسیم بۆچی مانگی جارێک لەسەر خوانی نیوەڕۆ یاخۆ ئێوارە یان تەنانەت داوەتی کووپێک چا، دە دوازدە کەسایەتیی پیاو و ئافرەتی میسر، لە بیرمەندان، مامۆستایانی زانکۆ، پیاوانی کار، سیاسەتوانان با نەیاریش بن، بانگهێشت ناکەیت، تا بیانناسی و گوێیان لێ بگری و لەگەڵیان دەمەتەقێ بکەی؟!.

پێم گوت "ئەو لەرێی کەناڵە رەسمییەکانەوە، یاخۆ وردتر لەرێی تاکە کەناڵێکی نووسینگەکەیەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو خەڵک دەکا، لەگەڵ رێزم بۆ چالاکیی پیاوێکی وەک "ئوسامە ئەلباز"، بەڵام زیاد لە ئەرک، سەرۆک مافی خۆیەتی بازنەی ناسیاوانی فراوانتر بکا".

پێم گوت سەرۆک جۆن کنێدی بەو شێوەیەی دەکرد.

رێکخستنی خوانێکی نیوەڕۆ یاخۆ ئێوارە یان تەنانەت کووپێک چا، مانگی جارێک لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکی جۆراوجۆر لە پیاوانی بیر و کاری وڵات و لە دەرەوەی بوارە رەسمییەکە.

پاش کەمێک وەڵامی دایەوە "هەموو ئەوانە دەچنە دەرێ و دنیا پڕ دەکەن لە قسەیەک کە زۆربەی وتیوتییە.

گوتم دەبێ ببوورێ کە ستەم لە خەڵک دەکا، لەگەڵ ئەوەیشدا چی دەبێ ئەگەر ئەوانە، یاخۆ هەندێکیان قسە بکەن، ئەنجا رەنگە ئەوە لە سەرەتای ئەزموونەکەدا وا بێ، بەلام کاتێ دەستەبژێر لەگەڵ بینینی سەرۆکی دەوڵەت رادێ و گوێی لێ دەگرێ و گوێی بۆ دەگیرێ، ئەزموونەکە رێرەوی سرووشتیی خۆی وەردەگرێ و بە شتێکی سەرسورهێنەر نامێنێتەوە کە پێویست بکا خەڵک زۆربڵێیی لەبارەوە بکەن!

هەروەها گوتم "ئەگەر ئەو سوودی لە بینینی سەدرەدین ئاغاجان دیبێ، ئەوا زۆر کەس هەیە لە دنیای دەرەوە لە کەسایەتیی جۆراوجۆر و هەڵبژێردراو، کە دەکرێ بانگهێشتیان بکا بۆ میسر و گفتوگۆی کراوەیان لەگەڵدا بکا".

هەروەها گوتم "من ئەوەم لەگەڵ جەمال عەبدولناسر کرد و دەرفەتم بۆ زۆر لە ئەستێرەکانی ئەو سەردەمە رەخساند تا بێنە میسر و لامان میوان بن و لەگەڵمان کۆ ببنەوە، فیکر لە فیکر بخشێ و عەقڵەکان بەیەک بگەن، من بیرمە جەمال عەبدولناسر سوودی لەو پیاو و ئافرەتانە دەبینی کە بانگهێشتم دەکردن بۆ میسر، لەوانە بۆ نموونە "مۆنتگۆمری"، جەنەراڵ "بۆفەر"، "جان پۆل سارتەر" و "سیمۆن دی بۆفوار" و چەندان رۆژنامەنووسی جیهانیی وەک "والتەر لیبمان"، "سای سالز بۆرگەر"، دەنیس هاملتۆن"، ساتح ئەلحەسری و قوستەنتین زەریق کە ئەم دوانەی دوایی هەردووکیان لە نەوەی گەورە بیرمەندە نەتەوەییەکان بوون. ئەمانە و زۆری تر.

موبارەک کەمێک ماتی کرد ئەنجا پرسی "ئەی بۆچی ئێستەیش هەمان شت ناکەیت" هەروەها گوتی "من پێشنیازم بۆ تۆ کرد بێیتە ناو حزب و دوای ئەوە لەناو حزبدا دەتوانیت دەستبەکار بی".

گوتم "جەنابی سەرۆک.. یەکەم من بە درێژایی تەمەنم قەت نەبوومەتە حزبی، دووەم ناتوانم ئەوەی لەگەڵ عەبدولناسر کردم لەگەڵ تۆ دووبارەی

بکەمـەوە، چونکە وەک کـارل مـارکس دەڵێ مـێژوو خـۆی دووبارە ناکـاتەوە، ئەگەر دووبارەش بوویەوە، ئەوا لـە یەکـەم جـاردا درامـایەکی کـاریگەرە، بەڵام لە جاری دووەمدا گاڵتەجاڕییەکی مایەی پێکەنینە"!

سـەرنجـەکەی تووشـی سـەرسـوڕمـانی کـردم کـە گـوتی "ئـەڵڵا. قسـەی کـارل مارکس بەنموونە دێنیتەوە"!

ئەنجا، وەک جـاری پێشـوو، پێشنیـازی کـرد "ئوسـامە ئەلباز" بـنێرێ بۆ لام تا لەبارەی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی پێشنیازەکەمەوە قسەی لەگەڵدا بکەم.

***

"ئوسـامـە ئەلبـاز" هاتەوە لام و هـەمـان دەفـتـەرە زەردەکـەی پـێ بـوو کـە یاسـاناسـان بەکاری دێنن، بەڵام قەڵەمی دەرنەهێنا، بگرە لەبەردەمم دانیشت و دەسـتـی بە قـسـە کـرد و بـەشـێـوازەکـەی خـۆی "لەو کـاتـەی رووبەڕووی کێشـەیەک ببـوایەتەوە" سـەری رادەوەشـاند و دەیگـوت "تـۆ بەناهەق خـۆت و خـەڵکی تریش مـاندوو دەکـەی، ئەو (مـوبارەک) کـەس نـابینێ، رەنگە لە دیدارەکـەی سـەدرەدین ئاغـاجـان کـەمێ دڵـی کـرابێـتـەوە، بەڵام ئـەوانە لەو خەڵکە نین کە ئەو لە گەڵیان ئاسوودە بێ".

قسەکەم پێ بڕی و گـوتم بۆچی وادادەنێیت؟، لێگەڕێ با پیـاوەکە ببینێ و ببـیسـتێ و بزانێ وڵاتەکە و دنیـا پڕن لە پیـاوان و ئـافـرەتانێک کـە دەتوانێ لێیانەوە فێر ببێ!

ئەنجاگوتم "ئوسامە دەرفەتی شیاندنی سەرۆکت لەبەردەمدایە..!".

ئوسـامـە پێی بڕیم و گـوتی "من لە تـۆ زیاتر دەیناسـم، بڕوا بکـە ئەو لەگـەڵ کەس ناحـەوێتەوە ئەوانە نەبێ کە دەیانناسێ، جگە لـەوانە هەست بە دڵنیایی لەگەڵ کەس ناکا".

پێم وابێ ئوسـامـە زیاتری دەزانی، چـونکە پاش ئەوە بـاسـی بیـرۆکـەکـەم نەبیستەوە، نە لە "موبارەک" و نە لە کەسی تر!

## دڵەخورپەی کۆن و نوێ

لە مــاوەی یەکـەمـی سـەرۆکـایەتیی مـوبارەکـدا، هەڵوێسـت و بۆچوونەکـان لەبارەیەوە لای جەماوەری گەلی میسری جۆراوجۆر و جیاواز بوو:

هەندێ کەس هێشتا لەگەڵ پاشماوەی "چیرۆکی مانگا پێکەنیو"ەکەن و دەست لە نوکتەکردن لەبارەیەوە هەڵناگرن.

کۆمەڵێکی تر زیاتر لەوەی بارودۆخەکە بەرگەی دەگرێ داوا لە سەرۆکی نوێ دەکەن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو سەختی و کۆتانەی رێگەی لێ دەگرن، تا ئەو رادەیەی هەندێ داوایان لە "موبارەک" دەکرد "پەیماننامەی ئاشتی" لەگەڵ ئیسرائیل هەڵبوەشێنێتەوە، تا بتوانێ بێتەوە ناو ریزی عەرەبی.

کۆمەڵێکی سێیەم پێیان وابوو دوای تیرۆرکردنی سەرۆک سادات و ئەو شەپۆلی نیگەرانییەی بەهۆی زەبری تیرۆرکردنەکەوە هاتە کایە، بارودۆخ رێگە بە کەس نادا بە کاوەخۆ دەست بە هەستگەلی پێشوەختەوە بگرێ یاخۆ پێداگری لەسەر داواکاریی بەپەلە بکا، چونکە پیاوەکە موبارەک هەر بە راستی پێویستی بە دەرفەتێکی کراوە هەیە.

کـۆمـەڵێکی تر وڕ بوون و دەسـتـیـان بە بەرەنجـامـەکـانەوە گـرت و دەستبەرداری نەبوون و بە زمانی حاڵ دەیانگوت "پیاوەکە بە خۆی بسپێرن، چی دەزانێ و کێ دەناسێ با وا بکا و چاوەڕوان بن"! بۆ راستی بڵێم زۆربەی خەڵک ئامادەیی تێدا بوو پیاوەکە قبووڵ بکا، چاوەڕوان بکا و ئەو دەرفەتە کراوەی پێ ببەخشێ، ئەگەرچی ئەمە رێگەی لەوە نەدەگرت هەندێکی تر چاوەڕوان بن سەرۆک بەو شێوەیە رەفتار بکا کە ئەوان پێیان خۆشە.

***

له راستـیـدا من لەوانە بووم کـە پێم وابـوو جـێی خـۆیەتـی دەرفـەتێک بەو پیـاوە بدرێ، بەتایبـەت کە راسـتـیی شـتـەکـان لۆژیکی خـۆیان هـەیە، لـەگـەڵ ئەوەیشـدا ئەو پیـاوە بەلای منەوە سـەرسـوڕهێن بوو، یەکێک لە هۆکـانی ئەو سەرسوڕمانەیشم ئەو شتـانە بوو کە لەبارەیەوە دەمزانی، ئەگەرچی لای رای گشتی شاراوە بوو.

شـتێکم لەبارەی کێشـەکەی "خـەرتووم" و ئەو سـەبەتە مـانجـۆ بـۆمبـڕێژەی بەشێوەک لە شێوەکان رۆڵی لە تیرۆرکردنی ئیمان "هادی ئەلمەهدی"دا هـەبوو دەزانی.

ئەوەیشم لـەبیـر بوو کە لـە پاریس لەبارەی چالاکـیـیـەکـانـی "مـوبارەک"ەوە بیسـتـبووم، چ لـە چوارچێوەی گرووپی "سـەفـاری"دا لە ئەفـریقـیـا، یاخـۆ ئەو شتانەی تر کە بیستنم.

بـەڵام رەنـگە بـۆ هـێـــورکــــردنـەوەی دڵـەڕاوکــــەیەک بـێ کــــە لـە رەوتـی ئیشکردنەکەی لام دروست بووبوو، بەتایبەت پاش ئەوەی خـۆم تێڕوانینیم بۆ پێوەندی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل لە خۆی بیست، هـەوڵم دا وا بکەم گومانەکانم بە ئاراستەی وەک دەڵێن ئەستۆپاکیدا بڕۆن.

بەو واتایـەی من لە پرسـە سـیـاسـیـیـەکـاندا بەرپرسـیـاریەتیی بڕیارێکم نەخستووەتە گەردنی ئەو پیاوەوە کـە لەپێش سەرۆکایەتییەکەی ئەودا درابێ، چونکە بڕیارەکـە هـی ئەو نـەبوو هـی خـەڵکی تـر بوو، ئاسـتـەمـیـشـە داوا لە هـەمـوو بەرپرسـێکی دەوڵەت تـەنانەت لەسـەر ئاسـتی جـێگری سـەرۆکیش کـە بەرامـبـەر هـەر بڕیـارێک بوەسـتـێ کـە لەگـەڵـی نەبێ و تەنگژەیەک بنێـتـەوە، نەخـاسـمـە ئەگەر ئەو پیـاوە خۆی لە بـنـەڕەتدا لە دەرەوەی بازنە سیـاسییەکە بێ، بگرە لـە بازنەیەکـدا بێ کە فـەرمـان وەردەگـرێ و جـێبـەجـێی دەکـا، بە لەبەرچاوگـرتنی ئەوەی هەندێ پرسی سـیـاسی کۆمـەڵێ رێسـای تێڕوانین و بیرکردنەوەی تێدایە کە لەگەڵ مـادەکانی یاسـادا جیـاوازە، ئەویش چونکە سیاسـەت خـەملاندن لەکاتێکدا یاسـا دەقە، ئەگەرچی دەبێ هەمیشە جۆرێک

له پێوەندی لەنێوان خەملاندن و دەقەکاندا هەبێ، بەلام ئەم پێوەندییە لە دنیای سیاسەتدا مروونەتێکی فراوانتری هەیە لە راڤەکردن و تەئویلی دەقەکاندا!.

جگە لەمە، بە سەیرکردنی رەفتاری لە شێوەی ئەوەی لە خەرتووم ، یاخۆ ئەوەی لەچوارچێوەی گرووپی "سەفاری"دا رووی دا، کێشەکان ئالۆزن، هەندێ شتیان تێدایە کە بە گوتەکەی کاردینال "ریشیلۆ" پێوەندی بە بەرژەوەندیی دەوڵەتەوە هەیە، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی بەرپرسە لە بریاردان لە حسێبکردندا پێوەرێکی خۆی هەیە، لەکاتێکدا ئەوەی لە جێبەجێکردنی بریارەکە بەرپرسە، پێوەرێکی تری هەیە، بەرپرسەکەی جێبەجێکردن هەموو کات شتێکی بەدەستەوەیە بەهۆیەوە تۆمەت لە خۆی دوور بخاتەوە بەو واتایەی فەرمانی دەسەلاتێکی بالای سەروو خۆی جێبەجێ کردووە. ئەوە پیاوە بەرپرسەکەیە نەک ئەوەی جێبەجێی دەکا کە پێویستە لە بریارەکەدا خواستەکانی بەرژەوەندیی بالا رەچاو بکا.

سادەترین نموونە لەسەر ئەوە، ئەوەیە پۆلیس تەنیا گوێرایەڵیکردنی لەسەرە ئەگەر هاتوو بۆ پاراستنی ئاسایش داوای گرتنەبەری رێوشوێنێکی لێ بکرێ. هەروەها سوپایش کاتێ لەپێناو سەرکەوتندا شەڕ دەکا.

هەموو ئەم پرسانە بە بەرفراوانترین شێوە هاتنە وروژاندن بەتایبەت پاش جەنگی جیهانیی دووەم، بۆچوونەکان لەبارەی هەندێ رەفتاری زێدەڕۆیانە (یاخۆ هەندێ کەس وایان دەبینین) جیاواز بوون، بەلام ئەوانەی ئەو کارانەیان کردبوو بە فەرمانی سەردارەکانیان کردبوویان، واتە لەژێر دۆخگەلێکی ناچاریدا کە بەرژەوەندییەکی گشتی و خواستی دەوڵەت بەو پێیەی بەرپرسێکی سیاسی مەزندەی کردووە، خواستوویەتی و فەرمانبەردارەکە جگە لە جێبەجێکردنی فەرمان چارەیەکی تری نەبووە. بەهەرحاڵ ئەم بابەتە ئاوکێشە و مشتومڕ و بەڵگەکان تێیدا کۆتایان نایە.

ئەمە بۆ موبارەکیش راستە و باوەڕم وا بوو لاپەڕەی حسێبی ئەو لەو

کاتەوە دەست پێ دەکا کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٨١دا وەک سەرۆکی ولاّ هاتە هەڵبژاردن، لەبەرئەوەی پێشتر فەرمانبەر بوو و فەرمانی جێبەجێ دەکرد، تەنانەت ئەگەر لە پلەی جێگری سەرکۆماریشدا بووبێ، کە پۆستێکی سیاسییە.

***

وێڕای ئەم پێوەرانە کە بەلای "گومان"دا دەشکێنەوە، بەو واتایەی ناکرێ بەپێی گومان و خانەگومانی بڕیار بدرێ و توندگیری بکرێ لە تایبەتمەندیی دەسەلاّت لەنێوان سیاسی و جێبەجێکردندا، ئەوا "موبارەک" سەرسوڕهێن (محیر) بوو!

لە هەندێ ساتدا هەندێ رەفتاری هەبووە کە جێی پەسەندکردن بوون، لە هەندێ ساتیشدا رەفتارەکانی جێی رەتکردنەوە بوون، رەفتارەکانی لە هەندێ ساتیشدا مایەی سەرسوڕمان بوون!

بۆ نموونە خۆم لە شاشەی تەلەڤزیۆنی میسرییەوە سەردانێکی سەرۆک موبارەکم بۆ کارگەیەک بینی، تێیدا بە کاوەخۆ لەگەڵ یەکێک لە کرێکارەکانی کارگەکەدا دەوەستا و قسەی لەگەڵ دەکرد و پرسیاری مووچەکەی لێ دەکرد، پیاوەکەیش هەر ئەملاولای دەکرد و نەیدەگوت، سەرۆکیش لێی نەدەبووەوە و پێداگری لەسەر دەکرد، کامێرا و مایکرۆفۆنیش لەسەر ئەو و پیاوەکە بوون، تا پیاوەکە زۆر شەرم گرتی و بە سەرۆکی نوێی گوت "ئەفەندم، من لێرە پیاوی ئاسایشم و کرێکار نیم". واتە ئەو ئەفسەری پۆلیسە و بۆ توندکردنی بەئەنقەستی باری ئاسایش، خزێنراوەتە ناو کرێکارەکانەوە.

موبارەک سەری راوەشاند و تەنیا گوتی"ئاه"!. هیچی تری نەگوت و پیاوەکەی بەجێ هێشت.

ئەگەرچی هەموو ئەوانەی دیمەنەکەیان بینی قسەیان لەسەر کرد، بەلاّم وەلاّمی من بۆ هەموو ئەوانەی پرسیاریان کرد ئەوە بوو کە "لەبیریان نەچێ

ئەو بە عەفەوی و بە نیازپاکی رەفتاری کردووە". لەراستیدا لەو کاتەدا ئەوە بۆ من بەس بوو کە ببینم ناوبەناو بە رێکوپێکی سەردانی یەکەکانی بەرهەم دەکا و پەرۆشە بۆیان و لە هەوڵی ئەوەدایە لە دەستی خراپەکارانیان بپارێزێ!

لە نموونەیەکی تردا شا حوسێنی شای ئوردنم لە قاهیرە بینی، پاش ئەو ئارامییەی دوای گەردەلوولی تیرۆرکردنەکە هاتە کایە سەردانی کردبوو، زۆرم پێم سەیر نەبوو کاتێ شاحوسێن بە دەست ئاماژەی بۆ سەقفی ساڵۆنی ئەو کۆشکەی لێی دابەزی کرد و پێشنیازی کرد "با بچینە باخچەکە و پیاسە بکەین، چونکە ئەو بەیانییە وەرزشم نەکردووە". چووینە دەرەوە، شا دەیویست شتێکم پێ بڵێ کە نەیویست لەناو چوار دیواری کۆشکەکەدا پێم بڵێ، کاتێ گەیشتینە هەوای کراوە زۆر چاوەڕوانی نەکرد و دەستی کرد بە باسکردنی "موبارەک" و مەترسی خۆی پێشان دا لەوەی "زانیاریی پێویستی لەبارەی پێوەندییە عەرەبییەکانی میسر و مێژووی کۆن یاخۆ نوێی میسرەوە نییە، فایلەکانی نەخوێندووەتەوە، ئەگەر خوێندبێشێتیەوە لێیان نەگەیشتووە". شاحوسێن هەروەها گوتی "ئەو پیاوە لەوکاتەی بۆ یەکەم جار وەک جێگری سەرۆک بینیویەتی و نامەیەکی لە ساداتەوە بۆ هێنابوو، نەگۆڕاوە".

لەوکاتەی بەناو درەختەکاندا پیاسەمان دەکرد، شاحوسێن لاسایی سەرۆک موبارەکی دەکردەوە لەوکاتەی وەک جێگری سەرۆک سەردانی کردووە و نامەیەکی بۆ هێناوە. لاسایی دەکردەوە لەو کاتەی جانتاکەی دەکاتەوە و فایلێکی لێ دەردێنێ. بەگوتەی شا، "موبارەک" لە هەندێ خاڵدا نەیتوانیوە مەبەست لە نامەکە روون بکاتەوە، شا داوای روونکردنەوەی لێ کردووە، ئەویش بە وردی ئەوراقەکانی پشکنیوە و شپرزی پێوە دیار بووە، ئەنجا گوتوویەتی "نازانم، بەڵام لەبەردەممدا هەر ئەمە نووسراوە، کە گەڕامەوە قاهیرە پرسیار لە سەرۆک سادات دەکەم مەبەستی چییە و تکای

لێ دەکەم بۆتان بنووسێ"!

شاحوسێن گوتی، ئەو نەیتوانیوە تێ بگا ئاخۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ دەکا جێگری سەرکۆمارە، یاخۆ جانتا هەڵگرێکە کە پابەندە بەو کاغەزانەی بە دەسخەتی خۆی نووسیونی، کەچی ناتوانێ روونیان بکاتەوە؟!

وەڵامی من بۆ شاحوسێن ئەوە بوو ئەو پیاوە مەبەست موبارەکە دۆخێکی ئاڵۆزی بە میرات بۆ بەجێ ماوە کە زۆربەیان کێشەی ئاڵۆز و مەترسیدارن، بۆیە جێی خۆیەتی دەرفەتێکی بدرێتێ.

بۆ نموونە هەر لەو ماوەیەدا باڵوێز "جەمال مەنسوور" هاتە لام، کە بریکاری وەزارتی دەرەوە بوو، لە بنەڕەتیشدا یەکێک بوو لە ئەفسەرانی ئازادیخواز (ضباط الاحرار)، هەروەها خاڵی دکتۆر عیسام شەرەفی سەرۆک وەزیرانی پێشووە. جەمال مەنسووریش قسەی هەبوو لەبارەی سەرۆکی نوێوە بیکا لەبەرئەوەی تێبینی کرد لەوکاتەی هەموومان میوانی خوانی ئێوارە بووین نەبرەیەکی نیازپاکی هەیە داوا دەکا دەرفەتێک بدرێتە "موبارەک" بۆ جێگیرکردنی دۆخی خۆی، رای جەمال مەنسوور ئەوە بوو "هیچ سوودی نییە"، ئەنجا گێڕایەوە کە یەکەم جار موبارەکی لەو کاتە دیوە کە جێگری سەرۆک بووە، لەلایەن ساداتەوە داوای لێ کراوە نامەیەک بگەیەنێتە مارشاڵ "جۆزێف بروز تیتۆ" (سەرۆکی یۆگۆسلاڤیا) کە دۆستێکی دێرینی میسرە، لەوکاتەدا جەمال مەنسوور باڵوێزی میسر بوو لە بەلیگراد و دیارە یاوەری جێگری سەرۆک بووە لەوکاتەی چووە بۆ دیدەنیی تیتۆ.

جێگری سەرۆک و باڵوێز ماوەی سەعاتێک لەگەڵ سەرۆکی یۆگۆسلاڤیا مانەوە و پێکەوە چوونە دەر، یەکەم شت کە جێگر لەکاتی سواربوونی ئۆتۆمۆبێلەکەدا بە باڵوێزی گوت پرسیاری ئەوە بوو ئاخۆ تیتۆ پێڵاوەکانی لە کوێوە دێنێ، ئەو بەدرێژایی دیدارەکە چاوی لەسەر قۆنەرەکانی تیتۆ کلا نەکردبوو و بە "قەشەنگ"ی دەبینین، دەیویست بزانێ ئاخۆ سەرۆکی یۆگۆسلاڤیا قۆنەرەکانی بە حازری دەکرێ، یاخۆ بۆی دروست دەکرێ؟.

هەروەها داوای لە باڵوێز کردبوو لەو بارەوە پرسیار لە دەستوپێوەندەکەی تیتۆ بکا. هەروەها گوتبووی "مەراقی قۆنەرەی جوانە و هیوایەتی سەرەکییەتی".

وەلامی من بۆ باڵوێز جەمال مەنسوور ئەوە بوو دەرفەتێک بدەنە ئەو پیاوە، خەمەکانی سەرۆکایەتی کاتی ئەوەی بۆناهێڵنەوە لە کاتی بینینی سەرۆکەکاندا سەیری قۆنەرەکانیان بکا. هەروەها پێم گوت "موبارەک" نمونەی پیاوێکی ئاساییە، ئەو ڕابەرێکی مێژوویی یاخۆ ئەستێرەی پەنجەرە نییە، ڕەنگە میسر لەو ماوەی ئارامیەی پاش گەردەلوولی ڕووداوی سەکۆکە (تیرۆکردنی سادات) پێویستی بەوە بێ!

هەروەها مامۆستا "فەتحی ڕەزوان"یش کە سەرکردەیەکی نیشتمانیی بەهێزە چیرۆکێکی تری هاوشێوەی گێڕایەوە کە ئەویش دیسان پێوەندی بە پێڵاوەوە هەبوو!

لە سەرۆکایەتیی کۆمارەوە پێوەندییان پێوە کردووە و پێیان ڕاگەیاندووە کە سەرۆک "موبارەک" دەیەوێ بیبینێ و بیناسێ، بۆ ئەوەیش مەوعێدێکیان لە حەوانگەی "ئەلدەخیلە" بۆ دیاری کرد کە لە ڕۆژانی فەرماندەییکردنی چەکی باڵەفڕوانییەوە لەوێ لایدەدا، ئۆتۆمۆبێلێک لە سەرۆکایەتییەوە دێتە ماڵەکەی لە میسری نوێ و سەعات حەوتی بەیانی دەیبا بۆ باڵەفڕگەی "ئەلمازە"، تا بیگەیەنێتە "ئەلدەخیلە"، بۆ ئەوەی لە وادەی دیاریکراودا لە سەعات ١٠ی بەیانی لای سەرۆک بێ.

فەتحی ڕەزوان پەرۆش و دڵگەرم بووە بۆ بینینەکە، زۆر شتی پێ بووە بیڵێ، بە خەتی خۆی پڕی پێنج لاپەڕە خاڵی سەرەکی دەنووسێ.

ئۆتۆمۆبێلەکە هات و باڵەفڕەکە فڕی، مامۆستا "فەتحی ڕەزوان" گەیشتە باڵەفڕگەی "ئەلدەخیلە"، لەوێ پێیان ڕاگەیاند کە مەوعیدەکەی لەگەڵ سەرۆک دوو سەعات دوا کەوتووە، لەبەرئەوەی میوانێکی ئەفریقیایی کە سەردانی

میسری کردبوو دێته لای. پێی وترابوو که ژوورێکی بۆ حەوانە بۆ تەرخان کراوە تا وادەکەی دێ، فەتحی رەزوان نێزیکەی ٥ سەعاتی لەو ژوورەدا تەواو کرد، داوای لێبوردنی کردبوو لە نانی نیوەڕۆ کە بۆیان هێنابوو، پاش نیوەڕۆ یەکێک لە سکرتێرەکان هاتبووە لای و پێی گوتبوو ئێستە سەرۆک راستەوخۆ لە باڵەفڕگەوە دەگەڕێتەوە قاهیرە و لە باڵەفڕەکەدا چاوەڕوانی مامۆستا "فەتحی رەزوان" دەکا و لانی کەم سەعاتێک لەگەڵی دەبێ.

فەتحی رەزوان سەرکەوتە سەر باڵەفڕە سەرۆکایەتییەکە، بە تەنیایی دانیشت، لەبەرئەوەی سەرۆک لەگەڵ میوانەکەدا لە بەشی پێشەوەی باڵەفڕەکەدا بوو، بەڵام پاش چارەکە سەعاتێک سەرۆک هەستا و هاتە دواوە و لە کورسییەکەی تەنیشت فەتحی رەزوانەوە دانیشت و عوزرخوایی هێنایەوە لەوە رووی دا، لەبەرئەوەی مەوعیدەکەی لەگەڵ سەرۆکە ئەفریقاییەکە لەبیر نەبوو و نووسینگەکەیشی نەیزانیبوو چۆن هاوئاهەنگی لەنێوان دوو مەوعیدەکەدا بکا، بە رەواندنەوەی گومانی پشتگوێ خستن ویستبووی بە فەتحی رەزوان بڵێ کە ئەو هێشتا هەمان پیاوە و پۆستی سەرۆکایەتی نەیگۆڕیوە و قسەکەی بڕیوە تا بڵێ "باوەڕ بکە فەتحی بەگ ئێستەیش کە سەرکۆمارم خۆم هەموو بەیانیەک پێڵاوەکانم دەسڕم، لەسەر زەوی دادەنیشم و پیلاوەکانم بە فلچە سبووغ دەکەم و دواتر بە پارچە پەڕۆیەک بریسکەی دەدەمێ".

فەتحی رەزوانیش باسی ئەوەی کردووە کە نابێ سەرۆکی دەوڵەت کاتی خۆی بە سڕینی قۆنەرەوە بکوژێ. موبارەکیش گوتی "هەموو رۆژ ئەمە خوومە، تەنانەت لەو کاتەیش قوتابیی سەرەتایی بووم و تا بووم بە فەرماندەی باڵەفڕوانی و جێگری سەرکۆمار و ئێستەیش سەرۆکی میسر".

پێش ئەوەی فەتحی رەوان هیچ بڵێ کەسێک هات بە سەرۆکی گوت کە باڵەفڕەکە خەریکە لە باڵەفڕگەی قاهیرە دەنیشێتەوە، "موبارەک" میوانە ئەفریقاییەکەی بیر کەوتەوە کە دەبێ لەکاتی دابەزیندا لەگەڵی بێ، هەستا و

به فەتحی رەزوانی گوت داوا دەکا کە دابەزین بە ئۆتۆمۆبێلی سەرۆکایەتی بیگەیەننە ماڵی سەرۆک و لەوێ کۆبوونەوەکەی نێوان هەردوو پیاوەکە بەڕێوە دەچێ، باڵەفڕەکە نیشتەوە و سەرنشینەکان دابەزین، لەوێ ئۆتۆمۆبێلێک چاوەڕوانی فەتحی رەزوانی دەکرد، بەڵام نەیبرد بۆ ماڵی سەرۆک بگرە بردیەوە بۆ ماڵەکەی خۆی!

فەتحی رەزوان خۆی پیاوێکی رژدە لە کاردا و لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا بە تووڕەیی گوتی "ئاخۆ رەوایە رۆژێکی تەواو لە گەشتدا بە چوون و هاتنەوە لە هەمان رۆژدا بکوژم، پاش ئەوەیش دیدارەکەم لەگەڵی تەنیا ٥ خولەک بێ کە هیچ سوودێکم لێ نەبینی ئەوە نەبێ کە زانیم ئەو "بەدەستی خۆی جزمەکانی دەسڕێ"!

تکام لێ کرد بەرپرسیاریەتییەکە بخاتە گەردنی نووسینگەکە نەک خودی سەرۆک، بەڵام قەناعەتی نەکرد، ئەو لەم دنیایەش کۆچی کرد و هەر بانگهێشت نەکرا بۆ بینینی سەرۆک، لانی کەم بۆ ئەوەی داوای لێبوردنی لێ بکرێ!

هەروەها بۆ نموونە هەر لەو ماوەیەدا نووسەری گەورە و تەنزچیی مەزن مامۆستا "مەحموود ئەلسەعدەنی" بەبێ مەوعید لە نووسینگەکەمدا سەرێکی لێ دام و گوتی "تەنیا پێنج خولەکی دەوێ و دەڕوا"، هاتە ژوورەوە، دەستی گرتم و بردمیە لای پەنجەرەی نووسینگەکەم بە ئەسپایی پێی گوتم:

"نەگبەتی.. لای سەرۆک موبارەک بووم ئێستە.

منیش ئاماژەیەکی پرسیاراویم کرد کە، لەوەدا نەگبەتی لەچیدایە؟!

مەحموود سەعدەنی دەستی بە گێڕانەوە کرد:

ماوەی یەک سەعات لەگەڵ سەرۆک دانیشتم هەمووی پێکەنین و نوکتە بوو، کە کاتی چوونم هات ئاماژەم بە کورسییەکەی ژێری کرد و پرسیم:

جەنابی سەرۆک هەست بە چی دەکەیت کاتێ تۆ لەسەر ئەو کورسییە دانیشتوویت کە "رەمسیسی دووەم" و "سەلاحەدین" و "محەمەد عەلی" و

"جەمال عەبدولناسر" لەسەری دانیشتوون؟

تۆ بڵێی چ وەڵامێکی دابمەوە؟!

مەحموود سەعدەنی چاوەڕوانی نەکرد و درێژەی بە گێڕانەوە دا:

"سەیری ئەو کورسییەی کرد کە لەسەری دانیشتبوو و جا سەیری منی کرد و پرسی: کورسییەکەت بەدڵە؟!، ئەگەر بەدڵتە بیبە بۆ خۆت".

مەحموود سەعدەنی لەپەکانی دەستی لەیەک دەسووی و دەیگوت "چوومە دەرەوە و بە درێژایی رێگەکە زەبرەکە بەری نەدابووم، ئەو پیاوە هیچی لەو کورسییەدا نەدەبینی ئەوە نەبێ کە تەنیا کورسییەکە و تێنەگەیشت کە مەبەستی من لە پرسیارەکە چییە".

هەوڵم دا مەحموود سەعدەنی هێور بکەمەوە، کە خۆیشم هێور نەبووم و گوتم:

کاکە خەتای تۆیە نەک ئەو، بۆچی بە رەمز قسەی لەگەڵدا دەکەیت؟! بۆچی وا دادەنێیت سەرۆکی دەوڵەت پێویستە شارەزایی لە خوازە (مجاز) لە ئەدەبی زماندا هەبێ ؟!

سەرنجی سەعدەنیش دەستەواژەیەک بوو ناکرێ بڵاو بکرێتەوە!

***

ساڵی ١٩٨٤ تێپەڕی و سەرۆک "موبارەک" پێی دەنایە ساڵی سێیەمی لە سەرۆکایەتیی دەوڵەتدا، وێڕای هەموو شتێک وا هاتە پێش چاو کە پیاوێکە دەتوانێ یاخۆ بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی وا بگونجێنێ زۆر گومان بڕەوێنێتەوە کە پێیان وا بوو ماوەی دەسەڵاتەکەی تەنیا نەخشەیەکی کاتییە. ئێستە دەرکەوت پیاوەکە هەنگاوێکی هاویشت، لە پیاوێکەوە کە نەخشەیەکی خێرا هێنایە سەر تەخت بۆ رووبەڕووبوونەوەی دۆخێکی لەناکاو، بۆ پیاوێک کە بەرجەستەی قۆناغێکی گواستنەوە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بکا.

لەوکاتەدا لێدوانم بۆ کۆوارێکی لبنانی دا و تێیدا گوتم "دەسەڵاتی

"موبارەک" پێدەچێ قۆناغێکی گواستنەوە بێ، بەڵام ئەزموونەکانی مێژوو فێرمان دەکەن هیچ شتێک نییە هێندە توانای مانەوەی درێژخایەنی هەبێ لە رژێمێک کە خەڵک پێیان وایە راگوزەر و کاتییە".

"موبارەک" نامەیەکی سەرزەنشتی بۆ ناردم لەسەر بەکارهێنانی وشەی "کاتی"، بەڵام سەیر لەوەدا بوو سەرنجی لەو بەشەی قسەکە نەدابوو کە باسم لە تەمەندرێژیی ئەو "کاتی"یە کردبوو!

رای زاڵ لە میسر و دەرەوەیدا بەو شێوەیە بوو کە تاقیکردنەوەی هێز و جێگیریی رژێمی نوێ رەهنە بە بەرێوەبردنی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی کە کاتی هاتبوو، زۆر کەس پێیان وا بوو ئەو هەڵبژاردنە دەبێتە "جۆرێک" لە گژبەر (تحدی)ی سیاسی بۆ سەرۆکی نوێ و چاودێریی هەڵبژاردنەکە زۆر لە توانا سیاسیەکانی دەردەخا.

لەبەر سەرقاڵبوونم بە ئامادەکردنی کۆبەرهەمی "شەڕی سی ساڵە" کە یەکەمیان "فایلەکانی سویس" بوو، نەمتوانی لەنێزیکەوە چاودێریی شەڕی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٤ بکەم، چونکە گەڕان بەدوای بەڵگەنامەکان و ریزبەندکردن و دانانیان لە جێبەندی خۆیاندا کارێکی قورس بوو، بەڵام کاتێ لەو کارەی سەرقاڵی کردبووم سەرم بەرز کردەوە، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە بۆم دەرکەوت موبارەکبە چاوپۆشین لە هەر حوکمێکی بەهایی بە شێوەیەکی داهێنەرانە رووبەرووی گژبەرە چاوەڕوانکراوەکەی بووەتەوە، سەیرەکە لەوەدا بوو کە شێوازەکە زۆر سادە و لەهەمان ساتیشدا زۆر ئاڵۆز بوو.

***

لە راستیدا ئەو شێوازە دامەزراندنی قوتابخانەیەکی جیاواز بوو کە دزەی کردە ناو سیاسەتی میسرییەوە، خۆشبەختانە دوو سەرچاوەم لەبەردەستدا بوو بۆ ناسینی قوتابخانەکەی "موبارەک" لەو کاتەی سیاسەتەکانی دەچێتە واری جێبەجێکردنی کرداری!

سەرچاوەی یەکەم: دیدارێکی دوورودرێژ بە دوو دانیشتن لەگەڵ لیوا "حەسەن ئەبو پاشا" (وەزیری ناوەخۆ)، ئەو بەرپرسەی سەرپەرشتیی یەکەم شەڕی هەڵبژاردنی لە سەردەمی موبارەکدا کرد.

حەسەن ئەبو پاشا ئەفسەرێکی پۆلیسی میسری بوو و زۆربەی ئەزموونی پراکتیکیی خۆی لە ئەمنی سیاسیدا بەسەر بردووە، کەسێکی دامەزراو و پابەندە، بەڵام لە ساتێک لە ساتەکاندا توانای دانبەخۆگرتن لەدەست دەدا و دەنگی نارەزیی هەڵدەبڕێ، جا چ بە لۆژیکی مومکین بێ یاخۆ مەحاڵ!

سەرچاوەی دووەم: چەند پەڕاوێک کە لیوا "محەمەد تەعلەب" (یاریدەدەری وەزیری ناوەخۆ لەپاڵ حەسەن ئەبوپاشادا) دەینووسین، کە ئەفسەرێک بوو لە جۆرێکی جیاواز و خاوەن هەستێکی مرۆڤانەی گشتی و هۆشیارییەکی مێژوویی نائاسایی بوو، تەعلەب وای بە باش زانیبوو بە ئاگەداریی وەزیرەکەی جۆرێک لە رۆژانەی شەڕی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٤ تۆمار بکا، دوو پەڕاو (کراسە)ی تەواوی بە خەتی خۆی لەبارەی رووداوەکانی ئەو شەڕە پڕ کردبوویەوە.

کاتێ ئەو زانیارییانەی شەڕی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٤م لە لیوا حەسەن ئەبوپاشا بیست کورسیی وەزارەتی ناوەخۆی بەجێ هێشتبوو، ئەو هەستی دەکرد ستەمی لێ کراوە و لە بریی خەڵکی تر بەرگەی هەندێ دەنگۆی گرتووە پێش لەوەی راستییەکەی ئاشکرا بکرێ، لەگەڵ بەردەوامیی گفتوگۆکەدا بەتایبەت لە دیداری دووەمدا، وردە وردە نەرم دەبوو و لەگەڵیشیدا شێوازەکەی "موبارەک" بۆ دەستگرتن بەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا روون دەبوویەوە و دەردەکەوت سەرۆکی نوێ زۆر زیاتر لەوەی هەیە کە خەڵکی تر بە رووکەش دەیبینن.

***

بە گوێرەی گێڕانەوەکەی لیوا "حەسەن ئەبو پاشا" (ئەو زانیارییانەیش کە لیوا تەعلەب لە رۆژانەی شەڕی هەڵبژاردنەکەدا تۆماری کردوون، پشتگیری

له قـسـەکـانـی دەکـا) "مـوبارەک" دانیـشـتنێکی بـەرایی لەگـەڵ وەزیری ناوەخـۆکـەیدا گـرێ دراوە و تێـڕوانینی خـۆی لـەبارەی هـەڵبـژاردنـەکـانی ئەنجوومەنی گولی نوێ بۆ روون کردووەتەوە:

١- سـەرۆک پێی وایە لـە هەڵبـژاردنەکـەدا کـە یەکـەم هـەڵبـژاردن بـوو لە سەردەمی ئەودا هەموو کەس مافی هەبێ "ئازادانە" خۆی کاندید بکا.

٢- سەرۆک بە لەبەرچاوگرتنی پێویستیی سەلامەتیی نیشتمانی ڕێژەیەکی سـەتـی دیاری دەکـا بۆ ئەو کـورسـیـیـانەی ئۆپۆزسـیـۆن بۆی هـەیە بەدەستیان بێنێ، ئەو بابەتەیش دواتر و کاتێ "وێنەکە" روون دەبێتەوە لەگەڵ وەزیری نـاوەخـۆ لەسـەری ڕێک دەکـەون، لەبـەرئەوەی دۆخی وڵات بەرگەی "گەمە" یاخۆ "سەرکێشی" ناگرێ!.

٣- سـەرۆک لیستێک ناوی لایە کا نایەوێ خاوەنەکانیان بـە هیچ شێوەیەک بچنە ناو ئەنجـوومـەنـە نوێیـەکـەو دواتر و کـاتێ بەتەواوی دەرکـەوت کێ خۆی بۆ پەرلەمانی نوێ کاندید کردووە و کێ نەیکردووە، ناوەکان دەداتە وەزیری ناوەخۆ!

شێوازەکە زۆر سادە بوو، "بلیمەتی"یەکەیشی لەوەدا بوو!

دەرگا کراوەیە بۆ هەر کەس ڕێژەیەکی سەتی بۆ حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەشـیـەوێ وەزیری نـاوەخـۆ لـە بازنـەکـانـی هـەڵبـژاردن و نـاوەکـانـدا دەستکراوەییـەکی لە رەفتارکردندا هەبێ، بەڵام لە چوارچێوەی ڕێژە سەتییە دیاریکراوەکـەدا! هەروەها لیـستی ئەو کەسانە دەداتە وەزیری ناوەخـۆ کە دەسـەڵات حەزی لـە چارەیان نییە و ڕێگەیان پـێ نادرێ بچنە ناو کێبـەرکێی هەڵبژاردنەکە و دیارە چوونە ناو ئەنجوومەنیش!، ئەو کەسایەتییانە جیاواز و جۆراوجـۆرن، کە چەند ئەندامـێکی حزبی نیشتمـانی و چەند کەسـێکی حزبەکـانی ئۆپۆزسیـۆنیشی تێدایە ئەمە هەمـوو شتێکە! (ئەمـە بە بڕوای وەزیری ناوەخۆ).

***

به گـوێرەی گـێـڕانەوەکـەی لیـوا حـەسـەن پاشـا و بە لەبەرچاوگـرتـنی "دۆخـەکـە"، وەک لە مـوبارەکی بیـسـتـووە، ڕێسـاکـانـی گـەمـەکـە دەکـرا بەشـێوەیەکی گشـشـتی پاسـاوی هەبێ بەو مـەرجـەی، وەک ئەبو پاشـا لەناو قسـەکانیدا باسی کرد، "پلەیەک لە مەعقوولیەت"ی تێدا بێ کە ئەنجامەکان "پارسەنگ" بکا نەک ساختەی بکا.

بە بڕوای ئـەو ئەوەیش ڕەهن بوو بـەو ڕێژەیەی ڕێگە بـە ئۆپۆزسـیـۆن دراوە هدەسـتی بێنێ و هـەروەها سنووردارییی لیسـتی کـەسـە چارە نەویسـتراوەکان کە بەشداری و چوونە ناو ئەنجوومەنی گەلی نوێیان لێ قەدەغەیە.

بەڵام هەژانەکە کاتێ رووی دا کە بابەتەکە لە کۆبوونەوەی نێوان وەزیری ناوەخۆ و سەرکۆماردا یەکلا کرایەوە.

لە کۆبوونـەوەکـەیان لە پێش و پاش هەڵـبژاردنەکەدا، حـەسـەن ئـەبو پاشـا شتێکی لە "مـوبارەک" بیست، کە بە گوتەی خـۆی سـڕی کردووە، ئەویش ئەوە بووە کە:

١- سـەرۆک ئامادەیە ٥٪ی کورسییەکان بداتە ئۆپۆسـیـۆن، واتە نێـزیکەی ٢٠ کورسی بۆ هەموو حزب و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن پێکەوە.

٢- لیستی کـەسـە ئێسک گرانەکـان لای دەسـەڵات زۆر گەورەتر بوو لەوەی چاوەڕوانی دەکرد، واقی وڕما کاتێ بینی یەکەم کەسیان "سامی موبارەک"ی برای سەرۆک موبارەک خۆیەتی.

توندگیریی "سـەرۆک" بەرامـبەر کـاندیدکردنی براکـەی شـتێکی سـەیر بوو، "مـوبارەک" گـەیشـتـە ئـەو رادەیەی بڵـێ فـەرمـانـی کـردووە نـاوی براکـەی لە لیسـتی کـاندیدەکانی حـزبی نیشـتـمانی بسـڕێتـەوە، بەڵام بیسـتی دوای ئەوە چووە بۆ حـزبی وەفـد تا داوا لە مـامـۆسـتـا "فـوئـاد سـیـراجـەدین" بکا لەسـەر لیسـتی حـزبی وەفـد کـاندیدی بکـا، "فـوئـاد سـیـراجـەدین"یش پێشنیـازەکـەی سـامی قبووڵ کردبوو.

شـتە كتوپڕەكـان لای وەزیری ناوەخـۆ تا دەهات زیاتر دەبوون، لەبەرئەوەی "مـوبارەک" "ئوسـامـە ئەلبـاز"ی ناردبووە لای "فوئـاد سیـراجـەدین" تا براكـەی نەخاتە ناو لیستی وەفدەوە، بەڵام شكستی هێنا، ئەنجـا "موبارەک" داوای لە وەزیری ناوەخـۆكەی كرد خـۆی پێـوەندی بە "فـوئاد سـیـراجـەدین"ەوە بكا و بەناوی سـەرۆكەوە پێـی رابگەیەنێ كە نایەوێ براكەی لـەسـەر لیسـتی وەفد بچێتە ناو هەڵبژاردنەكەوە!

ئەبو پـاشـا بەڵێنی دا پێـوەندی بـە "فـوئاد سـیـراجـەدین"ەوە بكـا، ئەنجـا (لەگەڵ سـەرۆک) چووە سەر بابەتە سەرەكییەكە، چونكە پێی وابوو "شـێوازە موبارەكییـەكەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكە"، هەروەهـا پێشنیـازكردنی هەندێ هەمواركردن كە بە گونجاوی زانیبوون، قابیلی گفتوگۆ و قسەلەسەركردنن.

یەكەمیـان: جەنابی سـەرۆک بفەرمـوێ و چاو بەو رێژەیەدا بخشێنێتەوە كە بۆ ئۆپـۆزسـیـۆنی تەرخـان كـردبـوو و لە ٥٪ەوە بۆ ٢٠٪ واتە نێـزیكەی ١٠٠ كورسـی زیادی بكا، ، پێی وا بوو ئەوە كار لە زۆرینەی سێدووی ئەنجوومەنی گەل ناكا، كە ئەو رێژەیە رێگە بە هەمواركردنی دەستوور دەدا (ئەگەر شتێک هاتە پێش ئەوە بخوازێ).

دووەم: سەرۆک لیستی بلۆككراوان بۆ چوونە ناو پەرلەمان كورت بكاتەوە، كە یەكەمیان سامی موبارەكی برایەتی.

ئەبوپـاشـا وەک لـە شـاخ بـەری بدەیتـەوە واقی وڕ مـا كـاتـێ بینی سـەرۆک "موبـارەک" بە قسـەكانی گڕی گرت و نەڕاندی "سـامـی ناچێتـە ژوورەوە یانـی ناچێتە ژوورەوە"!

ئەبوپاشا گـوتی "بەڵام جەنابی سـەرۆک وەزارەتی نـاوەخۆ بەدواداچوونێكی بۆ هەڵوێستی مامـۆستا سامـی كردووە و دەركەوتووە دەتوانێ لەو بازنەیەی خۆی تێیدا كاندید كردووە بەئاسانی دەربچێ".

موبارەک وەڵامی دایەوە "مەحاڵە"!

ئەنجا سەرۆک بە وەزیری ناوەخۆکەی گوت:

"حەسەن" تۆ زیاد لە پێویست پاڵەپەستۆ دەخەیتە سەر مێشکم، ئێستە میزاج وشەی Moodی ئینگلیزی بەکار هێنابووی ئەوەم نییە درێژە بەقسەکردن لەگەڵت بدەم".

ئەنجا هەستا و وەستا و کۆتای بە دیدارەکە هێنا و لە ژوورەکە چووە دەرێ و وەزیری ناوەخۆکەی بەتەنیا بەجێ هێشت تا ئەویش بۆ دەرگاکە بگەڕێ تا لێیەوە بچێتە دەرێ!

***

لە دەفتەری رۆژانەی شەڕی راگەیاندنەکەدا (وەک لیوا تەعلەب یاریدەدەری وەزیر بەخەتی خۆی تۆماری کردبوو) هەندێ ئاماژەی بۆ ئەو دیدارە تێدایە، بەو دەستەواژەیەشەوە کە "سەرۆک میزاج Moodی ئەوەی نییە بتوانێ زیاتر لەوەی گوتوویەتی و دیاری کردووە، لەبارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە گفتوگۆ بکا!

شەڕەکەی سەرۆک "حوسنی موبارەک" لەگەڵ سامی موبارەکی برای، لە زۆر وردەکاریدا ئاماژە بە سرووشتگەلێک دەکا راڤەکردنی دژوارە.

سەرۆک تەنیا بەوە نەوەستا بە وەزیری ناوەخۆکەی رابگەیەنێ کە بەهەر نرخێک بووە نابێ براکەی لە هەڵبژاردنەکەدا دەربچێ، بگرە هەندێ زێدە رێوشوێنی تریشی بۆ ئەو مەبەستە گرتەبەر کە بەلای وەزیری ناوەخۆوە نامۆ بوون، لەوانە پێوەندی بە وەزیری حوکمی خۆجێیشەوە کردبوو و داواکەی لەویش دووپات کردبووەوە، بگرە نووسینگەکەی پێوەندی بە هەندێ لە بەڕێوەبەرانی ئاسایشیشەوە کردبوو.

لیوا محەمەد تەعلەب لە دەفتەری تێبینییەکانیدا چەند تێبینیەکی تۆمار کردووە کا مایەی سەرسوڕمانن:

تێبینیی یەکەم: لە زاری لیوا حەسەن ئەبوپاشای وەزیری ناوەخۆی گواستووەتەوە کە زۆریی پاڵەپەستۆکان لەسەری وای لێ کردووە بە دەقی

قسەکانی بڵێ "تەعلەب دەزانی، تەنیا چارە بۆ ئەم دۆخە ئەوەیە من بمرم"!

تێبینیی دووەم: یاریدەدەری وەزیری ناوەخۆ بە دەق دەنووسێ "نازانم نهێنی چییە لە پێداگریی ئەو (مەبەستی سەرۆکە) لەسەر دەرنەچوونی براکەی تا ئەو رادەیە، تا گەیشتوومەتە ئەو وێنایەی کە ئەوە ئەوە رقی لە براکەیەتی نەک بەپێچەوانەوە"!

تێبینیی سێیەم: چەند رۆژێک بەر لە هەڵبژاردنەکە وەزیری ناوەخۆ داوای دیمانەی موبارەکی کردووە، ئامانجیشی ئەوە بووە باسی براکەی لەگەڵ بکا (دیارە لەناو هەندێ بابەتی تریشدا)، بەڵام "موبارەک" رەتی کردەوە و گوتی میزاج Moodی ئەوەی نییە وەزیری ناوەخۆکەی ببینێ. ئەوەیش یەکەم جار نەبوو "موبارەک" ئەو دەستەواژەیە لەگەڵ حەسەن پاشا بەکار بێنێ. پاش تکا و رجا، "موبارەک" وەڵامی دایەوە "حەسەن پاش هەڵبژاردن یەکتر دەبینین"!

(پاش هەڵبژاردنەکەیش مەوعیدەکەمان دەرچوون بوو لە وەزارەتەکە)!

***

بەڵام دەفتەرەکانی لیوا تەعلەب شتی لەمە سەیرتریان تێدا تۆمار کراوە، چونکە لە کۆتای رۆژی هەڵبژاردنەکاندا دەرکەوت وێڕای گشت هەوڵەکان سامی "موبارەک" زیاتر لە ٧٠٪ی دەنگەکانی ئەو بازنەیەی هەڵبژاردنی بەدەست هێناوە کە خۆی تێدا کاندید کردبوو!

فەرمان لە سەرۆکەوە هات کە "هەرگیز!" (شتی وا نابێ) و دەبێ لێژنەی باڵای جیاکردنەوەی دەنگەکان کارەکانی رابگرێ تا نێردەیەکی تایبەتی سەرۆک دەگاتە ئەو جێیە، هەر وایش بوو، ئەوە بوو ئوسامە ئەلبازی راوێژکاری سەرۆک گەیشتە بارەگای سەرەکیی لێژنەکە و داوای سەرلەنوێ جیاکردنەوەی دەنگەکان و رەفتارکردنی "ژیرانە"ی کرد تا سەرۆک تووڕە نەبێ، دیمەنەکە بۆ هەمووان بێزارکەر بوو، کارتەکانی دەنگدان بە ئامادەبوونی چەند ئەندامێکی لێژنە گشتییەکە جیا کرانەوە، ئەم جارەیش

ئەنجامەکان لە بەرژەوەندیی سامی یەکلاکەرەوە بوون بە رادەیەک ئیتر هیچ "ژیری"یەک دادی نەدەدا، چونکە دیمەنەکە لەبەرچاوی هەمووان نمایان بوو و پێچلێدانی، دەبێتە رسواییەک کە دەبێ لەبەر سەرۆک خۆی خۆی لێ بەدوور بگرن!.

ئوسامە ئەلباز گەڕایەوە لای سەرۆک و هەوڵی هێورکردنەوەی دەدا کە ئەوان لەبەردەم شتێکی دەستەویەخە (ئەمر واقیع) Fait accompli دان، بە گوێرەی گێڕانەوەکەی وەزیری ناوەخۆ سەرۆک "موبارەک" هیچ چارەیەکی نەماوە، تەنیا گوتوویەتی "ئەبو پاشا باجی هەڵەکەی دەدا"!

بەو شێوەیە "حەسەن ئەبوپاشا" لە وەزارەتی ناوەخۆ دەرچوو!

***

پاش چەند مانگێک بەڕێز سامی "موبارەک" داوای بینینمی کرد، وادەیەکم بۆ دیاری کرد و لەکاتی خۆیدا هات، لەبەردەمم لە نووسینگەکەمدا دانیشت و دەستی بە قسە کرد، ویستم سەرنجی بۆ ئەوە رابکێشم کە رەنگە نووسینگەکەم جێمتمانە نەبێ بۆ ئەو شتانەی دەیانڵێ، وەڵامی دایەوە "هیچ باکی نییە ئەگەر حوسنی خۆی گوێی لەو قسانەی بێ، چونکە پاش ئەوە وڵات "بۆ ئەو" بەجێ دێڵێ و دەچێتە ئەڵمانیا".

سامی موبارەک دەستی بە گێڕانەوەی سەرگوزشتەیەکی دوور و درێژ کرد لەبارەی پێوەندیگەلێکی خێزانیی سیخناخ بە گرێی قووڵ و ئاڵۆزکاریی ئاشکرا کە هەمووی بە تفت و تاڵی قانگ درابوو، بە بڕوای من هیچی بۆ ئەوە ناشێ قسەی تێدا بکرێ.

بەڵام ناتوانم نکولی لەوە بکەم بەو هۆیەوە کۆمەڵێ دڵەخورپەی تر بۆ دڵەخورپەکانی تری رابردووم کە دەمویست خەفەی بکەم، زیادی کرد!.

***

## چەماوەیەک لەسەر رووبار

لە کەشوهەوای ئامادەکاری بۆ "سێیەمین خولی سەرۆکایەتیی موبارەک"دا وام بە باش زانی بەپێی توانا لە دووریپەکەی زیاترەوە چاودێری بکەم، بەبێ ئەوەی بەتەواوی لە رووداوەکان داببڕێم و هیچ پێوەندییەکم بەوەی دەگوزەرێ نەمێنێ.

لام روون بوو تەنیا من نیم کە لە حەیرەتدام، بگرە زۆر کەس وەک لە حیرەتدان، رەنگە ئەوە حیرەتی مێژوو خۆی بێ لەبارەی پیاوێک کە هەندێ خەڵک پێیان وایە باش دەیناسن، جا دەردەکەوێ ئەوانە هیچ شتێک نازانن!

***

لەو کاتەدا وا دەهاتە پێش چاو کە رێڕەوی رووداوەکان لە رواڵەتدا بەس نین بۆ بینینی ئەوەی لەژێر رووبان (سطح)ەکەوە روو دەدا، بە رواڵەت کرچ و کاڵی و سستی و شپرزی سیمای زاڵ بوون بەسەر بڕیاردا لە میسر.

بەڵام لە هەمان کاتدا دەرکەوت کە میسر لە قووڵایی خۆیدا بەدەم چەندان کارلێکەوە شەپۆل دەدا کە بزاوتەکەی تا دێ خێرا دەبێ و هۆکارەکانی تێک دەرژێن، کەس نایانبینێ، بەڵام زۆر نابا ئاسەوارەکانی دەکەونەسەر رووبانەکە.

بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو باوەڕە سەری هەڵدا کە ئاستێک لە بێئومێدیی چاوەڕوانی لە ناوەخۆدا تەشەنە دەکا و لەرێی دەرکەوتنی دەرەکییەوە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو دۆخەی ناوەخۆ دەدرێ، شتەکان لەدەست دەچوون و ئەو گومانە زاڵ بووە کە "دەرەکیی ناودەوڵەتی" وەک پەردەیەک بۆ شاردنەوەی کەموکورتیی ناوەخۆیی بەکار دەهێنرێ.

جارێکی تر راشکاوانە بابەتەکەم لەگەڵ "ئوسامە ئەلباز"دا تاوتوێ کرد، رای وا بوو کە "بواری کارکردن لەناوەخۆدا سنووردارە و رەنگە کاری دەرەکی شتێکی پێ زیاد بکرێ"، ئوسامە لێی پرسیم "ئاخۆ ئەوە لە سەردەمی جەمال عەبدولناسریشدا رووی نەدەدا؟" گوتم "کاری دەرەکی لە کاتی جەمال عەبدولناسردا لە خزمەتی ناوەخۆدا بوو، وەک نموونە ئاماژەم بە شەڕی دروستکردنی "بەنداوی عالی" کرد کە بەبێ ئەوەی پێویست بکا بچینە ناو وردەکاری مەغزاکەی ئەوە بوو کۆتائامانجی بایەخدان بە سیاسەتی دەرەوە لەو کاتەدا (سوودی) ناوەخۆ بوو".

هەروەها گوتم "واتە بەشی سەرەکیی ئەو کۆششە بۆ تەواوکردنی پرۆسەی ئازادکردنی دنیای عەرەبی بوو، بەتایبەت لە کەنداو و یەمەن، ئەنجا جەختکردن لەسەر سەربەخۆیی ئەفریقیا بە تەرکیزکردن لەسەر دەوڵەتانی حەوزی نیل و دەوروبەری، لە کۆتاشدا پێکهێنانی بەرەیەکی فراوان لە دەوڵەتانی دنیای سێیەم، کە خواستی بەرگری لە ئازادی و دادپەوەرییە لە کۆمەڵگەی دەوڵەتاندا".

بەڵام ئێستەبە ئوسامە ئەلبازم گوت وا دەبینم چالاکیی دەرەکی ئاراستەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکرێ، تا وای لێهاتووە سەردانکردنی بووەتە حەجێکی ساڵانەی دەوری بۆ واشنتۆن، وادەکەیشی وەرزی بەهارە لەگەڵ هەر سەرۆکێکی ئەمەریکادا!

کەژاوەی گەشتکاران بۆ واشنتۆن، بەمەبەستی پشوودان ماوەیەک لە پاریس و لەندەن لادەدەن، ئەنجا لەڕێی ئۆقیانووسەوە بەرەو کەناری ئەمەریکا دەکەنەوە رێ.

ئەو رۆژە بە ئوسامەم گوت "هەندێ لە سیاسەتوانانی ئەوروپا چی تر ئاسوودە نین بەو جۆرە سەردانانە بۆ پایەتەختەکانیان و تکام لێ کرد بە سەرۆک "موبارەک" بڵێ کە من خۆم لە سەرۆکی فرنسا میتێرانم بیستووە

کە "پاریس لەوە گرینگترە ببێتە وێستگەیەک لەرێی گەیشتن بە واشنتۆن".
بەو واتایەی میتێران دەیەوێ هەست بکا کە سەردانەکەی سەرۆکی میسر بۆ فرەنسا بۆ سەردانی فرەنسا بێ، نەک وێستگەیەکی حەوانەوە لەرێی چوون بۆ ئەمەریکا!

جیا لەوەیش سەرۆک میتێران وەک لێیم بیست دەیەوێ ئەو دیدارانە کارنامەیەکیان هەبێ کە سوودیان بۆ هەردوو وڵات هەبێ، بەشێوەیەک پێش هەر دیدارێک لەرێی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕان و گفتوگۆی وەزیرانی دەرەوەوە ئامادەسازییان بۆ بکرێ.

بەڵام ئەوەم بە ئوسامە نەگوت کە میتێران لای خۆم سکاڵای دەکرد لەوەی زۆربەی دیدارەکانی لەگەڵ موبارەک، دانیشتنی سیاسی نەبوون، بگرە بۆنەگەلی کۆمەڵایەتی بوون بۆ گێڕانەوەی راز و سەربردەی کۆمەڵایەتی، کە زۆربەشیان دەچنە خانەی "دووزمانی" لەبارەی سیاسەتوانانی تری عەرەب کە سەرۆکی موبارەک وەک گاڵتە و پێکەنین دەیانگێڕێتەوە.

***

ئەو رووکردنە دەرەوەیە لە بنەڕەتدا شتێکی بێ خێر بوو، چونکە ئامانجی کۆتا تێیاندا سوودی ناوەخۆ نەبوو، نە لە روانگەی سوودای ناوەخۆوە دەستیان پێ دەکرا و نە بەویش کۆتایان هات، کە کۆتا ئامانج بیناکردن بێ لەسەر بنچینەکان و خزمەتکردنی لە رووی نیشتمانی یاخۆ نەتەوەییەوە. هەرچی گەشتەکانی سەرۆک و لەشکری شانەکانیەتی بۆ لای ئەو زلهێزانە، کە ئەنجامەکەی لافاوێک لە وێنەیە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و شاشەی تەلەڤزیۆنەکان، کۆششگەلێکی نەزۆکن، نە ئەنجام و نە داهاتێکیان نییە، بگرە تەنیا بەکارهێنانی شتی نەبووە لە داواکردنی مەحاڵدا، ئەویش لەبەرئەوەی ئەو زلهێزانە بە حیساباتی "هێز و توانا" مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تر دەکەن و تەنیا لۆژیکی سوود و قازانج دەیانبزوێنێ، بەڵام کاتێ ئامانج

وەک دەیبینین پەردەپۆشکردنی کەموکوڕیی ناوەخۆ بێ بە سایەی دەرەوە، ئەوا بە چاوپۆشین لە قەبارەی شاندەکان و زۆریی وێنەکان و خەرجەکانی گەشتەکە! بەرەنجامەکە سفر و خوارتریش دەبێ!

لەپڕ لە کەشوهەوای ماوەی سێیەم سەرۆکایەتیدا لە میسر ڕووداوێک ڕووی دا، ئەوە بوو لە ٢٥ شوباتی ١٩٨٦ یاخیبوونی ئەمنی ناوەندی تەقییەوە و ئاسایش تێکچوو و ئەوەی "بن بەڕە هاتە سەر بەڕە" و سەرۆک "موبارەک" ناچار بوو بۆ گێڕانەوەی جڵەوی دەسەڵات پەنا بۆ هێزە چەکدارەکان ببا.

ڕاستە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا دەسەڵات گەڕایەوە، بەڵام ئەو ئەنجام و دەرهاویشتانەی لە ڕووداوی یاخیبوونی ئاسایشی ناوەندی کەوتنەوە، قڵیشانێکی گەورەتری دروست کرد لەوەی تەنیا یاخیبوونی هێزێکی نیزامی بێ لە دەسەڵاتی دەوڵەت، هەروەها ئاسەوارەکانی تەنیا بەوە تەواو نابێ هێزە چەکدارەکان دابەزنە شەقام.

ڕەنگە من ئەو ڕووداوە بە نیشانەیەکی دیار لەبارەی ڕێژیمی "موبارەک" بزانم کە شایانی ئەوەیە زۆر لە ئاستیدا بوەستین، لەبەرئەوەی تێکچوونی پێوەرەکان بەشێوەیەک زیادی کرد کە لە بریی دابەزینێکی ڕێژەیی وەک پێشتر، بەرەو داخزان بڕوا!

هۆی گۆڕانی دابەزین بۆ داخزانیش ئاشکرایە، لەبەرئەوەی یاخیبوونی ئاسایشی ناوەندی سەختگیرانە موبارەکی لەبەردەم دوو بەرەدا ئاشکرا کرد:

بەرەی دەرەوە، لەبەر ئەوەی ڕوونی کردەوە چ بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان یاخۆ هێزەکانی تر کە پێگەی "موبارەک" لە دەسەڵاتدا بەو شێوەیە پتەو نییە کە وێنایان دەکرد پاش سەرکەوتنەوەی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیدا.

ئەنجا بەرەی ناوەخۆ، لەبەرئەوەی ئەو تەنگژەیە موبارەکی لەبەردەم هێزە چەکدارەکاندا کە دواین پەناگەیەتی بۆ مانەوە ئاشکرای کرد، ئەم تەنگژەیە وای لێکرد پەنا بۆ دوا پاڵپشتەکەی ببا و بیکاتە پارێزەری یەکەمی خۆی، ئەوەیش حوکمڕانی لەژێر چەتری دەستوورەوە دەبا بۆ لای کوتەکی ئەمری واقع دەبا، جیاوازییەکی گەورەیش لەنێوان ئەو دووانەدا هەیە!

***

بۆ نیشاندانی هەستیاریی هەڵوێستەکە لەو قۆناغەدا، رەنگە ئاماژەدان بە پێوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆک "موبارەک" و دواتریش دیدارێک لەگەڵ موشیر "عەبدولحەلیم ئەبوغەزالە" (وەزیری بەرگری و فەرماندەی هێزە چەکدارەکان) بەس بێ.

پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی سەرۆک "موبارەک" لەبارەی ئەوەوە بوو کە من لە وتارێکدا لە "اخبار الیوم"دا باسم لەوە کردبوو کە یاخیبوونی ئاسایشی ناوەندی "رەنگدانەوەی دۆخگەلێکە کە دروست نییە تەنیا وەک پرسی ئاسایش سەیر بکرێ، بگرە پێویستە وەک کێشەی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی دوورتر و قووڵتر سەیر بکرێ".

بە قسەکانی سەرۆک موبارەکدا دیار بوو کە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە، ئەو گوتی کە من زۆر زیاتر لە قەبارەی خۆی لەسەر ئەو رووداوە قسەم کردووە. هەروەها گوتی "من خۆم نیگەران نەبووم، لە یەکەم ساتەوە دەمزانی دەتوانم بە هێزە چەکدارەکان یاخیبوونی ئاسایشی ناوەندی تەخت بکەم".

کاتێ لێم پرسی ئەی چی دەڵێ لەبارێکدا هاوتەریب بەوە "ئەگەر هێزە چەکدارەکان یاخی بوون، چۆن یاخیبوونەکەیان تەخت دەکا؟!

سەرۆک "موبارەک" ساتێک داما و ئەنجا گوتی "سەردەمی کودەتا سەربازییەکان بەسەر چوو"!

***

دیدارەکە لەگەڵ "ئەبوغەزالە"یش لە ماڵەکەی خۆیدا بوو لە خانوویەک لەسەر رێی باڵەفرگەی قاهیرە لەبەرامبەر تەلاری کۆلێجی حەربی، لەبەر هەر هۆیەک بێ لەو ساڵۆنەی تێیدا دانیشتبوون قورئان لێ دەدرا بە دەنگی شێخ "عەبدولباست عەبدولەسەمەد"، بە چاوی خۆم سەرچاوەی دەنگەکەم نەدی، بەڵام قورئان خوێندنەکە بەدرێژایی دوو سەعات قسەکردنی ئێمە هەر بەردەوام بوو.

ئەبوغەزالە قسەی زۆری کرد، لەوانە گوتی "کەسانێک هەن لای سەرۆک چاڵی بۆ هەڵدەکەنن، وای بەگوێدا دەچرپێنن کە ئەو "موشیر ئەبو غەزالە" خۆی لە موبارەک بە شیاوتر دەزانێ بۆ سەرۆکایەتی".

ئەبوغەزالە بە متمانەبەخۆبوونێکی ئاشکراوە گوتی "سەرۆکایەتی بە بای خەیاڵمدا نەهاتووە، چونکە من ئەوەندە لە دۆخی وڵات ئاگەدارم کە قەناعەتم پێ بکا هەر لەجێی خۆم بمێنمەوە".

ئەنجا گوتی "ئەمە ئەگەر سەرۆکایەتیی لە خواستەکانم بێ، کە وا نییە، ئاخر خۆ لەکاتی رووداوەکاندا (یاخیبوونی ئاسایشی ناوەندی) تانکەکانم لە هەموو جێیەکی پایەتەخت ئامادە بوون، ئەگەر لە بەرنامەمدا بوایە دەست بەسەر دەسەلاتدا بگرم، تەنیا ئەوەندەی دەویست ئەفسەرێک (تەنانەت بە پلەی مولازمیش) بچێتە ستۆدیۆکانی ئێزگە و تەلەڤزیۆن و بەیاننامەیەک بەناوی منەوە بخوێنێتەوە و چیرۆکەکە لە ٥ خولەکدا تەواو دەبێ، ئەوکاتە گەل ئامادە بوو پێشوازی لێ بکا و هەروەها هەموو دنیاش ئامادە بوو دۆخەکە قبووڵ بکا"!

لەو بارودۆخەدا و پاش رووداوەکانی ئاسایشی ناوەندی، لەنێوان داواکاریی خەڵکە نیگەران و بەگومانەکان لە میسر لەلایەک و چەندان رەگەزی ئیقلیمی و ناودەوڵەتیدا یەکانگیربوونی زەرورەتەکان هاتبووە کایە، ئەویش لە ململانەیەکی گەورەتردا کە بە فراوانیی رۆهەڵاتی ناوەڕاست و

بەبەشداریی زۆربەی هێزەکانی جیهانیش، پەل دەهاوێژێ.

ویلایەتە یەکگرتووەکان یەکەم لایەنی دەرەکیی بایەخدەر بوو بە رۆهەڵاتی ناوەڕاست (پاش ئەو تا رادەیەک بەریتانیا و رەنگە هی تریش)، هەموو ئەو هێزانە شوێنی ناوچەکەیان بەلاوە گرینگە و سەرچاوەکانی بەلایانەوە بایەخدارن، هەمووشیان ناتوانن لەرێی شەڕێکی رووهەڵماڵراوەوە کار بۆ مەرامەکانیان بکەن، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکان کە پاش ئەزموونی "ڤێتنام" هێشتا سڵ دەکاتەوە لەوەی پێ بنێتەوە سەر خاکی وڵاتێکی ئاسیایی، هەرچی بەریتانیایە ناتوانێ شتی وا بکا.

یەکێتیی سۆڤیەتیش (دووەم زلهێزی دنیا) سەرقاڵی دواین جەنگی بوو لە دەرەوەی سنوورەکانی لە ئەفغانستان. دەزگاکانی ئاشکرایان کرد کە هەواڵگریی ئەمەریکایی خەریکی دزەکردنە بۆ ناو ئیپراتۆریەتەکەی و ئامانجی وروژاندن و هەڵنانی گەلانی ئیسلامییە لە کۆمارەکانی باشووری ئیمپراتۆریەتەکە، ئەو شوێنەی بۆ وروژاندن بەکار دێ "ئەفغانستان"ە، ئەو چەکەیش بۆ وروژاندنی هەستی خەڵک بەکار دێ "ئاین"ە، بەو شێوەیە یەکێتیی سۆڤیەت لە داگیرکردنی ئەفغانستانەوە گلا (بەڵگەنامە ئەمەریکاییەکان پێش لە هی تر ئاشکرای دەکەن "کرملین" بە ناچاری ملی بەرەو داگیرکردنی ئەفغانستان ناوە یاخۆ وای دەبینێ و ئەوە پلانێک بووە بۆ راوکردن و داچۆڕاندنی لە شاخە سەختەکان و دۆڵە ترسناکەکاندا، ئەویش لەرێی جەنگێکی پارتیزانییەوە کە چاوەڕوانی دەکا و خوێن و چەک و ناوبانگی! دادەچۆڕێنێ).

بەو تێوەگلانە دەرفەتی دایە گەشەی بانگەشەیەکی بەهێز بەناوی "جیهادی ئیسلامی دژ بە ئیلحاد".

لەوکاتەدا ناوچەرگەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست لە کەشوهەوای بلەرزەکەی شۆڕشی ئیسلامیدا دەژیا کە رێژیمی شای ئێرانی سەرنگون کرد و

حوکمڕانی و دەسەڵاتی خۆی لە گرینگترین وڵاتی کەنداو دامەزراند، کە گەورەترین زێدی نەوت و دراوسێی نێزیکی ئەفغانستانە بە هەموو ڕووداوەکانی ناویەوە. هەروەها بانگەشەی شۆڕشی ئیسلامی، بەتایبەت لە سەرەتاکانیدا، دڵەخورپەی زۆری دروست کرد کە ریشەیەکی مێژوویی قووڵیان هەیە، چونکە ئێران نەتەوەیەکی ریشەدارە و مەزهەبە شیعییەکەی لە شانەخشێ(احتکاک)ی هەندێ جار زبر و هەندێ جاری تر نەرمدایە لەگەڵ مەزهەبە ئیسلامییەکانی تر، بە دیاریکراوی لەگەڵ مەزهەبی ئەهلی سوننە.

فیتنەی مەزهەبی سووتەمەنییەکی ئامادەیە بۆ هەر کەس بیەوێ ئاگر لە تەواوی خانەی ئیسلام بەربدا، هەروەها بڵێسەی ئاگر بەرز بوویەوە!

واتە ئەوە یەکەم جار شەڕی جیهاد دژ بە ئیلحاد و دووەم جاریش شەڕی نێوان مەزهەبە ئیسلامییەکانە!

لەپاڵ ئەمەدا، هۆکارەکانی گرژی و ترس و نیگەرانی لە کەنداو روویان لە زیادی کرد و دەوڵەت و مەشێخە و میرنشینییەکانی کەنداوی تووشی دڵەڕاوکە کرد، کە خۆیانیان لەنێوان دوو ئاگردا بینییەوە، ئاگری دراوسێکەی رۆهەڵاتیان لە پاکستان کە بوو بە بنکەی سەرەکیی شەڕی جیهاد دژ بە ئیلحاد لە ئەفغانستان، هەروەها ئاگرێکی تر کە بەهۆی ڕووداوەکانی ناو ئێرانەوە لە باکوورییەوە بڵێسەی دەدا. بەکورتی کەنداو لە دوو بەرەدا خۆی لە ناوجەرگەی جەنگدا بینییەوە: لە رۆهەڵاتەوە لە ئەفغانستان لەرێی پاکستانەوە (ئەمەیان جەنگی جیهاد دژ بە ئیلحاد بوو)، لە باکوریشەوە لەڕێی عێراقەوە (ئەمەیان شەڕی مەزهەبە ئیسلامییەکان بوو)!

لەو ساتە لە ژیانی رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا زەروراتی لایەنە جیاوازەکان بوونی هاوپەیمانییەکی لەنێوانیان دەسەپاند کە تێیدا چەند لایەنێکی دوورلەیەک بەیەک گەیشتن و ڕێڕەوێکی جیاوازی بۆ ڕووداوەکان دروست دەکرد. شتی وا لە سرووشتدا روو دەدا، بەو واتایەی لەوانەیە بلەرزەیەک لە

ناوچەکـەدا روو بدا، لە خـاکـێک دەدا کـە رەنگە چ پێش و چ پا بلەرزەکـە خاکێکی فش بووبێ، لە تەنیشتیشیدا رووبارێک هەیە لێوانلێوە لە ئاو و خـەریکە ئاوەکـەی لە کـەنارەکـانیـەوە فـوارە بکاتە دەرەوە. لەپڕ ناوچەکـە دەلەرێتـەوە و قڵیشێک لە خاکەکەدا دروست دەبێ و ئاوەکە شـەپۆل دەدا و دەبێ بە چەمـاوەیەک لەسـەر رووبارەکـە و بەدەوری رێڕەوە بنـەڕەتییـەکـەیدا دەسووڕێتەوە، یاخۆ لقێکی تر بۆ خۆی بە ئاراستەیەکی نوێ دروست دەکا.

لە سیـاسـەتیـشدا لەو ساتـە مێژووییـەدا شـتێکی هاوشێوە لە ناوچەی رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا رووی دا، چەندان زەرورات لەسەر گۆڕەپانی نائارامی ناوچەکە هەرێمـەکە بەیەک گەیشتن و هێڵێکی خوار و خێچیان لە رەوتی رووداوەکاندا دروست کرد، کە لەسـەر نـەخشـە وەک چەماوەی سـەر رووبار دەردەکەوێ!

لەو سـاتە پڕ لە زەروراتەدا، بارودۆخی مـیـسـر بەهۆی کارلێکی رووداوە ناوەخۆییەکانی و و یاخیبوونی ئاسایشی ناوەخۆی لە ناوەڕاستیدا بەدوای یەکدا دەهات و کـاریگەرییـەکـانی کـەڵەکـە دەبوون، لەنێـویدا ئاشکرابوونی دەسەڵاتی حوکمڕانی و دەرکەوتنی دوو چەقی هێز لە قاهیرە، لەگەڵ بوونی پێوەندیگەلێکی نائارام لەنێوان "موبارەک" و "ئەبوغەزالە"دا، کە هـەریەکەیان دەیەوێ پاڵپشتی و پشتیوان بۆ خۆی پەیدا بکا.

***

زۆر کـەس پێـیـان وا بوو مـیـسـر چارەسـەرە بەتایبـەت لەگـەڵ چەند ئیعتیباراتێکی لەناکاودا:

میسر دەوڵـەتێکی گەورە و بنەڕەتییـە لە ناوچەکەدا، هەروەها بارودۆخی وڵاتەکـە پاش پەیماننامـەی ئاشـتی (لەگـەڵ ئیـسـرائیل) کـایەی جـووڵەی سنووردار کـرد و ئێـسـتـە پـەرۆشـە بۆ بینینی رۆڵێک کـە بیگێـڕێتـەوە ناو ناوچەکە.

ئەم وزەیە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندیشە بە لاوانێک ئامادەن بۆ جیهادکردن لەدژی ئیلحاد.

لەناو ئەم وڵاتەدا هەندێ روویان کردە توندوتیژی و هەندێکیش لارییان نییە لەوەی ئەو توندوتیژییە بۆ دەرەوەی میسر هەناردە بکەن تا لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە و بە شتێکی ترەوە سەرقاڵی بکەن کە ئاگایان لە ناوەخۆی میسر نەمێنێ.

لەوەیش گرینگتر میسر لە هەمان کاتدا ئەمبارێکی گەورەی چەکی سۆڤیەتی لەلایە کە پێویستی پێی نەماوە، لەبەرئەوەی سیستەمی خۆچەکدارکردنی گۆڕیوە بۆ سیستەمی رۆئاوایی (بەدیاریکراوی ئەمەریکایی)، سیاسەتی میسر کار لەسەر ئەوە دەکا ئەو چەکانەی ماون و کاری پێیان نییە بفرۆشێ، لەچەند دەستەوارەیەکدا زۆر لەو چەکانەی بە عێراق فرۆشت، لەبەرئەوەی پێویستیی "سەدام حوسێن" لە جەنگەکەی دژ بە ئێران هەموو سنوورەکانی تێ پەڕاندبوو، پێویستییش وا لە بخوازی چەک دەکا هەر مەرجێک قبووڵ بکا.

لەوکاتەدا زۆر کەس لەوانەی دەکۆڵینەوە، بۆیان دەرکەوت رەنگە فۆرمی ئەفسووناوی بۆ جێبەجێکردنی هەموو زەروراتەکان لە قاهیرە بێ، بەتایبەت لە دوو پیاودا: "موبارەک" و ئەبوغەزالە، یەکەمیان سەرۆکایەتیی دەوڵەتی میسری لەدەستدایە بە هەموو قورسایی و تواناکانی لە دیاریکردنی سیاسەتەکاندا، دووەمیشیان زێدەچەکی هەیە و توانای مرۆیی مەشقدراوی بۆ شەڕ هەیە.

لەنێوان ئەو دوانەیشدا، چینێک لە میسر هەیە ئامادەیە هەر شتێک بکا لێی داوا بکرێ، بەتایبەت ئەگەر سامانی نەوت ئەو داوایەیان لێ بکا و هەژموونی ناودەوڵەتیشی لەپشتەوە بێ!

***

ویژدان دەخــوازێ ئەوەیش بگوترێ کــە هەریەک لەو دوو پیــاوە پاڵنەری "رەوا"ی هەبوو بۆ چوونە ناو گــۆڕەپانە فــراوان و نیگەرانەکــەی ئەودیو سنوور.

موبارەک تێڕوانینی وایە ئەڵبەت بە گریمانەکردنی نیازپاکی ئەم ساتە و هێزی سەرنجکێشانی سیاسی و گەورەیی سەرچاوە مرۆییە بەردەستەکان لە میسر، لە گەرمەی روداوەکاندا توانای ئەوەی دەداتێ یارمەتیەکی دارایی گەورە بەدەست بێنێ و بۆ سووککردنی تەنگژەی ئابووری میسر کەڵکی لێوەربگرێ، هەروەها خزمەتی ئەو خواستانەش دەکا کە شەهیەیان بۆ دەڵەمەندبوون لەو وڵاتە کرایەوە، بەڵام رووداوەکانی ئاسایشی ناوەندی زروای بردن.

ئەبو غەزالەیش لای خۆیەوە پێی وایە ئەمیش بەگریمانەکردنی نیازپاکی دەتوانێ لە هەمان جەنجاڵدا دەسکەوتی بەنرخ بەدەست بێنێ، وەک ئەوەی بازاڕێک بۆ ئەو چەکە سۆڤیەتیانەی میسر بدۆزێتەوە کە پاش گۆڕینی سیستمی چەکدارکردنی میسر بۆ سیستمی ئەمەریکایی، کاری پێیان نەماوە. پێی وایە بەو پارەیەی لەو فرۆشتنە دەستی دەکەوێ، دەتوانێ چەکی زیاتر لە رۆئاوا بکرێ، هەروەهادەتوانێ ئامرازی فراوانتر دابین بکا بۆ چوونە ناو بواری دروستکردنی موشەک، هەروەها هاوتەریب دەتوانێ لەوانەی خزمەتی سەربازییان تەواو کردووە لە میسر و خەریکە ئازاد دەکرێن و هیچ دەرفەتێکی کار چاوەروانیان ناکا و مەترسی هەیە گرووپە توندڕەوەکان بیانبەن، کەسانی خۆبەخش بۆ جیهاد دەستەبەر بکا. دوور نییە ئەوانە پارەی چەور بخرێتە بەردەمیان ئەگەر بێتو قایل بن بە شاندانە بەر مەترسیەکانی "خۆبەخشین" لە ریزەکانی جیهاد دژی ئیلحاد، لێرەدا پاداشت دووقات دەبێ، پاداشتێکی جیهاد و دەسکەوتی شەڕەکەیش!

رەنگە بەلای هەردوو پیاوەکەوە ئەو کارە بۆ سیاسەتی ناوخۆی میسر

کوشتنی چەند چۆلەکەیەک بێ بە یەک بەرد.

یەکەم چۆلەکە دەسکەوتنی سەرچاوەیەکی دارایی گەورەیە .

دووەم چۆلەکــە ئەو گــەنجــانەن ئـامــادەن بۆ جــیــهــادکــردن، کــە ناردنەدەرەوەیان باشترە.

ئەنجـا، کـە ئەمـەیـان جـوانتـرین و رەنگاڵەترین چۆلـەکەیە، هـەردووکیـان دەتوانن لەرێی ئەو رۆڵەی دەیبینن، لـەدەرەوە شتێک حـاسڵ بکەن کـە بتـوانن بەهۆیەوە رەسیدی خۆیان لە ناوەخۆ بەرز بکەنەوە.

(بۆ ئـەمــانەتیش دەڵێم دەتوانرێ بگـوترێ ئـەو مــاوە پڕاوپڕ لە رووداوە، پارەیەکی زۆری بۆ میسـر دەستـەبەر کرد کە باری هەندێ لە تەنگژەکـانی سووک کرد)!

***

سیـاسـەتی مـیسـری لە سالانی سـەرەتای نەوەتـەکانی سـەدەی بیـستـەم گەلێک رۆڵی هـەسـتـیاری بەخـۆوە دی کە هەردوو پیـاوەکە پێی هەڵدەسـتـان، رۆڵەکان هەندێ جار یەکانگیر دەبوون و هەندێ جاریش کێبەرکێیان دەکرد، لە زۆربەی حـاڵەتەکـانیدا، لە مـیـانی هـەوڵی دابەشکردنی تایبـەتمەندیـەکان لەنێـوان ئـەو دوو پیــاوەدا کــە لە شــەراکــەتێکی شـلۆقـدا بوون لە نـاوەندی جـەنجـاڵیـیـەکدا کە دۆ و دۆشـاو لەناوچەکەدا تێکەڵ بووبوون، یەکـتـرییـان دەبڕی، ئـەویش لە ملمــلانەیەکـدا لـەســەر بـالادەســتـی، هـەژمــوون، پارە و داهاتوو!

لای زۆر کـەس وابوو، کـە مـیـسـر چارەسـەرە، بەتـایبـەت لەگـەڵ هـەندێک بۆچوونی چاوەڕواننەکراودا:

– مـیسـر ولاتێکی گەورەیە لە ناوچەکەدا و بناغـەیە، پاشـان بارودۆخـەکەی دوای پەیمانی ئـاشـتی بواری کـارەکەی دەسـتنیـشـان کرد و بەتاسـەوەیە رۆڵێک لە ناوچەکەدا بیگێڕێت.

- ولاتێکە خەریکە دەبێتە عەنباری وزەیەکی مرۆییی دیارنەکراو.
- ئەم وزەیە سەرچاوەیەکی لێوانلێوە بەلاوانێک ئامادەن بۆ جیهادکردن دژ بەئاتەئیزم (الالحاد).
- لەم ولاتەدا ئەندامەیلێک هەن بەرەو توندوتیژی ملیان نا، هەن ڕێگری ناکەن لەوەی بەرەو دەرەوەی میسر بنێررێت، تاکو لێی ڕزگار بێت و بەشتێکەوە سەرقاڵی بکات دوور لە ناوەخۆی میسر.

لەمەش گرینگتر میسر خەزێنەیەکی زەبەلاحی لە چەکی سۆڤیەتی هەیە پێویستی پێ نییە (چونکە چەکدارکردنەکەی بۆ ولاتە ڕۆئاواییەکان گواستەوە، بەتایبەت ئەمەریکا)، ئیدی سیاسەتی میسری هەوڵی دا چی پێویست نییە پاڵی پێوە بنێت، ئەوە بوو زۆریانی بەعێراق فرۆشت، چونکە پێویستییەکانی "سەدام حوسێن" لە جەنگەکەیدا دژ بەئێران لە سەرووی هەموو بۆچوونەکانەوە بوو، پێویستییش وا لە داواکاری چەک دەکات بەهەموو مەرجەکان ئامادە بێت.

ئا لەو کاتەدا بۆ زۆرێک دەرکەوت، شێوازی ئەفسوونئامێزی وەفاداری بەگشت پێویستییەکانەوە دوور نییە لە قاهیرەدا بێت، بەدیاریکراویش لە دوو زەلامدا: "موبارەک" و "ئەبوغەزالە".

یەکەمیان، سەرۆکایەتیی میسری بەدەستەوەیە بەهەموو ئەوانەی دەیاننوێنێت، هەروەها بەگشت ئەو توانایەی هەیەتی لە پاڵپشتی سیاسی.

دووەمیش، چەکی زۆری هەیە لەگەڵ توانای مرۆییی ڕاهێنراو لەسەر شەڕکردن.

لە نێوان ئەو دووانەشدا چینێک لە میسردا هەیە ئامادەیە بۆ ئەوەی لێی داوا دەکرێت، بەتایبەت ئەگەر سامانی نەوت داوا بکات، ئەوکات دەسەلاتی نێودەوڵەتییش پشتگیریی دەکات!.

***

جـێی خـۆیەتی بـوترێت، هـەر یـەک لەو دوو پیـاوە پاڵنـەر "پڕۆژە"ی خـۆی هـەبوو بۆ چوونە ناو گۆڕەپانە فراوان و نیگەرانەکەی دەرەوەی سنوور.

"موبارەک" بەنیـازپاکییەوە واهەست دەکات ئەم ساتە، بەهێزی ڕاکێشانی سیـاسـی و فـەراهـەمـبوونی سـەرچـاوە مـەزنـە مرۆییـیـەکانـەوە لە مـیـسـردا، لە هـەرای ڕووداوەکاندا یارمـەتیـی ماڵیی گـەورەی بـەربکـەوێت، سـوودیان هـەبێت بۆ سـووککردنی توندی قـەیرانە ئابوورییـەکەی مـیـسر، هـەروەها خزمـەت بـەو حەزانەی بکات، کە ئارەزووی دەوڵەمەندبوونی تێدا دەکات.

"ئەبوغـەزالە"ش لای خـۆیەوە وای بۆ دەچێت (هـەڵبـەت ئەویش لە قـاڵبی نیـازپاکـیـیـەوە) لە هـەمـان بگرەوبـەردەدا دەسکەوتەیلێک بەدەست بهـێنێت نرخـیـان هـەبێت، وەکـو ئـەوەی بازاڕێک بۆ چەکی سـۆڤیـەتی بدۆزێتـەوە، کە دوای گۆڕینی سیستـەمی چەکدارکردن لە میسردا بۆ چەکدارکردن بەچەکی ئەمەریکایی، ئیدی پێویستی پێی نییە، ئەویش بەو داوایانەی ئەم فرۆشتنانە بەدەسـتی بهـێنن، دەتوانێت کـڕینی چەک لە ڕۆژئاوا پتـر بکات و دابینی شـێـوازی فـراوانتـر بۆ چوونـە ناو بواری دروسـتکردنی ڕۆکـێـتـەوە بکات، هـەروەها بەهاوتەریبی دەتوانێت خۆبەخش بۆ جیهاد فەراهەم بکات، لەوانەی خزمـەتی سـەربـازییان لـە مـیـسـردا تـەواو کـردووە و خـەریکە دەردەچن و هیچ دەرفـەتی کـارێک چاوەڕوانیـان نیـیـە و ترس لەوەی "گرووپە توندڕەوەکان"ی مـیسر بیـانگرنە خۆیان، ئینجا مـەزەندەکردنی ئەوەی دەکرێت بەپارەی زۆر تەفرە بدرێن، ئەگەر مەترسیی "خۆبەخشی"یان لە ڕیزەکانی جیـهاد دژ بەبێ خـوایی قـبـووڵ کـرد، ئالێـرەدا پاداشـتـەکـە دووقـات دەبێت، پاداشـتی جیهادکردن و سوودی شەڕکردن!.

ڕەنگە ئەم دوو پیـاوە پێکەوە وابزانن، بەنیـسـبـەت سـیـاسـەتی نـاوەخـۆیـی میسرەوە، ئەوا بەبەردێک چەند چۆلەکەیەک دەپێکن.

– یەکەمیان سەرچاوەی داراییە هەڵدەقوڵێت.

– دووەم، هەندێک لە لاوان لەوانەی ئامادەی جیهادن، ڕەوانەی دەرەوە بکرێن باشترە.

– پاشان، ئەمەش ئەو چۆلەکەیەیە، کە جوانتر و ڕەنگینترە، هەردووکیان دەتوانن لە میانەی ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێت، لە دەرەوە ئەوە ببینێتەوە، کە لە ناوەوە پاڵپشتیی دەستمایەکەی بکات.

(بۆ ئەمانەت بڵێین، دەکرێ بوترێت لەم ماوەیەدا پارەیەکی زۆری بۆ میسر دابین کرد، کە لە هەندێک لە قەیرانەکانی دەری هێنا).

***

سیاسەتی میسری لەو سالانە و لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیستدا ڕۆڵگەلێکی هەستیاری گێڕا، ئەو دوو پیاوە پێی هەستان، جار جار ڕۆڵەکان یەکیان دەگرتەوە و هەندێک جاریش لە ململانێدا بوون، زۆر دەمیش یەکتریان دەبڕی لەگەڵ هەوڵی دابەشکردنی پسپۆڕی لە نێوان ئەو دوو پیاوەدا لە هاوبەشییەکی پڕ لە نیگەرانیدا لە نێوان هەرایەکدا لە ناوچەکە شیرازەی تێک چووبوو. ململانێ لەسەر زاڵبوون، لەسەر دەسەلات، لەسەر پارە و لەسەر ئایندە!.

ولاتە یەککگرتووەکانیش "بەتوندی" بوونی لە قاهیرەدا هەبوو و ولاتە یەککگرتووەکان "توندتر" لە کەنداودا بوونی هەبوو.

بەشێوەیەک لە شێوەکان موبارەک "سەرۆکی دەوڵەت" بووە شارەزا لە پێوەندی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی لە واشنتۆن (ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکاشی لەگەڵدا بوو) و دەزگەکانی خێزانە فەرمانڕەواکان لە ولاتان و میرنشینەکان و شێخەکانی کەنداودا.

"ئەبوغەزالە"ش هاوتەریب بووە پسپۆڕ لە پێوەندییە کردەییەکاندا لەسەر زەوی و بەسەرکردایەتیی ناوەندی ئەمەریکایی، کە بەرپرسە لە ئاسایشی ڕۆهەلاتی ناوەڕاست، بێگومان بەهاوکاری لەگەڵ دەزگەکانی هەواڵگری و

چەک لە کـەنداودا، هەمــووشــیــان بێ ئاوارتە لە ئەندامــانی خـێــزانە فەرمانڕەواکانن لە وڵاتەکانیاندا.

هەڵبەت لەپشت ئەم دوو پیاوەوە کەسانێک لە گرووپەیلی تازە، کە لە میسر بەدەرکەوتن، دزەیان کرد، لە پاشەوە هاتن و کۆشان دەستیان بەچی بگات لە تاڵان و بڕۆ کۆی بکەنەوە.

ئەو ماوەیە بوو شتی سەیر و سەمەرەی زۆری بەخۆوە بینی. بۆ نموونە، جیهادکردن لە "ئەفغانستان"دا پێویستی بەشەش هەزار هێستر هەبوو، چونکە هێستر لە گشت ئاژەڵەکان پتر بەرگەی چیاکانی "ئەفغانستان" دەگرێت، یەکێک لە خاوەنکارە شانسدارەکان هێنانی شەش هەزار هێستری لەقوبرسەوە گرتە ئەستۆ و بۆ "ئەفغانستان"ی بارکردن.

دواتر یەکێک ئاشکرای کرد شێخ "زاید"ی سەرۆک وڵاتی میرنشینەکان دەیەوێت لە گوێدرێژەکانی میرنشینەکان ڕزگاری بێت، چی گوێدرێژ لە وڵاتەکەیدا هەبوو کۆی کردنەوە و وەکو دیاری ڕەوانەی کردن بۆ ئەوانەی لە گوندە میسرییەکاندا ئاتاجین، لێ گوێدرێژە دیارییەکان پیاوی خۆیان هەبوو وەری بگرن و دواتر بەئەفغانستانی بفرۆشنەوە، هەرچەندە داواکراو نەبوو، کەچی گەیشتە گۆڕەپان، دەکرا بۆ گواستنەوە بۆ بەرەکانی دواوەی جیهاد بەکار بهێنرێن و هەر واش کرا!.

جیهادکردن دژ بەئاتەئیزم پێویستی بەزۆرە، وێڕای چاوپۆشی لە هێستر و گوێدرێژ، هەڵچوونی دەڤەرەکە بۆ میسر دەبێتە بازاڕێکی کراوە بۆ هەموو شتێک، کڕیاریش هەمیشە هەیە و پارەش زۆر!.

سەرەڕای ئەوەی پێوەندییە سیاسییەکان لە نێوان میسر و وڵاتە عەرەبییەکانی تردا لە زۆربەی ئەو کاتانەدا بڕابوو، لە ئەنجامی ڕێکەوتنی یەک لایەنەی نێوان میسر و ئیسرائیلدا، ئەو ماوەیە لەودیو پەردەوە شێوە نزیکبوونەوەیەکی دەگمەنی بەخۆوە بینی، چونکە پێویستییە ڕاستەوخۆکانی

لایەنەکان (نەک بیرۆکە و پڕۆژەی نەتەوەیی) بوونە چوارچێوە و دەفر و پاڵنەر و بزوێنەر!.

***

لە میسر دۆخێکی توند لە ئاشووب لە نێوان سیاسەت و چەک و پارەدا بەدەرکەوت، هەروەها لە نێوان بڕیاری سیاسی و کاری هەواڵگری و لە نێوان دەسەڵاتی ئاینی و چەکی دەسەڵات، جیهاد هێندەی پێویستی بە"هەڵلووشینی" پارە بوو، ئەوەندەش ئاتاجی"دەرکردنی" فەتوا هەبوو!.

هەروەها ناوەخۆی میسر لە دۆخی ڕێژەوی دراوەکیی "سیولە نقدیە" مەترسیداردا بوو، لەو سەروبەندەدا موبارەک گورزی کوشندەی خۆی لە نەیارە گەورەکەی لەناو میسردا وەشاند، ئەویش موشیر ئەبوغەزالە بوو، بەشێوەیەک وەشاندی زانی دەسمایەی لە ناوچەکە و لە شوێنەکانی بڕیار لە واشنتۆن گەورەترە لە دەسمایەی نەیارەکەی، هەروەها وا بەدڵنیاییەوە لێی دا، کە سەرەڕۆییەکەی دیاریکراو بێت، جا ئەگەر لە ناوەوەی میسردا بێت، یا لە دەرەوەی!.

ئەو لایەنی کاریگەرتر بوو لە جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا، بەتایبەت دۆخەکەی ڕێگەی والا کرد بۆ گەڕانەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ ولاتە عەرەبییەکانی تردا (بەفەرمی) و بەواقعییش.

***

لە ناوەڕاستی ئەم قۆناغەدا شتێکی تازە ڕووی دا، ئەوە بوو مامۆستا "ئیبراهیم سەعدە"ی (سەرنووسیاری "اخبار الیوم") سەردانی کردم، بەلای ئەوەوە ماقووڵ نەبوو نووسینەکانم لە سەرجەم ڕۆژنامەکانی جیهان ببینرێن و لە میسردا نەبن.

بانگهێشتنکردنم بۆ نووسین لە میسردا، کە دڵتەنگی بۆ هەندێک لە ناوەندی دەسەڵات دروست کرد، بڵاو بووەوە، بەڵام سەرۆک موبارەک

(ڕاستی بڵێین) بەرگریی لە بانگهێشتنم بۆ نووسین کرد!.

لە ڕاستیدا دڵنیا نەبووم لەوەی من بەمانای تەواوی وشە نووسینم لێ قەدەغە کراوە، کارەکە وەکو زۆرێک لە شتەکانی تری ئەو ڕۆژگارە تێکەڵکردنێکی تێدا بوو، لێ ئەوەی لێی دڵنیام لەلایەن خۆمەوە، هیچ ڕۆڵێکم لە ڕۆژنامەوانیی میسری نەدەویست، باوەڕم وابوو کە جووڵەی زەمەن و بەدوای یەکداهاتنی نەوەکان کێشەیەکە شایانی ئاوڕلێدانەوەیە، کەچی وێڕای ئەوەش بانگهێشتنەکەم قبووڵ کرد!.

***

ئەوکات (زۆرێک) بایەخیان بەوەدا کە دەینووسم و ئەوی دوای بێدەنگی و گەڕانەوەم بۆ سەر نووسین لە میسردا دەیڵێم.

هەروەها دوکتۆر ئوسامە بازیش سەری لێ دام، پرسیاری ئەوەی لێ کردم سەبارەت بەچی دەنووسم، فەرمووی و پێشنیازی ئەوەی بۆ کردم، ئەو بابەتەی دەستی پێ بکەم لەسەر شەڕی عێراق-ئێران بێت، کە بەڕای ئەو لەو کاتەدا خەڵکی پێوە سەرقاڵ بووبوو، قسەم لەسەری نەکرد، چونکە هەر بەکردەنی من بابەتی خۆم هەڵبژاردبوو و نەم دەویست پێشوەخت قسەی لەسەر بکەم و شەرمەزاری بکەم، چونکە دامنابوو لەسەر بابەتی "دروستکردنی بڕیاری سیاسیی میسری ئێستا" بنووسم، مەزەندەم دەکرد ئەو بابەتەیە، کە زۆر پێی لەسەر داگیرا لە نێو ئەو ڕووداوانەی لە میسر و ناوچەکەدا ڕوویان دا!.

***

یەکەمین وتار بەدەرکەوت، لە پێگەی بەتەنگەوەهاتنەوە لەسەر سەلامەتیی بڕیاری سیاسیی میسری ڕەخنەی تێدا بوو، پتر لەوەی ئۆپۆزسیۆنی ڕەتکەرەوە بێت، لێ ڕایەکە بەدڵی موبارەک نەبوو و دڵتەنگی کرد، من خۆم ئەمەم دانابوو وابێت، بەڵام کاردانەوەی موبارەک دوورتر بوو لەوەی

مـەزەنـدەم دەکـرد، ئەوی بێ مــەبەست ئەمــەی بۆ گـواسـتـمــەوە، ئەندازیار "حـەسـەبولڵا کفـراوی" بوو، کـە لە ڕۆژی دەرچـوونی وتارەکـەی "اخـبـار الیـوم" لەناکاو سـەردانی کردم، تاکو پێم بڵێ "ئەو ئەمـڕۆ لە فڕۆکەدا بەرەو غـەرنەقە لەگەڵ سـەرۆکدا بوو، وتارەکەی من بەدرێژاییی گەشـتەکە شوێنی قسـەوباس بوون و سەرۆک زۆربەی کات دەموچاوی لێک نابوو، کاتێک بەکفـراویم گوت، من لە دۆستایەتییەوە ڕەخنەم گرتووە، دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

"چ دۆستایەتییەک، تۆ سەرۆکت لە شوێن قوتابییـەک داناوە و پەنجەکانیت بەڕاستە شکاندووە"!.

(حەسـەبولڵا کفراویی ئەندازیار تا ئەودەمـەش بڕوای بە موبارەک باش بوو، بەڵام کابرا لە شـوێنی خـۆیـەوە شـتـەیلێکی بینی وایان لێ کرد تێلا ببینێت نەک تەنیا قامک شکاندن)!.

لە دوای بـڵاوبـوونـەوەی هـەردوو وتـاری یـەکـــــەم و دووەم ســـــەبـارەت بەدروسـتکردنی بڕیاری سـیاسـی لە میسـردا، دەسـەڵات بەهەموو شـێوەیەک کـەوتە خـۆی، بەتـایبـەت لە حـزبی نیشـتـمـانیدا، ئیـدی ناچـار بووم بەکورتی بدوێم، بەنیـاز بووم لەسـەر "دروستکردنی بـڕیاری سیـاسـی لە میـسـردا" سێ وتار بنووسم، بەدووەم وازم هێنا و ناردم بۆ مامۆستا ئیبراهیم سەعدە.

ڕاستـییـەکەی من نەم دەویست شـەرمەزاری بکەم، بەتایبـەت زانیم دەرفەت لە بەرابەریدا هەیە، تا سـەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی کارگێڕیی "اخبار الیوم" وەربگرێت.

## ڕۆڵ یاخۆ فەرمان

جـیـهـانی عـەرەبی لەو کـاتی خـەریک بـوو بچـێتـە قـۆناغـێکی قـورسی مێژوویییـەوە، لە باشترین دۆخیدا نەبوو، دە ساڵی نێوان نیوەی حەفتاکان و نیوەی هەشتاکان کارەسات بوو بۆ جیهانی عەرەب.

بەراییی ئەو هـاوپەیمانییـە مـەزنەی لە سـاڵی ١٩٧٣دا شـەڕی ئۆکـتـۆبەری گێڕا و لە مێژووی نوێی عەرەبیدا بێ پێشینە بوو، هەروەها تا ئەم ساتەش پاشینەی نەبوو، ئەوە بوو هەڵوەشایەوە و ڕایەڵەکانی شی بوونەوە.

جەنگ لە ئۆکتۆبەر بەچەک لە دوو بەرەدا هەڵگیرسا:

میسـر و سووریا، لە پشت ئەو دوو بەرەیەشەوە پاڵپشتیی سەرجەم نەتەوە بەسووربوونێکی سـەرسەختانەوە ڕیزی بەستبوو، لەودیو مکوڕبوونەکەشەوە یارمــەتیی بـەردەوام لە تەقـەمـەنی و پـارە و هێـزی نـەوت لە گـەڕدا بـوو، ئەو ئەنجـامــانەشی لـە گـۆڕەپانەکـانی شــەڕدا بەدی هاتن، لە ســەرەتاکـانی جەنگەکەدا دڵخۆشکەر بوون، بەڵام ڕێگەکان لە ناوەندی شەڕداجیاواز بوون!

هەروەها هەینێ شەڕەکە وەستا، جیهانی عەرەبی لە تەنگژەدا بوو، چونکە میسر ویستی بەتەنێ ئەوە بدۆزێتەوە، کە پێیان دەگوت ڕێگەی ئاشتی.

پاشـان کەوتنەکـان بەدوای یەکدا هاتن: لـە جـەنگی ناوەخـۆی لەبنانییـەوە تاکو جەنگەکانی قـەرنی ئەفریقیایی، کە بووە هۆی ڕزینی وڵاتـی سۆمـاڵ، تا ململانێی نێوان باشوور و باکور لە سـوودانـدا، ئینجا جـەنگی عێراق-ئێران، تا وڵاتگیریی کوێت، بەمـانە و هـی تریش بینای پرۆژەی عەرەبی، کە وێڕای ئەو لەمپـەرانە هێشتـا بەپێوە بوو، ئیدی درزی تێکەوت، کاتێک مـیسـر هـەر خـۆی لەگەڵ ئیسـرائیلدا بەئاشتی دەرچوو، هەل بۆ کۆمەڵی ناوچەیی، یا خێزانیی

کـپکراو لەژێر پـاڵەپەسـتـۆی ڕەوشـەکـەدا ڕێک کـەوت، پرۆژەی کـۆبوونەوەی وڵاتانی کەنداویان هەبوون لـە ناوچەرگەی عـەرەبیـان دوور بخـاتەوە، کێشـەی تری بۆ جێهێشتن، سـامانی زۆریان لەگەڵ خـۆیاندا برد، هـەروەهـا "ڕێکخراوی هـاوکاریی کەنداو"یان دروست کرد، لە بەرامبەردا عێراق بەناوی "ئەنجوومەنی هـاوکاریی عەرەبی"ی پێشـنیاز کرد، کە عێراق و ئەردەن و میسر و یەمـەنیان تێدا بوو، پاشـان گفـتوگۆ و قسـەوباس لەسـەر یەکەتیی وڵاتە مـەغـاربییـەکان هـاتە گـۆڕێ، ئینجـا شـەڕی عـێراق بەسـەر کوێتـدا لەناوچوو و سـیسـتـەمی عەرەبی تەقییەوە، تەنانەت ئەگەرچی لەتەکان کۆشان بەلەتەکان بگەن!.

***

هـەرچەندە سیاسـەتی میسری لەو کاتەدا ئەندام بوو لە یەکەتیی عەرەبیدا، کـە لەگـەڵ عـێـراقـدا کـۆیان دەکـاتەوە، خـۆی و ئەردەنیش دەکـات بەبنکەی پاشـەوەی جـەنگ دژ بەئێران، دۆخی جیـهانی عەرەب و دراوسـێکانی هێندەی نەبرد شـتـی نوێ و باری قـورسـی خـرایە سـەر، بەتایبـەت شـەڕی جـیـهـاد دژ بەئـاتەئیــزم لـە ئەفــغــانســتــان و ئەوی بەدوای خــۆیدا هـێنای لـە تاڵان و دەسکەوت، کـە بـەســـەر دەڤــەرەکــەدا ڕژا، ئەم دەسـکەوتـانە بوون وایـان لە سیاسـەتـی میسـری کرد زوو هـاوپەیمانەکانی بگۆڕێت، وڵاتگیـریی عێـراق بۆ کوێت چاوی سـیاسـەتی مـیسـری سـوور کرد تا ڕۆڵێکی فراوانتـر بگێڕێت و ڕێگەکـان تێکەڵ بکات، ئەگـەر بەرگـریـی وڵاتگیـریی کـوێت دەرگـەی پاسـاو بکاتەوە بۆ وێرانکردنی عێراق خـۆی لە دابەشکردن و هـاوپەیمانیی ناکۆک و گۆڕاو، هـەروەهـا ململانێ و جەنگی بێ مانا، گشت ئەمانە کێشـەی فەڵەستین و ململانێی عەرەبی ئیسرائیلیان خستە گۆشە و پەراوێزەوە!.

هـەمـوو ئەمـانەش ئیـدی چەندێک شـتـەکان بخـرێنە ئەسـتـۆی لایەنەکانەوە! مـاکی نەخـۆشـیـەیلێک بوون تووشـی نەتەوەیەک هـاتن ناسـنامـە و یادەوەری و ڕێگەی خۆی ون کردبوو.

***

لەو کـاتەدا گـرێبـەسـتـێکم لەگـەڵ خـانەی "هـاربەر کـۆڵێنز" (لە لـەندەن و نیویۆرک) مۆر کردبوو، سێ کتێبی لـەسەر ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاستدا لەخۆ گرتبوو، سەرۆک ئەنجـوومەنی کـارگێڕییـەکەی "ئیدی بێڵ" لێی پرسیم، ئەگەر ئامادەییم تێـدا هـەبێت دەست بکەم بەنووسـینـی کـتـێبـێک لەسـەر ئـەو جـەنگەی کـەنداو، منیش ڕەزامەندیم دەربڕی و کارم لەسەری کرد، ئیدی هەندێک لە ڕۆژنامەکانی مـیسـر و دەرەوەی بڵاویان کردەوە، کە من کتـێبێـــک دەنووســـم ناونیـشـــانی "Illusions Triumph" وەهـمەکانی هێز و سەرکەوتنم"م بۆ هەڵبژاردووە.

***

بەیانیـانێکیـان لە نووسـینگەکەمدا سـەرۆک مـوبارەک دوای دابڕانێکی زۆر پێوەندیی پێوە کردم، تا ڕادەیەک بێ پێشەکی کەوتە پێشمەوە و لێی پرسیم:

"لە یەکـێک لـە ڕۆژنامـەکانـدا خـوێنـدوویەتیـیـەوە، من بۆ عـەمـان دەچم بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ شـا حـوسـێن، چونکە تۆ کتـێبێک لەسـەر شـەڕی کـەنداو دەنووسیت"!.

بەسەرۆکم گوت: "ئەوی خوێندوویەتییەوە ڕاستە"!.

سەرۆکیش لێی پرسیم: "بۆچی شا حوسێن؟"!.

گـوتم: "چاوپێکەوتـن لەگـەڵ زۆری تریشـدا دەکـەم، ئەوی پێـوەندیی بەشـا حـوسـێنەوە هـەبێت، ئەو کـەسـەیە لە وڵاتگـیـریی کـوێتەوە تا لـێدانی عێراق لە پێوەندیدا بوو لـەگەڵ گشت لایەنەکانی قـەیرانەکەدا، بـەردەوام لە پێوەندیدا بوو لەگەڵ سەدام حوسێن و جۆرج بۆش و مارگرێت تاچەردا!.

سەرۆک موبارەک بەناڕەزاییەوە گوتی:

"تۆ لەمـەدا هـەڵەیت، چونکە حوسێن ئەو لایەنە نەبوو تا دوا سـات پێوەندیی بەهـەمـووانەوە کـرد، بگرە ئەوە من بووم هـەر لە یەکـەم سـاتەوە تا دوا سـات بەردەوام لە پێوەندیدا بووم".

سەرۆک موبارەک درێژەی بەقسەکانی دا و گوتی:

"هەرچی شا حوسێنە درۆت لەگەڵدا دەکات، تۆ بەخۆت دەزانیت"!.

هەرچەندە قسەکەی تووشی سەرسوورمانی کردم، گوتم:

"شا مافی خۆیەتی چی بڵێت، لەسەرمە ئەوی دەیبیسم جیای بکەمەوە، بەهەرحاڵ شا لە ڕێگەی سەرۆکی دیوانەوە پێی ڕاگەیاندم، حەزی لێیە بەتەواوی هەمبەر ڕاستییەکان ئاگادارم بکاتەوە، بێ خۆپاریزی هەموو پەروەندەکانم لە بەردەمدا دەکاتەوە، تاکو چیم بوێت ببینم".

سەرۆک سەبارەت بەبایەخی من بەکاغەز قسانی کرد، پاشان گوتی:

"هەڵبەت ئەمە هەرگیز دژ نایەتەوە لەگەڵ ئەوەی کێم بوێت چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەم".

***

بەرەو عەمان کەوتمەڕێ، دوو ڕۆژ بەدوای یەکدا شا حوسێنم بینی: لە ڕۆژی یەکەمدا لە سەعات یازدەی بەیانی، تاکو هەشتی ئێوارە، لە کۆشکی "الندوە" پێکەوە نانمان خوارد و قسە بەردەوام بوو، زۆربەی کات مامۆستا عەدنان ئەبوجۆدەی سەرۆک دیوان لەگەڵماندا بوو و هەر کات بمانگوتایا پەروەند و دیکۆمێنتەکانی ئامادە دەکردن.

گەڕامەوە ئوتێلی "ئینتەر کۆنتینێنتاڵ"، کۆمەڵێک دۆست و برادەر لە چاوەڕوانیمدا بوون، سیاسەتوان و بیریار و ڕۆژنامەوانان، لە نیوەی شەودا پێوەندییەکم لە شا حوسێنەوە بۆ هات، پێی گوتم: "ئەو دەزانێت من سبەی نیوەڕۆ بەفڕۆکەی ئەردەنی بەرەو قاهیرە دەگەڕێمەوە، ئەو پێشنیازی ئەوە دەکات سەعات دەی بەیانی جارێکی تر پێکەوە لە کۆشکی "الندوە"دا دابنیشین"، منیش پێم گوت: "بەر لە تۆزێک پێم ڕاگەیەنرا ژوانم لەگەڵ میر حەسەنی جێنشینیدا هەیە، کە هەر لە سەعات دەیە".

شا حوسێن پێی گوتم: "چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ میر حەسەندا ڕێک دەخات و لە بریی من داوای لێبوردن لە جێنشینەکەی دەکات، چونکە ئەو بەخۆی

"شا حوسێن" شتی پێیە و بەپێویستی دەزانێت ئەوی قسەمان لەسەری دەکرد تەواوی بکەین (هەرچەندە قسەکانمان ٩ سەعاتی خایاند)".

لە سەعات دەی بەیانی گەڕامەوە کۆشکی "الندوه"، تاکو سەعات دوازدەی نیوەڕۆ شا شتی بۆ ڕاڤە دەکردم و دەیگێڕایەوە، هەستی بەنیگەرانییەکەم کرد تەماشای کاتژمێرەکەی دەستم دەکەم، لە ترسی ئەوەی نەکو فڕۆکەکە جێ هێڵێت (سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ)، بلەز گوتی:

"ئێستا ئاسوودەت دەکەم".

بیستەکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و فەرمانی دا فڕۆکەی قاهیرە هەڵنەستێت، تاکو من دەگەمە فڕگە، ئیدی لە قسەکردن بەردەوام بوو و سەعات دووی پاش نیوەڕۆی تێپەڕ کرد و هێشتا قسەکردن درێژەی هەبوو!

لە سەعات دوو و نیو گەیشتمە بان پەیژەی فڕۆکەکە، سەرنشینەکان لە کاتی دیاریکراو لە شوێنەکانیان دانیشتبوون، فڕۆکەکەش لە شوێنی خۆیدا بوو، سەرنشینەکان هۆی دواکەوتنی فڕۆکەکەیان نەدەزانی، پێیان گوتن هۆیەکەی هونەرییە، وەلێ لە دەوروبەری فڕۆکەکە شتێکیان بەدی نەکرد نیشانەی ئەوە بێت خەریکی بن، چاوەڕوانییان درێژەی کێشا، تاکو ئۆتۆمۆبێلەکەم گەیشتە بەردەم پەیژەی فڕۆکەکە، سەرکەوتمە سەرێ، واهەستم بەشەرمەزاری دەکرد خەریکبوو ڕوخسارم داپۆشم، نەم دەزانی چۆن داوای لێبوردن لە گشت ئەمانە بکەم، کە لەسۆنگەی منەوە دواکەوتن، کاپتنی فڕۆکەکە ڕزگاری کردم، بەخێرهاتنی کردم و داوای بەخشینی لە سەرنشینەکان کرد، بەوەی من لەگەڵ خاوەنشکۆ شا حوسێندا بوومە و ئەو دواکەوتنەش بەفەرمانی خاوەنشکۆ بووە!.

کاردانەوەی سەرنشینەکان بەخشندەیی لێ دەباری، بۆیە ئاهێکم پێدا هاتەوە!.

***

دوای گــەڕانەوەم بۆ قــاهـیــرە بەسێ ڕۆژ، پێــوەندییــەکم لە ســەرۆک موبارەکەوە پێگەیشت، بەبێ پێشەکی دەستی پێ کرد:

"درۆی بۆ هـەڵڕشـتـی (مـەبـەسـتی شــا حـوسـێن بوو) و چی ویست بۆی گێڕایتەوە، تا پاکانە بۆ هەڵوێستی خۆی بکات؟"!

"شتی چاوەڕواننەکراوی پێ دام، بۆی دەرکەوت چەند شەیدای دیکۆمێنتم، بەخـۆم لە وێنـەی ڕووداوەکان دەگـەڕێم، بڕیاری دا نـووسـراوە نـهێنییـەکانی سـەرکـردایەتیم پـێ نیشـان بدات، ڕێگەم پێ دەدات چیم بوێت بیـخـوێنمـەوە، بەو مەرجەی وێنەی لەبەر نەگرمەوە".

پاشان موبارەک بەردەوام بوو و پرسی:

"ئەی مـسـتـەفـا فـەقی (سکرتێـری سـەرۆک بـۆ زانیـارییـەکـان) برادەرت نییە؟!".

گوتم "ڕاستە".

گوتی: "مستەفا فەقیت بۆ دەنێرم، تا پەروەندەکانیش لەگەڵ خۆی بهێنێت، بەئامادەبوونـی ئەو تەماشایان بکە و چەنـدێک لە بەشێک بوویتـەوە، بەشێکی ترت بۆ دێنێت، تاکو خۆت دەتەوێت".

"چی دەڵێیت؟".

سـوپاسـی سـەرۆک مـوبارەکم کرد، کـە هێند ڕاسـتگۆیانە گرینگی دەدات، نیو سەعاتی نەبرد دوکتۆر مستەفا فەقی پێوەندیی پێوە کردم و گوتی:

"ســەرۆک فـەرمـانی پێ کـردووە پەروەندە نـهێنییـەکانـی سـەرکردایـەتیم سەبارەت بەشەڕی کەنداو پێ نیشان بدات".

ڕێچکەوتین سبـەی سـەعات یەکی پاش نیوەڕۆ لە نووسـینگەکەم سـەرم لێ بدات، پـاشــان دابـەزێت، تاکــو بەکــاتی ڕۆژووشـکاندندا بگات (لە مــانـگی ڕەمەزاندا بووین).

***

دوکتۆر مستەفا فەقێ لە کاتی دیاریکراودا هات، یاریدەرێکیشی لەگەڵدا بوو جانتایەکی چەرمینی زلی پڕ لە پەروەندی هەڵگرتبوو، لە بەرابەرمدا دانیشت، کردییەوە و گوتی:

"ڕێنوێنییەکان وایە چیم بوێت بیخوێنمەوە، بەڵام وێنەی هیچیان نەگرم".

بەستەیەک "کاروانی سەرۆکایەتی" دەرکرد، ئەو دەفتەرانەی پێوەندییەکانی سەرۆکیان تێدا دەنووسرێنەوە دوای پێوەندییەکە.

سەرقاڵی خوێندنەوە بووم، دوکتۆر مستەفا فەقێیش لە بەرابەرمدا دانیشتبوو چاوی لە سیمام بڕیبوو، پاشان پەروەندەکانی ناو جانتاکەی هەڵ دەدایەوە، یاخۆ تێبینییەکی بەپەلەی خۆشی دەردەبڕی، لێ کابرا (بەوریایی سیاسەتوانێکی شارەزا) هەستی بەناخم کرد، ئەودەمی کاغەزەکانی پەروەندێکم ئەمدیو ئەودیو دەکرد و بەخێرایی لە ناوەڕۆکەکەیم دەڕوانی، ناوبەناو تەماشای کاتژمێرەکەی دەکرد و کاتی شێوانیش پەیتا پەیتا نزیک دەبووەوە، وەکو خۆی گوتی بانگهێشتنی خوانی بەربانگی برادەرێکی بوو.

منیش ویستم ڕێگەکە کورت بکەمەوە، بەڕاشکاوی پێم گوت:

"پێم باشە لە خوێندنەوەی ئەم کاغەزانە بەردەوام نەبم و ئەو دەتوانێت ئێستا لەگەڵ خۆیدا بیبات و وابزانم ئەوەندە بەسە، داوای هی تر ناکەم ڕۆژانە بۆمی بهێنێت".

***

سەرنجی پرسیارئامێزم لە چاوانی دوکتۆر مستەفا فەقێدا دەخوێندەوە، بلەز لە سیمایدا ڕەنگی دایەوە، ویستی هەڵوێستی من بزانێت، منیش بەڕوونی گوتم:

"ئەوی لە کاروانی سەرۆکایەتی خوێندمەوە، وای لێ کردم هەست بکەم ئەم کاروانانە بەشێوەیەکی درەنگوەخت نووسراون، واتا دوای ڕووداوەکان نەک لەناویدا، ئەمەش لە نرخیان کەم دەکاتەوە، چونکە ئەوپەڕی بایەخی

کاروانەکان لەوەدان یەک بەیەک بنووسرێنەوە، چونکە ئەگەر ئەوی رووی داوە پاشان بنووسرێتەوە (وەکو من هەستم پێ کرد)، ئەوا بەئاراستەکردن نووسراوەتەوە، تاکو وێنەیەکی دیاریکراو بکێشێت مەرج نییە لەگەڵ ئەوی رووی داوە بێتەوە"!.

دوکتۆر فەقی لێی پرسیم، چی وای لێ کردم ئەم گومانە بکەم؟ منیش بەراشکاوی پێم گوت:

"وەکو کەسێک فێر بووبێت لە دیکۆمێنت بڕوانێت ئەم هەستەم لا ڕوا".

دیسانەوە دوکتۆر فەقی لێی پرسیمەوە: "باشە، چی بەسەرۆک بڵێم؟!".

گوتم: "من ئاریشەکە بۆ کارامەیی ئەو هەڵدەگرم، دەترسم ئەگەر بەردەوام بم لە خوێندنەوەی ئەو کاغەزانەی ڕۆژانە دەیانخوێنمەوە و (سبەی و دووسبەیش بۆمی بێنن و بیخوێنمەوە) ئەوا خۆم بەسەرچاوەیەکەوە ببەستمەوە قەناعەتم پێی نەبێت، من خۆم پێم باشە ئەوی دەینووسم بینووسم و پشت بەوە ببەستم، کە خۆم پێی دەگەم و بەسەرچاوەکانی قایل بم، بەڵام ئەگەر لە خوێندنەوەی ئەوی بۆم دێنێت و گومانم لێیان هەیە بەردەوام بم، ئەوا کۆت و بەندم بۆ دروست دەکات، ڕەنگە پابەندی شتێکم بکات، کە ڕەزامەندیم لەسەر نەبێ".

ئیدی دوکتۆر مستەفا فەقی کاغەزەکانی گەڕاندنەوە چەمەدانە گەورەکە و بانگی یاریدەرەکەی کرد، کە لە دەرەوەی نووسینگەکەم چاوەڕێ بوو، بێت هەڵیان گرێت و بیانکاتە ئۆتۆمۆبێلەکەوە، شانبەشانی دوکتۆر مستەفا فەقی بەرەو ئەسانسەرەکە بۆ دەرگەی نووسینگەکە کەوتمە ڕێ، چاوەڕوانی ئەسانسەرەکە بووم، لەپڕ (من بەڕاستگۆییم دانا) گوتی:

"مامۆستا هەیکەل... پشت بەوە مەبەستە کە دەینووسیت، تەنیا بەوەی متمانەت پێیەتی، ئیدی پرسیاری لەوە زیاترم لێ مەکە"!.

بۆ ڕۆژی دواتر، ئەو بەخۆی تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی ڕاگەیاندم، سەرۆک

ئاگادار بکەمەوە، کە کۆتاییم بەخوێندنەوەی پەروەندەکانی سەرۆکایەتی هێنا و ئەو لێی پرسیوە و لەسەر ئەو بنەمایەش لێم دەپرسێت: داخۆ کتێبەکە ڕەنگدانەوەی بۆچوونی ئێمە دەبێت، یاخۆ بۆچوونی شا حوسێن؟

منیش بەڕوونی گوتم:

"نە بۆچوونی ئێوە و نەیش هی شا حوسێن، بگرە وەکو هەر کتێبێکی تر، ڕەنگدانەوەی ماندووبوونی نووسەرە لە بەدواداچوونی بۆ بابەتەکەی، ئەمەش هەموو شتەکەیە"!.

***

بەڵام ئەمە هەموو ئەوە نەبوو، کە من دەم خواست، بگرە سەرەتای هەڵمەتێکی دڕندانە بوو، هەر هێندەی کتێبەکە دەرچوو و وەرگێڕرایە سەر زمانی عەرەبی، دنیایان بەیەکدا دا، ئەو شوێنە هەستەوەرانەی چیرۆکەکە، کە زۆرترین دژەنێوانی لەسەر دروست بوو (قیامەتی لەسەر هەستا) بریتی بوون لە:

– کەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سعوودیە دابەزین؟! داخۆ ئەوە پێش کۆنگرەی لووتکە و بەڕێکەوتنی تایبەت بوو لەگەڵ سەرۆک موبارەک و ئەوانی تر بەر لە کۆنگرەی لووتکە؟! یاخۆ دابەزینی ئەمەریکایی دوای کۆنگرەی لووتکە بوو و لە ئەنجامی بانگهێشتنی ئەو بوو؟!.

– پاشان ئاخۆ ئامانج ڕزگارکردنی کوێت بوو؟ یا وێرانکردنی عێراق داواکراو بوو بۆ پێویستی، یاخۆ بەئەنقەست بوو یان خۆدانانێکی پێشوەختە لەبن سەر هەبوو؟! پاشان داخۆ دابەزینی هێزە ئەمەریکاییەکان لە کەنداو و لە سعوودیەدا بەم شێوە فراوانە ئەنجامی دۆخێکی نائاسایی بوو، یا نەخشەیەکی ستراتیجیی نوێ بوو؟!.

مشتومڕێکی زۆر هەمبەر ناکۆکی لە هەڵسوکەوت و کاتدا دروست بوو، لە میسردا کتێبەیلێکی فەرمیی سپی دەرچوون، لە ڕاستیدا ڕەنگاوڕەنگ بوون،

دوکتۆر مستەفا فەقی بردمیە لایەکەوە و لە کاتی نانخواردندا لەسەر خوانی یەکێک لە هاوەڵە بەشداربووەکانی یەکمان گرتەوە، تا بەچرپەوە پێم بڵێت: "با شتێک لەوانەی دەوترێن دڵتەنگت نەکات، تۆ ڕاستبووی، ئەوی من لە شوێنی خۆمەوە بزانم زۆر وێرانترە لەوەی لە کتێبەکەتدا وتووتە"!.

***

ئەوە ساتێک بوو شایانی لێکۆڵینەوە بوو لە مێژووی میسردا، وابەدەردەکەوت وەک ئەوەی میسر بخەوێنرێت، یا سڕ بکرێت.

ساتێک بوو شایان بەوە بوو مەزنترین و ناودارترین فەیلەسووف لە زانستی سیاسەت و پراکتیزەکردنی "نیکۆلۆ مەکیاڤیللی"ی خودان کتێبی "میر" لەگەڵیدا بژێ و بیبینێت.

مەکیاڤیللی لە لێکدانەوەی بۆ سیاسەت، لە نامەکەیدا کە پێشکێشی میری فلۆرەنسا "لۆنزۆی مەزن"ی کردووە، وای دادەنێت میر دەکارێت دوور لە ڕەوشت پراکتیزەی سیاسەت بکات.

هەڵبەت مەکیاڤیللی ستەمی لێ کرا، چونکە هەندێک کەس قسەکانیان لەسەر مرۆڤی ئاسایی پیادە کرد، لە کاتێکدا مەکیاڤیللی بۆ میر و سیاسەتەکانی میر دەدوا، واتا قسەکردنی بۆ میر بەچەمکی سەردەمە نوێیەکان بوو، قسە سەبارەت بەدەوڵەت و سیاسەتەکانی.

***

لەپڕ لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕ لە کەنداودا هەلی ئومێد بریسکەی دا، تەنانەت ئەگەر لەسەر شێوازی مەکیاڤیللییش بووبێت، تێیدا سیاسەت لە ڕەوشت جیا بێتەوە!.

بۆ بێ بەختی (یاخۆ لە بەخت باشی) لەسەر شێوازی مەکیاڤیللی، ئەوا شەڕەکانی دەڤەرەکە بوونە "کارەساتی سەرکەوتوو" (ئەگەر باش گوزارشتمان لێ کردبێت)، چونکە ڕێگەیان بەهەندێک دا دەرفەتێک بێت بۆ

زاڵبوون بەسەر ئاستەنگە میسرییەکاندا، بەچاوپۆشی لە هەر بڕیارێک!.

ئابووریی میسر بارکرابوو و قورسییەکانی ئاتاجی ماندووبوونێکی زۆر نەبوون بۆ خوێندنەوەی هۆیەکانیان، بگرە چەند هۆیەک بوون:

– ئابووریی میسر قورسیی پرۆژە زەبەلاحەکان پەرەپێدان لە ئەستۆ دەگرێت.

– ئابووری میسری قورساییەکانی شەڕی ١٩٦٧ و جەنگی لەبەر ڕۆیشتن (استنزاف) لە ئەستۆ گرتووە (لە ڕاستیدا کەرتی گشتی بووبووە پاڵپشتی گەورە لە قەرەبووکردنەوەی ئەم بارانە).

– پاشان ئاقاری میسر دوای شەڕی ئۆکتۆبەر لە چاوەڕوانیی یارمەتیی وڵاتە عەرەبییەکاندا مایەوە، یەکەمین خۆی بێ هیوایی لە بۆچوونەکاندا، ئەوە بوو میسر لە کاتی کۆتاییی هاتنی جەنگەکاندا، ئەوەی هەڵبژارد بەتەنیا ئاشتەوایی لەگەڵ ئیسرائیلدا بکات.

– هەروەها لەوساتەشدا یارمەتیی دەرەوە وەستا، بلۆکی ڕۆهەڵات سەرەتاکانی وەرچەرخانی لە سیاسەتی میسردا بەدی کرد، لە هەمان کاتدا بلۆکی ڕۆئاوا و وڵاتە یەکگرتووەکان دەیانەویست لە سەقامگیریی ئەم وەرچەرخانە دڵنیا بن.

– هەر لەم کاتەدا هەڵکوتانە سەر کەرتی گشتی دەستی پێ کرد.

– پاشان ئەوانەی بەرهەڵستیی میللییان دژ بەبەتایبەتکردن (خصخصە) بەدڵ نەبوو، لەگەڵ ئەو شێوازەی ئەوسا پێشنیاز کرا، پەنایان بۆ سیاسەتی نیمچە پیلانگێڕی برد لە بەرابەر کەرتی گشتیدا، هەموو وەبەرهێنانێکی تازەیان لێ شاردەوە، کەچی زێدەی قازانجەکە بۆ ژمێریاریی خەزێنەی گشتی دەگەڕایەوە.

– لەسەر ئەمەشەوە، دوای وەستانی شەڕەکانی ئۆکتۆبەر، هەندێک ویستیان کەمیی داهاتەکان بەزیادکردنی باوەڕ جێ بکەنەوە، ڕەنگە نزاکردن

جـێی پێـداویسـتـیـی هەژاران بگرێتـەوە، یا قـەنـاعـەتی خـواپـەرسـتی و گوێنەدانیان لا دروست بکات، وێڕای گشت ئەو بۆمبارانانەی بینییان چۆن خـۆیان ڕێک دەخـست بۆ دەسـتبـەسـەرداگـرتنی بـەشی گـەورە لـە سـامـانی نیشتمانی بەناوی "کرانەوە"وە.

- لەم کەشوهەوایەدا شەپۆلی کۆچی لاوان و شارەزایان دەستی پێ کرد، چونکە گۆڕانکارییەکان لە جیـهاندا و داڕووخـانی سـامـان لە دەڤـەرەکەدا نیشـانیـان دەدا ڕەوشی ناوەخۆ وەلاّم بەبەڵێنەکان ناداتەوە، بەتایبـەت دۆخی تەیارکـردنی گـشـتـیـی (تعـبـئـە عـامـە) حـەوت سـاڵە لە ١٩٦٧-١٩٧٤ سـەفـەرەکـانی خـوێندنی بۆ دەرەوە وەسـتـاند، چونکە لاوانی لەبار لە سەنگەرەکاندا بوون!

- نارەزایی گـەورەی مـیللی لەو مـاوەیەدا، وەکو خـۆپیشـاندانەکانی ١٨ و ١٩ی ینایەری ١٩٧٧، هاوارێکی لە بۆشـاییدا ون کـرد، چارەسـەرەکـەشی لە لایەنی تەناهییەوە گەیشتە ڕادەیەک بە"ڕاپەڕینی حەرام" وەسف کرا.

- پاشان تیرۆرکردنی سەرۆک سادات ڕووی دا و شەپۆلی تیرۆری بەدوادا هـات و مـیـسر لە سادەترین شیمانەدا بووە وڵاتێکی نائاسـوودە و ئابووریی میسر بەرەو لێواری مەترسی لێژ دەبووەوە.

***

نازانم داخـۆ مـوبارەک مەکیـاڤیللی خـوێندووەتەوە یان نا، وەلێ لە جـەنگی کـەنداودا بەباشـتـرین شـێـوە ڕایەکـانی پراکـتـیـزە کـرد، واتا دەکـرێت بەدڵنیـاییـیەوە بوترێت میسـر لە بەشێکی هەشـتاکان و بەدرێژی نەوەتەکـان ڕووبەڕووی هەڵوێستی ئابووریی زۆر سـەخت دەبووەوە، پاشـان جـەنگەکـانی ناوچەکە و شەڕی کەنداو ڕۆحـیان بەبەر ئابووریی مـیسردا کـردەوە، چونکە بەئاسـانی پارەی بۆ هێنا و قـوتاری کـرد، تاکـو بتـوانێت سـیـاسـەتەکـانی جێبەجێ بکات.

دوای جیهادی ئەفغانستان و شۆڕشی ئێران و گشت ئەو ناکۆکییانەی لەو دوو جەنگەدا هەبوون، دەڤەرەکە وای دەنواند وەک ئەوەی لە دۆخی شیزۆفرینیادا بێت.

– لە ئەفغانستاندا جیهاد لە پێناوی ئیسلام و لە ئێرانیش شەڕ دژ بەشۆڕشی ئیسلامی.

– جەنگ لە ئەفغانستاندا دژ بەدەسەڵاتێکی ئیسلامیی سوننەمەزەب، دەسەڵاتی تاڵیبان (کە بەراییی جیهادکردنی دژ بەئاتەئیزم بوو)، کەچی جەنگ لە ئێراندا جەنگی سوننە بوو دژ بەشیعە.

– جەنگ لە ئەفغانستاندا دژ بەلۆجیکی پارێزگاریی برِوادار لە سوننە.

– لە ئێراندا جەنگەکە دژ بەشۆڕش بوو لە وڵاتی شیعەمەزەبدا!.

– بەچاوپۆشی لە ناکۆکییەکان، ناکۆکی هەمیشە دەرفەتە، وەکو لە وانەکانی مەکیاڤیللیدا هاتووە.

***

لە ڕاستیدا ئەم ناکۆکییانەی لە ناوچەکەدا هەن، پلەیەک لە تای خوولانەوەی پێچکەی سامانی نەوت و ئاڵتووندا بەرزکردووەتەوە، هەروەها لە چەک و هەواڵگریی نێودەوڵەتی و جیهادی دژ بەئاتەئیزمیش، بەمە لافاوێک لە یارمەتیی بۆ میسر دروست کرد، بەشێوەیەکی وا کەس گومانی لەوە نەبێت ئابوورییەکەی ڕزگارکرد.

لەسەر بنەمای سندووقی پارەی نێودەوڵەتی، میسر لە دۆخی جەنگی کەنداو و دوای ئەوەش یارمەتی و بەخششی زۆری بۆ هات، بڕەکەی گەیشتە ١٠٠ ملیار دۆلار، بەم شێوەیەی خوارەوە:

– ٣٠ ملیار لێخۆشبوون لەو قەرزانەی وڵاتە بیانییەکان لەسەر میسرە.

– ٢٥ ملیار دۆلار لە کوێتەوە.

– ١٠ ملیار دۆلار لە سعوودیەوە.

- ١٠ مليار دۆلار له وڵاته میرنشینه‌کانه‌وه.

ئه‌وی تریشی له سه‌رچاوه‌ی جیاجیاوه، هه‌روه‌ها گه‌لێک له خزمه‌ته‌کانی هه‌واڵگری و ئاسایش و چه‌ک و خزمه‌تی بێ پایان، هه‌موو ئه‌مانه به‌یه‌که‌وه لاپه‌ڕه‌یه‌کی ئابووریی هانده‌ر و نوێیان به‌میسر به‌خشی!.

ئا لێره‌دا بابگوازینه‌وه بۆ ساتی ئێستا، باسی دیمه‌نێکی ورووژێنه‌ر ده‌که‌م له پاریس به‌سه‌رمدا هات، پرسیارم له یه‌کێک له ئابووریناسه ناوداره‌کانی جیهان کرد سه‌باره‌ت به‌باشترین ڕێگه‌چاره بۆ گرفتی بنجداکوتراوی ئابووری له میسردا، کابرای ناودار له‌سه‌ر ئاستی جیهان وڵامی دامه‌وه:

- دوو ڕێگه‌چاره هه‌ن: یه‌کیان درێژ و زه‌حمه‌ته، ئه‌وی تریش خێرا و ئاسان.

ڕێگه‌چاره‌ی درێژ ئێستا پێویستی به‌پێهه‌ستانی یه‌کلاکه‌ره‌وه و بنبڕه، چونکه ده‌ستبڵاوی له ساماندا له‌م پازده ساڵه‌ی دواییدا لای ئێوه مایه‌ی سه‌رسووڕمانه.

کابرا بێده‌نگ بوو و منیش به‌گرینگی پێ دانه‌وه پرسیم:

- ئه‌ی سه‌باره‌ت به‌ڕێگه‌چاره‌ی خێرا و ئاسان؟!

وه‌ڵامه‌که‌ی له به‌رابه‌ر یه‌کێک له باڵیۆزه هه‌ره ناوداره‌کانی میسر له جیهانی ده‌ره‌وه‌دا، ئه‌وه بوو که:

- ڕێگه‌چاره‌ی ئاسان و خێرا، جه‌نگی ناوچه‌ییه له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا، جه‌نگێکی تر له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا میسر قوتار ده‌کات، وه‌کو شه‌ڕی پێشووی که‌نداو!.

***

ئه‌و ساته خاڵی وه‌رچه‌رخانی گه‌وره بوو له بۆچوونه‌کانی موباره‌کدا، لایه‌نه‌یلێکی بینییه‌وه داوای به‌هێزکردنی ڕۆڵیان له ناوچه‌که‌دا لێ ده‌کرد،

بەشێوەیەک ڕەوشی میسر لە هەموو ناوچەکەدا بۆ هەر کوێیەک بیەوێت و بەکەیفی دڵی خۆی لەگەڵ خۆیدا بیبات، ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ پشتگیریکردنی حوکمەکەی بەدرێژی ژیانی، بەپشتیوانی هێزەیلی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، (تەنانەت بێ ئەوەی مەبەستی کەس بێت) ئەوە ڕێخۆشکردنێکی لۆجیکی بوو بۆ هاتنەکایەی بیرۆکەی میراتگری، موبارەک ئێستا ڕۆڵی خۆی دەبینێ و لە کارکردنیدا میسر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، گرینگە ئەمە بەردەوام بێت و هیچ شتێک زامنی بەردەوامییەکەی نییە بۆ درێژترین ماوە، مەگەر کوڕ بەردەوامیی باوکی بێت، یان بەلای کەمەوە بۆ جەختکردنەوەی بەردەوامی لەسەر هەمان ڕێگە!.

***

لێ گرفتەکە لەوەدایە چارەسەری ئاریشەکانی میسر لەسەر ڕێبازی مەکیاڤیللی سەرنەکەوت، لەبەر هۆیەکی ڕوون، ئەویش ئەوەیە تاقمەکانی بەرژەوەندی کە دەوروخولی باوکیان داوە و لەگەڵ کوڕدا کشان، بوونە ڕەوە کوللەیەک کە سیاسەت هێنایانی، لەسەر ڕێبازی مەکیاڤیللی لە ڕەوشت ڕزگار بوونە، واتا ئەو دەفرە ئابوورییەی دوای جەنگی کەنداو بەپارە پڕ بوو، دوای ئەوە بەتاڵان و بڕۆ بەتاڵ کرایەوە!.

بۆچی مـوبارەک شـەرەم شـێـخی بەبارەگای سـەرەکیی خـۆی هەڵبـژارد؟! لە سـاتی یـەکـەمی دوای جـەنگی ئۆکـتـۆبەر "ئاسـایشی ڕێژیم" و "ئاسـایشی سـەرۆک" بوونە کێشەی بنچینەیی و زیندوو بۆ زامنی بەردەوامی سیاسـەتە نوێیـەکان، کـە بەسـەر ئەو ڕەوشـەدا هاتن، کە بـۆ دووەمین هـەفـتـە جـەنگی ئۆکتۆبەر و دەرهاویشتەکانیان گرتبووەوە.

بۆ یەکـەمین جـار لە کـاتی کۆبـوونەوەی نێـوان سـەرۆک ئەنوەر سـادات و هێنری کـێسنجـەری وەزیری دەرەوەی ئەمـەریکایی لە پشـووی ئەسـواندا لە ڕۆژی ١٢ی ینایـەری ١٩٧٤دا بابەتی تـەناهـی و دابینکردن هـاتە گـــۆڕێ، بۆچوونی هەردووکیـان بەیەکەوە ئەوە بوو وەرچەرخانە گەورەکان لە میسر و سـیاسـەتە نوێیـەکانی سـتراتیـجی لە دوای جـەنگی ئۆکـتـۆبـەر، چاودێریی فراوانی سەرۆک و ڕێژیمەکە دەخوازێت، تاکو ئەو وەرچەرخانانە جێگیر بن.

***

سـەرەتا بۆ خـسـتـنەڕووی بابەتی تەناهی و دابینکردن، سـەرۆک سـادات گەیشتە قەناعەتی یەکجاری لە خوێندنەوە بۆ شێوەی ئایندە لە میسردا، ئەو قـەناعەتی تەواوی بەئەرێنییـەکانی هەبوو، بەم ئاوایە بۆچوونـەکانی خـۆی خستە بەرچاو:

١- ئاینـدە بۆ ئەمــەریکایە، ئـەویش دەیەوێت مـیـسـر لەم ئایندەیەدا لەگـەڵ ئەمەریکادا بێت نەک لایەنێکی تر.

٢- لەسـەر ئەم بنـەمـایـە، لەمـەودوا لە سـیـاسـەتی نێـودەوڵەتی و عـەرەبیـدا ڕێبازێک دەگرێتە بەر جیا لە سیاسەتی پێشووی میسر.

٣- پاشـان بەپێی هـەڵبـژاردنەکانی لە دوای جـەنگی ئۆکـتـۆبەر، لە ئێسـتـاوە ئامادەییی هـەیە بەتەنیـا سیاسـەتە تازەکانی خـۆی بگرێتە بەر، بێ ئەوەی چاوەڕێی وڵاتـە عـەرەبیـیـەکـانی تر بکات، پاشـان شـانبـەشـانـی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕووبەڕووی سۆڤیەت دەوەستێتەوە.

٤- هاوتـەریب لەگـەڵ ئـەوەدا وای دادەنێت جـەنـگی ئۆکـتـۆبەری ١٩٧٣ دژ بەئیـسـرائیل، دوایین جـەنگە لەگەڵیـدا، ئەم پشـتـبەسـتن و ڕاگـەیاندنەی جەختکردنەوەیەکی یەکجارەکیی سیاسەتە نوێیەکانە.

٥- سـەرەڕای ئـەمانە، وێناکردنی بۆ پێشکەوتنی کۆمـەڵایەتیی میسری جیایە لە وێناکردنەکانی ئەوانی پێشووی، چونکە دڵنیایە گۆڕانکارییەکانی دنیا دەیسەلمێنن ئایندە بۆ سەرمایەدارییە.

یەکـــەمین ســـات کـــیـــسنجـــەر وای زانی ئـەو ســـیـــاســـەتانە سنووری ڕاستییـەکانی ئێسـتـای میـسر دەبڕن، دووریش نییە بەریەکیش بکەون، بۆیە گومانی لە تواناکانی سەرۆک سادات هەبوو بەسەریاندا.

***

کـــیـــسنجـــەر لە یـەکـەمـین دیداری نێـوان هـەردووکـیـــاندا لە ڕۆژی ٦ی نۆڤـەمـبـەری ١٩٧٣دا گـوێی لـەو قـسـانەی سـەرۆک سـادات گـرت، پاشـان ئێوارەی هـەمـان ڕۆژ بەشـێوەیەکی ناڕاسـتـەوخـۆ لە دیدارێکی نێوانماندا لە ژوورەکەی لە نهۆمی دوازدەمی ئوتێل هیـڵـتـۆن سـەبارەت بەوە پرسـیـاری لێ کـردم، تەواو زانیـاریم لەسـەر ئەوانە نەبوو، کە سـەرۆک ئەو وێناکـردنانەی خستبوونە بەرچاو، بەڵام کێسنجەر بێ وردەکاری پرسیاری "ڕادەی بەهێزی سـەرۆک"ساداتی لە نـاوەخـۆ لێ پرسـیم، داخـۆ دەتوانێت سـیـاسـەتی نوێ جێبـەجێ بکات؟ منیش تـەنیـا ئەوەندەم گوت "سـەرۆک توانای وەفاداریی بۆ ئەو بەڵێنانە هەیە، کە دەیاندات"، ئاگاداری ئەوە بووم هێڵەکان تێکەڵ نەبن و لەگەڵیدا بگوازمـەوە بۆ قسـەکردن لەسـەر کاروباری ئەمڕۆ، قسـەکانمان لەو

شەوەدا بابەتی وتارێکی درێژ بوو لە ڕۆژنامەی ئەهرام لە ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩٧٣دا بەناونیشانی "گفتوگۆیەک لەگەڵ کیسنجەردا" بڵاو بووبووەوە!.

***

هێنری کیسنجەر لەگەڵ خۆیدا ئەوی لە ساداتی بیستبوو بۆ واشنتۆن برد و لەوێ قسەی لەسەر کرا، جارێکی تر لە ڕۆژی ١٢ی ینایەری ١٩٧٤دا بۆ میسر هاتەوە، لە پشووی سەرۆکایەتیدا لە ئەسوان بەسەرۆک سادات گەیشت.

سەرۆک سادات لەسەر هەڵوێستی خۆی بوو، کیسنجەریش پلانێکی تەناهی ئامادەکردبوو بەپێویستی دەزانی بۆ پیاوی داهاتوو لەسەر مەترسییەکانی وەرچەرخانی سیاسی بەڕووی میسر و ستراتیجیی تازەدا، کە بەرپرسیی سیاسەتەکانی لە ئەستۆ دەگرێت!.

کیسنجەر لەم کۆبوونەوەیەی دووەمدا پلانی تەناهی و دابینکردنی خستە بەردەم سەرۆک سادات، کە لە سێ لایەنەوە جێبەجێ دەکرێت:

١- ئاسایشی سەرۆک خۆی، ئەمەش دەخوازێت سەرلەنوێ پاسەوانیی شوێنەکانی نیشتەجێبوونی لە هەر شوێن و هەر کاتێکدا ڕێک بخرێتەوە.

٢- ئاسایشی ناوچەیی دەوڵەت لە جووڵەیدا لەسەر هێڵە نوێیە ستراتیجییەکان، کە لە دوو ڕەگەز پێکهاتووە:

* وڵاتەکە لەژێر چەتری سیستەمی بەرگریی ئەو هەرێمەدا بێت، کە سەرکردایەتیی ناوەندیی ئەمەریکایی سەرپەرشتی بکات، کە بەرگریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ سپێرراوە.
* هاوشان لەگەڵ ئەم چەترە سەربازییەدا چەترێکی تەناهی هەبێت، ئەویش تۆڕی هەواڵگریی گەورەی ناوچەکەیە، کە لەچوارچێوەیدا ئەرکەکانی ئەو دوو دەزگا سەرەکییە یەک دەگرنەوە، ئەوانیش:

- ئاژانسی هەواڵگریی ئەمەریکایی، کە لەگەڵ ئەنجوومەنی تەناهیی نەتەوەیی لە کۆشکی سپیدا کار دەکات.

- پاشان ئاژانسی تەناهیی نیشتمانی، کە لە چوارچێوەیدا وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکایی کار دەکات، ئەویش ئاژانسی A.S.N یە National Security Agency، هەروەها پاراستنەکە بەگشتی دەبێت (مەدەنی و سەربازی) و سنووری وڵاتان دەبڕێت، قووڵایی ناوخۆی ئەم وڵاتانەش دەسمێت!.

***

٣- دوای ئاسایشی کەسێنیی سەرۆک و تەناهیی ناوچەییی دەوڵەت، ڕۆڵی سێیەم لە پلانی کیسنجەر لەسەر تەناهیی کۆمەڵایەتیی ڕێژیم دێت، کە ئێستا پێویستی بەسەرلەنوێ ئەندازەی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی چینە نوێیەکانە بەوپەڕی خێرایی پشتگیری لە بۆچوونە تازەکان دەکەن.

***

* ئاسایشی سەرۆک خاڵی یەکەم بوو لە لیستەکەدا، کیسنجەر پێشنیازی ئەوەی کرد، گرووپێکی تایبەت لە پسپۆڕان بێن بۆ قاهیرە، چەندین کاری هەمەلایەن لە ئەستۆ بگرن:

- یەکسەر دەستکردن بەپارێزگاریی تایبەتی سەرۆک.

- دووبارە ڕاهێنانی هێزی پاسەوانیی سەرۆکایەتی بەنوێترین ئامراز و شێوازی پاراستن.

- پاشان دانانی پلانێکی هەمیشەیی بۆ کارڕایی و زامنکردنی ئاسایشی پێویستی سەرۆک.

ئەوە بوو هێنری کیسنجەر دوای سەفەرەکەی لە ئەسوان بەدە ڕۆژ، بروسکەیەکی کۆدئامێزی بۆ بەڕێز "ئیسماعیل فەهمی"ی وەزیری دەرەوە نارد، تا پێی ڕابگەیەنێت، نێردەیەک لەسەر ئاستی پێشکەوتووی هونەری بۆ

قاهیره دێن، تاکو پلانێکی تەواو بۆ دابینکردنی ژیانی سەرۆک دابنێن (ئەم کاره له بواری شارەزاییی وەزیری دەرەوەی میسریدا نەبوو) کەچی ئامادەی بەشێک له کۆبوونەوەکەی ئەسوان بوو، که بابەتەکەی تێدا خرایه ڕوو، ئەو لایەنه بوو، وای له کیسنجەر کرد بەدوایدا بنێرێت، له ڕاستیدا دەبوو ئاراستەی بەڕێز "حافز ئیسماعیل" بکرایا، (ڕاوێژکاری تەناهیی نیشتمانی و لێپرسراوی سیستەمی کار له سەرۆکایەتیدا)، کەچی حافز ئیسماعیل له کۆبوونەوەکەی ئەسوان نەبوو.

دەقی ئەو نامەیەی ئیسماعیل فەهمی وەری گرت:

وەزارەتی دەرەوە – واشنتۆن

نووسینگەی وەزیر

زۆر نهێنییه

٢٨ی ینایەری ١٩٧٤

نامەیەک له وەزیری دەرەوە "کیسنجەر" بۆ سەرۆک "سادات" له ڕێگەی وەزیری دەرەوە "فەهمی".

دەقی نامەکە:

سەبارەت بەو وتووێژەی کردمان، ئەودەمی هەمبەر ئاسایشی کەسێتیی جەنابتان، ئێمە ئامادەین دەم ودەست ئەم تیمه پسپۆڕه بۆ قاهیره بنێرین:

"جۆرج ک. کیتان" Keithan، پسپۆڕ له کاروباری پاراستنی کەسەکان.

"پۆڵ لویس" Paul Lewis، پسپۆڕ له کاروباری بەرهەڵستیی گوێ هەڵخستن (تنصت).

"هیو وارد" Hugh Ward، پسپۆڕ لەڕاهێنانی بەرپرسانی له

پاراستنی کەسایەتییەکان.

لەگەڵ ئەمەشدا پسپۆڕێک لە ئاسایشی ڕاستەوخۆ و لە دۆزینەوەی مادەی تەقینەوە، دوای چەند ڕۆژێکی کەم بەتیمەکەوە پێوەند دەبێ، وێڕای ئەمانەش پێشنیازی ئەوە دەکەین تیمێکی تر بەسەرۆکایەتیی مستەر "ئالان د. وولف" Alan D. Wolf بنێرین، کە پسپۆڕە لە کاروباری هەواڵگریدا، ئەگەر سەرۆک سادات ڕازی بێت، ئەوا دەمانەوێت بیخەینە سەر نێردەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە قاهیرە، نیازیش لە هاتنەکەی ئەمجارەی دەرفەت بەپسپۆڕانتان لە ئاسایش بدرێت بیبینن و گفتوگۆی پێشنیازەکانی بکرێت، تاکو خاترجەم بن لە قبووڵکردنی.

ئێمە دەمانەوێت بەپەلە ئەم تیمە بۆ قاهیرە بنێرین و لە ماوەیەکدا کە ٢ فبرایەر تێپەڕ نەکات، خۆ ئەگەر کاتێکی ترتان پێ گونجاوتر بوو، ئەوا بێگومان ئامادەین لەگەڵ داخوازییەکانتاندا پێک بێین.

***

ئیدی پسپۆڕی تەناهی بەسەر میسردا ڕژان، هەندێکیان بۆ دوو ساڵ مانەوە، لەو ماوەیەدا پلانی پێویست بۆ ئەم بەشەی پلانی ئاسایش دانرا، کە پێوەند بوو بەپاراستنی کەسی سەرۆکەوە و سەرپەرشتیکردنی بەکردەنی، پاشان دانانی جێگەوڕێگەی هەمیشەیی بۆ ئاسایشی سەرۆک.

پلانی تەناهیی تایبەت فراوانتر بوو لە تەنیا توندکردنەوەی پاسەوانیی سەرۆک لەکوێ بێت، یا کاتێک دەجووڵێت، لە نێوان خاڵەکانیدا وردەکاریی شیمانەی شتی چاوەڕن نەکراو هەبوو، پاشان لیستی کارڕایی ئەگەری داخوازییەکانی ئاسایش لە ژیانی ڕۆژانەدا جێبەجێ دەکات، هەندێک لەو

ڕێوشوێنانە توند بوون، هەروەها فراوانتر بوون لەوانەی ناسرابوون:

– بۆ نموونە، پاسەوانی تایبەت و چەکی هەمەجۆر و مەشقی بەرز و کۆت و سنوورەیلێک لە هەر شوێن پیادە دەکرێن سەرۆکی لێ بێت، لەگەڵ پێویستیی دابینکردنی هەر جێگەیەک لێی بمێنێتەوە، بەلای کەمەوە بەر لە چوونە ناوی بەسی و شەش سەعات!.

– هەروەها بۆ نموونە، سەرۆک تابتوانێت دوور بێت لە شەقامەکانی قاهیرەوە، لەگەڵ هەلیکۆپتەر بەباشتر دانان وەکو ئامرازێکی گواستنەوە، بەمەرجێک لە شوێنە قەرەباڵغەکان بەباڵەخانەی بەرز خۆی بەدوور بگرێت، کە لەسەربانەکانیان چی ڕوو بدات نازانرێت، یاخۆ ئەو شوێنە نزمانەی شتی بەجێماویان لێیە و دەگونجێت بکرێنە شوێنی بۆسە و خۆمەڵاسدان.

– هەروەها بۆ نموونە، شوێنی نیشتەجێی سەرۆک پتر لە جێگەیەک بێت، بەشێوەیەک کەس نەتوانێت لە کاتی بوونی بۆ کاتێکی دیاریکراو و لە شوێنێکی زانراودا پیلانی شتێک دابنێت.

– هەروەها بۆ نموونە، زۆربەی کاتەکان لە شوێنێکدا بێت بتوانرێ بەئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، هەروەها دابڕانی لە دەوروبەر ئاسان بێت و توانای دەرچوونی خێراشی لە دۆخی نائاساییدا هەمەجۆر بێت، وەک ئەوەی ڕووبەری فراوان بۆ بەکارهێنانی کۆپتەر، یا ئاوەڕۆی ئاوی بۆ بەکارهێنانی بەلەم تێدا بێت، لەگەڵ ڕێگەی کراوە بۆ ئۆتۆمۆبێل.

– هەروەها بۆ نموونە، شوێنی دامەزراندنی ئامادە هەبێت بۆ نیشتەجێکردنی هێزە تایبەتەکانی گاردی کۆماری، کە سەرۆک بۆ هەر کوێیەک بڕوات لەگەڵیدا دەجووڵێن.

– هەروەها بۆ نموونە، بەخشش و پاداشتی تایبەت بۆ هێزەکانی پۆلیس دابنرێت، کە لەسەر ڕێگەی کەژاوەی ئۆتۆمۆبێلەکان ڕیز دەبەستن، ئەگەر سەرۆک (بەهەر هۆیەکەوە بێت) ناچاری جووڵان بوو لەناو شاردا، هەروەها

ئەم پاداشتانە لەوانی تر جیا بکرێنەوە، بخرێنە زەرفی تایبەتەوە و دروشمی سەرۆکایەتیی کۆماریان لەسەر بێت، تاکو ئەوی وەری دەگرێت، بیری نەچێتەوە کە "نیعمەتی سەرۆکە"!

***

نزیکەی دە ساڵ تێپەڕی و ڕووداوی زۆر تێپەڕین، گەلێک گۆڕانکاری هاتنە کایەوە، بەڵام لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١دا دەستی خۆیان وەشاند و سەرۆک سادات لە ڕێگەی ئەفسەرێک لە هێزە چەکدارەکانەوە، کە کلاشینکۆفێکی ڕووسی بەدەستەوە و دەمانچەیەکی ئەمەریکایی لە گیرفاندا بوو، لەسەر شانۆی نمایشی سەربازی تیرۆر کرا!.

حوسنی موبارەک لە دوانگەوە بەرەو کۆشکی کۆماری هەنگاوی نا، یەکەمین کۆبوونەوە دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئامادەی بوو، کۆبوونەوەی بەرپرسانی ئاسایش و دابینکردن بوو، بەوە دەستی پێ کرد، "ڕێوشوێنەکانی ئاسایش و دابینکردن، کە بۆ پاراستنی سەرۆکی پێشوو گرابوونە بەر سەرکەوتوو نەبوو، بەو دەلیلەی ئەو پلانی کوشتنەی خۆی شایەدحاڵی بوو سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەپەرچوو ڕزگاری بوو لەوەی ببێتە یەکێک لە قوربانییەکانی"!.

لە کۆبوونەوەکانی دواییشدا تایبەت بوو بۆ بەدواداچوونی ئاسایش و دابینکردنی کەسی سەرۆک، ئەوە بوو موبارەک بەخۆی و بەئەزموونی تایبەتی خۆی ڕێوشوێنی فراوانتر و دوورمەوداتری خستەسەر:

– وەک، داخستنی هێڵە ئاسمانییەکان لە کاتی فڕینی فڕۆکەکەی سەرۆک، بەدرێژایی ئەو ڕێگەیەی دەیبڕێت.

– وەک، گرتنی شەقامەکان لە هەردوو لاوە لە کاتی تێپەڕبوونی هەر کاروانێکی سەرۆک، خواست وابوو هاتوچۆ ئاسان بکرێت، بەتایبەت لەسەر ڕێگەی فرگەی قاهیرە، هەندێک جار وای دەخواست ڕێگەکە لەولاوە بگیرێت،

که کاروانەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت، جارێکیان موبارەک لەوکاتی بەڕێگەوە بوو بەرەو فـرگـەی "ئەڵمـازە"، تێـبـینیی ئەوەی کـرد لایەکـەی تر کـراوەتەوە بۆ هـاتوچۆ، هەینێ گـەیشـتـە ئەڵمـازە داوای کـرد بەخـۆی لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ لێـپرسـراوەکـەدا بکات، ئەوە بوو بانـگی فـەرمـاندەی هـاتوچۆی ناوچەکـەیان کـرد بێـتـە بەرابەر سـەرۆک، کـاتێک ناوبـراو داوای لێـبـوردنـی کـرد لەوەی سایدەکەی تری کردووەتەوە، ئەمەش لەسـەر داوای زۆری بەرپرسـانی فڕگەی قاهیرە بووە، چونکە چەند فڕۆکەیەکی پڕ لە گەشتـەوەر کاتی فـڕینیان بوو و بەهۆی کـاروانەکەی سـەرۆکـەوە سـەرنشـینەکانی دواکـەوتن، موبارەک بـەسـەر بەڕێوەبەری هـاتوچۆ و فـەرمـاندەی هێزەکانی تووڕە بوو، کـاتێکیش گـوێی لە بڕگەی بەسـەلامـەتی گـەیشـتنی گـەشـتـەوەرەکان بۆ فـڕگـە بوو، پتـر تووڕەیی دای گرت و گوتی:

"کامیـان گـرینگـترن: ژیانی گـەشـتیـارەکـان، یا ژیانی سـەرۆک؟!" هـەروەهـا گـوتی: "هـیچ ئامـانجێک لە وڵاتی مـیسـردا نییـە لە ژیانـی سـەرۆک گـرینگـتـر بێت".

– وەک، ڕێنوێنـی بەردەوام ئەوەیە، نایەوێت لـەسـەر هیچ ڕێگـەیەکدا پێـیدا تێــپــەڕێت، ببــینێت دەرگــەیەک داخــراوە و ئەودیوی دیار نـیــیــە، هەر دەرگـەیەکیش داخـرابێت، دەبێت بەشکانیش بێت بکرێتـەوە، ئینجـا ئەودیوی بپـشـکنرێت و لەبـەر دەرگـەکـە پاسـەوان دابنـرێت، وێڕای پاسـەوانیی سـەر ڕێگە.

– هـەروەهـا وەک، "شرم الشیـخ" ببێـتە بارەگای سـەرەکی نیشـتـەجێبوونی، ئەمە ڕای پسپۆڕانی ئـەمەریکاییش بوو، چونکە "شـرم الشیخ" تایبـەتمەندیی نموونەییی تەناهیی هـەیە، دەڤەرێکی دیاریکراوە لای بەشـی خـوارووی نیمچە دوورگـەی سـینا، دەوروبـەریشـی لە گـشـت لایەکـەوە کـراوەیە، بەبەڵـەم چەند خـولەکـێک لە سـعـوودیەوە دوورە و لە دووری کـەمـتـر لەبیـست خـولەکـە لە ئەردەن و ئـیسـرائیلەوە، پاشـان شـوێنەکـەی لە تەنیـشت پێگەی هێـزی

چاودێریی نێودەوڵەتییەوەیە لە سینا (لە واقیعدا ئەمەریکاییە، هێند ئامرازی هەیە دەتوانێت هەست بەڕێکردنی مێروولە بکات لەسەر لمی بیابانەکەدا)!.

* کاتێک سەرۆک موبارەک لە قاهیرەوە بۆ "شرم الشیخ"، یا شوێنێکی تر دەڕۆی، ئەوا دە لایەن (بەلای کەمەوە) لە بەرپرسیاریی سەفەرەکەی ئاگادار دەکرانەوە، هەڵبەت گاردی کۆماریشیان تێدا بوو، لەگەڵ ئاسایشی تایبەتی سەرۆکایەتیی کۆمار و بەرگریی ئاسمانی و وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی فڕۆکەوانیی مەدەنی و هەواڵگریی گشتی و ئەوانی تر.

هەر لایەن لەم لایەنانە ڕێوشوێنی دابینکردنی ڕاستەوخۆ و تایبەتی دەگرتەبەر، پاشان لە کۆتاییدا کەس نەی دەزانی سەرۆک چ ڕێگەیەک دەگرێتە بەر، تەنیا ئەوکاتی بەر لەوەی لە ماڵەکەی دەر چێت!.

زۆرجار ڕیزبەستنی چڕ لەسەر ڕێگەکان ڕووی دەدا، بەو مەزەندەیەی سەرۆک بەئۆتۆمۆبێل سەفەر دەکات، پاشان لەپڕ هەلیکۆپتەر دەردەکەوت لە ماڵەکەی خۆیەوە بۆ فڕگەی دەگواستەوە، ئیدی کاری ئەو ڕیزبوونە دوایی دەهات، دوای ئەوەی دە سەعات، هەندێک جار پتریش لەسەر ڕێگەکان چاوەڕێیان کردووە!.

***

کەڵکەڵەی تەناهی و دڵنیاکردنی سەرۆک موبارەک و دەستوپێوەندەکانی گەیشتبوونە ڕادەی بێ هوودەیی.

دەزگەکانی ئاسایش لە دەوڵەتدا تا ئەوپەڕی فراوان بوونەوە، لە ئەنجامی ئەوەی لە شۆڕشی تەکنۆلۆجیادا ڕووی داوە، هەروەها بەرنامەی ئاسایش و دڵنیایی لە بواری سانسۆردا بازیدایە ئاستێکی پێشبینی نەکراو، چونکە هەندێک دەیان ویست بەخۆیان دڵنیا و خاترجەم بن، بەتایبەت بەگوێگرتن لەو لایەنانەی جێگەی گومانن.

له بەراییدا داوا له دەزگای ئاسایشی دەوڵەت کرا ڕێژەیەکی دیاریکراوی چاودێری بۆ ناو سەرۆکایەتیی تەرخان بکات، جا ئیدی لەناو لیستی ئاسایشی دەوڵەتدا بێت یان نا. لیستەکان زۆر بوون، چونکە داواکاران زۆر بوون، بەشی زۆری داوای چاودێریکردنەکانیش له لیستە تایبەتەکاندا له نووسینگەی "میراتیی سەرۆکایەتی" بوو، زۆرجاریش تۆمارکردنەکان گەیشتنە لێژنەی سیاسەتەکانی حزبی نیشتمانی، گەلێکیشیان بەرەنگاورەنگی، یا بەشێوێنراوی گەیشتنە هەندێک له ڕۆژنامە و کۆوارەکان.

پاشان پەرەسەندنێکی گرینگتر ڕووی دا، ئەویش جارێکیان یەکێک له لەندەن گەڕایەوە ئامێرێکی گوێ هەڵخستنی بۆ سەر تەلەفۆنەکان پێ بوو، له دووکانێکی تایبەت بە "ئامێرەکانی دڵنیایی" هەبوو، وەلێ کڕینی بڕوانامەی له لایەنێکی فەرمی ڕێگە بە بەکارهێنانی بدات، دەخواست، بەمەرجی فرۆشتن و دانەوەی.

له قاهیرە ئامێرەکە تاقی کرایەوە و ئەوانی حەزیان لێ بوو، توانییان بچنە هەر هێڵێکەوە له هەر کاتێکدا بیانویستایا گوێی بۆ هەڵخەن، دواتر هێندەی نەبرد ئەم ئامێرە له ئاستێکی دیاریکراو لای پیاوانی دەسەڵات بووە مۆدیل، بەپێی خەملاندنی پسپۆڕێک له وەزارەتی ناوەخۆ، لەودەمەدا چەندین پۆستی گرینگی وەرگرتبوو، ئەمە ڕووی دا:

– ئەو بەشەی بۆ چاودێریی ئاسایشی دەوڵەت بۆ داخوازیی تایبەت تەرخان کرابوو، له کاتێک له کاتەکاندا گەیشتە ٧٪ له قەبارەی چاودێرییەکان.

– ژمارەی ئامێرەکانی چاودێری لەسەر تەلەفۆن لەژێر دەستی هەمان کەسان و ئەوانەی له لەندەن کڕدران، بەپێی زانیاریی ئەو گەیشتە ١١ ئامێری گەڕۆک، ئەوی مایەی سەیر بوو هەندێکیان بۆ مەبەستی تاکەکەسی

بەکار دەهێنران، یاخۆ بەمەبەستی ڕابواردن و بوختان بەدەمەوەکردنی کۆمەڵایەتی بەکار دەبران.

هیچ سنوور و لەمپەرێک بۆ هیچ "زانیارییەک" نەبوو، سوودی لە ئاسایش، یا دابینکردنی کەسێکدا هەبێت بێ خەرجی!.

تەنانەت "شرم الشیخ"یش زیاد لە ئامێرێکی گوێ هەڵخستنی تایبەتی تێدا دانرا!.

***

کەس وێنای ئەوەی نەدەکرد، یا بەمێشکیدا نەدەهات (بۆ نموونە) تێچووی بوونی سەرۆکی دەوڵەت لە "شرم الشیخ"، لەگەڵ فەرمانبەرانی دیوان و پاسەوانەکانی و نووسینگەکانی پێوەندیی بەدەوڵەتەوە و ئەو میوانانەی دێن و دەچن و بەرپرسەکان و سەفەری هەمووان بۆ "شرم الشیخ" بژمێرێت، خەرجیی خۆی هەیە لە گواستنەوە و مانەوە و پارەی سەفەرکردنەکە، ئەمە و جگە لەو خەرجییانەی لایەنەکانی تری دەوڵەت لە ئەستۆیان دەگرن، خەملاندنی شارەزایان مانەوەی سەرۆک لە "شرم الشیخ" لە ڕۆژێکدا زیاتر لە ملیۆنێک جونەیهی تێ دەچێت، جگە لە تێچووی ئاسایی سەرۆکایەتی! (هەروەها تێچووی ڕۆژێکی سەفەری سەرۆک بۆ دەرەوەی وڵات، دەگەیشتە ملیۆنێک دۆلار "هەندێک جار پتریش")!.

هەینێ ڕۆژێک سەبارەت بەمانەوەی نیمچە هەمیشەیی لە "شرم الشیخ" لە سەرۆک موبارەکیان پرسی، وەڵامەکەی (چەندین جار لە زمانی ئەوەوە بڵاو کراوەتەوە) "بوونی لە "شرم الشیخ" هانی گەشتیاری دەدات، ئەمەش بەسوودە بۆ ئابووریی میسر"!.

لێ لە ڕاستیدا پرسەکە تەناهی بوو و پێوەند بوو بەخاڵی یەکەمی پلانی دابینکردنەوە، کە هێنری کیسنجەر نەخشەسازیی بنەڕەتی بۆ کردبوو.

***

خاڵی دووەم لە پلانی ئاسایش و دڵنیایی، بەستنەوەی "ئاسایشی ڕێژیم" بوو بەدەزگەکانی تەناهی و دابینکردنی ناوچەیی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، کە تۆڕی سەرکردایەتیی نێوەندی ئەمەریکی لە ڕۆهەلاتی ناوەند و ئاژانسی هەواڵگریی سیاسی C.I.A و ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانیی سەر بەوەزارەتی بەرگریی ئەمەریکایی N.S.A دەگرێتە خۆ.

ڕەنگە لێرەدا واباشتر بێت شتێک لەسەر ئەم کێشە ئاڵۆزە لەخۆمەوە نەڵێم، بەڵکو لە کتێبەکەی "بۆب وودوارد"ی ڕۆژنامەنووسی ناوداری ئەمەریکی بێنمەوە لە بواری هەڵسەنگاندندا و ناسراو بەوردیی سەرچاوەکانی، کە لەسەر بەرزترین ئاستدان لە نێوان داڕێژەرانی بڕیاری ئەمەریکاییدا، ودوارد لەو کتێبەیدا هەر لە سەرەتاوە باس لە پرسی ئاسایش و دابینکردنی ڕێژیم دەکات، واتا لە ڕێکەوتنەکەی کیسنجەرەوە لەگەڵ سەرۆک ئەنوەر سادات، لە لاپەڕی ٣١٢-٣١٣ لە کتێبەکەیدا The Veil(ڕووپۆش) بۆب وردەکاری زۆر، کە مایەی بێزارین، باس دەکات. بۆیە تەنیا بەوەندە وازدێنم، کە تەنیا کورتەیەک دێنمەوە لە بریی وردەکارییەکان، لەو دەقانەدا بۆب ودوارد بۆ نموونە دەڵێت:

"پرۆسەی پشتگیریی تەناهی و هەواڵگریی سەرۆک ئەنوەر سادات تایبەتمەندی و ناتەواوییەکانی ئەم جۆرەی لە پێوەندییە نهێنییەکان ڕوون کردەوە. سادات لە ساڵی ١٩٧٠دا گەیشتە دەسەلات، دوای دوو ساڵ ڕووسەکانی لە میسر وەدەرنا، دوای دوو ساڵیش C.I.A یەکێک لە بەهێزترین بەرنامەکانی خۆی بۆ پاراستنی سەرۆک و کۆمەکی هەواڵگری ئامادە کرد.

بەپلەی یەکەم ولاتە یەکگرتووەکان ویستی، یەکەم سادات لە ژیاندا بمێنێت، دووەمیش ویستی زۆرترین زانیاری لەسەر سادات و سیاسەت و مانۆرەکانی کۆشک بەدەست بهێنێت، لافاوێک لەو زانیارییانە هەبوون و

هەندێکیان بێ نرخ بوون، کەچی دۆخێکی بووژانەوە لە C.I.A هەبوو، کە سەرچاوەی باوەڕپێکراویان دەستکەوتووە، لەگەڵ دروستکردنی خشتەی حەز و ئاوات و سیاسەتەکانی دەیان وەزیر و جێگری وەزیر.

هەڵسەنگاندنێکی تەواو بۆ ئەو شتانە نەبوون، کە هەواڵگری بەدەستی دەهێنان، چەندێتی بەسەر چۆنێتیدا زاڵ بوو، بەهەڵقوڵینی ئەم چەندێتییە زۆرە لە زانیاری و کاری نهێنی لە هەواڵگریدا بووە ئالوودەیی، لە هەندێک کاتی دیارکراودا وادیاربوو ئەستەم بوو هەڵسەنگێنرێ و زەحمەت بوو پۆلێن بکرێت، ئیدی چەندێک ئەو زانیاریانەی C.I.A بیانیزانیایا پتربوونایا، ئەوەندە سوودیان کەمتر لێ وەردەگیران.

سەرۆکەیلێکی وەکو سادات ئەم پرۆسە هەواڵگرییانەیان بەکار دەهێنا، بەوحسێبەی چەق و پاڵپشتن و دەرگەی دواوە بۆ حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دابین دەکەن، کە ڕێگەیەکە بۆ پێچدانەوە بەدەوری کەناڵە دیپلۆماسییە ئاساییەکان، لەگەڵ داواکردنی زانیاریی تایبەت لە C.I.A و خزمەتی هەمەجۆر، یاخۆ تەنانەت پاڵپشتیی داراییش.

***

هەرچی سەبارەت بەسەردەمی موبارەکە، ئەوا بۆب ودوارد وردەکاریی زۆری هێناوەتەوە، بەدیارکراوی لە لاپەڕە ١٦٨ لە هەمان کتێبدا، (لەبەر چەند هۆیەک) بەوەندە وازدێنم، بەتەنیا بەئاماژەکردنێک ودوارد تێیدا دەڵێت:

"لە ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبەردا ولیەم کایسیCaseyی سەرۆکی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمەریکایی، ڕاپۆرتێکی بەپەلەی بۆ هات، کە ساداتی سەرۆکی میسر لە کاتی بینینی نمایشی سەربازیدا تەقەی لێ کراوە و بەدرێژایی سێ سەعات ئەو ڕاپۆرتانەی لە ئیزگەی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندییەوە لە قاهیرە دەرچوون (هێڵی فەرمیی حکوومەتی میسری) دووبارەیان دەکردەوە، کە پێکانەکەی سادات مەترسیدار نییە، وێڕای ئەوەی تەلەفزیۆنی

ئەمــەریکایی ڕاپۆرتەیلێکی بڵاو دەکـردنەوە، دەیانگوت سـەرۆکی مـیـسـر مردووە.

دوای نزیکەی سێ سـەعـات لە ڕاپۆرتی یەکـەمی ڕۆژی ٦ی ئۆکـتـۆبەر، ئیزگەی قاهیرە جەختی کردەوە، سەرۆک سادات کوژراوە و دەمەودەست دوای پێکرانی بەچەند گوللەیەک گیانی لەدەستداوە.

کایسی هەستی بەشەرمەزاری کرد، لە کاتێکدا ڕێگان Reagan ڕۆژەکەی لە کۆشکی سپی بردەسەر خـاترجـەمی پێ دەگـەیشت، کـە ڕاپۆرتەکـانی تەلەفزیۆن ناڕاستن. کایسی و ئینمان Inman نیگەران بوون لەوەی سەرۆکی نوێ "حوسنی موبارەک" ناڕەزاییـیەکی توند یا پڕ لە هەڵچـوون دەربڕێت، چونکە C.I.A، کـە ڕاهێنانیـان بەپاسـەوانە تایبـەتەکانی سـادات کـرد لە ئاگادارکردنەوەیان شکستیان هێنا، کەچی هیچ شتێک لەمانە ڕووی نەدا، تەنانەت سکاڵایەکی نەرمیش.

دەرکەوت ئەنجامدەرانی کوشتنەکە بەشێک بوون لە گرووپێکی ئیسـلامیی توندڕەو لە میسردا، C.I.A بایەخێکی گەورەی بەگوێ هەڵخستن و چوونە ناو حکوومەتەکەی سادات داوە، لەگەڵ ورياکردنەوەی سادات لە مەترسییەکانی دەرەوە بەڕادەیەک هێزەکانی ناوخۆی پشتگوێ خست، کارەکە هێند نزیک بوو تاڕادەی مەترسی لەوەی کارەساتی ئێران دووبارە ببێتەوە، کایسی زۆر تووڕە بوو، C.I.A ئاتاجی کەناڵی سەربەخۆی فراوانتر و زیاتری زانیاری لە میسردا بوو، کایسی پتری ویست، جا ئیدی لە سەرچاوە مرۆییـیەکانەوە بێت، یا ئەوی بەئەلەکـتـرۆنی کـۆ دەکـرێتـەوە، لەسـەر بـەرزترین ئاست لە حکوومەتە نوێیەکەدا، فەرمانەکانی کایسی ئەوە بوو کە: "هەندێک خەڵک دەرکە شـەقامـە نەفرەتیـیەکەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی داخۆ کەسێک گوللە بەموبارەکەوە دەنێت"!.

***

خاڵی سێیەم بوو لە پلانی تەناهی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، هەروەها لە لایەنی هزری و ڕۆشنبیریشەوە.

ڕاستی دۆخەکە دەرگەی فراوانی بەڕووی ئەم خاڵەدا دەکردەوە، لەبەرئەوەی لەسەر ڕێی ئۆکتۆبەر و (دوای شەڕیش) ڕوون بوو شتی نوێ و پێویست هەن بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبێ ڕێکەوتنێک لەگەڵیدا هەبێت، ڕەشەبای ئەم شتە نوێیە زانستی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانە میسریشی گرتەوە، بەم ئاوایە کەشێک دروست بوو ئامادەیی بۆ هەموو شتێک و هەر شتێک تێدابوو، لەبەرئەوەی ڕەوشەکە پێویستی بەپیاو بوو، ئەوە ئەو ساتە بوو پیاوی وەکو ئەندازیار "عوسمان ئەحمەد عوسمان" بەتەنیشت سەرۆک ساداتەوە دەرکەوت، مژدەی لۆجیکی "زانستی" و "واقیعی"یان دەدا بێ "خەون و خەیاڵ"!.

***

ڕێکەوت نەبوو ئەو ڕەوشانە بەدیهاتنی (هەرچەندە لە ماوەیەکی کورتیشدا بوو) بۆچوونەکانی هێنری کیسنجەر بوون، لەگەڵ پلانەکەی لە خاڵی ئاسایش و دابینکردنی کۆمەڵایەتی و هزری و ڕۆشنبیری، بیرمدێت بەخۆم گوێم لە قسەکانی هێنری کیسنجەر بوو بەتایبەت لەسەر ئەم خاڵە، سەرلەبەری قسەکانی (خۆی و زۆرێک لەوانەی لە شوێنی بڕیاری ئەمەریکایین) سەرنجدان بوون لەوەی سەرۆک سادات دەیانڵێت، ئەو دۆخە نوێیەی ستراتیجیی میسر، بوار دەکاتەوە بۆ دەرکەوتنی چینێک، یا کۆمەڵی کۆمەڵایەتی پشتگیریی لە سیاسەتە تازەکان دەکەن و پاڵپشتیی دەکەن، ڕای هەمووان وابوو ئەوە پرۆسەیەکی شیاو و مایەی ڕەزامەندییە، چونکە میسر ڕووبەڕووی حاڵەتی بۆشایی چینایەتی بووەتەوە، ئەوە بوو ناسر (جەمال عەبدولناسر) هەستا بەپاکتاوکردنی موڵکداریتییە گەورەکانی زەوی و خۆماڵی کردنی زۆرێک لە کۆمپانیاکانی بازرگانی و دەرەوە و بانکەکان، هەروەها دەرکردنی ئەوانەی لەسەر کۆمپانیاکانی بازرگانیی دەرەوە و

بانکەکان و بریکارییە بازرگانییەکان، کە هەموویان بیانی بوون، ئەمەش وای کرد چینی بالاّ لە کۆمەڵگەی میسریدا بنکەی خۆی لەدەست بدات، لە هەمان کاتدا چینە مامناوەندی و هەژارەکان، کە جەمال عەبدولناسر بەرێوشوێنەکانی رووی تێکردن، نەیتوانی بنکەی بۆ دروست بکات، وێڕای بوونی کەرتی گشتیی فراوان گرووپی خاوەن شارەزاییان تێدا بوو، بەلاّم رایەڵەیان بەکارەکانیانەوە (بیرۆکراتی) چینی سیاسی دروست ناکات، چونکە چینەکان موڵکدارێتی دروستیان دەکات.

لەسەر ئەم بنەمایە بەبۆچوونی کیسنجەر و ئەوانی تر لە واشنتۆن، کۆمەڵگەی میسری ئێستا رووبەرووی "گرفتی بۆشاییی دەبێتەوە، دەکرێت بەچینێکی نوێ پڕ بکرێتەوە بچێتە ناو بینای کۆمەلاّیەتیی میسری".

***

رۆڵی کەرتی تایبەت بەرجەستە و پتر بوو، لەبەر هۆیەلێک هەندێکیان دروستن و هەندێکیشیان زیادەگۆییان تێ دەکرێت و برێکیشیان دروستکراون.

* راستی جیهان زیاتر روو لە رێگەدانی بواری کەرتی گشتی دەکات، بەمەبەستی فراوانکردنی بواری پەرەپێدان، واتا کەرتی تایبەت دەتوانێت و بەپاڵنەری دەستپێشکەریی تاکرەوانە وزەی بەرهەمهێنان پتر بکات، بگرە چەند جاری بکات و ململانێیەکی تەندروست بخوڵقێنێت، لە نێوان کەرتی گشتیدا کە دوور نییە بیرۆکراتی لەمپەری بۆ دروست بکات، لەگەڵ کەرتی تایبەت رەنگە نەرمییەکی هەبێت یاریدەی سوورێکی چالاکی سەرمایە بدات.

* هەرچی زێدەگۆییە ئەوا لەبیرکردنی ئەوەیە، کە کەرتی تایبەت بەبەهای راستەقینەی خۆی پێویستی بەکاتە بۆ پێگەیینی سەرمایەدارییەکی هۆشیار بەپابەندبوونی کۆمەلاّیەتی، سەرکەوتنی پرۆسەی سەرمایەداری مەرجی هەیە:

– هاتنەناوەوەی سەرمایەداری بۆ بازاڕ بەپرۆژەی گەیەنراو بەنەخشەی ئابووریی نیشتمانی و پێداویستییەکانی.

– هاتنەناوەوەی سەرمایەداری بەسەرمایەکەیەوە، بەشێوەیەک پشتی بەسیستەمی بەنکی بەستبێت لە سنووری ماقووڵ، کە لەسەر ئاستی جیهان کاری پێ دەکرێت!

– توانای ئەوەی هەبێت بەرگەی مەترسیی قازانج بگرێت، بەو حیسابەی ئەم مەترسییانە لە قازانجکردندا ڕەوان.

* هەرچی دروست کراوە، ئەوا یەکەمەکەی دەستبەسەرداگرتنی کەرتی گشتییە، بەتایبەت ئەو یەکانەی قازانج دەکەن.

– بەپشتبەستن بەکەرتی بەنکە گشتییەکان و ئاسانکارییەکانی، بێ ئەوەی پارەکەی بخاتە مەترسییەوە.

– پەنا بۆ دەوڵەت ببات بۆ پاراستنی لەو مەترسییانەی دەبوو لە حیسابیدا بوایا.

لە واقیعدا ئەو مەرجانە پشتگوێ خران، بەتایبەت لەگەڵ یەکەمین شەپۆلدا، لە دوای جەنگی ئۆکتۆبەرەوە لەژێر ناوی کەرتی تایبەت هاتە پێشێ.

***

لەسەر زەویی واقیعدا کاتێک لە بەرایی ساڵی ١٩٧٤ قسە لەسەر "بەتایبەتکردن" کرا، کەرتەیلێکی زۆر لە ڕای گشتی نیگەرانیی خۆیان دەربڕی، لەسەر ئەوەی بەهەڵکوتانە سەر پاشەکەوتەکانیان دانابوو، هەروەها داواکاران لەودەمەدا بۆیان دەرکەوت، ئێستا نزیکبوونەوە لە کۆمپانیاکان زەحمەتە، یەکەمین ئاستەنگەکانیش ئەوەیە، سەندیکا کرێکارییەکان دەریان خست توانای جووڵەی کاریگەریان هەیە، ئەوی یاریدەی دا ئەوە بوو جەنگی ئۆکتۆبەر و قوربانییەکانی هێشتانەکینێ لە

بیـردا مـاون، ئیـدی پاشـەکـشـەیەکی کـەم لەو هەڵکوتانەسـەرە بەپەلانە کەمبووەوە.

هەروەها بۆ مـاوەیەکی کـاتی پرۆسـەکانی بـەتایبـەتکردن وەسـتـان، بەڵام گرینگی پێدانەکە لەسـەر بریکارییە بیـانییـەکان بوو، کە لایەنێکی گرینگە لە چالاکیی دارایی دوور لـە کارگە و دامـەزراوە گەورە بینراوەکـان، پاشـان ئەوە بەشـی سـوودمـەندی سـەد لە سـەدە لـە کـەرتی گـشـتی، ئەم بریکارییـانە هەژمـوونیان بەسـەر بەشـی زۆری شـتـە هـاوردەکـانەوە بۆ میـسر هـەن، کـە لەو کـاتەدا دەوروبەری ١٢ ملیـار دۆلار بوو لە سـاڵێکدا، ڕێژەی قـازانج تێیـدا لە نێـوان ١٠ بۆ ١٤ لە سـەدا بوو لە سـاڵێکدا، واتا لێـوارێکی قـازانج (هامش ربح) نزیکەی ٢ ملیـار دۆلارە لە سـاڵێکدا، ئـەو بریکارییـانە بەتەواوی مـوڵکی بێگانە بوون بەر لە جـەنگی سوێس لە ساڵی ١٩٥٦دا و مـیسریبـوونی خۆیان لەدەست دابوو، لەودەمـەدا جـەمـال عـەبدولناسـر ئەوەی هەڵبـژارد داهـاتەکەی نیشتمانی بێت لە ڕێگەی خۆماڵیکردنەوە، نەک بەمیسریکردن.

بیـرکـردنەوەکـەی وابـوو، کـە بەمـیـسـریکردن ئەم کـەرتە لە مـوڵکدارێتـیی بێگانـەوە دەگـوازێتــەوە بۆ مــوڵکدارێتــیی ئـەوانەی تـوانای کــڕینیــان لە مـیـسرییـەکان هەیە، بەو مـانایەی لە ئـەنجامـدا دەوڵەمـەندەکـان دەوڵەمـەندتر بن، بێ ئەوەی نەداران پشکێکیان بەر بکەوێت، ئێسـتا پاش کەمتر لە بیست سـاڵ (لە سـاڵی ١٩٥٦-١٩٧٤) پێـچکەکـە بەنیـمـچـە تەواوی دەخـوولایەوە، بریکارییــەکـانیش دەخــرانە ڕوو بـۆ دابەشکردن بـۆ ئەوەی هەڵدەبـژێردران، لەوانەی ڕێژیمیان دڵنیا دەکردەوە کە لە سیاسـەتی نوێوە نزیکن، بەتایبەت لە ئاشـتی لەگەڵ ئیـسـرائیلدا و پێـوەندیی تایبـەت لەگەڵ وڵاتە یـەکگرتووەکـانی ئەمەریکادا.

***

لەم کاتەدا لە سـەرەتای ١٩٧٥دا نزیکەی دووهەزار بریکاری دابەش کران،

بەنووکە قەڵەمێک لە میسردا دووهەزار کەسی تازە بوونە ملیۆنێر، هەڵبەت ئەوە پرۆسەی ئەندازەی چینایەتی بوو لەنگییەکی لەناکاوی لە هاوسەنگیی چوونەناوەوە دروست کرد، کە دۆخە کۆمەڵایەتییەکە لە میسردا پاساو نەبوو، لێ لە ئەنجامدا پاڵپشتییەکی کۆمەڵایەتیی بەسیاسەتە تازەکان بەخشی، کە توانای کاریگەریی لەسەر نێوەندی گۆڕەپانە سیاسییەکە هەبێت.

***

ئەمە ڕێوشوێنێکی کاتی بوو، تاکو ساتی دواتر لە سەردەمی موبارەکدا هات، ئیدی دەستی خستە ناو کەرتی گشتی و بەتایبەتکردنی سەرکەوتووترین و گەورەترین کۆمپانیاکان و لە هەموویان گونجاوتر و سوودمەنتر، پاشان لافاوەکە بەتواندنەوەی زەوییەکانی دەوڵەت هەڵقولا، ئینجا ئابڵووقەدانی کەرتەیلی گرینگ بەبەرژەوەندیی دارایی سیما جاڵجاڵۆکەیی، دەستی بەسەر پێگەی دیارکراودا گرت، وەکو پترۆل و گاز و خزمەتەکانی هێڵی ئاسمانی و سەنتەرەکانی ڕاگەیاندن[1].

لەم کەشەدا پێوەندیی خۆشەویستی لە نێوان دەسەڵات و ئەو بەرژەوەندییانەی دڵچوونەسەری، زیاتر لەوەی خەونی پێوە دەبینی پتر کرد.

لە گشت سەردەمەکاندا تەنیا گووزەرانی هاوبەش بەرژەوەندیی هاوتا و بەرامبەر و بەرپرسیارێتی سەر هەر لایەنێک لە هەردوو لایەنەکە مسۆگەر دەکات.

تا ئەو ساتەش دەسەڵات بوو دەیبەخشی و دەیدا، بەرژەوەندییەکانیش

١. جێی خۆیەتی بوترێت، هەندێک لە سەنتەرەکانی ڕاگەیاندنی تایبەت، کە لەو دۆخەدا نوێ بوونەوە، ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان لەم ساڵانەی دواییدا گێڕا، لەژێر کاریگەریی ئەستێرەیلێک لە ڕۆژنامەکان و لەسەر شاشەکان دەرکەوتن، کە گەیشتن پێیان پێویست بوو بۆ خزمەتی بەرژەوەندییە ناکاوەکان و فەراهەمکردنی ئاسایش و دابینکردن بۆی!

بوون وەریان دەگرت، ئێستاکەش ئەوە بەرژەوەندییەکانن لەسەریانە توانای خۆیان بەدەربخەن و سوودی خۆیان ڕابگەیەنن.

بەم ئاوایە بەرژەوەندییەکان لە دەرفەت دەگەڕان، ڕەنگە ترسابن لەوەی ئەگەر پێوەندییەکە بێ شێوە گۆڕانەوەی بەخشندەیی و دیاری بمێنێتەوە، وەکو لە پرسی بریکاریی بیانیدا ڕووی دا، دوور نییە ببێتە بارمتەی حەزەکانی ئەم دەسەلاتە، بەلام ئەگەر جەسارەتی کرد و بوێریی کرد، ئەوا دەتوانێت وا لە خۆی بکات ببێتە هاوتای شەرعی، یا بەلای کەمەوە هاوتەریبی هێزی دەسەلات!.

***

لەپڕ هەلێک بۆ دیاری و بەخشش بەدەرکەوت، بەرژەوەندییەکان بەدەسەلاتی دەبەخشی، بۆ نەگبەتی زۆرێک سەرنجی ئەوەیان نەدا، کە بەچرپە دەگوترا و لەپشت پەردەوە ئەنجام دەدران.

ئالێرەدا کێشەی "تابا" شایانی بەوردی هەلوەستە لەسەر کردنە.

ئیسرائیل بەدرێژاییی ئەو گفتوگۆیانەی هێنری کیسنجەر سەبارەت بەکردنەوەی پێکدادانکردنی، پرەنسیپێکی جێگیر کرد دەکرێت بە"تەڵەی سیاسی"ی دابنێین، پاساوێک بۆ کەوتنە ناو چاڵەکەیەوە نەبوو، ئەویش پرەنسیپی جیاکردنەوەیە لە نێوان "سەروەری" و "ئاسایش"دا.

لێکدانەوەکەشی وەکو پشتی پێ بەسترا، مانای وایە میسر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پراکتیزەکردنی مافەکانی لە سەروەری بەسەر "سینا"وە، بەلام جێگەوڕێگەی ئاسایش هەیە (بێگومان ئاسایشی ئیسرائیل) دەبێت لەسەر زەوی ئەنجام بدرێت، بێ زیانگەیاندن (وەکو دەڵێن) "بەمافی سەروەریی بۆ میسر"!.

بیرۆکەی دانانی هێزە نێودەوڵەتییەکان بۆ چاودێری لە "سینا" بێ ئەوەی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بن، بەڵکو لە پێکهاتەیدا ئەمەریکایی بێت، لە

سـەرکـردايەتيـيـشـدا جـۆرێک لەم جـيـاکـردنـەوەيە لە نێـوان "سـەروەری" و "ئاسـايش"، ئيـدی ئەم پرەنسـيـپـە بـەرفـراوانتـر کـرايەوە، وای لـێ هـات پێويستييەکانی ئاسايش نەيان دەتوانی تەنيا جياکردنەوەی نێوان هێزەکان بسـەپێنێت، بگرە دۆخـەکـە گـەيشـتـە هێـزێکی نێـودەوڵەتی (بەڕاسـتی و بەواقـيـعی ئەمـەريکاييـيـە)، يەکـەی پشکنيـنيـان هەبێت، لەگـەڵ خـاڵەيلێک ببيسێت و بڕوانێت و دەستی لە شتەکاندا هەبێ و داوا بکات، بەهاوتەريبی لەگـەڵ ئـەمـەدا "سـينـا" بۆ چەند نـاوچەيەک دابەش کـرا، پلەی بوونی هـێـزە ميـسرييـەکان و چـەکی مـيـسری لەسـەر خـاکی مـيـسری جـيـاوازيی هـەبێت، پاشان ڕێکخستنی پلەکانی بوونی سەربازيی ميسری کەم دەکات چەندێک لە هێـڵی سنووريی نێـودەوڵەتی نزيک ببنەوە، خـۆ ئـەگـەر بگات، ئەوا هـێـزی ميسريی ڕێگە پێدراو ٧٥٠ کەسە لە پاسـەوانی سنوور، هيچ چەکێکی وايان پێ نيـيـە تەنيـا ئەوانەی دەسـتـيـان دەيانگرێت، ئـەمـەش لەسـەر گـەورەيـی ناوچـەيەک، ڕووبەرەکـەی خـەريکە هاوتـەريب بێت لەگـەڵ نيـوەی ڕووبەری هەموو ئيسرائيلدا!.

***

دوا سـەنگەر لە پرسی کـشـانەوەی ئيـسـرائيل لـە سـينا پێگەی تـابا بوو، کـاتێک ئيـسـرائيـل کشـانەوەی ڕەت کـردەوە، حکوومـەتی مـيـسری بـەپێی مـەرجـەکـانی کـامپ دێڤـد پەنای بۆ ناوبـژيوانيی نێـودەوڵەتی برد و چـەندين ديپلۆمـاتکار و مـێـژوونـووس و شـارەزا جـەنگێکی درێژخـايەن و قـورسـيـان بەڕێوە برد، تاکو لێژنەی ناوبژيوانی بەبەرژەوەنديی ميسر شکايەوە.

کـەچی ئيـسـرائيل پابەندبوو بەڕەتکردنەوەوە، پاشـان توانی قـەيرانەکـە چارەسـەر بکات و بگاتە چارەسـەری مـامناوەندی و بەشـێوازێک تـەمومـژاوی بوو، تەنانەت يادەوەرييەکانی "جۆرج شۆڵتز" (وەزيری دەرەوەی ئەمەريکا لەو کاتەدا و لە سـەرۆکـايەتيی ڕۆناڵد ڕێگانـدا) ، ئاشکراکـردنی ئەو نـهێنيـيـەی زۆرێکی تووشی سـەرسـوورمـان کـردبوو، لە ئەسـتـۆ گـرت و شـۆڵتـز لەم

بارەیەوە هەواڵێکی ڕوونی پێشکێش کرد، ویستی لە پەراوێزی لاپەڕی ٤٧٧ی یادەوەرییەکانیدا بیشارێتەوە، دەقەکەی:

ئیسرائیل دانەوەی تابای بەمیسر ڕەت دەکردەوە، ئیدی هۆیەکان هەرچییەک بن، ئامانجیشی داننانی پرەنسیپێکە، کە بڕیاری ٢٤٢ی ئەنجوومەنی ئاسایش کشانەوەی لە گشت زەوییەکاندا بەسەردا ناسەپێنێت، بەڵام ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی "ئیبراهام سوفێر" گەیشتە چارەسەرێک "مافی سەروەری" بەمیسر بدات و "مافی سوود لێ وەرگرتن"یش بەئیسرائیل بدات!.

هەروەها چارەسەرەکە تەڵەیەکی تری هاورد بەهەمان داواکاریی جیاکردنەوە لە نێوان "سەروەری" و "ئاسایش"دا و بەوپێیە کۆمەڵێک خاوەنکاری میسری و خاوەنکاری ئیسرائیلی بەدەرکەوتن، کۆمپانیایەکی گەشتەوەریی نێودەوڵەتییان دامەزراند بۆ بەڕێوەبردنی ئوتێلە گەورەکەی تابا (کە هەموو کەنارەکەی گرتووەتەوە)، هەروەها نووسین لە سەرمایەی کراوە بۆ بەشداربووان لە هەردوولا بەئازادیی بازاڕ، پاشان پاڵپشتیی کارگێڕیی ئوتێلەکە کرا بۆ کۆمپانیای هیلتۆنی جیهانی، کە بۆ ماوەی پازدە ساڵ بەڕێوەی دەبات، لەجێی خۆیەوە هیلتۆنی جیهانییش ئەنجوومەنێکی کارگێڕیی هاوبەشی دامەزراند، میسری و ئیسرائیلییەکانی لەخۆ گرت، بەو مەرجەی بەڕێوەبەرێکی میسری و بەڕێوەبەرێکی ئیسرائیلیی هەبێت، پارەی کارپێکردووش جونەیهی میسری و شیکلی ئیسرائیلی بێت.

واتا ئوتێلی تابا (کە زۆربەی ڕووبەری تابایە) بووە بەڕێوەبەراتییەکی میسریی ئیسرائیلی، ئاڵای میسریش لەسەر ئوتێلەکە دەشەکایەوە نیشانەی سەروەری بوو، هاوبەشیی ئیسرائیلی لەناوەوە مسۆگەرییە بۆ ئاسایشی جیا لە سەروەری.

ئەوی مایەی سەرسووڕمانە، سیاسەتوانان و دیپلۆماتکارەکان، ئەوانەی

کـاریان لەسـەر دەرکـردنی بڕیاری ناوبژیـوانیی نێـودەوڵەتی لە بـەرژەوەندیی میـسردا کرد، هیچ بیرۆکـەیەکیان لەسـەر ئەو ڕێوشـوێنەی لەسـەر زەوییەکە گــرایـە بەر نـەبوو، چـونکە پرســەکــە لـە وەزارەتێکەوە بـۆ وەزارەتێکی تـر گواسـترایەوە، وەکو کێشـەیەک لە وەزارەتی دەرەوە دەرچوو و گواسـترایەوە بۆ وەزارەتی گەشت و گوزاری، وەکو کۆمـپانـیایـەک و ئوتەیلێک و لێـوارێک، کەس لەسـەر وردەکارییەکان نەوەسـتـا، شەیتـان بەخۆی لە وردەکارییەکاندا لـەوێ بـوو، بـەپێی ئـەو گــــوزارشـــــتـــــە کــــاریگـەرانـەی لـە توێژینـەوەی تێکستەکاندایە!.

***

دەرفـەتێکی تر بـەدەرکـەوت (بـۆ دووەمین جـار) قـسـەکـان بەچرپە کـران و جـووڵانەوەش لە پشت پەردەوە! بەرژەوەندی خـزمـەتێکی بەسـوودی تری بۆ بڕیاری سیاسیی میسری پێشکێش کرد.

لە چوارچێوەی هەمان کاتدا (لە کۆتایی هەشتاکاندا) ڕووداوی "سلێمان خـاتـر" ڕووی دا، کـە سـەربازێکی مـیـسـری بوو، خـزمـەتی سـەربـازیی لە یەکەیەکی میسری لە سینا دەکرد. چیرۆکی سلێمان خاتر بەخۆی ناسراوە، کورتەی ئەوەیە ئەم سـەربازە میسرییە کۆمـەڵێک گەشـتەوەری ئیـسـرائیلیی بینـی بەپێی ڕێوشـوێنی پەیمـاننـامـەی ئاشـتی، بێ پاسـەپۆرت و ڤـیـزە دێنە ژوورەوە، بەڵکو تـەنیـا بەڕەگەزنـامـەی کەسـێتی (ئەمـیـش جـیـاکـردنەوەیە لە نێـوان ســەروەری و ئاسـایشـدا)، وادیارە کـاتێک ئەم لاوە بینیـویەتـی لە شـویـچـنەکـەی نزیک دەبنەوە، هـاواری کردووە تا ئاگاداریان بکاتەوە، کەچی ئەوان هـەر نزیک کـەوتوونەتەوە، کوڕەی لاویش هۆشـی لەبەر نەماوە و تەقـەی لێ کردوون، ئیسرائیلییەک دەکوژێ و شەشیان بریندار دەکات!.

وێڕای دادگاییکردنی سلێمـان خـاتر و حـوکمـدانی بەزیندانیکردنی توند (دوای چەند مـانگێک لە گـرتیگەکـەیدا گـیـانـی لەدەسـتـدا)، حکوومـەتی

ئیسرائیلی مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی دەبێت میسر بڕی ملیۆن و نیوێک دۆلار بدات، ملیۆنێک دۆلار بۆ خێزانی کوژراوەکە، سەد هەزار دۆلاریش بۆ هەر یەک لە بریندارەکان، هەرچەندە برینی هەندێکیان ڕووکەش بوو! ئەمەش بووە مایەی سەخڵەتی بۆ حکوومەتی میسری لە بەرابەر ڕای گشتیی میسری و عەرەبیدا، کە هەمووان دەزانن ئیسرائیل تەنانەت دوای پەیماننامەی ئاشتییش هاوولاتیی میسری کوشت، بێ ئەوەی هیچی تێ بچێت، یاخۆ کەسێک لە میسر داوای قەرەبووی لێ بکات!.

کەچی ئێستا ئەوە ئیسرائیلە سوورە لەسەری. حکوومەتی میسریش هەست بەشەرمەزاری دەکات. ئیدی کەس قسانی لەبارەی ئەم بابەتەوە نەدەکرد، دەرکەوت یەکێک لە خاوەنکارە میسرییە تازەکان ترسا پەیماننامەی ئاشتی کاریگەریی هەبێت و لایەنی میسرییش شەرمەزار بێت، ویستیان بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات، وەڵام بەداخوازیی ئیسرائیلییەکان بدەنەوە، لە نێوان خۆیاندا پارەی قەرەبووکردنەوەکەی ئیسرائیل داوای کردبوو، خڕیان کردەوە. ئیدی بەهێمنی درا و دوور لە هەراوهوریا کۆتاییی پێ هێنرا.

***

پێوەندیی لە نێوان بەرژەوەندی و بڕیارە سیاسییەکان گەرم دەبوو و پێویستی بەقایمکاری هەبوو بەشێوەی دانپێنان، تاکو خۆشەویستییەکە و پاشکۆکانی بگۆڕێن بۆ خواستنێک، تاکو پەردەی شەرعییەت بەسەر "میراتگر"دا دابدرێت، لەبەر ئەوە مایەی سەیر نەبوو هەڵبژاردنی دوا ئەنجوومەنی گەل بێت، کە هەڵبژاردنەکەی بەر لە شۆڕشی ٢٥ی ینایەری ٢٠١١ کرا، کە ژمارەیەکی چاوەڕواننەکراوی خاوەنکاری تێدا بوو کە یاسا لەبەر ئەوان هاتبووە پێشێ، بۆ خاترجەمییان پەیمان و بەڵێن و دەسەڵات، بەش ناکات. کەچی دەیانەوێت ئێستا و لە ئایندەشدا دەقەکان بنووسن.

ئەگەر یەکێک بەپێکهاتەی نێردەکان و شاندە چالاکەکاندا بەسەر ڕێگەی واشنتۆندا بچێتەوە، ئەوا لە بەرابەریدا ڕۆڵی بەردەوامی کۆمەڵە نوێیە تازەهەڵکشاوەکان لە میسردا بەدەردەکەوێت، کە چۆن خۆیان بەدەسەڵاتەوە دەلکێنن و ئەوپەڕی توانا دەخەنە گەڕ، تا لە دەرەوەی چوارچێوەکەدا بازاڕیان گەرم بێت.

نێردە و شاندەکان بەوەندە وازیان نەهێنا، بەوەی دەتوانن بیگەیەنن بەوەی دەیبینن لە کۆڵانەکانی کۆنگرس، یا ڕۆڵی ڕۆژنامەکان، بەڵکو هەندێکیان مەزراندنی خزمەتی نووسینگەکانی پێوەندییە گشتییەکانیان دەکرد، گرووپی فشاریش دەجووڵێن، تا بەمەزەندەی خۆیان کار لە سەنتەرەکانی بڕیاری ئەمەریکایی بکەن و قایلی بکەن، کە ڕێژیمی ئێستای میسر دەبێت تا ماوەیەکی درێژ پشتگیریی بکرێت، هەروەها لە ئایندەشدا وەکو ئێستا پشتگیری بکرێت، چونکە پێویستییەکی ئەمەریکاییە بەر لەوەی پێویستییەکی میسری بێت، بەومەبەستەی ئێستا باوک بەڕێوەی دەبات و داهاتووش پێویستی بەکوڕە!.

***

هەروەها ئەم چینە تازەیە لە میسردا پەلوپۆی بەرەو ئاسۆی فراوانتر لە ناوەوە و دەرەوەدا هاویشت، بەتایبەت لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندییە گشتییەکاندا و کاریگەریی نزیک و دوور لەسەر کەشی ڕۆشنبیری لە میسردا، بەم شێوەیە پرۆسەی ڕامالینی میسر ڕووی دا، خراپترین شت تێیدا ئەوە بوو بەسەر فێرکردندا هات، دوای ئەوەی ئەوی بەسەر ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریدا هات.

میسر هەمیشە دوو ڕۆڵی لە جیهانی عەرەبیدا دەگێڕا: ڕۆڵی ڕووناکبیری و ڕۆڵی یەکخستن، پێوەندی لە نێوان ئەو دوو ڕۆڵەدا تۆکمە و سروشتی بوو، لە واقیعدا پرۆژەی سیستەمی عەرەبی لە بناغەدا ڕۆشنبیری بوو.

بزاڤی ڕووناکبیری (بەفێرکردن و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە)، کە لە میسر و لوبناندا دەستی پێ کرد، ئەوەیە کە هۆکارەکانی نزیکبوونەوە و بەردەوامی لە نێوان هەموو میللەتانی نەتەوەی عەرەبیدا دەجوولێنێتەوە.

بزاڤی یەکخستن بەرمەبنایەکی لۆجیکیی ئەم بەردەوامی و نزیکبوونەوەیەیە، بەدەرچوونی میسر لە ئاشتەواییی یەک لایەنە لەگەڵ ئیسرائیلدا، پرۆسەی نزیکبوونەوە و بەردەوامی وەستا.

***

لە کەش و هەوای ئەوەی بەکرانەوەیان ناودەبرد و بۆ خۆ ئامادەکردن بۆی، بەم پێوەندییە ناڕەوایەی نێوان دەسەڵات و سامان، باشترین ڕەگەزەیلی ئامادە و لەبار بۆ جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی و هزری هەستیان کرد ئاسۆکان لەبەردەمیاندا ئابڵووقەدراون، لەپڕ دەرگە کرایەوە بۆ گرێبەستی تاکەکەسی بۆ مامۆستایانی سەرەتایی و مامۆستایانی زانکۆکانی میسر، تا لە دەرەوەیدا کار بکەن، لە کەشوهەوای تەنگی و ئابڵووقەدا زۆرێک پەنایان بۆ ئەو شوێنە برد، کە هەلیان تێدا بینییەوە، گرێبەستەکانیش ئامادە و دەستوالا بوون، لە دە ساڵدا نەک پتر، لە ساڵی ١٩٧٥ەوە تا ساڵی ١٩٨٥، سەرژمێرییە فەرمییەکان جەختیان لەوە دەکردەوە، کە زانکۆکانی میسر ٥٥٪ی لە وزە زانستییەکانی لەدەستداوە، هەروەها خوێندن لە قوتابخانە دواناوەندییەکاندا ٤٢٪ی وزەی فێرکاری لەدەست دا.

***

ڕەنگە ئەوی بەسەر ڕووباری نیلدا هاتبێت لە کاتی تێپەڕبوونی بەهەر شارێکدا، قەبارەی دوژمنکاری ئاشکرا کردبێت، تەنانەت بەسەر پیرۆزیی ژیانیشدا.

خولیاکە سەرشێتانە بوو لەگەڵ وەرچەرخان و گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا، لە ڕازیکردنی سەرجەم تایەفە و گرووپەکاندا، تاکو بخافڵێن

و دوور بکەونەوە، لە ماوەی پێنج ساڵدا (دوای جەنگی ئۆکتۆبەر) بەملیۆنان تەن چیمەنتۆ فڕێدرانە ڕووباری نیلەوە بۆ دروستکردنی یاریگە و یانەی ئاوی بۆ سەرجەم دەستە و کۆبوونەوە پیشەییەکان، بۆ دڵڕاگرتن و خافڵاندنی توێژە جیاجیاکان، هێندەی نەبرد زۆربەیان بۆیان دەرکەوت لەسەر ڕۆخەکەین، وەلێ بەپیتییەکەی بەئاقارێکی تردا دەڕوات.

ئەوی بەسەر نیلدا هات بەسەر هیچ ڕووبارێکی تردا نەهاتووە، هێندەی نەمابوو ئەو ڕووبارە مەزنە بەدرێژایی ئاوەڕۆکەی لە میسردا بخنکێت، چەندێک بەپایەتەخت، یاخۆ بەشارێکدا تێپەڕیایا.

لە دوا سەردانی سەرۆک "فرانسوا میتیران"دا بۆ میسر، تاقە پرسیاری ئەو ئەوە بوو:

"بۆچی سیمای نیلتان بەم شێوەیە شێواند، کە دژ بەژیار و بەژیانە؟"!.

لە ماڵی باڵیۆزی فەرەنساوە لەدەم نیل لە جیزە لە کەناری ئەو ڕووبارە مەزنەدا پیاسەی دەکرد و بەخەمبارییەوە لەوی دەیدی ڕامابوو!.

کاتێک بۆ ماوەی سەرۆکایەتیی سێیەم دەست بەکاندیدکردنی موبارەک کرا، تەنیا ئەوەندەم لە تواناادا بوو دوور بوەستم، نە پشتگیری و نەیش ئۆپۆزسیۆن، ڕاستی ئەو ئیدی لە هیچ لایەنێکەوە پێویستی بەپاڵپشتی نەبوو، شوێنی خۆی گرتبوو، چ لە ناوەخۆ و چیش لە دەرەوە، یاخۆ بەپێچەوانەوە.

لەمەش پتر توانی دەستەبژێر لە میسردا بەتاڵ بکاتەوە، لەو زیاتر جێی کەسی تێدا نەدەبووەوە، یاخۆ ئەوی بیویستایا، ئەگەر پێویستیی هەڵبژاردن بهاتایەتە پێشەوە، تەنانەت بەنیسبەت پۆستی جێگری سەرکۆماریش.

موبارەک بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو زەلامێک قبووڵ بکات لە پشتییەوە دابنیشێت، یا بەتەنیشتییەوە بێت چاوەڕوانی کاتی گۆڕان، یا لەناکاوی قەدەر بکات، پاساویشی بۆ خەڵک ئەوە بوو "ئەو نایەوێت بەزۆر ئەڵتەرناتیڤیان بەسەردا بسەپێنێت، ئەگەر بەبڕیاری ئەو جێگرێکی بۆ دامەزرێنن"، لەمەشدا قسەکەی لۆجیکی بوو، لە ڕووکەشدا ڕاستە و بەبیری کەسدا نەدەهات ئەو ڕووکەشە ڕەنگە لەودیوییەوە شتێکی شاردبێتەوە هێشتا دوور بێت لە تەمومژێکی نادیارەوە!.

بەتەواوی ئەم کابرایە کێیە؟! خەڵک لەوە پتر چی لەبارەوە دەزانن، کە لە هەڵبژاردنی "سادات"ە؟! داخۆ دەسەڵات لە ماوەی نزیکەی بیست ساڵدا چی فێر کرد، لە لووتکەی دەسەڵاتێکەوە نەی دەویست و ئامادە نەبوو بۆی (وەکو دەیگوت و چەندبارەی دەکردەوە)؟!

ئەی بەتەواوی ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیرییەکەی چین و فەرمانڕەوایی چی پێ

بەخشی، یاخۆ چی لێ سەندەوە، یان چی ڕاست کردەوە؟!

***

ڕەنگە هۆیەکانی نیگەرانی پتر بووبن و ئاشکرا بووبن، کاتێک تارمایی بەڕێز "حوسێن سالم" لە نزیک موبارەکەوە دەرکەوت، لە ڕاستیدا ناوی حوسێن سالم یەکتربڕ بوو لەگەڵ ناوی سەرۆک موبارەکدا، ڕاستی پێوەندیی نێوان ئەو دووانە لەگەڵ گەیشتنی موبارەک بۆ کورسیی سەرۆکایەتی لە دوای کوشتنی سەرۆک سادات گۆڕا، بەدیارکراویش لەبەردەم کێشەیەکدا لە بەرابەر دادگەکانی فلۆریدا تەماشا کرا، کە تایبەت بوو بەکۆمپانیای "ئیستکۆ" بۆ گواستنەوەی شتومەکی سەربازیی ئەمەریکایی بۆ میسر، بەپێی ئەو یارمەتییانەی پێوەند بوون بەپەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا، ناوی موبارەک بەفەرمی لە بەڵگەنامەکانی کێشەکەدا وەکو یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیاکە تۆمار کرابوو، ئەوە بوو ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمەریکایی "چاک ئەندرسۆن" لەو کاتەدا لەسەری نووسی و بەناو لە ستوونە ڕۆژانەییەکەیدا، کە سەدان ڕۆژنامەی ئەمەریکایی بڵاوی دەکەنەوە، ئاماژەی بەموبارەک کرد.

ئەو هەرایەی لەسەر ئەو کێشەیە نرایەوە، هێور بووەوە و بوویەرەکانی نووستن، تەنیا لە بڕیارێک نەبێت لەسەر حوسێن سالم دەرچوو، ڕێ لە چوونە ناوەوەی حوسێن سالم بۆ ئەمەریکا دەگرێت.

بەڵام تارمایی حوسێن سالم لە نزیک موبارەکەوە، خەریکبوو لە سێبەر دەردەچوو بەرەو ڕووناکیی خۆر، لەگەڵ گۆڕینی "بۆ دووەمین جار" هاوینەهەواری "شرم الشیخ" بۆ نیمچە پایەتەختی سیاسی لە میسردا، حوسێن سالمیش وەکو کوێخای ئەم پایەتەختی دووەمە "شرم الشیخ" تەماشا دەکرا!

***

هەر بەرێکەوت لە ڕۆژێکی ساڵی ١٩٨٨دا حوسێن سالم لە بەرابەر خۆمدا

بینییەوە، سواری فڕۆکەیەکی سویسری بووم لە فرگەی قاهیرە بەرەو جنێڤ، دوای ئەوەی فڕۆکەکە هەستا و لە ئاسماندا سەقامگیر بوو، کابرایەکی درێژی ڕەشتاڵە بەتەنیشت کورسییەکەمەوە وەستا، خۆی پێم ناساند، کە حوسێن سالمە.

منیش دەمودەست لێم پرسی، داخۆ ئەو "ال"ـە: پیتی The، کە بۆ وەسفکردنی کەسێتییەک بەکار دەهێنرێت ناوێکی هەڵگرتبێت، بەسیفاتەیلێک تایبەت بەوەوە باو بێت، هەروەها سیفاتەیلێک بەدیارکراوی ئاماژە بەو بدات.

کابرا بەحەپەسانێکی بەرچاوەوە بەرپەرچی دامەوە: نازانم The کێیە، کە تۆ مەبەستتە، بەڵام وابزانم منم.

بۆی ڕوون کردمەوە، ئەو لە کورسییەکانی ناوەند دادەنیشت، کاتێک بینیمی سوار فڕۆکەکە دەبم و لە لای ڕاست دادەنیشم، ئەوەی بەبیردا هات قسەم لەگەڵدا بکات، پاشان یارمەتیی خواست ئەگەر ئەوی تەنیشتمەوە قایل بێت بگوازێتەوە کورسییەکەی تەنیشت ژنەکەی، چونکە دەیەوێت هەندێک قسانم لەگەڵدا بکات، کارەکە ڕایی بوو، هەینێ لە تەنیشتمەوە دانیشت، یەکەمین تێبینیی پێم گوت:

"ئەم خاتوونە (ژنەکەت) زۆر لە تۆ گەنجترە".

لە تێبینییەکەم گەیشت و گوتی:

"ئەمە دووەم ژنێتی، ئەو دایکی منداڵەکان نییە. ڕاستییەکەی دوو ژنم هەن: یەکیان بۆ ماڵ و خێزان، کە دایکی منداڵەکانە، ئەوی دووەمیش بۆ سەفەر و گەشت و گوزار".

منیش گوتم: "ئەمە ڕێکخستنێکی بلیمەتانەیە، تەنیا ئەو پیاوانەی بەهێزن دەرۆستی شتی وا دێن، بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ سەرکۆماردا هاوەڵ بن".

گوتی: "هەر بەتەواوی دەمەوێت لەگەڵتدا باسی ئەمە بکەم، کاتێک لە

هەمان فرۆکەدا تۆم بینی، وام هەست کرد ئەم دەرفەتەم لە ئاسمانەوە بۆ هاتووە، چوار سەعاتی تەواومان لە بەردەمدایە، ئەگەر "خانم" ڕێگەم بدات" (مەبەستی هاوسەرەکەم بوو)، کە بۆ ماوەیەکی کاتی کورسییەکەی گۆڕییەوە.

تکام لێ کرد نیگەران نەبێت، چونکە "هیدایەت" ڕاهاتووە لەسەر ئەوەی ڕووداو و ڕێکەوتەکان منی لێ ببەن.

لە تەنیشتمەوە دانیشت، ئاماژەی بەو خاتوونە کرد، کە بەوەی وەسف کرد، هاوسەری گەشت و سەفەرە. دواتر گوتی:

"لاو و شۆخ و شەنگە، شت دەزانێت، بوونی لەگەڵمدا کاتێک لە میسر، یا ئیسپانیا نابم، ژیانم دەکاتە ششتێکی تر".

هەروەها گوتی: "لە میسر چاویان لەسەر هەموو جووڵەیەک کراوەیە، لە ئیسپانیا (لەو شوێنەی دایکی منداڵەکانی لێ دەژێت، هەر کەسە و خەریکی کاری خۆیەتی)، وەلێ جیهان لە میسر و ئیسپانیا فراوانترە"!.

پێم گوت: "دابەشکردنی بۆ پسپۆڕی (جوگرافیا) بەم شێوەیە، مایەی وورووژانە، ڕەنگە نیشانەی شێوازی کەسێک بێت لە هەواڵگری کاری کردبێت و دوو ژیانی هەبێت: یەکیان هەندێک خەڵک دەیبینن، ئەوی تر ئەوانی تر دەیبینن".

جارێکی تر حوسێن سالم لە ئاماژەکە گەیشت و وتی:

– چیت نووسیوە من خوێندوومەتەوە، ئەمەش مانای وایە دەتناسم، هەرچی "جەنابتە" هیچ لەبارەی منەوە نازانیت، تەنیا ئەوە نەبێت لە یەکێکی ترەوە بیستووتە، زۆربەشی شێواندنی بەمەبەستەوەیە"!.

– بۆچی وا تێ دەگەی ئەوە شێواندن و بەمەبەستەوەیە"؟ من خۆم گەلێکم بیستووە لە گرینگ و لە وورووژێنەر، هەندێکیشیان مەترسیدارن"!

***

پرسیاری مانای "ورووژێنەر"ی لێ کردم. گوتم: "بۆ نموونە بیستوومە، تۆ بەرپرسی لە هێنانی جلەکانی موبارەک، هەر تۆش لەگەڵ فرۆشگەی بریۆنی شتەکان بۆ ژنەکەی ڕێک دەخەیت".

قسەکانی پێ بڕیم: "بەتەواوی ئەمەیە شێواندنی مەبەستدار"!.

درێژەی پێ دا: "چیرۆکەکە بنەمای هەیە، بەڵام شێواندنە بەئەنقەستەکە گشت سنوورێکی بڕیوە"!

ئیدی دەستی بەشرۆڤەکردن کرد:

"بنەچەی چیرۆکەکە ئەوەیە، سەرۆک موبارەک (بۆ زانینت من زۆرم خۆش دەوێت، ئەو لەمێژە برادەرمە) سەردانی میرنشینە عەرەبییەکانی دەکرد، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک شێخ زاید"، قسەکانی بڕی و گوتی:

"دەبێت پێیان گوتبێت من باش شارەزای میرنشینە عەرەبییەکانم، ساڵانێکی زۆر لەوێ وەکو نوێنەری کۆمپانیای ئەلنەسر بۆ بازرگانی کارم کرد، بەخۆت دەزانیت یەکێک لە کۆمپانیاکانی هەواڵگرییە". پاشان هاتەوە سەر جێڕەوتی قسەکانی:

سەرۆک موبارەک بۆ لای شێخ زاید هاتبوو، شێخ زاید دوای سەرۆک بەدوو خولەک گەیشتە هۆڵی کۆبوونەوە، داوای لێبوردنی لێ کرد لەسەر دواکەوتنەکەی "کە لەگەڵ گرووپی بریۆنی بووە" (شوێنی ناوداری جلفرۆشیی پیاوان) پراوەیان بۆ دەکرد، چونکە پێوانەی ئێستای نەگونجاوە، پاش ئەوەی شێخ زاید هەندێک لە کێشی خۆی داگرتووە، ئیدی شێخ زاید پەلەی لە پسپۆڕانی بریۆنی کردووە (وەکو بەسەرۆکی گوت)، کەچی ئەوان "بەخۆت دەزانیت جەنابی سەرۆک بەتەنگ ئیشەکەیانەوە دێن، حیسابی مللیمەتر بۆ پێوانەکانیان دەکەن، موبارەکیش سەراسیمەیی خۆی بۆ زەوقی بریۆنی -Bri oni دەربڕی و پرسیاری ئەوەی کرد داخۆ توانای ئەوەیان هەیە ئەوی هەیانە ئەمڕۆ نیشانی بدەن؟ شێخ زایدیش بەو بەخشندەییەی پێی ناسرابوو

وڵامی دایەوە "ئەی بۆ نا، مادام تۆ لە ئەبوزەبیت"؟!

"کارەکەش یەکەمین جار پتر لە چارەکە سەعاتێک نابات، قەدت دەگرن و نموونەیەک بەقەبارەی ورد دروست دەکەن، پاشان لەسەری دەدوورن، ئیدی دووەم جار نایانبینیتەوە، تا ئەوکاتەی دێنەوە لات بۆ پراوەی کۆتایی، دوای ئەوەی لە دروستکردنی دەبنەوە، بەهەرحاڵ دەبینی ڕێک و تەواوە، مەگەر کێشت زۆر بگۆڕێت، لە هەر وەرزێکیشدا نموونەی باشترین قوماشی خۆیانت بۆ دەنێرن، تۆش کامەیانت بەدڵ بێت هەڵی دەبژێریت، دوای چەند ڕۆژێک دەبینیت بەکانتۆری جلەکانتەوە هەڵواسراوە، پاشان هەر خۆیان لەگەڵ هەر تاخمێکدا کراس و بۆینباخی گونجاو لەگەڵ تاخمەکەت بۆ دەنێرن".

سەرۆک موبارەک بیرۆکەکەی بەدڵ بوو، کاتێکی بۆ ڕێکخرا، تا پسپۆڕانی بریۆنی لە ئەبوزەبی بێن بۆ لای.

قەدیان گرت و ئەویش لە نموونەی قوماشەکان چەند ڕەنگێکی هەڵبژارد.

قسەکانیم پێ بڕی: چەند پارچەی هەڵبژارد؟!

کەمێک بەسەرسوورمانەوە بیری کردەوە، پاشان وەڵامی داوە:

سی پارچە، ئەگەر باش لەبیرم مابێت، بیرت نەچێت ئەو سەرۆک دەوڵەتە، پاشان ئەوی نیشانیان دا زۆر بوو، ئەوانیش بەپێشکێشکردنی قوماشی ڕەنگ جوان زۆریان لێ دەکرد!!

ئەمە چیرۆکەکەیە (ئەمە ئەسڵی چیرۆکەکەیە)، ئەسڵی چیرۆکەکە دیارییە لە شێخ زایدەوە، ئەوی من بیزانم، بەڕاستی نازانم ئیدی سەرۆک داواکەی لە بریۆنییەوە دووبارە کردەوە، ئەگەر وای کردبێ، ئەوا لەڕێگەی منەوە نەبووە!!

درکم کرد حوسێن سالم ڕاستگۆیانە قسەی لەگەڵدا کردم و هیچی لێ نەشاردمەوە، چونکە (بەسادەیی) نایەوێت پێچ و پەنا لەگەڵ "کابرایەکی وەک

مندا بکات"!!

منیش سوپاسی ئەو بڕوایەیم کرد بەمن هەیەتی!!

***

گوتم: "دەمەوێت لەوی دەیڵێت گوێی لێ بگرم، هەرچی بڕواکردنە، ئەوا پێوەندیی بەبیرکردنەوەی لەسەرخۆ هەیە بۆ تێگەیشتن لە چیرۆکەکان و بەراورد لە نێوانیاندا، منیش نامەوێت بەنواندن هەڵی بخەڵەتێنم".

گوتم: "من ئەم حەکایەتە سەرنجڕاکێشە بۆ دانەیەکی تر هەڵ دەگرم".

بەبایەخەوە سەرنجی دام و گوتی: "ئەو ئامادەی هەر پرسیارێکە".

گوتم: "لە چەند سەرچاوەیەکەوە پێیان گوتم، تۆ بەرپرسیاری هەڵبژاردنی دیاریی میرەکان بووی بۆ ژنەکەی سەرۆک".

دەمودەست بەرپەرچی دامەوە، بێ ئەوەی ئەوەی بمەوێت تەواوی بکەم:

"ئەمەش هەر ئەسڵی هەیە، وەلێ پرۆسەی شێواندن ئەسڵی ڕووداوەکانیشی گرتووەتەوە".

گوتی: "تۆ ژنەکەی سەرۆک دەناسیت؟!".

وتم: "یەکترمان نەناسیوە، بەڵام حاشای لێ ناکەم کاتی خۆی هیوام پێی هەبوو، بۆچوونم وابوو، دەمزانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی لە زانکۆی ئەمەریکایی خوێندووە و گرینگی زۆری بەگەرەکی بولاق داوە و چەندین توێژینەوەی لەسەر کردووە، دوور نییە ڕەگەزی هاوسەنگی بێت ڕۆشنبیریی مێردەکەی تەواو بکات، چونکە ئەو بەوردبینی واقیعی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەی ناسیوە و ئەگەر ئەو بیری بچێتەوە، ئەوا ئەم دەتوانێت بیخاتەوە بیری"!!

جارێکی تر حوسێن سالم چاوەڕێی نەکرد:

لەوکاتی مەبەستی ژنەکەی سەرۆک بوو، گوتی:

"سوزی (بەم شێوەیەی گوت) ئافرەتێکی باشە و زەوقێکی بەرزی هەیە،

هاوەڵی خێزانی ژمارەیەک فەرمانڕەوایە لە کەنداو، سەریان لێ دەدات و ئەوانیش دێن بۆ لای، هەڵبەت لە دیارییەکانیان بەخشندەن، ئەویش دیارییان بۆ دەبات.

ئەو گرفتەی دەرکەوت ئەوە بوو، ئەوان بەر لەوەی بێن دیاریی بۆ هەڵ دەبژێرن، یان بەر لە ڕۆیشتنی ئەم، زۆرجاریش دیارییەکان دووبارەن و ژنەکەی سەرۆک هەمان شت وەردەگرێتەوە، هەمان تاخم دوو جار و سێ جار و هەندێک جار چوار جار، بێگومان هەمەڕەنگی پێویستە. داوایان لێ کردم دیارییەکان ببینم، تاکو دووبارە نەبنەوە. تا ماوەیەک وام کرد، کەچی ئینجاش وێڕای ئاگاداری دووبارەبوون ڕووی دایەوە، پاشان بڕیار درا بەر لە سەردانەکە نموونەی دیارییە پێشنیازکراوەکان بۆ میسر بنێررێن، ئیدی لەوێ ئەوی بەدڵیان بێت هەڵی دەبژێرن، چونکە ئەوی هەیبێت دەزانێ و پێی خۆشە شتەکە نوێ بێت".

لێی پرسیم: ئەمە هەڵەکەی لە کوێدایە؟ خەڵکی لەوێ حەز دەکەن بەدیاری گوزارشت لە هەستەکانیان بکەن، دیارییەکانیشیان گرانبەهان، ناشگونجێت دیارییەکان دووبارە ببنەوە، ئەگینا ئەوانەی بۆیان دێت چییان لێ بکەن، ئاخۆ هەموو جارێک هەمان "وێنە" لەبەر بکەنەوە، یاخۆ لە ڕێگەیەک بگەڕێن مسۆگەری نوێکردنەوە بکات؟ دێنیتەی بەرچاوی خۆت لە هەمان تاخم دانەی دووبارە بێتەوە، باشە چی لێ بکات، ئەگەر دووبارەکە بفرۆشن و دانەیەک لە وێنەکە هەڵگرن، ئاخۆ نابێتە مایەی ڕەخنە و قسەوقسەڵۆک و پڕوپاگەندە؟

***

پێم گوت: واز لە گشت ئەو شتە هەژێنانە بێنە، کە لەبارەی تۆوە بیستوومن، باباسی شتە مەترسیدارەکان بکەین، مەبەستم بابەتی چەکە!.

لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە سەرنجێکی دەرەوەی دا و گوتی: ئەمە

لووتکەکانی چیای ئەلپن لە بەرابەرماندا، فرۆکەکەش خەریکە لە جنێڤ بنیشێتەوە، بەڵام واتێنەگەی لە پرسیارەکەت هەڵاتووم، من ئامادەم قسەی لەسەر بکەم.

پاشان لێی پرسیم:

– چییەڵێیت سبەی نیوەڕۆ پێکەوە نان بخۆین، تا قسەکانمان تەواو بکەین؟!!

گوتم: من سبەی نیوەڕۆ لای باڵیۆزی میسر (دوکتۆر نەبیل ئەلعەرەبی) لە جنێڤ داوەتم.

گوتی: دەزانم هاوەڵزاواتە.

گوتم: دروستە، بەهەرحاڵ دەتوانم نیوەڕۆخوانەکەی پێ بکەمە کاتێکی تر، ئەگەر قایل بوو ئەوا بانگهێشتنەکەتم قبووڵە.

یارمەتیی خواست بەر لە نیشتنەوەی فڕۆکەکە بگوازێتەوە بۆ کورسییەکەی بەتەنیشت ژنی سەفەر و گەشتوگوزارییەوە.

هەینێ لە فڕگەی جنێڤ دابەزیین، باڵیۆزی میسر دوکتۆر نەبیل ئەلعەرەبی و هاوسەرەکەی لە پێشوازیماندا بوون، نەبیل ئەلعەرەبی پێی گوتم: ئەو کاتی بینی لە فڕۆکەکە لەگەڵ حوسێن سالمدا دادەبەزم، تووشی سەرسووڕمان هات.

لە خۆی و خێزانەکەی ڕوخسەتم خواست، کە نیوەڕۆ خوانەکان بۆ ڕۆژی دوایی هەڵگرین، هەردووکیان ڕازی بوون، پێکەوە لە بایەخدانەکانم دەگەن و بەهەندی وەردەگرن.

حوسێن سالم ئاوڕی لێ دامەوە، پێم گوت داوەتەکەی سبەیی قبووڵ دەکەم.

ئەویش گوتی: کەواتە سبەی لە ئوتێلی La Reserve.

حوسێن سالم هەوڵی دا داوەتەکە بۆ نەبیل ئەلعەرەبییش درێژ بکات،

کەچی ئەو باڵیۆزە وریا و بەتوانایە داوای لێبوردنی کرد و گوتی:

"ئەو وای بۆ دەچێت گفتوگۆیەک لە نێوانماندا هەیە، بۆیە واباشترە بەتەنیا تەواوی بکەین". هەر واش بوو!

***

هەر لە یەکەمین سەرنجمەوە لەسەر خوانەکەی لە گۆشەیەکی دووری باخچەکەی ئوتێلی ڕیزێرڤ دانرابوو، بۆم ڕوون بووەوە، حوسێن سالم شتەکانی وا ڕێکخستبوو نیوەڕۆژەکە وابنوێنێت "بۆنەیەکی تایبەتە".

خوانەکە بەئاگادارییەکی بەرچاوەوە ئامادە کرابوو، هەروەها سەرۆکی خزمەتکەران ئوتێلەکە بەتەنیشتەوە وەستابوو بەخۆی سەرپەرشتیی دەکرد، بەتەنیشتییەوە مێزێک بوو لە ناوەڕاستییەوە سینییەکی زیو دانرابوو، بوتڵێکی هەڵپچڕاوی شەرابی لەسەر بوو، تێبینیی ئەوەم کرد، کە "شاتولاتۆر ١٩٤٩"یە، سەیرم هاتێ، ئەم بوتڵە شەرابە نرخی لە دە هەزار دۆلار کەمتر نییە، قسەیەکم تێ گرت لەسەر جۆری شووشە شەرابەکە، پاشان گوتم:

"مایەی داخە، چونکە من ناخۆمەوە".

پیاو حەق بڵێ، گوتی: "منیش".

گوتم: "کەواتە بۆ کردتەوە؟"

گوتی: "سەرۆکی خزمەتچییان (میتر دوتێل) وای بەباش زانی زوو هەڵی بپچڕێت، چونکە شەرابی زۆرماوە پێویستی بەهەوایە".

سەرۆکی خزمەتچییان هەندێکی کردە قاپێکی لە کریستاڵ دروستکراوەوە، مۆمێکی داگیرساو بەتەنیشتییەوە بوو، گەرمی بۆ دەرووبەرەکەی پەخش دەکرد، حوسێن سالم گوتی:

"تازە کردییەوە و تەواو".

تکام لێ کرد لە مێزەکەی دوور بخاتەوە، چونکە بوونی لە نزیکمانەوە پێویست نییە، ئاماژەی بۆ سەرۆکی خزمەتچییان کرد و داوای لێ کرد چی

لەو شەرابە دەکەن بیکەن، کابرا پەشۆکا، بەڵام حوسێن بەدەنگی نزم دڵنیای کردەوە، بەمانای (وابزانم) پارەکەی دەدات، هەرچەندە بەکار نەهێنراوە، کابرا شڵەژانی زیاتری پێوە دیاربوو، وەلێ ئەمجاریان شڵەژانەکەی لەخۆشیدا بوو نەک لە نیگەرانیدا!

نەمویست کات لەدەست بدەم، گوتم:

– بەهەرحاڵ بوتڵێک شەرابی لەم جۆرە، هانی بابەتی بازرگانیی چەکت دەدا!

دەمودەست گوتی: من حەزم بەبازرگانیی چەک نییە، خۆشم تێ هەڵنەقورتاندووە، بازرگانیی چەک بۆ ئەوەی توخنی بکەوێتەوە، یاخۆ لەبارەیەوە بنووسێت مەترسیدارە.

هەستم کرد بەنیمچە ئاگادارکردنەوەیەکەوە پێم دەڵێت:

– تکات لێ دەکەم سەبارەت بەبابەتی بازرگانیی چەک مەنووسە، چونکە بوارێکی مەترسیدارە، ئەوانەی کاری تێدا دەکەن "دڵیان مردووە"، سڵ لە هیچ شتێک ناکەنەوە.

– هەموو پیشەیەک مەترسیی خۆی هەیە، ڕۆژنامەوانی بەسروشتی خۆی مەترسیدارە، گەڕانیش بەدوای ڕاستیدا لە هەر بوارێکدا بێت، بەردەوام توێژەر دەخاتە بەردەم خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە، بەرژەوەندییش لە چەکدا تۆقێنەرە، نزیکبوونەوەش لێی هەر تۆقێنەرە.

پاشان بۆ دڵنیاکردنەوەی گوتم:

– من لەم یەکتربینینەدا ڕۆژنامەوان نیم، پاشان بایەخی من پتر بەسیاسەتە وەک لە چەک!!

گوتی: یەکەمین شت و بەپێی زانیاریی خۆم دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە نەچووەتە ناو بازرگانیی چەکەوە، بەڵکو چووەتە ناو گواستنەوەی چەکەوە، جیاوازییەکی زۆریش هەیە لە نێوان گواستنەوە، کە پرۆسەی بارکردنی

شتوومەکە، ئەگەر چەکیش بێت، لەگەڵ بازرگانیی چەکدا!

– من دەمەوێت لەم پرسە تێ بگەم پتر لەوەی بەلامەوە گرینگ بێت بۆ بڵاو کردنەوە.

ئەمەشم خستە سەر: بۆ ئەوەی لەگەڵتدا ڕاستگۆ بم، دوای یەکتربینینمان لە فڕۆکەکەدا، پێوەندیم بەنووسینگەکەمەوە کرد و داوام کرد هەندێک کۆپیی ئەو کاغەزانەم بۆ بنێرن، کە خۆم بۆیانم دەستنیشان کرد. کاغەزەکانم بۆ هاتن و بەسەریاندا چوومەوە، ئێستا پێمە، لەو ئۆتۆمبێلەدایە کە پێی هاتم بۆ ئێرە.

پرسی داخۆ دەتوانێت بیانبینێ، چونکە یارمەتیی دەدات بۆ دیارکردنی ئەوەی دەمەوێ قسەی لەسەر بکەین!.

پێوەندیم بەشۆفێرەکەمەوە کرد و داوام لێ کرد ئەو زەرفەی لە ئۆتۆمۆبێلەکەم جێهێشت بیهێنێت، حوسێن سالم چاوی لە جووڵەی زەرفەکە بوو، کە لە دەستی شۆفێرەکەوە درایە دەست من، ئینجا چاوی لە جووڵەی دەستەکانی من بوو، کە کۆمەڵێک کاغەزم دەرهێنا و دامە دەستییەوە.

***

ئەو کاغەزانەی دامنە دەستییەوە کۆمەڵێک دیکۆمێنت بوون:

١– بڕیاری تێهەڵچوونەوەی بازنەی چوارەمی کێشەکە بوو لە مێژووی ٤ی نۆڤەمبەری ١٩٨٣، دادوەرەکانیش ئەم سیانە بوون: ڕسل و فیلیپس و مۆر ناجان، کە بەداوایەک ڕاسپێررابوون حکوومەتی ئەمەریکایی لەسەر کۆمەڵێک کۆمپانیا بەرزەوە کرابوون، کە ئەدوین پۆڵ ویلسۆن نوێنەرایەتیی دەکرد، لە بڕیارەکەدا ناوی کۆمپانیای ئێتسکۆ هاتبوو، کە کۆمپانیایەکە حوسێن سالم پشکی ٥١٪ی بەشی خۆیەتی، هەروەها سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی کارگێڕییەکەی پێنج کەسی ناوداری میسری بەڕێوەی دەبەن، هەمووشیان لە ناوجەرگەی بڕیارە سیاسییەکاندان، ئەو

کـۆمـپـانیـایە بەپێی یاداشـتنامـەی تۆمـەتبـارکـردن چەندین پـرۆسـەی گواستنەوەی چەکی ئەمەریکایی بۆ ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاست گرتووەتە ئەستۆ، لە ئامـاژەیەکدا مـایەی گـومـانە لە پرۆسـەیـەکدا لە نێوان ئەم گـرووپانە و کۆمپانیـاکانی چەکدا، لە ڕۆژنامەی "الدعوێ"دا ناوی هەواڵگریی ناوەندی هاتووە، لە دواییشدا زانیاری لەسەر گەمەکردن بەنرخەکان.

٢- دەقی بڕیـارێکی تری دادگـە بەدیارکـراوی دژ بەکـۆمـپـانیـای ئێـتـسکۆ، کۆمپـانیـاکە هەر بەناو تۆمـەتبـارە، ئەوی داواکەشی پێشکێش کردووە وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکاییە، کە تێیدا حوکمی خۆی وەرگرت، دوای ئەوەی سـەلماندی کـۆمپـانیـاکە حکوومـەتی ئەمـەریکایی لە بـڕی ملیـۆنان دۆلاردا بەهـەڵە بردووە، کـە بەسـاخـتـە خـسـتـوویەتیـیـە سـەر نـرخی گواستنەوەی چەک.

ئەوە بوو حوکمی پاشملە لەسـەر حوسێن سالم دەرچوو، بەڵام ئەو بەر لە ڕاگـەیاندنی بڕیـارەکـە وڵاتە یـەکگرتـووەکـانی جێ هـێـشت. ئـەوە بوو نووسـینگەی جـێگری داواکـاری گـشـتـیی ئەمـەریکا فـەرمـانـی گـرتنی حوسێن سالمی دا، ئەگەر پێ بنێتە سەر خاکەکەی.

٣- کۆمەڵێک وتاری ڕۆژنامەنووسی ناوداری ئەمریکی "چاک ئەندرسۆن"، کە ڕۆژنامـەی واشنتـۆن پۆست بڵاوی کردووەتەوە سـەبارەت بەکـێشـەکانی بازرگانیی چەک.

- یەکـەمـیـان بەناونیـشـانـی "گـرێبـەسـتـەکـانی چـەک.. ڕیسـواییـیـەکـە سەرۆکەکانی میسر دەگرێتەوە"!

ناوی مـوبارەکیش لە وتارەکەدا هاتبـوو، لـە ڕاپۆرتێکدا گـەیشـتـە دەسـتی سـەرۆک سـادات هەمـبـەر ناوهـاتنی لیـوا "مـونیـر سـابت" (بەڕێوەبەری نووسـینگەی کڕینی شـتومـەکی سـەربازی لە واشنتۆن) لەگـەڵ ناوی حوسـێن سـالم لە جێڕەوتی سـوود و دەلاڵیی پێوەند بە"گواسـتنەوەی چەک"، هەروەها چاک ئەندرسـۆن لـە وتارەکەیدا بەڕوونی ئامـاژە بۆ بروسـکەیەک لە وەزارەتی

دەرەوەی ئەمەریکا دەکات لە ڕێککەوتی ٢ی یۆلیۆی ١٩٧٩، کە وەزارەتی دەرەوە ئاگادار دەکاتەوە: "سەرۆک "سادات" حوسنی موبارەکی ڕاسپاردووە لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتەکە بکات".

بەڵام باڵیۆزخانەی ئەمەریکی لە قاهیرەدا هەر بۆ ڕۆژی دوایی وەڵامی ڕاپۆرتەکەی دایەوە، تێیدا دەڵێت:

"سەرچاوەکانی جەختیان کردەوە، کە جێگری سەرۆک لێکۆڵینەوەکە پەردەپۆش دەکات، چونکە مونیر سابت برای ژنەکەیەتی، موبارەکیش یاریدەی سەرکەوتنی دا لە بەرزکردنەوەی لە پۆستی یاریدەری پشتیرەی (ملحق) سەربازی لە واشنتۆن بۆ پۆستی بەڕێوەبەری نووسینگەی فرۆشتنی شتومەکی سەربازیی ئەمەریکایی بەمیسر.

وتارەکە ناوی حوسێن سالم و کۆمپانیای ئێتسکۆی هێنابوو.

– دووەمین وتار هی چاک ئەندرسن بوو، بەناوی "فەڵەستینییەکان دەست بەسەر فرۆشتنی چەک لە میسردا دەگرن"، ئاماژە بوو بۆ خاوەنکارێکی بەبنەچە فەڵەستینی لە میرنشینە عەرەبییەکاندا دەژیا، هاوبەش بوو لەگەڵ حوسێن سالم، لە گوتارەکەدا موبارەک (کە بووەتە سەرۆکی میسر)، هەروەها تۆ (ڕووی قسە ڕاستەوخۆ لە حوسێن سالمە) هاوبەشن لە دەستەوارە (صفقە)ی چەک، کە لە ژوورەکانی پشتەوە ئەنجام دەدرێت و ئاژانسی هەواڵگریی ئەمەریکا ئاگای لە وردەکارییەکانە، بگرە لە هەندێک ساتدا بۆ ئاسانکردنەوە و ئاوی ڕوو نەتکان خۆی تێ هەڵدەقورتێنێت!!

٤– دوا دیکۆمێنت ڕاپۆرتێک بوو سەبارەت کەشتییەکی بارهەڵگر بەناوی بومیە، کۆمپانیا ئیسرائیلییەکان لەنێو خۆیاندا نۆرەیان بۆ گرتبوو، هەروەها کۆمپانیای ئێتسکۆ بەکرێی گرتبوو، دوابەدوای ئەوە وردەکاریی تێدابوو ناوی بەرپرسانی میسریی تێدا هاتبوو، لە پرۆسەی بازرگانیی چەکدا بەشدارییان کردبوو، لە نیکاراگواوە بۆ ئەفغانستان ئینجا بۆ

ئێران، له بەرابەر دەلالییەکی گرانبەهادا، ئاماژەکان بۆ حوسێن سالم چەندبارە بوون، هەروەها ئاماژەکان بۆ کۆمپانیای ئێتسکۆ و پێوەندییەکانی بەبەرپرسە گەورەکانی میسرەوە بەرچاو بوو، له جوولەیەکی چالاکانه له واشنتۆنەوە بۆ مەدرید، بۆ قاهیره، بۆ ولاتانی دووری تر بەدەردەکەوت.

حوسێن سالم له هەلدانەوەی کاغەزەکان تەواو بوو، پاشان یەکەم قسەی لەبارەوە ئەوە بوو:

"ئەمەریکاییەکان کوڕی (........)ن، ئامانجیان بەپلەی یەکەم ڕووتکردنەوەی سیاسەتی میسرییە، تاکو وا له خەلکی بگەیەنن، کە شێوازی کۆنترۆلکردنی بەرپرسە میسرییەکانیان هەیە.

پاشان چووە ناو وردەکاریی زۆرەوە سەبارەت بەدەستەوارە نهێنییەکانی چەک فرۆشتن، بەپلەی یەکەم جەختکردنەوەی لەسەر ئەوە بوو، کە زۆربەی ئەم دەستەوارانە له بەرژەوەندیی موجاهدینەکانی ئەفغانستانە.

***

سەیرم هاتێ کاتێک پرسیاری لێ کردم: داخۆ من دژ بەچەکدارکردنی موجاهیدە ئەفغانییەکانم یان نا؟!

گوتم، نامەوێت بچمە ناو بابەتەیلێکەوە تابەیانی تێیدا نوقوم بین!!

گوتی: "ئەو دەزانێت من گرینگی بەسیاسەت دەدەم، پاشان من بەتەواوی موبارەک ناناسم، دەیەوێت زوڵم لەو کابرایە نەکەم، شوورەیی نییە موبارەک له ساتێک له ساتەکاندا بەکارەکانی له بابەتی چەک نزیک بووبێتەوە.

ڕەنگە شتێکی بەمێشکدا هاتبێت، هێندەی نەمابوو خزمەتی له فڕۆکەوانی کۆتاییی دەهات، نەی دەزانی سەرۆک سادات بەجێگری خۆی هەلدەبژێرێت، سروشتییە گەر کابرا بیر له دوارۆژی خۆی و منداڵەکانی بکاتەوە و له هەلبژاردندا سەرپشک بێت، چونکە دەردەچێ و وا تەمەنی

دەگاتە پەنجا ساڵی. من ناڵێم وایە، بەڵام تێبینیی ئەوە بکە کابرا نزیک بوو لە بابەتی چەکی وڵاتە عەرەبییەکانەوە، پێت دەڵێم ڕەنگە (ڕەنگە ئەوەی بەمێشکدا هاتبێت لەگەڵ هەندێک لە هاوەڵانیدا بەشدار بێت)، من دەڵێم دوور نییە و ناڵێم وایە، تەنیا دەتوانم ئەوەندە بڵێم، لەوە زیاتر ناڵێم"!

دیاربوو گەیشتبووە خاڵێک نەی دەتوانی دوای ئەوە بجووڵێت.

***

بەدەم قسەکردنەوە بردمە سەر فرۆشتنی گاز بەئیسرائیل، هێشتانەکینێ ڕێککەوتننامە گەورەکان نەبەسترابوون، هیچ هێڵێکی بۆرییش بەرەو سینا درێژ نەکرابووەوە. حوسێن گوتی: "بەڵێ دەستەوارەی گاز لەگەڵ ئیسرائیلدا مۆرکراوە، گازی زۆر لە میسردا بەدەر دەکەوێت، دەتوانین بینێرینە دەرەوە".

پرسیاری نرخەکانم لێ کرد، سەیرم بەوەڵامەکەیدا هات:

"چەندین دەستەوارەم لەگەل ئیسرائیلدا بەستووە، مەبەستی سیاسیی گەورەیان لەپشتەوەیە و لەمن گەورەترە، هەرچی گازە بۆ ئیسپانیا، لەبەرئەوەی من قەرزاری ئیسپانییەکانم، ڕەگەزنامەی ئیسپانییان پێدام و باوەشیان بۆ خۆم و خێزانەکەم کردەوە، لە ڕاستیدا لەگەڵماندا بەخشندەبوون، دەبوو جوانییەکەیان بدەمەوە"!!

***

دوا دیمەن حوسێن سالم لە گۆڕەپانی میسریدا دەرکەوت، سواربوونی فڕۆکە تایبەتەکەی بوو لە فرگەی "شرم الشیخ" دوای چەند ڕۆژێک لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ٢٥ی یۆلیۆ بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک سندووق ٤٥٠ ملیۆن یۆرۆی تازەیان تێدا بوو، تا ئێستاش هەمان نایلۆنی بانکی ناوەندیی ئەورووپییان پێوەیە، فڕۆکەکەی حوسێن سالم لە فڕگەی ئەبوزەبی نیشتەوە، لە فڕگەی ئەبوزەبی نوێنەری فڕگەکە تێبینیی ئەم سندووقانەی کرد، یەکسەر درکی بەوە کرد، کە پارەی کاغەزن، بەدەسەڵاتی بەرپرسی ئەبوزەبییان

ڕاگـەیاند، بڕیار دەرچوو پێـوەندیی بەقـاهیـرەوە بکەن، تا پرسـیـاریان سـەبارەت بەو بابەتە لێ بکەن، مـوبارەک ئەوکـات لە "شـرم الشـیخ" نیـمـچـە پەرگـیـر بـوو، وەلێ هێـشـتـا دەسـتی لـە دەسـەڵات هەڵنەگـرتبـوو، ئەوە بوو پێوەندیی بەعومەر سلێمانی جێگری تازەیەوە کرا، جێگر ئاماژەی بەبەردانی کابرا کـرد، هەروەها لەم کاتەدا بابەتـەکە نەورووژێنرێت، چونکە ڕەوشـەکە ئاڵۆزە. هـەندێک لە بەرپرسـانـی مـیـرنشـینەکـان لە چەند کـەسـایەتیـیـەکی مـیـسـرییـان پرسـیـوە داخـۆ لەبارەی ئەو بابەتەوە چی دەکەن، لە نێـوانیـاندا جێگری پێشووی سـەرۆک وەزیرانی میسر و وەزیری پیشـەسازی و بازرگانی لە میسر، بەڕێز "ڕەشید محەمـەد ڕەشید"، ئـامۆژگاریی ڕەشـید و ئەوانی تر ئەوە بوو، پـارەکـە بۆ مـاوەیەکی کـاتی لە بـانکی ناوەندیـی مـیـرنشـینەکـان دابنرێت و پێوەندیی بەدەسـەڵاتدارانـی مـیـسـرەوە بکـرێت، بۆ لێکۆڵینەوە لە بناغەی بابەتەکە و چۆنێتیی هەڵسوکەوت لە بەرابەریدا.

دواتر سـەبارەت بـەڕاسـتیی چیرۆکەکـە، لە "ڕەشـید مـحـەمـەد ڕەشـید"ی ئەندازیارم پرسی، ئەوکاتی لە پایەتەختێکی ئەورووپی بینیم، کابرا داوای لێ کـردم، کـە "لەم بابـەتەی بەدوور بگرم"، چونکە خـۆی گـرفـتی کـەم نیـیـە تا ئەمـەشی بێـتـە سـەر، هـەرچەندە قـسـەی لەبارەی بـابەتەیلی ترەوە کـرد، گرینگترینیان چیرۆکەکەی هەمبەر دوارۆژەکانی ڕێژیمی مـوبارەک لە میسر، بۆ ئەمـانەت بڵـێم لە بـڵاوکردنەوەی ئـەوی ئێـسـتـا ئامـاژەم پێ دا ئیـزنم لەم نەخـــواسـت، ئەوکـــاتـی بینیـم دامنـەنابـوو ئەم لاپـەڕانە دەنـووسـم، هـەروەها یارمەتیشم لێ نەخواست!!

بەهەرحاڵ ئێسـتا چەندین ڕۆژ و هەفتە و مانگ تێپەڕین، گەلێک هەواڵیش لە ڕۆژنامـە مـیـسـرییـەکـان و دەرەوەی مـیـسـریش لەبارەیەوە بڵاو کـرانەوە، کەچی هێشتا تەمومژ دەوری چارەنووسی سندووقەکانی چوارسەد و پەنجا ملیۆن یۆرۆی داوە، داخۆ خـاوەنی سەرەکی کێ بێت؟! ئەی چی بەسـەرهـات؟! لەگەڵ پرسیارەیلێکی تری بێ کۆتایی!.

## پرسی ئەشرەف مەروان

وام هاتە بەرچاو پێوەندیی نێوان سەرۆک حوسنی موبارەک و دوکتۆر ئەشرەف مەروان تۆکمە بێت، ئەوی زوو سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو، ئەم پێوەندییەی نێوان ئەم دووانە دوورترە لە سنوورە سروشتییەکەی، دیمەنێکی نووسینگەکەم لە مانگی مارسی ١٩٧٤دا، حوسنی موبارەک فەرماندەی فڕۆکەوانی بوو، ئەشرەف مەروانییش بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک بوو بۆ زانیاری، ئەشرەف مەروان وەک ئەوانی تر سەری لێ دەدام و دەیویست کێشەکان نەهێڵێت و پێوەندیی نێوان من و سەرۆک سادات بگەڕێنێتەوە، (جیاوازیی نێوانمان توندبووەوە و لە ئەهرام دوورکەوتەوە، دوای ئەوەی لە کۆمەڵێک وتاردان کە لە ئەهرامدا بڵاوبووەوە و پاشان لە کتێبێکی سەربەخۆدا بەناونیشانی "لە چەند ڕیانێکدا" بەڕاشکاوی دژ بەسیاسەتەکانی وەستامەوە.

لەوکاتی لە نووسینگەکەمدا بوو (ڕۆژەکەی مارسی ١٩٧٤) ئەشرەف مەروان پێی گوتم: "سبەینێ بۆ لیبیا دەچێت، بۆ بینینی قەزافی".

ئینجا باسی هۆی ڕۆیشتنەکەی بۆ کردم، منیش هێند گوێم پێ نەدا، کورتەکەی ئەوە بوو، سەرۆک سادات حەز بەوە دەکات "سەرهەنگی برا" فڕۆکەیەک بۆ سەرۆکایەتیی میسر بکڕێت، چونکە بڕوای وایە کاتی ئەوە هاتووە (دوای جەنگی ئۆکتۆبەر) سەرۆکایەتیی میسری فڕۆکەیەکی هەبێت شایان بەو بێت وەک سەرۆکی وڵاتە عەرەبییەکانی تر (بەتایبەت میر و شێخەکانی نەوت).

پشتیوانیی ئەشرەف لەم کارەدا لەسەر ئەو پێوەندییە بوو، کە لە نێوان

خـۆی و بەڕێز عـەبدولسـەلام جـەلودی سـەرۆک وەزیرانی لیـبـیـادا دروست بووبـوو، هەروەهـا وای بینـی جـەلود چوونە نـاوەوەیەک بێت بۆ قـایلکردنی قەزافی بەپارەدان بۆ کڕینی فڕۆکەیەکی سەرۆکایەتی.

***

لە نووسـینگەکەمـدا (لەو کاتەدا سـاڵی ١٩٧٤)، ئەشـرەف مـەروان باسی چالاکییـەکەی دەکرد لە لیبیا، لەپڕ چون شـتێکی بیر هاتبێتـەوە هەسـتـا، پێـوەندیی بەفـەرمـاندەی فڕۆکـەوانی "فـەریق حـوسنی مـوبارەک"ـەوە کرد و بەناوی یەکەمییەوە قسەی لەگەڵدا دەکرد.. حوسنی (بەم شێوەیە بێ نازناو) لای خـۆتەوە بۆ سـبـەی فـڕۆکەیەک بۆ سـەفـەری لیـبـیـا ئامـادە بکە، دەمـەوێت بەخۆت لەسەر فڕۆکەکە بیت".

پاشـان کـەوتەوە قـسـەکـردن لەگـەڵمـدا. ئەو هـۆگـرییـە لە نێـوان ئەو دوو پیاوەدا هەبوو بەلای منەوە مایەی سەرنج بوو!.

***

(ئەوی هەمـبـەر فـڕۆکەی سـەرۆکـایەتییـەکە ڕووی دا، پێـوەندیی قـەزافی بەسـەرۆک سـاداتەوە لـەپڕ تێکچـوو، لە سـۆنگەی هۆیـەلێکەوە باسـکردنیـان درێژە دەکـێشـێت، قـەزافی ڕەتی کردەوە لیـبـیـا فـڕۆکەی سـەرۆکـایەتی بۆ سادات بکڕێت، بەڕێز "کەمال ئەدهەم" (بەڕێوەبەری هەواڵگریی سعوودیە) لە ئەشرەف مەروانەوە بەڕەتکردنەوەکەی لیبیای زانی، ئەوە بوو شا فەیسەڵ (و کەمال ئەدهـەم برای "عیفەت شاژنی ژنیـەتی) بڕیاری دا خۆی ببێتە خاوەنی دیاریی فڕۆکە سەرۆکایەتییەکە، ئەوە بوو جێبەجێی کرد.

***

کاتێک سـەرۆک موبارەک گەیشتە پایەی سەرکۆمـاری و دوای تەواوکردنی مـاوەی سـەرۆکـایەتیی یەکـەم و دووەم، ئەوە بوو فـڕۆکـە سـەرۆکـایەتیـیـەکـە (دیاریی سـعـوودیە) لە شکۆیی و ڕابواردندا لە ئـاسـتی فـڕۆکـە پـاشـایی و سەرۆکایەتییەکاندا نەبوو، بەتایبەت دوای ئەو هەموو سامانی نەوتە!!

ئەوە بوو جارێکی تر قسە لەگەڵ قەزافیدا کرایەوە، پێوەندییەکان باش بووبوون، مەزەندە وابوو ئەم باشییە لە پێوەندی بەسە بۆ ئەوەی قەناعەت بەقەزافی بهێنێ لیبیا فرۆکەیەکی نوێ بۆ سەرۆکایەتیی میسر بکڕێت، هەرواش دەرچوو!.

دیکۆری ناوەوەی فرۆکە تازەکە لە وێنەکێشانی نەخشەسازی ناوداری فەرەنسی "پییێر کاردان" بوو، ڕەنگەکانی لەگەڵ زەوق و ئارەزووی ئەوانی میسردا نەدەگونجان، ئەوە بوو دیکۆری ناوەوەی فرۆکەکە گۆڕا بەڕەنگەیلێک جێی ڕەزامەندی بوون!!).

***

لەو ساڵانەدا (بەدرێژیی حەفتاکان) پێوەندیی نێوان ئەو دوو کابرایە (حوسنی موبارەک و ئەشرەف مەروان) توندوتۆڵتر و نزیکتر بووەوە ئەودەمی ئەشرەف مەروان یەکێک بوو لە کڕیارانی چەک، دوای پشتبەستن بەسیاسەتی هەمەڕەنگی سەرچاوەکانی، تێبینیی ئەوە دەکرێت ئەو دوو کابرایە پێکەوە لەیەکترەوە نزیک بوون، بەحوکمی پسپۆڕی لە دەستەوارەی "میراج"ی لیبی لەگەڵ فرەنسادا (١٩٧٠-١٩٧٤)، موبارەک وەکو فەرماندەی فڕۆکەوانی، بەرپرس بوو لەوەی لەو دەستەوارەیە بۆ میسر دێت، پاشان مۆرکردنی دەستەوارەکە لە بناغەدا ئەفسەرەکانی فڕۆکەوانی کردیان، بەپاسپۆرتی لیبییەوە بۆ پاریس چوون، (بەڵام فرەنسییەکان بەڕاستییەکان دەزانی)، لە هەمان کاتدا ئەشرەف مەروان، کە لەو کاتەدا لێپرسراوی پێوەندییەکان بوو لەگەڵ لیبیادا، لە وردەکارییەکانەوە دوور نەبوو.

***

ئەوی مایەی سەرنج بوو لەو ماوەیەدا، چوونەناوەوەی ئەشرەف مەروان بۆ کێشەی چەک لەسەر ئاستی لوتکە بەرچاو بوو، ئامادەی کۆبوونەوەیەکی فەرمیی سەرۆک سادات بوو لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا "هێنری کیسنجەر"، کۆبوونەوەکە لە ماڵی سەرۆک ساداتدا بوو لە جیزە، ڕۆژی ١٠ی

ئۆکتۆبەری ١٩٧٤.

یەکێک لە دیکۆمێنتە فەرمییە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەناونیشانی "یاداشتنامەیەک سەبارەت بەگفتوگۆ" دەگێڕێتەوە، کۆبوونەوەکە لەلایەن میسرەوە لەگەڵ سەرۆک ساداتدا، هەر یەک لە ئیسماعیل فەهمی (وەزیری دەرەوە) و مەحموود عەبدولغەفار (جێگری وەزیر) و دوکتۆر ئەشرەف مەروان (کە دیکۆمێنتە ئەمەریکاییەکە بە"یاریدەری سەرۆک بۆ پێوەندیی دەرەوە"ی وەسف دەکات) ئامادەی بووبوون.

لەلایەنی ئەمەریکیشەوە دوکتۆر هێنری کیسنجەر و جوزێف سیسکۆ و هێرمان ئیلتس (باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکان لە قاهیرە) و پیتەر ڕۆدمان (لە دەستەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا).

لەژێر ناونیشانێکدا دەڵێت: "چەکی سعوودیە بۆ میسر" لە (گفتوگۆکەدا) ئاشکرا دەبێت، سعوودیە دەستەوارەیەکی چەکی ئەمەریکایی بۆ میسر بەبڕی ٧٠ ملیۆن دۆلار مۆرکردووە و شاندێکی سعوودیەش، کە لە واشنتۆنە لە هاوکاریدایە سەبارەت بەو دەستەوارەیە.

لە لاپەڕی سێیەمدا لە کۆنووسی گفتوگۆکە، لە یاداشتنامەکەدا هاتووە:

"قسەوباسی لابەلا بەزمانی عەرەبی لە نێوان سادات و ئەشرەف مەرواندا بەڕێوە دەچوو".

پاشان گفتوگۆکە بەم ئاوایە ڕەوتی خۆی وەردەگرێت:

سادات: ئێمە لەگەڵ سعوودیەکاندا سەبارەت بەدەستەوارەی چەک (کە پارەکەی دەدەن) قسان دەکەین، تۆش پێت گوتم لەبارەی ئەم بابەتەوە لەگەڵ شادا قسە دەکەین، ناتوانین وایان لێ بکەین شتێک بکەن، ئەوا باڵیۆزە پرۆتستانتییە باوەڕدارەکەمانیان بێزار کردووە، چونکە هەموو ئەوەی داوای دەکەن "کچ" و "پارە"یە Girls and money، هێشتا لە خۆیان نەپرسیوە لەسەریانە چی بکەن؟! هەموو شتێکیش پەردەپۆش دەکەن، من خۆم ئەم بابەتە لەگەڵ شادا دەورووژێنم.

ئالێرەدا ئەشرەف مەروان خۆی هەڵقورتاندە ناو گفتوگۆکەوە و گوتی:

مەروان: شا بابەتەکە هەواڵەی سوڵتان دەکات (مەبەست میر "سوڵتان"ی وەزیری بەرگرییە)، سوڵتان دڵخۆش نییە بەپرسی جبەخانە، کە ئێستا پێیان دەڵێن دوای چواردە مانگ ڕادەستتانی دەکەین.

کیسنجەر (ڕووی قسەی لە جوزێف سیسکۆیە): جۆ... بایەخ بەم بابەتە بدە.

مەروان: ناکرێت بابەتی چەک بەسەر کۆمپانیاکاندا کورت بکرێتەوە، بێ خۆ تێهەڵقورتاندنی حکوومەت؟ (واتا دانوستان ڕاستەوخۆ لە نێوان سعوودیەکان و کۆمپانیا ئەمەریکاییەکاندا بێ هاتنەناوەوەی فەرمی ئەنجام بدرێت).

سیسکۆ: ئەوە زەحمەتە، چونکە پێویستی بەڕێگەپێدان بەفرۆشتنی چەک هەیە لە حکوومەتی ئەمەریکاوە.

مەروان: بەڵام ئێمە نامانەوێت وەزارەتی دەرەوە ڕۆڵی لە بابەتی چەکفرۆشیدا هەبێت.

کیسنجەر: دەبێت بزانن وەزارەتی بەرگری لە پرسی چەکدا لەسەریەتی بەپێی نرخی بڕیار لەسەردراو و جێگیر مامەڵە بکات!.

***

دوای هەڵبژاردنی موبارەک بۆ پۆستی سەرکۆمار لە ساڵی ١٩٧٥دا، یەکەمین کار پێی سپێررا، لە یۆنیۆی هەمان ساڵدا سەردانێکی فەرمی بۆ پاریس بکات (واتا دوای مانگێک لە وەرگرتنی پۆستەکەی)، ئامانج لەمە ڕێکەوتن بوو لەسەر کڕین و دروستکردنی ڕۆکێتی فرەنسی لە میسردا. ئەشرەف مەروان لەو سەردانەدا لەگەڵ موبارەکدا بوو (هێشتا بەرپرسیارێتیی دەستەی دروستکردنی جەنگی وەرنەگرتبوو، وەلێ ڕۆڵی لە بابەتی چەکداریدا پتر بەدەردەکەوت).

(وردەکاری سەبارەت بەم بابەتە لە کۆواری Aviation Weekly ژمارە ١٤ی

یۆلیۆی ١٩٧٥دا بڵاو بووەتەوە، کە تایبەتە بەکاروباری فڕۆکەوانییەوە لە جیهاندا).

***

لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٠٠دا ئەشرەف مەروان نیشتەجێی لەندەن بوو، هەندێک هەواڵ لە ئیسرائیلەوە دزەیان دەکرد، کە ئەشرەف "بەکرێگیراوی ئیسرائیل"ە، کە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی لە ئۆکتۆبەردا لە ساڵی ١٩٧٣دا بەمۆساد ڕاگەیاند، لە نێوان زانیارییەکاندا هاتبوو، کە هێرشەکە لە دوو بەرەدا دەبێت، لە هەمان کاتدا میسری و سووری، ئیدی دزەکردنی هەواڵ لە ئیسرائیلەوە دەردەکەوت و ون دەبوو، بەڵام بۆ چەندین لە بایەخی گشتییەوە ساڵ دوور نەبوو.

پاشان یادی ٦ی ئۆکتۆبەر (ساڵی ٢٠٠٥) هاتە پێشێ، لەم بۆنەیەدا سەرۆکی دەوڵەت، سادات یا موبارەک، دوای ئەوە دەچنە سەر گۆڕی "جەمال عەبدولناسر"، وادیار بوو موبارەک سەیری هاتێ کاتێک بینی ئەشرەف مەروان لە دەرگەی گۆڕستانەکە لە پێشەوەی پێشوازیکەرانە، لە کاتی دەرچوونیدا ئەشرەف مەروان نزیکترین کەس بوو لێوەی لەوانەی بەڕێیان کرد، ئەوانی لە دەوروبەریان بوو تێبینیی ئەوەیان کرد، هەردووکیان بۆ چەند چرکەیەک کەوتنە چپەچپ، موبارەک ڕۆیی، لێ هەندێک لەوانەی نزیک بوون لە هەردووکیانەوە لە حەوشەی گۆڕستانەکە تاکو ئۆتۆمۆبێلەکەی موبارەک، گوێیان لە چپەچپەکەیان بوو، یا وایان وێنا کرد، کە موبارەک گلەیی لە ئەشرەف دەکات، کە ئەمڕۆ بەدرێژیی سەردانەکە بەئەنقەست خۆی نزیک کردووەتەوە، تاکو بیبینن، پاشان موبارەک ئامۆژگاریی دەکات یەکسەر سەفەر بکات، "چونکە خەڵک دەمیان ناوەستێت"!

بەکردەنیش وابوو، ئەشرەف مەروان بۆ بەیانیی ڕۆژی دوایی لەگەڵ یەکەمین فڕۆکەدا گەڕایەوە لەندەن.

***

ئەو هەوالانەی لە لێـژنەی ئـاسـایش و بەرگـریـیـەوە لە "کنێـست" و لە ئەنجوومەنە تایبەتە سەربازییە نهێنییەکانەوە دزەیان کردبوو، لێژنە دانران بۆ لێکۆڵینەوە تێیاندا (کـە زۆر هەسـتـەوەر و مـەترسـیـداربوون)، بەکـورتی شـوێنەوارێکە لە شـوێنەوارەکـانی ئەو شـۆکـەی ئیـسـرائیل ڕووبەڕوویان بووەوە لە دە ڕۆژەکانی بەرایی جەنگی ئۆکتۆبەری ۱۹۷۳دا، لە کاتی خۆیدا ئیسرائیل لێژنەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە پێک هێنا، کە بەسەرۆکایەتیی "ئەگرانات"ی دادوەر بوو، تاکو لەو هۆیانە بکۆڵێتەوە کە بوونە هۆی ڕوودانی و دیارکردنی بەرپرسـیـارێتی، خـاڵی چەق لـە لێکۆڵینەوەکـەدا ئەوە بوو: داخـۆ ئیـسـرائیل ئەمەی بەلاوە چاوەڕوانکراو بوو یان نا؟! ئەی بەمەی دەزانی یان نا؟! ئەگەر لە سـەرچاوەیەکی نـهێنییـەوە دەیزانی، هـەر بەڕاسـتیـیش زانی، بـاشـە بۆچی لە ئامادەبووندا دواکەوت؟! لەبەرچی؟! ئەی کێ لە ئەستۆی دەگرێت؟!!

لێژنە تایبەتییەکەی لێکۆڵینەوە (کە بەپێی بڕیاری "گۆڵدا مائێر"ی سەرۆک وەزیران پێکهـێنرا و بـەداخـوازی و فـشـاری ڕای گـشـتی)، گـەیشـتـە بەرەنجـامـەیلێک بەکـورتی ڕاگـەیەنران لەگـەڵ ڕێوشـوێنی سـزادان، کـە ژمـارەیەک بەرپرسی گـرتەوە، هـەروەها ئاراسـتـەکـردنی سـەرزەنشت بۆ وەزیری بەرگـری "مـووشـی دایان" و لادانی سـەرۆک ئەرکـانی سـوپای ئیـسـرائیلی "ژەنەراڵ داڤـیـد بن ئەلیـعـازەر" لە پۆسـتـەکـەی، هـەروەها خانەنشینکردنی ئیلی زائیرا (بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی).

***

لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە کێشـەکە و وردەکارییـەکانی لە قـاڵبی نـهێنییـە نەدرکاوەکاندا مـانەوە، کەچی لە ئیسرائیل و گەلێک وڵاتی تریشدا، لێژنەی "ئەگـرانات" نەیتـوانی هـەمـوو دەمـەکـان دا خـات، نەیشـی توانی گـشت کـاغـەزەکـان بەند بکات، هۆی سـەرەکیی ئەمـەش ئەو نـاکۆکییـە بوو، کە لە نێوان دوو ژەنەراڵی گەورەی ئیسرائیلی لە کاتی جەنگی ئۆکتۆبەری ۱۹۷۳دا توند بووبووەوە.

– ژەنەراڵ "زڤی زامیر"(سەرۆکی مۆساد، واتا هەواڵگریی گشتیی ئیسرائیلی).

– ژەنەراڵ "ئیلی زائیرا"(سەرۆکی ئامان، واتا هەواڵگریی سەربازیی ئیسرائیلی).

هۆی ناکۆکییەکەشیان ئەوە بوو، کە سەرۆکی مۆساد "زامیر" مکوڕە لەسەر ئەوەی پلان و کاتەکانی ڕاگەیاندووە، کە لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی میسرییەوە پێی گەیشتووە، سەبارەت بەهێرشێکی میسری–سووری، کەچی سەرۆکی هەواڵگریی سەربازی، ژەنەراڵ "زائیرا" لە بەرابەردا سووره لەسەر گومانکردن لە سەرچاوەی زانیارییەکان، کە بەمۆسادی ڕاگەیاندووە (ئەوەی ڕەت نەکردەوە، کە سەرچاوەیەکی میسری بوونی هەیە و ڕۆڵەکەیشی ڕەت نەکردەوە لە پێشوەخت گەیاندنی هەواڵەکە، وەلێ وای دانا بەکرێگیراوەکە بۆ ئیسرائیل نێررابێت، یاخۆ بەکرێگیراوێکی دوولایەن بێت، بەڵگە سەرەکییەکەشی ئەوەیە، کە ئەو سەرچاوە میسرییە بەهەڵە سەعاتی هێرشەکەی بەئیسرائیل ڕاگەیاند، واتا کاتی ڕاگەیاندنی هێرشەکەی بەشەشی ئێوارە ڕاگەیاند، کەچی هێرشەکە هەر بەڕاستی لە دووی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی شەمە ٦ی ئۆکتۆبەر ڕووی دا).

هەروەها بڕیاری ڕاگەیاندنی تەیارکردنی گشتی لە ئیسرائیل پەکخرا و کەمتەرخەمی لە ئامادەبووندا ڕووی دا، وشەی "کەمتەرخەمی" بەدیاریکراوی ناونیشانی لێژنەی "ئەگرانات" بوو.

ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو پیاوەدا بووە ناکۆکی لە نێوان دوو دەزگەدا : "مۆساد" و "ئامان"، ئەمەش درزێکی لەناو دەزگەکانی دامەزراوە سەربازییە ئیسرائیلییەکاندا دروست کرد، نەدەکرا پشتگوێ بخرێت، هەروەها پێکهێنانی لێژنەی تەناهیی باڵا لە نێوان ئەم دوو زەلامەدا پێکهات: "زامیر" و "زائیرا" و هەردوو دەزگەکەی پێکەوە گونجاند: "مۆساد" و "ئامان" بەسەرۆکایەتیی جێگری گشتی "مەناحم مازوز"، ژمارەیەک فەرماندەی سوپا

و شارەزای ئاسایشی لەگەڵدا بوون.

هەروەها لێژنەکە تەماشای هەموو دیکۆمێنتەکانی کرد، بەکۆنووسی لێکۆڵینەوەکانی لێژنەی "ئەگرانات" و گوێی لە سەرجەم شایەدحاڵەکان گرت، بێگومان ناوی ڕاستەقینەی بەکرێگیراوە میسرییەکەی مۆساد، کە لە ڕێگەیەوە نهێنیی شەڕەکە و کاتەکەی بەدەست هێنابوو، باس کرا.

پاشان لێژنەکە گەیشتە بڕیارەیلێک ڕانەگەیەنران، بەڵام (جارێکی تریش وەکو باوە) پرۆسەی دزەکردن دەستی پێ کرد، لەو هەواڵانەی دزەیان کرد وەسفەکانی ئەم بەکرێگیراوە میسرییە بوو، یەکێک لە توێژەران گەیشتە ناوەکەی، ئەوە بوو ناوی دوکتۆر ئەشرەف مەروان بێ ئەملا و ئەولا و بێ تەمومژ بەدەرکەوت، ئیدی کێشەکە ئاقارێکی نوێی وەرگرت، چونکە بڵاوکردنەوەی ناوەکە یەکەمین جار هەژان و هەرای لەناو ئیسرائیلدا نایەوە!.

هەراکە قەتیس مابوو لەسەر بەرپرسیاری لە درکاندنی نهێنییەکەدا، چونکە زیان بە"دۆستەکەی ئیسرائیل" دەگەیەنێت و پرۆسەی "ئابڕووچوون"ی تێدایە، ئیدی وا لەوانی تریش دەکات سڵ بکەنەوە، مادامەکی ئەوی لە نهێنیدا دەیکەن دەکرێت ئاشکرا بێت!، بەڕێوەبەری مۆساد ژەنەراڵ زامیر لە دۆخێکی هستیریدا بوو، دەترسا ئەگەر شاراوەکان بەدەر بکەون ئەوا زیانێکی گەورە بەتوانای ئیسرائیل دەگەیەنێت لەسەر ڕاسپاردنی بەکرێگیراوەیلێک بەهای خۆیان هەیە!.

لە هەمان کاتدا، ژەنەراڵ زائیرا بەبڕوای خۆی وای وەڵام دەدایەوە، ئەو بەکرێگیراوەی بەئیسرائیلی ڕاگەیاند بەکرێگیراوێکی دوو لایەن بوو بۆ میسریش، ئازادیشە لە ناوهێنانی یا ناونەهێنانی!

ململانێکە گەیشتە ئەوپەڕی، بەڕادەیەک وای لێهات بووە مەسەلەی ژیان یا مردن!

هەر لە یەکەمین ساتەوە کێشەکە (لەبەر چەندین هۆ) بووە جێی بایەخی من!

***

کاتی خۆی هەر هێندەی لێکۆڵینەوەکان دەستیان پێ کرد، دوکتۆر "عەزمی بشارە"ی سیاسەتوانی ناسراوی فەڵەستینی، کە لە کۆمەڵی "عەرەبی ناوەخۆ"یە، هێشتانەکینێ ئەندامە لە کنێست، لە ڕێگەی برادەرێکی فەڵەستینیی هەردووکمانەوە هەواڵم بۆ نارد، داخۆ دەتوانێت هەندێک لەو پەروەندانەی "کنێست" سەبارەت بەم بابەتە، کە لەبەر دەستدان، بۆمیان بنێرێت.

ئەوە بوو بۆمی نارد، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئەوانەی لەبارەی کێشەکەوە دەدوان، لە لێژنەی تەناهی و بەرگری لە کنێست بەڕێوە دەچوون (لەمەدا ئەندامە عەرەبەکان تێیدا بەشدار نابن)، بەڵام بوونی عەزمی وەکو ئەندامێکی ئەنجوومەنەکە، توانایەکی دەداتێ بگاتە ئەو شوێنانەی عەرەبەکانی تر "عەرەبی ناوەخۆ" پێی نەدەگەیشتن.

***

ڕاستییەکەی دوکتۆر عەزمی بشارە و دوو هاوەڵی تر لە عەرەبی ناوەخۆ (ناکرێت ناویان بهێنرێت، چونکە هێشتا لە ناو فەڵەستیندان) پتر لەوەی داوام کردبوو بۆیان فەراهەم کردم، هەموویان ئەو کاغەزانەی بۆیان ناردبووم، کە بەعبری بوون، وەریانگێڕابوونە عەرەبی و ئینگلیزی.

ڕاستی بۆ دەستپاکی بڵێم، بڕوام بەوی دەمخوێندەوە نەدەکرد. (هەر بۆ دەستپاکیش) نەم دەتوانی پشتگوێیان بخەم!.

کێشەکە لە ئاماژە و دزەکردن دەرچووبوو لە ڕۆژنامەکان بڵاو بووبێتەوە، یاخۆ لە کتێبدا وەشێنرابێت، بەڵکو لەوە گەورەتر بوو، سووربوونی ڕووداوەکان و وردەکارییەکانی ناویان نەدەبوو لە میسردا بەبێدەنگی پێشوازی لێ بکرێت، ئەوی لە کنێست قسەی لەسەر کرا، پێشبینیی

ڕۆژنامەکان نەبوو، پڕوپاگەندەش نەبوو ئەم و ئەو بیگوازنەوە، بەڵکو کێشەکە لەســەر دوو ژەنەراڵی ناوداری ئیـســرائیلی بوو، هەروەها دادوەرەیلێک لە دادگەی باڵا، هەروەها جێگرێکی گشتیی ئیسرائیلییش، لەگەڵ دانیشتنی نهێنیی لێژنەی تەناهی و بەرگریی کنێستیش، لەگەڵ پەروەند و دیکۆمێنت، هەندێک لەوانەی بەدەست من گەیشتن نیگەرانییەکی زۆریان لا دروست کردم!.

لە نێوان دیکۆمێنت و پەروەندەکاندا (بۆ نموونە) وێنەی کۆنووسی کۆبوونەوەکان هەبوون لە نێوان "ئەنوەر سادات" و "لیۆنێد بریجنێڤ"ی هاوتا سۆڤیەتییەکەی لە کاتی سەردانە نهێنییەکەیدا بۆ مۆسکۆ لە مارسی ١٩٧١دا، هەرچەندە من لەو گفتوگۆیانەدا ئامادە نەبووم، سەرۆک سادات بەخەتی خۆی کۆنووسە فەرمییەکانی بۆ ناردم، کە موراد غالبی باڵیۆز نووسیبوونی.

ئێستا لەناو ئەو پەروەندە نهێنییانەی ناو کنێست وێنەی ئەو کۆنووسەشیان تێدایە (کۆپیی بناغەییەکە) هەروەها کۆمەڵێک وێنەی دەیان دیکۆمێنتی تێدان!! هەموویان کۆپی کراون، نەک هەندێک زانیاری پشتیان پێ ببەسترێت (سەرکردایەتیی هەواڵگری ئیسرائیل "بەکەیفی دڵی خۆی" کاغەزەکانی سەرکردایەتیی میسری دەخوێندەوە)!

لە هەندێک ساتدا نەم دەتوانی بڕوا بەوی بەردەمم بکەم، کە دەمبینی.

***

لەو کاتەدا یەکێک لە هاوەڵە نزیکەکانی موبارەک لێی پرسیم (بەڕێککەوت ماڵیان لێمەوە نزیکبوو) داخۆ ڕام چییە لەسەر ئەم چیرۆکە و ئەو هەرایەی لەسەری نراوەتەوە، منیش ڕای خۆمم پێ گوت و ئەوەشم گوت، ئەو دەتوانێت ئەگەر ڕای منی پێ گونجاو بوو بەسەرۆکی بگەیەنێت، مەرەخەسیشم کردبوو لەوەی ناوم بهێنێت، یا نەهێنێت!.

کورتەی ڕایەکە ئەوە بوو "کەرامەتی وڵات و ئابڕووی ئەشرەف مەروان

خۆی دەخوازێت لێکۆڵینەوەیەکی فەرمیی میسری لە بابەتەکەدا بکرێت، لە ڕێگەی دەستەیەکی بالاوە، کە ئەندامی دادگە و پەرلەمان لەخۆ بگرێت، هەروەها بەنوێنەرایەتیی هەواڵگریی سەربازی و هەواڵگریی گشتیی میسر، لەو بڕوایەشدام بێ ئەمە کارەکان ڕاست نابنەوە".

هەروەها بەهاوەڵەکەی موبارەکم گوت، بابەتەکە تێکچڕژاو و ئاڵۆزە، چونکە ئەوی (ئیدی هەر کەسێک بێت) کاتی هێرشکردنەکەی بەئیسرائیل ڕاگەیاند، کە سەعات شەشی ئێوارە دەبێت، مەبەستی سەرلێ شێواندن نەبووە، چونکە ئەو کاتە سەعاتی سفر بووە، کە لە پلانەکەدا بڕیاری لەسەر درابوو، تاکە ڕۆژی سێشەم ٢ی ئۆکتۆبەر، پاشان ناکۆکی کەوتە نێوان فەریق ئەحمەد ئیسماعیل (وەزیری بەرگری) و لیوا یوسف شکور (فەرماندەی سوپای سووریا)وە.

بابەتی ناکۆکییەکەش ئەوە بوو، سەرکردایەتیی میسر پێی باش بوو پرۆسەکان لە سەعات شەشی ئێوارەدا بن لەگەڵ دوا ڕووناکیدا، تاکو سوود لە هاتنی شەو وەربگرن، کە کاری بنیاتنانی پردەکان لەلایەن ئەندازیارەکانەوە دەپارێزێت.

هەرچی سەرکردایەتیی سووری بوو پێی باش بوو سەعات شەشی بەیانی لەگەڵ یەکەم ڕووناکیدا بێت، تاکو لە ڕووبەڕووبوونەوەی تانکەکانی ئیسرائیل لە بەرزایی جۆلاندا پشت بەتیشکی خۆر ببەستن.

ناکۆکیی نێوان سەرکردایەتیی میسری و سووریدا توند بووەوە، ئەوە بوو فەریق ئەحمەد ئیسماعیل بەنهێنی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەم ٢ی ئۆکتۆبەر بۆ دیمەشق سەفەری کرد، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرکردایەتیی سووریدا، هەردوو لا بەهیچ چارەسەرێک نەگەیشتن، ئەوە بوو سەرۆک "حافز ئەسەد" هاتە ناوەوە و لەگەڵ هەردوو فەرماندە "ئەحمەد ئیسماعیل" و "یوسف شکور" گەیشتنە چارەسەری مامناوەندی، ئەویش هەڵبژاردنی دووی پاش نیوەڕۆ کاتی هێرشبردن بێت.

ئەم چارەســەرە ناوەندییــە، بەم شـێـوەیە بەر لە تـاریکی شـەش ســەعـات بەسەرکردایەتیی میسری دەدات، کە پێویستییەتی بۆ پاراستنی بنیاتنانی پردەکـان، هەروەها شـەش سـەعـاتیش لە ڕووناکیی خـۆر بەسـەرکـردایەتیی ســـووری دەدات بـۆ کـــارەکـــانـی خـــۆی لە بـەرزایـی جـــۆلان، ڕۆژیش لـە پشتییەوەیەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی زرێپۆشەکانی سوپای ئیسرائیل.

پرســەکـە هەسـتـیـار بوو، ئـەوە بوو دوکـتـۆر ئەشـرەف مـەروان ڕۆژی ٢ی ئۆکتـۆبەر لە ڕێگەی ئەوروپاوە لە مـیـسـرەوە چوو بۆ لیـبـیـا، تاکـو بەقـەزافی ڕابگەیەنێت شەڕ دەستی پێ کرد و سەعاتی سفر و کاتی دیاریکراو شەشی ئێوارەیە، واتا دوکتۆر ئەشرەف مەروان ئەودەمی سەعاتی سفر لە شـەشی ئێوارەوە کرایە دووی پاش نیوەڕۆ، ئەو لە میسردا نەبوو.

ئەم پـرســـەش قـســـە هـەڵدەگــرێت و دەبێت بخــرێتــە بـەرچاو، ئەگــینا خـراپەکاری دێتـە سـەر ئەشرەف مـەروان، ئەمـەش سـتـەمـە لـە بەرابەریدا، مەگەر شتێکی تر بسەلمێنرێت!.

***

دوای ئەوەی ئەشرەف مەروان ئەو چارەنووسە تراجیدییەی بەسەردا هات، کـە ژیانی بەوە کـۆتاییی هات لە بـانیــژەی ئەپارتمانـەکـەیەوە لە گـۆڕەپانی کارلتۆن تیراس لە نهۆمی چوارەمـەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە، وێڕای غەمـە تاکەکەسی و مرۆییەکان دڵنیا بووم دروست نییە و ناکرێت ئاریشـەکە بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی سـەرتاسـەری کـۆتایی بێت، کەچی ئەوی ڕووی دا سـەرۆک مـوبارەک لە کـەشـێکی پڕ لە ڕاپۆرتدان کە لـە ئیسـرائیلەوە دەهاتن لەگـەڵ هەواڵ و پڕوپاگەندە، لەلایەن خۆیەوە بڕیارێکی دەرکرد بێتـاوانیی ئەشـرەف مەروانی تێدا ڕاگەیاند!.

لە دیدارێکی تردا لەگـەڵ هاوەڵەکـەی موبارەکـدا، پێم گـوت: "من لە جـێی خۆمەوە زۆر دڵتەنگم بەتۆمەتبارکردنی ئەشرەف مەروان، زۆر خەمباریشم بۆ ئەو تراجیدیایەی کۆتایی بەژیانی هاورد. وەلێ پرسـەکە سـەرتاسـەر، لەبەر

کـەرامــەتی وڵات و ئابڕووی کــابرا و دڵنیــاییی خـێــزانەکــەی، پێــویست بەهەڵسوکەوتێکی جیا دەکات، یەکەم لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لە کێشەکە".

ڕەنگە زێدەڕۆییم کـردبێت، هەینێ گـوتم "ســەرۆک مـوبارەک لاســاییی پاپاکــانی ڕۆمــای کــردووەتەوە لـە ســەردەمـی ئۆربانـی دووەم و چەکی بێگوناهیی دەرکـرد، لەگـەڵ ڕێزم بۆ سـەرۆک و هەمـوو پاپاکانـی ڤاتیکان، سـەرۆکی میسـر ئەم مافـەی نییـە، کـێشـەکـە لە سیـاسـەت و لە مـێژوودا بەهەڵپەسێرراوی دەمێنێتـەوە و کۆتایی بۆ دانانێت، مـەگـەر لێکۆڵینەوەیەکی سەرتاسەری و ورد"!.

هەروەها گـوتم: مـوبارەک وادەجـووڵێـتـەوە چون هـیـچی نـەبێت، کـاتێک دەسەڵاتی خۆی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە بەکار دەهێنێت".

خۆ ئەگەر وەکو سەرۆک لە تواناشیدا بووایا لەم ساتەدا بەهێزی دەسەڵات دەرگەکەی دابخستایا، بەڵام مێژوو دەرگەی زۆری هەن بۆ گەیشتن بەڕاستی بۆ هەر کەسێک، هەرچەندە من خۆم یەکێک لەوانەم بۆ پتر لە هۆیەک پەنا بۆ خوا دەبەن، کە ڕاستی لە بەرژەوەندیی ئەشرەف مەرواندا بێت!.

چونکە کابرا تا ئەوپەڕی خۆشەویستە، پاشان کارگێڕێکی جێبەجێکارە و لە کـاتی بەڕێوەبردنی نووسـینگەکـەی سـەرۆک سـادات بۆ زانیـاری توانای خــۆی دەرخــست، پاشــان گــەلێک نهــێنیی پاراست، لە ژیانیــدا ڕۆڵی هەستەوەری جۆراوجۆری بەڕێوە بردوون: بـەڕێوەبەری نووسینگەی سـەرۆک بۆ زانیـاری و ســەرۆکی دەســتــەی عـەرەبی بۆ دروسـتکردنی ســەربازی، هەروەها پیــاوێکە تۆڕێک لە پێـوەندیی مـرۆیی و سـیـاسی و ســەربازی و دارایی زۆر بـەرفــراوانی هـەبوو، لـەبەر گـــشت ئەمـــانە پێــویست وایە پەروەندەکــان ڕوون بن هەر بـۆ ڕێز لە مـانـای گـشـتی و بـەویژدانیی مـانای تایبەتی مرۆیی.

***

له پرسی ئەشرەف مەرواندا ڕووداوێک هەیە تەنیا لەبەر مێژوو دەینووسم، ڕووداوێکە لە مانگی سپتەمبەری ٢٠٠٦دا لە لەندەن ڕووی دا.

سەرلەبەیانی ڕۆژێک لەو مانگەدا، لە پایەتەختی بەریتانیا بووم، دۆست و بیرمەندی عەرەبی دوکتۆر "کلۆفیس مەقسوود" پێی گوتم: باڵیۆزی لوبنان لە لەندەن "جیهاد مورتەزا" ئەمڕۆ بۆ نانی نیوەڕۆ داوەتی کردووە، یەکتر بینینەکەش لەگەڵ ژمارەیەک دیپلۆماتکاری عەرەبە، مورتەزا لەوەوە "دوکتۆر کلۆفیس مەقسوود" زانی من لە لەندەنم، تکای لێ کردووە ئەگەر ئیشێکی ترم نەبێت بانگهێشتنم بکات بۆ نیوەڕۆ خوانەکە.

هەروەها کلۆدیۆس مەقسوود گوتی، هیواداره داوەتەکەی باڵیۆزی لوبنانی قبووڵ بکەم، لەو ڕۆژەدا داوەتی شوێنێکی تر بووم، دەمتوانی نەڕۆم، بەم شێوەیە ئەوی کلۆفیس داوای لێ کردم جێبەجێم کرد، دوای چەند خولەکێک جیهاد مورتەزا پێوەندیی پێوە کردم و بەفەرمی داوەتی کردم.

کاتێک چوومە ماڵ باڵیۆزی لوبنان لە باغچەکانی کینسگتۆن، جیهاد مورتەزا و دوکتۆر "کلۆفیس مەقسوود"ی میوانی لە چاوەڕوانیمدا بوون، یەکسەر چووینە هۆڵی نانخواردنەوە، شەش باڵیۆزی عەرەب لەوێ بوون، لە نێوانیاندا "جیهاد مازی"ی باڵیۆزی میسر لە لەندەن و لە نێوان ئاپۆرەی باڵیۆزە عەرەبەکاندا ئەشرەف مەروانم بینی وەستابوو و دەستی بۆ تەوقەکردن ڕاگرتبوو، بەچرپەوە گوتم:

– ئەشرەف قسەی زۆرم لەگەڵتا هەیە!.

نیوەڕۆ خوانەکە بەهەموو وردەکارییەکانییەوە دیپلۆماسیی عەرەبی بوو، کەمتر لە سەعاتێکی خایاند، پاشان ئیزنم لە هەموان خواست: کە لە دوکتۆر کلۆفیس مەقسوود دەگەڕێم قسەیان لەگەڵدا بکات، باڵیۆزی لوبنان هەستا تا دەرگەی باڵیۆزخانەکەی بەڕێم بکات، تێبینیی ئەشرەف مەروانم کرد بەدوامانەوەیە، لەبەر دەرکی باڵیۆزخانەکە لە لەندەن وەستاین،

ئۆتۆمۆبێلەکەم هات و ئینجا ئەوی ئەو، ئەشرەف پرسیاری ئەوەی لێ کردم داخۆ دەتوانێت لەگەڵمدا بێت، منیش بەڕاشکاوی پێم گوت:

– نە ئەو و نەیش من دەتوانین وا هەڵسوکەوت بکەین، وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت، شتێک ڕووی داوە، شتێکی گەورەش کە ناتوانم لەگەڵتدا پشتگوێی بخەم، تۆش ناتوانیت لەگەڵمدا پشتگوێی بخەیت.

بەخەنینەوەوە گوتی: دەزانم.

لە کاتێکدا جیهاد مورتەزای باڵیۆزی لوبنان هێشتا لەگەڵماندا بوو و گوێی لە قسەکانمان دەگرت، لێم پرسی:

– بۆ کوێ بڕۆین؟ بەڕاستی پێت بڵێم ئەمڕۆ من نامەوێت بێم بۆ ماڵەکەت، هەروەها بۆ ئوتێل کلاریدچیش، کەواتە...

قسەکەی بڕیم، پێشنیازی کرد بچین بۆ ئوتێل دۆرشستەر.

داوام لە شۆفێرەکەم کرد لێخوڕێت بۆ ئوتێل دۆرشستەر.

بۆ ماوەی خولەکێک بێدەنگی دایگرتین، بێدەنگییەکەی بڕی و گوتی:

– ساڵ و نیوێکە یەکترمان نەبینیوە، چەند جارێک زانیم لە لەندەنیت، دوودڵ بووم لەوەی پێوەندیت پێوە بکەم، هەینێ بەسەر دوودڵییەکەمدا زاڵ بووم، پرسیارم کردیت، کەچی تۆ سەفەرت کردبوو، بەڵام ئەمجار، کە لە جیهادەوە زانیم داوەتەکەت قبووڵ کردووە، داوام لێ کرد منیش بانگهێشتن بکات!.

گوتم: تۆ بەدرێژی ئەم ساڵ و نیوە بۆ قاهیرە نەهاتووی، جا نازانم لەسەر داوای سەرۆک موبارەک هاتنی لێ قەدەغە کردووی، کە لە کاتی بینینت لەسەر گۆڕەکەی سەرۆک عەبدولناسر مۆچیاریی کردی میسر جێهێڵیت.

پەرچەکردار و هەڵچوونەکەی ئەشرەف مەروانم پێ سەیر بوو، گوتی:

– ئەو داوای لێ نەکردم سەفەر بکەم، وەکو لە قاهیرە بڵاویان کردووەتەوە، هەروەها ئەو ناتوانێت ڕێم لێ بگرێت.

کاتێک پرسیم:

– بۆچی ناتوانیٚ؟ ئەی دەسەڵاتی نییە....

نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم، بەتوندی گوتی:

– ئەو هیچ دەسەڵاتێکی نییە، ناشتوانیٚ....

منیش قسەکانیم بڕی و گوتم:

– ئەشرەف... ئەمە قسەیەکی گەورە نییە؟!!

وەڵامدانەوەکەی مایەی حەپەسانی ڕاستەقینە بوو:

– ئەو ناتوانێت... پێت دەڵێم، دەتوانم تەفروتووناى بکەم.

تەماشای سیمایم کرد و لێی وردبوومەوە، قسەکەی بەئینگلیزییش دووبارە کردەوە و گوتی:

– I can destroy him، ئەمەشی خستە سەر: دەتوانم خۆی و چەندانی تریش لەگەڵیدا تەفروتوونا بکەم (ناوی لیوا عومەر سلێمانی هێنا).

لە کاتێکدا بەجەخت لەسەر کردنەوەوە پەنجەی بۆ پێشەوە ڕادەوەشاند، وای گوت و دووبارەی کردەوە!!

گوتم: وام پیٚ باشە قسەکانمان لە دۆرشستەر تەواو بکەین.

کاتێک چووینە ئوتێلەکەوە، چووینە سەر مێزێکی لاچەپییەوە، هێشتا دانەنیشتبووین یەکسەر لێم پرسی: پێویست بەوە ناکات کات بەفیڕۆ بدات، ئەو بەخۆی دەزانێت من دەمەوێت چی بپرسم، چاوەڕێی وەڵامم لێی!.

ئەشرەف لێی پرسیم:

– بڕوادەکەیت من سیخوڕ بم؟!.

گوتم:

– ئەمە پرسیارێکە لەجێی خۆیدایە، هیچ نەبیٚ ئەوی ئێمە بەدوایەوەین پرسی هەڵسەنگاندنی کەسێتی نییە، بەڵکو پرسی ڕووداوەیلێکە لە

دیکۆمێنتەکاندا باسکراون، هەمووی پێویستی بەقسەیە بێ ئەملا و ئەولا، بۆ کەسیش نییە لەبەر هەڵسەنگاندنی کێشەکان هەستی ئەوی تر بریندار بکات. من دەمەوێت بەدڵ و مێشکێکی کراوەوە گوێت لێ بگرم، پێشەکی دەمەوێت بڕوا بەوە بکەم، کە پێمی دەڵێیت.

– بەتەواوی دەتەوێ پرسیاری چیم لێ بکەیت؟!

گوتم: دەمەوێت بزانێ ئەوی لە ڕۆژنامە ئیسرائیلییەکاندا بڵاو کراونەتەوە زۆر بەلای منەوە گرینگ نین، بەڵکو هەموو وردڕامانم لەسەر ئەوەیە، کە لە دیکۆمێنتە ئیسرائیلییەکاندا هاتوون، لەگەڵ ئەوی لە لێکۆڵینەوەکاندا باس کراون، ئیدی لە لێژنەکانی کنێست بێت، یاخۆ لە لێژنە تایبەتەکانی لێکۆڵینەوە، بەدیارکراوییش ئەو لێژنەیەی "مەناحم مازووز"ی جێگری گشتیی ئیسرائیلی سەرۆکایەتیی دەکات، ئەو لێکۆڵەرەوەیەکی وردە، زۆرم لەبارەی توانایەوە خوێندووەتەوە، کۆمەڵێک لە بەرجەستەترین پیاوانی یاسای ئیسرائیلی لەگەڵدا بوون.

بەکورتی سەرجەم ئەو زانیارییانەی گومانیان لێ ناکەم، لەگەڵ هەموو ئەوانەی خوێندمنەوە جەخت لەسەر چەند ڕاستییەک دەکەنەوە:

١– ئیسرائیل کەسێکی لە میسردا هەبوو لە ئاستێکدا بوو ڕێی پێ درا بوو شت بزانێت.

٢– ئەو کەسە نەک هەر تەنیا زانیاری پێشکێش کردووە، بەڵکو وێنەیلێکی لە نهێنییەکانی وڵات، لە ساتێکی زۆر سەخڵەتی مێژووییدا پێ داون.

٣– ئەم کەسە پێشتر لە کاتی دەستپێکردنی جەنگی ئۆکتۆبەر و سەعاتی سفری بڕیار لەسەر دراو ئاگاداری کردوونەتەوە.

٤– ئەو کەسە لە ساڵی ١٩٧٢دا لە لەندەن خۆی بەئیسرائیل ناساندووە، هەندێک لەوانەی دەیانناسی سەردانێکیان بۆی ڕێکخست بۆ نۆرینگەکەی دوکتۆر "ئیمانوێل هێربەرت"، کە هەمان نۆرینگ و هەمان

دوکتۆره، ڕۆڵی پێوەندی بەستنی لە نێوان شا حوسێنی (شای ئەردەن) کۆچکردوو و ئیسرائیلی هەبوو، لە نۆرینگەکەی ئەم پیاوەدا و بەیارمەتیی دەسەلاتی ئینگلیز، چاوپێکەوتنەکان ئەنجام دران و ڕێکەوتنەکان واژۆ کران. کەواتە ئەم دوکتۆره و ئەم نۆرینگەیە مێژوویەکی نهێنیی ڕەگداکوتاویان هەیە.

٥- ئەم کەسە، کاتێک ڕۆیشت بۆ نۆرینگەکەی دوکتۆر هێربەرت و وێڕای پێوەندییە پێشینەکان، داوای چاوپێکەوتنی کرد بۆ ڕاوێژکردن، لەگەڵیدا پەروەندێک گەیشت بردیە ژوورەوە بۆ لای سکرتێرەکەی هێربەرت و کاتێک چووە ژووری تایبەتی پشکنین لەگەڵ خۆیدا بردی و ناساندی بەدوکتۆرەکەی بۆی کردەوە و هەر بەکردەنی کاغەزێکی پزیشکیی لەبانەوە بینی، کەچی کاغەزەکەی تری پەروەندەکە کۆنووسی کۆبوونەوەیەکی نهێنی بوو لە نێوان سەرۆک سادات و فەرماندە سۆڤیەتییەکان، ئەویش کۆبوونەوەی مارسی ١٩٧٦ بوو، ئەوە بوو هەردوو لا لەبارەی فڕۆکە زرێپۆشەکەی ساداتەوە لە سۆڤیەتی داوا دەکرد و ئەوانیش دوودڵ بوون، جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە.

کاتێک دوکتۆر هێربەرت لە بەرابەر ئەم کاغەزەدا وەستا و بەمیوانەکەی گوت "ئەم کاغەزە بەهەڵە لە پەروەندەکەدا دانراوە و پێوەندیی بەوەوە نییە".

ئەو کەسەش بەدوکتۆری گوت: نەخێر بەهەڵە دانەنراوە، بەڵکو خودی بابەتەکە ئەوەیە!.

ئەوە سەرەتا بوو، دوای ئەوە بەڕێوەبەری مۆساد "ژەنەراڵ زامیر" بەخۆی بۆ لەندەن هات و .....

ئەشرەف مەروان قسەکانی پێ بڕیم: ئەی ئەگەر بڵێم خۆی ئەو کەسەیە.

گوتم: من وام نەگوتووە، بەڵکو لە ئیسرائیل وایان گوتووە، ئەگەر بڕوام پێ بکردنایا نەدەهاتم بتبینم و لەگەڵتدا بێم بۆ ئێرە و پرسیارت لێ بکەم،

پاشان چاوەڕوانی وەڵامی تۆ بم؟!.

ئەشـرەف مـەروان دەسـتی بۆ گـیـرفـانـی ناوەوەی چاکـەتـەکـەی برد و کاغەزێکی دەرهێنا و دایە دەستمەوە، پارچەیەک لە ڕۆژنامەی "الاهرام" بوو، دەقی قـسـەکانی سـەرۆک سـاداتی بڵاو کـردبووەوە لە ڕێزلێنانی ئەشـرەف مـەرواندا، ئەودەمی وازی لە پۆسـتـەکەی لە سـەرکۆمـاری هێنا و پێـوەندیی بەدەستەی گشتیی دروستکردنی سـەربازییەوە کرد (دەستەیەک بوو میسر و سعودیە و میرنشینە عـەرەبییەکان بۆ دروستکردنی چەک هێنایانە کایەوە)، سـەیرێکی تیلمـە ڕۆژنامـەکـەم کـرد، دواتر نوشـتـاندمـەوە و دامـە دەست ئەشرەفەوە، لێی پرسیم: "گەواهیی ئەنوەر ساداتت بەس نییە، کاتێک دەڵێت من خزمەتێکی گەورەم بەمیسر بەخشیوە؟"!!

بەکـراوەیی بەئەشـرەفـم گوت: "ئەوی خـوێنـدووتەتەوە، کـە ئەنوەر سـادات گوتوویەتی وەڵام بەپرسـیارەکەی من ناداتەوە"، ئەمـەشـم زیاد کرد "ئەو نرخی هەر وشـەیەک دەزانێت، کـە لە بۆنـەکـاندا دەگـوترێت، بەهەرحـاڵ ئەگـەر دەیەوێت ئەمـەندە بەس بێت، ئەوا مـافی خـۆیەتی، هەرچی منـم بەڕاسـتی ئەوەندە بەس نیـیـە"، ئـەوەشـم گـوت: "ئەوی بابـەتی ئێـمـەیە ناکـرێت وەڵام بدرێتەوە، تەنیا بەشتێکی ڕوون و دیارکراو نەبێت، هەروەها قەناعەت پێکراو بێت"!

سەخڵەتی پێوە دیاربوو، پرسیاری لێ کردم:

– بڕوا دەکـەیت زاوای جـەمـال عـەبدولناسـر سـیخـوڕ بێت؟ تۆ نزیکتـرین دۆستی بوویت و دەتناسی؟

منیش بەڕاشکاوییـــیـــەوە گـــوتم: بـالەگـــەڵتـــدا ڕوون بم، بڕوانـامـــەی ڕەوشـتـبـەرزی لە ئەنوەر ساداتەوە نادرێت، هەروەها نزیکایەتیی لـە جـەمـال عـەبدولناسـرەوە بێ هەڵەیی بەکەس نابەخشێ.. ئێمـە لە بەرابەر گرفـتێکی ڕاستەقینەداین پێویست بەڕوونیی بڕواپێکراوی ڕاستەقینە دەکات".

لەپڕ ئەوی چاوەڕوانم نەدەکرد ڕووی دا، خالد عەبدولناسر و سێ هاوەڵی لبنانیی هاتن، بەخەنینەوەوە بەئەشرەفی گوت:

"زۆرمان زیان لێ دایت... داوەتی نانی نیوەڕۆت کردین و دیارنەبوویت، چاوەڕێمان کردیت و لەسەر حیسابی تۆ ئەوی ویستمان داوامان کرد".

ئەشرەف خەریک بوو بۆی ڕوون دەکردمەوە: "ڕاستییەکەی لێرە داوەتی نانی نیوەڕۆیانم کرد، کاتێک زانیم تۆ لە باڵیۆزخانەی لبنان دەبیت، داوام لە جیهاد مورتەزای باڵیۆزی لبنان کرد، تا لەگەڵتدا داوەتم بکات و بتبینم، هەوڵم دا پێوەندیی بەخالدەوە بکەم و داوای لێبوردنی لێ بکەم، نەمتوانی بیدۆزمەوە، پێوەندیم بەڕیستۆرانتی دۆشستەر کرد و پێم ڕاگەیاندن، کە خالد و برادەرەکانی میوانی منن، دەبێت حیسابەکەیان لەسەر من بێت"!.

خالد عەبدولناسر و ئەو سیانەی تریش لەگەڵماندا دانیشتبوون، گوتم: "کەواتە ئەودەمی پێشنیازم کرد بێی بۆ دۆشستەر دەتزانی کەسانێک هەن لەوێ چاوەڕێتن".

***

بۆ سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر و بەر لە سەعات دەی بەیانی بەپێنج خولەک، لە دەرگەی ئوتێلی کلاریدچ بەرەو شۆستەی شەقامی برۆک دەرچووم، چاوەڕوانی ئەشرەف مەروان بووم، تاکو برۆین بۆ باغچەی هایدپارک، کە نزیک بوو لێمەوە، لە سەعات دەی تەواو ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەشرەف گەیشت، شوفێرەکەی دابەزی و خۆی پێم ناساند "ئەحمەد شۆفێری تایبەتی دوکتۆر ئەشرەف مەروان"، نامەیەکی بەدەمی پێ بوو:

– دوکتۆر سەرلەبەیانی ئەمڕۆ تووشی خوێنبەربوون هاتووە و ناچار بوو بۆ نەخۆشخانە بڕوات، سەرلەئێوارەی ئەمڕۆ سەعات پێنج پێوەندیی پێوە دەکات، تاکو کات بۆ بینینێکی تر دابنێن".

ئەوە بوو ئەشرەف مەروان پێوەندیی پێوە نەکردم.

منیش پێوەندیم پێوە نەکرد.

تاکو بەکۆتاییدا تراجیدی و خەمبارەکەیم زانی، کە ژیانی بەوە دوایی هات!.

***

بەهەرحاڵ ئێستا شتەکە یەکلایی بووەوە، کە ئیسرائیل سیخوڕێکی لە ئاستێکی بەرز لە میسردا هەیە، ئەم سیخوڕەش ئەوی ڕاگەیاندنی قەدەغە بووە پێی ڕاگەیاندوون، تەنانەت ئەگەر سەبارەت بەهێرشەکە بووبێت (ئەگەر سەعاتەکەشی گۆڕانی تێدا کرابێت).

ئەم سیخوڕەش (هەر کەسێک بێت) بەکرێگیراوێکی دوولایەن نەبووە، تاقە کاغەزێک نییە لە سەرۆکایەتیی کۆمار و هەواڵگریی گشتییەوە ئەوە بگەیەنێت کە چالاکیی هەبووە، ئەمەش خاڵێکی سەخڵەتکەرە.

بوونی ئەم شێوە سیخوڕە دیار بوو، تەنانەت لە یەکەمین نامەدا، کە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل "گۆڵدا مائێر" بۆ سەرۆکی ئەمەریکا "ڕیچارد نیکسۆن"ی نارد، ئەمەش بەر لەوەی چالاکییەکان دەست پێ بکەن بەلای کەمەوە بەدە سەعات، بۆیە پێویستە هەر میسرییەک بزانێت کێیە؟! بۆچی؟! چۆن؟

## چی لەبارەیەوە دەزانین؟

سیمای ئەو پیاوەی ئەوانەی نەیان دەناسی و وایان دەزانی هەموو شتێکی لەبارەوە دەزانن، لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٨دا لەگەڵمدا ئامادە بوو و ژوانم هەبوو لەگەڵ دەزگای "هاربەر کۆڵینز" لە سەرەتای ڕێگەی ٤، کە لە لەندەن دەرەچێت، بەرەو وندسۆر و ئۆکسفۆرد دەچووم. کۆبوونەوەکەم لەوێ سەبارەت بەلیستی تایبەتی ئەو کتێبانە بوو، کە دەزگاکە لەگەڵ سەرەتای هەزارەی دووەمدا بڵاوی دەکردەوە، لیستێکە کۆمەڵی کار لە بەڕێوەبەرەکانی وەشاندن لە بەشە جیاجیاکانی هاربەر کۆڵینز ئامادەی کردووە.

دوور لە هیچ ڕێکخستنێکی پێشوەختە "چوانا"ی سکرتێرەی "ئیدی بێڵ"ی بەڕێوەبەری گشتیی دەزگەکە و سەرۆک ئەنجومەنی کارگێڕییەکەی هات، داوای یەکتر بینینی لێ کردم، منیش لەگەڵیدا بەرەو نووسینگەکەی ڕۆیشتم، کە نزیک بوو لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئێمەی تێدا بووین.

***

کاتێک چوومە نووسینگەکەی "ئیدی"یەوە پەروەندێکی ئەستوور لەبەردەمیدا بوو بەقەیتانێک پێچرابوو.

ئیدی بێڵ لەودەمی ئاماژەی بۆ پەروەندەکە دەکرد، گوتی:

"گرفتێکمان هەیە، وامان دانا جەنابت دەتوانیت لە چارەسەرکردنیدا یارمەتیمان بدەیت، چونکە تایبەتە بەسەرۆک موبارەکەوە"!.

ئیدی دەستی بەڕاڤەکردنی گرفتەکە کرد.

"یەکێک لە ڕۆژنامەوانە ئەمەریکاییەکان (ناوی هێنا)، وەکو پەیامنێر لە

ڕۆژنامەکەیدا لە قاهیرە چەندین ساڵ کاری کرد، لەدواییدا پێشنیازی کرد کتێبێک لەسەر موبارەک بنووسێت، ئێمەش پێشنیازەکەیمان بەدڵ بوو و گرێبەستێکمان لەگەڵیدا مۆر کرد و پێشەکی سەرقەڵەمانەمان پێ دا، پەیامنێرەکە گەڕایەوە قاهیرە، بۆ ماوەی هەشت مانگ زانیاری کۆ کردەوە و خەریکی سەرچاوە بوو و بەدوای چیرۆکەکاندا عەوداڵ بوو، پاشان دەقێکی سەرەتایی نووسی و پیشانی دەستەی نووسەرانی دا، بەڵام دەستەکە شتێکیان لە کتێبەکەدا نەبینییەوە بەس بێت بۆ بڵاوکردنەوە سەبارەت بەکەسێتییەکی گرینگ لە جیهانی عەرەبیدا، ئیدی هەندێ شتم بیست پێوەندییان بەمنەوە نەبوو، لێ "ئیدی بێڵ" ئەوەشی خستە سەر:

لە دەستەی نووسەران داوایان لە پەیامنێرەکە کرد بەسەر ئەوەی نووسیویەتی بچێتەوە و سەرلەنوێ تێکستەکە بنووسێتەوە، (بڕیاریان دا شتێک بخەنە سەر ئەو پارەیەی پێیان دابوو)، تاکو پتر بگەڕێت و تێیدا فراوان بێتەوە بەزیادکردنی بابەت، وا لە کتێبەکە بکات سەرنجڕاکێشتر بێت بۆ خوێنەری نێودەوڵەتی (ئینگلیزی، ئەمەریکایی، بەپلەی یەکەم)، پەیامنێرەکە هەوڵ و کۆششی خۆی دا و دەقێکی نوێی پێشکێش کرد، بەڵام ئەوی بۆ دووەم جاری خستە سەر هێند پتر نەبوو لەوەی جاری یەکەم نووسی، دەمانتوانی بەیەکجا هەموو بابەتەکە پشتگوێ بخەین، لێ گرفتەکە لەوەدا بوو پارەمان تێدا خەرج کرد، پاشان پێشتریش بۆ باڵیۆزخانەی میسریمان لێرە نووسی، هەروەها بۆ باڵیۆزخانەی بەریتانیایی لە قاهیرە، داوامان لێ کردن بۆ ئاسانکاری یارمەتیی بدەن، ئەوە بوو چاوپێکەوتنێکیان بۆی لەگەڵ موبارەک و ئەندامانی خێزانەکەی و ئەوانی دەوروبەری ڕێک خست، لەگەڵ ژمارەیەک لەوانەی دەیانناسی و لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا مامەڵەیان لەگەڵدا کرد، زۆربەی ئەمانە لەسەر کاسێت تۆمار کراون، هەروەها لەگەڵ دەقە نووسراوەکەدا سەدان لاپەڕ لە یاداشتنامە و دیکۆمێنت هەن پشتی پێ بەستیون، کەچی گشت ئەمانە یاریدەی دەستنووسێکی

تەواویان نەدا بۆ کتێبێکی خوێنراو Readable.

ئیـدی بێلّ ئـەوەشـی خـسـتـە سـەر: "هـەوڵی دا ئەوی نووسـراوە بەخـۆی بیخوێنێتەوە، نەیتوانی لە خوێندنەوەی تا کۆتایی بەردەوام بێت".

هـەروەها گـوتی: "گـەیشـتینە پێشـنیـازێک دەمـانەوێت بیخـەینە بەرچاوت، ئـەویش ئـەوەیە ئـەم تێکسـتـە بخـەینە بـەردەسـتت، هـەروەها تـۆمـاری چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ خاوەنەکەی و یادەوەرییـەکانی، دواتر تۆ چی بەباش دەزانیت بۆ نوێکردنەوەی کتێبەکە دەیکەیت، لەم کاتەدا داوای ئامـاژەیەکی ناسکت لێ دەکەین بۆ پێشـەکی، بۆ ئەو کەسـەی بەئامادەکاریی ئەم پرۆژەیە هەستاوە، وابزانم تۆ ئەمەت پێ قبووڵە"!

پێویستم بەدرێژەدان بەبیرکردنەوە نەبوو، بەڵکو بەکراوەیی بەئیدی بێلّم گوت:

"من دەمودەست پێتانی دەڵێم هۆیەلێکی زۆرم هەن بۆ لێبوردن"!!

* یەکەمیـان: من پێشـتر "بەسـەرهـاتی ژیان"م بۆ کەس نەنووسـیوەتەوە، تەنانەت ئەمەم لەگەڵ عەبدولناسریشدا نەکردووە، بگرە کتێبەکەم لەبارەیەوە The Cairo Documents بوو، جـەخـتـم کـردبووە سـەر دۆسـتـایـەتیـیـە نێودەوڵەتییـەکانی، هـەروەها چاخـی گـەورەکان کە تێیدا ژیـان، پاشـان من ئەمـەم لەگـەڵ سـاداتدا نەکـرد، بگرە کـتێبـەکـەم لەبارەی کـورت بووبووەوە لەسـەر پایزی سـاڵی ١٩٨١ "پایزی تـووڕەیـی"Autumn of Fury، بەدیاریکراویش دیمەنی تراجیدی کوشتنەکەی.

واتا گـشت کتێبـەکـانم بەزمـانی عـەرەبی، یا ئینگلیـزی لەبارەی قـۆناغ و ڕووداوەکانەوە بوو، نەک لەسەر کەسەکان.

* هۆی دووەمـیش بایۆگرافیـا پێویسـتی بەبێلایەنیی هەیە، ڕەنگە ئەمـەش بۆ مـێژوونووس فـەراهەم بێت، بەڵام لەلایەنـی مرۆییـیـەوە بۆ ڕۆژنامـەنووس فەراهەم نابێت، ڕۆژنامەنووس هەڵوێستی هەیە، ئەمەش دووەمین هۆی منە بۆ

داوای لێبوردن کردن.

* هۆی سـێـیـەمـیش دەروونیـیـە پتـر لەوەی کـردەنی بێت، ئەویـش ئەوەیە قبووڵکردنی ئەم جۆرە کارە ڕەنگە پێویست بەوە بکات موبارەک ببینم، یاخۆ هەندێک لەوانەی دەوروبەری، ئەمەش شتێکە لەبەر هۆیەلێک تایبەتن بەمنەوە نامـەوێت بیکەم، لە نێوانیـاندا بەتەنگەوە هـاتنم لەسـەر پاراستنی مـەودای نێوان سیاسەتی ئێستای میسر!!

***

بۆ ڕاسـتـی، ئیـدی بێڵ بەردەوام نەبوو لە پێـداگـریـیـەکـەی، بەڵکو لێکگەیشتنی نواند، بەڵام نەیتوانی بەیەکجا پرۆژەی کتێبەکە بخاتە لاوە، لە دواهـەوڵدا لێی پرسـیـم "ئەگـەر لاریم هەبوو لە خـوێندنەوەی بابەتە ئامـادەکـراوەکـان و بڕیاردانم لە توانای تەواوکـردنیـدا، ئەگـەر دوای خوێندنەوەی دەقەکە شتێکم هەبوو پێشنیازی دەکەم"!.

هـەسـتـم بەبەرهەڵسـتی لەم پێـشنیـازە نەکـرد، بەڵکو لە هـەندێک تایبەتمەندیی پیشەکەی، کە بۆی ئامادە کرابوو.

ئەوە بوو ئیدی داوای لە سکرتێرەکەی کرد هۆڵی کۆبوونەوەکەی، کە بەقەد نووسینگەکەیەوەیە بۆ سبەی لە خزمەتمدا بێت، تاکو بواری خوێندنەوەیەکی هێـمنانەم پێ ببـەخشـێت و دەقـە نووسـراوەکـەم بۆ بهـێنێت، لەگـەڵ ئەو سندووقـەی پڕە لەو کاغـەزانەی پێوەندن پێوەی وەکو، کۆنووس و کاسێت و یادەوەرییـەکان، کە ئەو پەیامنێرەی دوو جار کتێبەکەی نووسیوەتەوە کۆی کردوونەتەوە!.

لە نێـوان یازدەی بەیانی تاکـو چواری دوای نیـوەڕۆ لە هـۆڵی کـۆبوونەوەکـاندا دانیـشـتـم، دەمـخـوێندەوە و گـوێم لە هـەندێک بڕگـەی تۆمارکراوەکان دەگرت.

بۆ نووسینگەکەی "چوانا" چوون، تاکو چیم لایە بیدەمەوە، کەچی گوتی

"هێشتا سەرۆکەکەی لە نووسینگەکەی خۆیدایە، بەلایەوە گرینگە بمبینێت، تاکو گوێی لێم بێت، چوومە ژوورەوە، ئیدی دەرفەتی بۆ نەهێشتمەوە، بەڵکو لێی پرسیم داخۆ ئەگەر چارەسەرێکم دۆزیبێتەوە، منیش بە"نا" سەرم ڕاوەشاند، کابرا (مەبەستم پەیامنێرەکەیە) کۆششێکی بێ وێنەی کرد، بەڵام کارێکی ئەستەمی بەخۆی سپاردبوو"!

ئیدی لێی پرسیم داخۆ مەبەستم چییە، گوتم: "ئەم وێنەیەی سەر ئەم کاغەزە تەواو لەو وێنەیە دەکات، کە لەوێ لەسەر زەوییەکە بەدەردەکەوێت، لە توانای پیاودا نییە (بۆ ویژدان) تەنیا ئەوە بخاتە بەرچاو کە دەیبینێت، مەگەر داوای شتێکی لێ بکرێت لە دەرەوەی وزەی خۆی بێت!.

ئیدی لێی پرسیم: "داخۆ ئەوی نووسراوە هەمووی ئەوەیە، کە (لەسەر زەوییە)"؟!

منیش بۆ جەختکردنەوە گوتم: "لەسەر زەوییەکە، هەمووی ئەوەیە"!!

***

دوای ئەوە بەدرێژی بیرم لێ کردەوە، ئەوی پێی گەیشتم ئەوە بوو، ئەو دەقەی خوێندمەوە هەموو چیرۆکەکە نییە، بەڵکو ئەوی دەیبینێت وادەزانێت وایە، چونکە پاڵەوانی چیرۆکەکە (واتا موبارەک) چ بۆ باشتر یا خراپتر بۆ کوێ ڕۆیشتبێت شتێکی بیر نەکردووە، چیشی کردووە جێپەنجەیەکی جێ نەهێشتووە و واژۆی لەسەر کاغەزێک نەکردووە، مەگەر مەرسوومێکی یاسایی بووبێت بەخەڵک ڕا بگەیەنرێت، ڕێگەش بەهیچ کۆنووسێکی کۆبوونەوە گرینگەکان نەدراوە تۆمار بکرێت، بەڵکو هەموویان بەتەنیایی کراون، لە زۆر کاتدا و بەگشتییش هەڵسوکەوتەکانی وەکو سەرۆک بەدەم بووە و دەسکەوتن و کۆکردنەوە و توێژینەوەیان زەحمەتە!.

ئالێرەدا ئەو قسەیە بەڕاست دەگەڕێت، وادەزانن هەموو شتێک لەبارەیەوە دەزانن (بەوەی بینییان) کەچی لە ڕاستیدا هیچی لەبارەوە نازانن!.

***

* له ماوەی چەندین ساڵدا (بێ مەبەست) ڕای زۆرێکم لەوانەی دەمناسین بیست.

– هەندێک لەوانەی خێزانەکەی موبارەکیان لە "کفر المصیلحە" دا ناسی، کەسیان تێدا نییە شتێکی دیاریکراو سەبارەت بەو بزانێت، وەکو باسم کرد، لە "سامی موبارەک"ی برایەوە زۆرم لەبارەوە بیستبوو، بەڵام هەموو ئەوانە شتی تایبەتی ناو خێزانەکەین، پاشان کەمێک لە گرێی کوشتنی برا -Frat ricide ی تێدایە، کە کاری من نییە!.

– هەندێک لە هاوەڵانی لە کۆلێجی جەنگی و کۆلێجی فڕۆکەوانی، ئەگەر لێیان بپرسن، دەڵێن "نهێنیی خۆی بەکەس نەداوە" وەکو یەکیان وای دەگوت، دەیانزانی حەزی لە گوێگرتنە لە چیرۆک و گێڕانەوە، هەروەها حەزی لە نوکتە و گێڕانەوەیەتی، بەڵام لەم دیو ئەمانەوە بێدەنگە!.

– هەندێک لەمانە هێندەی هەوڵ دەدات هێندە بیر ناکاتەوە، ئامادەیە بەچالاکیی جەستە تۆڵەی ئەوە بکاتەوە، کە بەچالاکیی ئاوەز لەدەستی داوە، بەدرێژایی کاتیش بۆ ئەمە ئامادەیە.

– هەندێک لەمانە دەڵێن، زۆر گوێڕایەڵی گەورەکانێتی، هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ڕازی کردنیان هەرچییەکی پێ بسپێرن، لە کاتی خوێندندا لە کۆلێجی فڕۆکەوانی هیچ مۆڵەتی وەردەگرێ، بەڵکو هەمیشە ئامادە بوو بەردەوام لە کۆلێجدا وەکو ئێشکگر بمێنێتەوە، کەچی ئەوانی تر چاوەڕوانی مۆڵەت بوون و بەتاسەوەبوون بۆی.

– هەندێک لە هاوەڵانی دەگێڕنەوە، کاتێک کۆلێجی تەواو کرد و لە یەکێک لە فرگەکاندا دامەزرا، دەکۆشا کاریگەریی هەبێت، بەیانیان بەبەرچاو خەڵکەوە لە پەنجەرەوە بۆ گۆڕەپانی مەشق خۆی فڕێ دەدا و خۆی دەگەیاندە ڕیزەکە، تاکو ببینن چەند خێرا و گورج و گۆڵە.

– هەندێک لە هاوەڵانی دەڵێن، لەگەڵ ئەو فەرماندانەی فڕۆکەوانی، کە

کـاری لەگـەڵیـاندا کـرد، پلە و پایـەی بەدەسـتـهـێنا، پاشـان دوای ئەوەی کەلێنێکی لە وەزارەتـی بەرگری دۆزییـەوە پشـتـی لێ کـردن، بەتایبـەت فـەریق "مـحەمـەد فەوزی" و فـەریق "مـحـەمەد ئـەحمـەد سادق"، ئەو خـەریکی پۆست و دەسـەڵات دەبوو، کـاتێک دڵنیـا بوایـا فـەرماندەکانـی ئاگایان لێ نییـە، یاخـۆ دەزانن و دەنگ ناکەن، چونکە خـواردەسـتـەکەیان (مـرۆوس) پێوەندیی خـۆی بەسەرەوە پتەو کردبوو!.

– هەندێک لە هاوپیـشـەکـانی لە بنکەی "بلـبـیس" زۆری لەبـارەوە قـسـان دەکەن، ئەو لەگەڵیـاندا بوو کاتێک لە بازاڕی بلبیس گۆشـتـی بۆ ماڵەوە و ماڵ باوکی ژنەکەی دەکڕی، چونکە هەرزانتـر بوو، وەسـڵـی بەنرخـی ئەو شـتـانەی دەیکڕین دەکـرد، تاکـو (بەمل وتیـاری) بـێ ئەوەی بەخـۆی داوایـان لێ بکات، بەنەرمـی پارەکەیان لێ بسێنێت (ئەمەش شوورەیی نییە).

– هـاوکـارێکی تری باس لەوە دەکات چەند حەزی لە کولێرەی بچـووکی پڕ لـە پاقلەی سـوورەوەکـراو یا "طعـمـیـە" بووە، لـە ڕۆژانی مـۆڵەتدا لـە ئۆتۆمۆبێلەکەدا، کە بەڕێوە بوونە لە بنکەوە بۆ ماڵ زۆربەی دەخوارد.

– دوور لە هەمـوو یا بـەشـێک لە هاوەڵ یا هـاوکـارە دێرینـەکـانـی، ئەوانەی دوای ئەمـان هاتنـە ژیانـی مـوبارەکـەوە هێـشـتـا لەوە پـتـر نازانـن، لە یادەوەرییەکانی یەکێک لە یاریدەرەکانی لەوانەی لە نزیکەوە تێکەڵی هەندێک لە قـۆناغـەکـانی ژیانی بوون، ئـەوەیە "سـەرسـامـیی زۆری بـەدەوڵەمـەندی و دەوڵەمەندان بوو، هەروەها سامان و پارەدارەکان، کاتێک بیزانیایا یەکێک لە هاوپیشـەکانی سەر بەخـێزانێکی دەوڵەمەندە، پرسـیاری بەردەوامی ئەوە بوو شتەکان لە وەسفەوە بکات بەژمارە، دەیپرسی "واتا چەندی هەیە؟"!

– شـەیدای ئـەوە بوو وردەکارییەکانی ژیانی ئەوانی تر ببیستێت، هەر لەو کاتەی ئەفسەرێکی بچووک بوو، تاکو بووە سەرۆک ئەوە سیفەتی بوو.

پاشـان هەر ئـەم باس لە شـێوەی مـامـەڵەکردن لەگەڵ مـوبارەکدا دەکات:

"کوره تۆ" ئەوی موبارەک پێویستی پێی بێت و "قوڕبەسەر" ئەوەیشی ئیشی لای موبارەکە"!

– پیاوێکە چەندێکی بەسەردا تێپەڕێت خراپەی بیرناچێتەوە، یاخۆ بەخراپەی دابنێت، هەرگیزیش باس لە چاکەی کەسێک ناکات، یاخۆ بەچاکەی یەکێکی دابنێت!.

– یەکێک لەو نووسەرە گەورانەی گرینگییان بەئامادەبوونی کۆنفرانسەکانی موبارەک دەدا و بەردەوام بوون لەسەری، ویستیان بەبۆچوونی ڕۆشنبیری هەڵیسەنگێنن: "ئەو نووسەرەیە ئامادەی دەیان کۆنفرانسی موبارەک بووە، بەدرێژایی ئەوەندەی گوێی گرتووە، هەستی نەکردووە موبارەک کتێبێکی خوێندبێتەوە، یا چێژی لە هونەر وەرگرتبێت، یان دێرە هۆنراوەیەکی بەنموونە هێنابێتەوە، یانیش ئاماژەی بەپەندێک بەشیعر یا بەپەخشان کردبێت"!.

***

ڕەنگە سەیرترین شت بیستبێتم، کە دەکرێت بەپەند دابنرێت، ئەوەبێت کە خالد عەبدولناسر دوای بینینی موبارەک بۆی گێڕامەوە، ئەمەش دوای دوورکەوتنەوەیەکی زۆری خالد لە میسر، لەسۆنگەی تۆمەتبارکردنییەوە لە کێشەی لاوانی ئازادیخوازی میسر، کە لەبارەیەوە گوتیان دەستی هەبووە لە دەستدرێژیکردنە سەر ڕەوەندی ئیسرائیلی لە کاتی هاتنیاندا بۆ میسر دوای پەیماننامەی ئاشتی.

ئەوە بوو موبارەک (بەویژدانەوە بڵێین) لەم کێشەیەدا هەڵوێستێکی بەخشندانەی نواند، دوای ئەو قسانەی کران، ڕێی بەخالد عەبدولناسر دا لە میسر دەرچێت، پاش ئەوەی خالد لە دەرەوە بێزار بوو، گەڕایەوە، موبارەکیش وەکو باوک و کوڕ پێشوازیی لێ کرد.

قسەکانی خالد عەبدولناسر سەبارەت بەئامۆژگارییەکانی موبارەک بۆی،

نەمتوانی وەریان بگرم.

مۆچیاریی موبارەک نزیک بەکۆتاییی یەکتربینینەکە ئەوە بوو:

– گویێ بگرە کوڕی خۆم، شتومت بکەیت قەینا، چپەچپ بکەیت قەینا، بەڵام سیاسەت و میاسەت نا!

وەرگێڕانی قسەکەش ئەمەیە:

شتومت مەبەستی بزنسە Business و چپەچپیش (بێ وەرگێڕان ماناکەی دیارە) و ئەوی تریش سیاسەتە!.

پەندەکە ئەوەیە هەموو بوارەکان حەڵاڵن، هەرچی بواری سیاسەتە ئەوا بەتەواوی بۆ ئەو حەرامە!

***

ئەو سیفەتەی ئەوانەی موبارەکیان لە نزیکەوە دەناسی پێداگرییان لەسەر کرد، حەزناکات قسەی باشی لە کەسێکی ترەوە گوێ لێ بێت لەخۆیەوە نەبێت، من خۆم تێبینیی ئەمەم کرد، ئەمەش لە میانەی هەڵوێستێکەوە سەرۆک وەزیرانی پێشووی لبنان "ڕەفیق ئەلحەریری" بۆی گێڕامەوە، وا ڕێککەوت ڕەفیق ئەلحەریری لە یەکەمین سەردانی فەرمیدا بۆ میسر دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران، لە ئوتێلی "شیراتۆن" ئەلجەزیرە مایەوە، دیوارێک نێوانی هەیە لەگەڵ نووسینگەکەمدا، ڕەفیق ئەلحەریری لە سەعات هەشتی بەیانی پێوەندیی پێوە کردم، پێی گوتم زوو لەخەو بێدار بووەتەوە و پرسی داخۆ دەتوانێت ئێستا بۆ لام بێت، منیش خۆشحاڵیم دەربڕی و ڕەفیق ئەلحەریری هات، یەکەمین شت دەستی پێ کرد ئەوە بوو، دوێنێ چاوی بەموبارەک کەوتووە و سەرۆک لە هەڵوێستێکی زۆر سەخڵەتدایە، وەزیری دەرەوەی میسر "عەمرۆ موسا" لە دواخولەکەکانی چاوپێکەوتنەکەدا هاتووە، دوای تەواوبوونی موبارەک لەو شوێنەی لەگەڵ میوانەکەیدا دانیشتبوو، بەرەو دەرگەی هۆڵی کۆبوونەوە ڕۆیشتووە و بەڕێز عەمرۆ موسا

لەدوایانەوە بووە.

ڕەفیق ئەلحەریری گوتی: من خۆم و عەمرۆ موسام تووشی شەرمەزاری کرد.

باسی ئەوەی کرد چۆن ڕووپامایی "مجامله" سەرۆکی میسری کردووە بەستایشکردنی وەزیری دەرەوەی.

پێی گوت: جەنابی سەرۆک، لێم گەڕێ با بەبۆنەی چالاکییەکانی وەزیری دەرەوەت پیرۆزباییت لێ بکەم.

موبارەک لە شوێنەکەی خۆیدا وەستا، ناخۆشحاڵی پێوە دیار بوو، لەوەدەمی عەمرۆ موساش دەیبیست، بە ئەلحەریریی گوت:

– چی..... خۆ وەزیری دەرەوە نەخشەی سیاسەت ناکێشێت... سەرۆک دەوڵەت دەیکێشێت!.

بەوەندە وازی نەهێنا، بەڵکو ئاوڕی لە عەمرۆ موسا دایەوە و پێی گوت:

– عەمرۆ... بۆ ڕەفیقی برامان باس بکە، کە وەزیرانی دەرەوە نەخشەی سیاسەت داناڕێژن، بەڵکو تەنیا جێبەجێی دەکەن!

قسەکەی ڕەفیق ئەلحەریری خۆی و وەزیری دەرەوەی میسریشی تووشی شەرمەزاری کرد، وایزانی ئێستا ئەو ستایشی دەکات!.

***

پاشان وارێککەوت گوێم لە چیرۆکێک بێت تاڕادەیەک لەوی پێشوو بچێت، کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەمنەوە هەبوو، ئەوە بوو سەرۆک سەردانێکی فەرمی ژاپۆنی کرد و لەوێ گەورەترین دەزگەی بڵاوکردنەوە "یومیۆری شیمبۆن" ئاهەنگی گێڕا و نیوەڕۆخوانێکیان ڕێکخست، کۆمەڵێک کەسایەتییان بانگهێشتن کرد، میوانە میسرییەکە بەتەنیشت سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی دەزگەی یومیۆرییەوە دانیشت، کە لە جیهانی وەشاندندا زۆر گەورەیە، ڕۆژنامە ڕۆژانەکەی "یومیۆری شیمبۆن" ڕۆژانە ٦

ملیۆن دانەی لێ دابەش دەکرێت، خانەخوێ بەمیوانەکەی گوت، وایزانی ڕووپامایی دەکات:

– جەنابی سەرۆک تۆ خۆت باش دەزانیت یەکێک لە نووسەرانتان لەگەڵ سێ گەورە نووسەری تردا لە وتارێکی مانگانەدا بەشدارە، کە لە یومیۆری شیمبۆندا بڵاو دەکرێتەوە، کە هەر مانگە و بەنۆرە یەکیان دەینووسن، هەر یەکە و حەفتەیەک دەنووسێت، چونکە ئێمە دەمانەوێت وا لە خوێنەری ژاپۆنی بکەین لە پێوەندیدا بێت لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، (ئەوە بوو یارۆ ناوی هەر چوار نووسەرەکەی هێنا و لەناویاندا منیشی تێدا بووم)!

سەرۆک بەرپەرچی دایەوە:

– بەڵام (ئەویش ناوی منی هێنا) لەگەڵماندا نییە، ئەو یەکێک لەوانەیە، کە بەرهەڵستیم دەکات.

سەرۆک ئەنجومەنی کارگێڕیی یومیۆری شیمبۆن سەیری هاتێ، بۆیە لەسەر شێوازی ژاپۆنی دەرگەی گفتوگۆی لەسەر ئەم بابەتە داخست، ئاماژەی بەمیوانەکەی دا تەماشای قاپێکی کریستاڵی سەر مێزەکە بکات و گوتی:

– جەنابی سەرۆک گوڵە کریزتان بەدڵە؟ ئێستا لە ژاپۆن وەرزێتی!.

***

پێوەندیی سەرۆک موبارەک لەگەڵ خاتو جیهان ساداتدا دیاردەیەکە مایەی لێکۆڵینەوەیە، وێڕای ئەوەی ئەم خاتوونە زرنگە لە قسەکردندا لەسەر پێوەندییەکەی زۆر ئاگادارە، کەچی ئینجاش جار جار هەندێک قسە و چیرۆکی لە دەم دەردەچوو.

لەسەر خوانی شێواندا لە ماڵی ژنەکەی وەزیری کۆچکردوو "ئەمین شاکر" کورسییەکەم بەتەنیشت خاتو "جیهان سادات"ـەوە بوو، دوکتۆر "مستەفا خەلیل"یش بەرابەرمان بوو، قسەکان بەچپەچپ دەکران، خاتوو جیهان

دڵتەنگیی خۆی لەوە دەردەبڕی، کە بەرابەری دەکران، گوتی:

– ئەوە موبارەکە لەو کاتی جێگری سەرۆک بوو لەسەر ئەو تێبینییانەی پێی دەدا لێی خۆشنەبوو.

خاتو جیهان تەماشایەکی کردم و گوتی:

– تۆ ڕەخنەت لە ئەنوەر و سیاسەتەکانی دەگرت، دواتر دەزانیت ئەوە ئاگری ئەنوەر ساداتە نەک بەهەشتی حوسنی موبارەک!.

پاشان دڵتەنگی بەسەر وریابوونەکەیدا زاڵ دەبێت و دەڵێت:

– نازانم بۆ ئەنوەر سادات تاکۆتایی گرتییە خۆی.

دواتر قسەکانی ئەوەیان دەگەیاند، کە: پتر لە جارێک سنووری دەسەڵاتەکانی حوسنی موبارەکی بۆ جێگری سەرۆکایەتی ورووژاندووە، کەچی (وەکو ئەو دەڵێت) ئەنوەر سادات لە گشت جارەکاندا قسەکانی دەبڕی و پێی دەگوت: چی... (بۆ ناز بەو ناوەوە بانگی ژنەکەی دەکرد) دەتەوێت پێوەندیت بەسەرۆکی داهاتووی دەوڵەتەوە خراپ بێت؟

قەیرێک لەسەر ئەم بڕگەیەی دواییان وەستام، چونکە بڕینی قسەی وا بێ هۆ نییە!.

***

دوکتۆر مستەفا خەلیل لە بەرابەرمان دانیشتبوو و ئاگای لە هەموو شتەکان بوو، ئەویش لە شوێن خۆیەوە سەرەداوی قسەی لە خاتوو جیهان وەرگرت و باسی ئەوەی کرد کۆبوونەوەیەکی بیر نایەت لەگەڵ حوسنی موبارەکدا ئامادەی بووبێت (ئەوکاتی جێگری سەرۆکی حزبی نیشتمانی و ئەندامی لێژنە باڵاکەی بوو)، پاشان باسی کارێکی جیدی کرا لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی، ڕاستە لە هەموو جارەکاندا خشتەی کار هەبوو، لێ ئەوی هەر بەڕاستی ڕووی دەدا هێندەی نەدەبرد کۆبوونەوەکان چیرۆک و گێڕانەوە دەیگرتنەوە و کۆبوونەوەکە تەواو دەبوو.

مستەفا خەلیل درێژەی پێ دا:

– هەموو سەرلەبەیانییەک ڕۆژنامە هەڵ دەدەمەوە، دەبینم ڕاگەیاندنێکی درێژی سەفوەت شەریفی تێدایە باس لە بابەتەیلێک دەکات قسە و گفتوگۆمان لەسەر کردوون و لە کۆبوونەوەکە لەبارەیەوە بڕیارمان لەسەر داوە، کەچی لە ڕاستیدا بەهیچ شێوەیەک قسەمان لەسەر ئەو بابەتانە نەکردبوو.

هەروەها مستەفا خەلیل درێژەی دەداتێ:

– ئەو چاوی بەموبارەک نەکەوتووە، ئیدی بەسیفەتی جێگری سەرۆکی حزبی نیشتمانی بێت، یا بەو سیفەتەی بەرپرسە لە ڕێژیمەکەدا، ئەگەر بەر لە چاوپێکەوتنەکە لە دەستوپێوەندەکەیەوە ئاگادار نەکرابێتەوە، کە "سەرۆکی فەرماندە زۆر کێشەی هەیە، ئەگەر شتێکت هەیە دەبێتە مایەی دڵتەنگی بۆی، ئەوا ئاگات لەم پیاوە بێت، خۆ ئەگەر شتێکیشت هەیە دڵی خۆش دەکات، ئەوا چی دەڵێی بیڵێ"!

***

بەڵام گشت ئەمانە بەس نین بۆ لێکدانەوەی موبارەک و هەڵسەنگاندنی کەسایەتیی ئەو، گشت ئەم وەسفانە بەهەموو ئاماژەکانیانەوە بەش ناکەن، ئەمە پیاوێکە بەکارەکەیدا لە بچووکترین پلەوە بۆ بەرزترین پلە سەرکەوت، لەسەر هێڵێکی بەردەوام بێ لەمپەر و ئاستەنگ لەسەر ڕێگەی تێپەڕی.

– پاشان ئەو پیاوێکە ناحەز و ئەوانی ململانێیان دەکرد یەک بەدوای یەک بەبەرچاوییەوە شکستیان هێنا و ئەو دوای هەمووان مایەوە، ئەوەش بەردەوامییەکە پێویستی بەلێکدانەوەی فراوانتر و قووڵتر هەیە لە گشت ئەو شتانەی باو و بەناوبانگن لە چیرۆک و گێڕانەوە.

– پاشان ئەم پیاوە لە ڕیزەکاندا لەپڕ بەرەو لووتکەی دەسەڵات سەرکەوت، ڕەنگە خەڵکەکە لەبەر هەندێک دۆخ قبووڵی بکەن، وەلێ دۆخ لە سی ساڵ پتر

درێژەی نابێت!!

– دیاردەیەک ماوە ناکرێت پشتگوێ بخرێت، ئەویش ئەوەیە وێڕای لە دەسەڵات لادانی، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ بازنەی ڕووناکیی جێنەهێشتووە، بەڵکو وەکو کێشەیەکی وروژێنەر مایەوە و لەسەر هەموو زمانێکە.

گشت ئەمانە کاری ئاسان نین، بەدیاردەکانیان حیسابیان بۆ دەکرێت. دەبێت لەودیوییەوە شتێک هەبێت وەسفەکانی نەیانبینیبێت و بۆچوونەکان حیسابیان بۆ نەکردبێت.

گرفتەکە لەوەدایە ئەم شتە (وای دابنێین بوونی هەیە) نیشانەکانی بەدەرناکەون!.

## دوا پێوەندی

دواپێوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان سەرۆک موبارەک و مندا دوانیوەڕۆی ٢ی دیسەمبەری ٢٠٠٣ بوو، لە ماڵەکەم لە گوندی "برقاش" بووم، کاتێک پێیان گوتم سەرۆک موبارەک لەسەر تەلەفۆنە و دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات، ئەوە بەلای منەوە شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، چونکە پێشتر ئیشی بۆ کرابوو!

بەر لەو مامۆستا "ئیبراهیم ئەلموعەلیم" (سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕیی خانەی شروق) لە فرانکفۆرتەوە پێوەندیی پێوە کردم، بۆ پیشانگەی ساڵانەی کتێب ئامادە بووبوو، گوتی:

– وامەزەندە دەکات ئێستا پێوەندییەکی تەلەفۆنیی گرینگم لەگەڵدا دەکرێت.

پرسیارم کرد، وردەکاری لای ئەو بوو، کە وەزیری ڕۆشنبیری، مامۆستا فاروق حوسنی لە فرانکفۆرتەوە پێوەندیی پێوە کرد و داوای ژمارە تەلەفۆنی ماڵەکەمی لە برقاش لێ کردبوو، چونکە دەیانویست پێوەندیم پێوە بکەن.

حەپەسانەکەم پتر بوو، چونکە تەلەفۆنەکانی برقاش لە نووسینگەکانی سەرۆکایەتی ناسراون، ئەگەر ئێستا یەکێک بیەوێت، ئەوا لە دەرەوەی کەناڵە سروشتییەکان پێوەندییەکە ئەنجام دەدرێت.

***

پێم سەیر بوو سەرۆک موبارەک بەخۆی دەیەوێت قسەم لەگەڵدا بکات، چونکە دەمزانی دڵتەنگی بەوەی دەینووسم و دەیڵێم گەیشتە ئەوپەڕی، ئەو نامەیەی بۆ کۆمەڵەی گشتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانم ناردبوو زۆر دڵگرانی کردبوو، نامەکە باسی پرۆژەیاسایەکی دەکرد بیری لێ کرابووەوە و

مەبەستیش لێی کۆتوبەندکردنی ئازادیی ڕۆژنامەوانی بوو، ئەوە بوو سەندیکا داوای ئامادەبوونیان لێ کردم، منیش پێم باش بوو بەنامەیەک بۆ کۆبوونەوەکە واز بهێنم، کە ئاراستەی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەوانانم کردبوو، کە لە بریی من سکرتێری گشتیی سەندیکا لەو کاتەدا، مامۆستا "یەحیا قەلاش" خوێندییەوە، دەقەکە پێکهاتبوو لەوەی دەکرێت بەوە دابنرێت ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربەخۆیە:

١- ئەم یاسایە چۆن سەرودڵی ئێوەی گرت، بەهەمان شێوە منیش، هەروەها سەرودڵی ڕای گشتی و خامە هەڵگران و سەرجەم هێزە سیاسی و سەندیکایی و ڕۆشنبیریی لەم وڵاتەدا گرتووە.

٢- ئەو شێوازەی گرایە بەر لە نەخشەسازیی ئەم یاسایە و ئامادەکردن و بڕیار لەسەردانی، بەڕای من خراپترین مادەی دەقەکەیە، چونکە ڕۆحی یاسا لۆجیکی بەدزییەوە و هەڵکوتانەسەر قبووڵ ناکات، بەڵکو لۆجیکی بیندرێژی و گفتوگۆ باوە، یاساش بەپلەی یەک ڕۆحە، ئەگەر ڕۆحیشت لە هەر ژیانێک دەرکرد، ئەوی دەمێنێتەوە جگە لە خاکەکە بۆ هیچ شتێکی تر دەسنادات!

ڕۆحی یاسا بەڕای من لە هەموو تێکستەکانی گرینگترە، تەنانەت ئەگەر مەبەستی دەقەکان ڕاستبوو و مەرامەکانی باش بوون.

٣- بەڕای من ئەم یاسایە ڕەنگدانەوەی قەیرانی دەسەڵاتێکە لە شوێنی خۆیدا پیر بووە و وا هەست دەکات ڕووداوەکان سنووری دەبڕن، پاشان ناتوانێت لە هەمان کاتدا پێویستییەکانی گۆڕان ببینێت، ئالێرەدا چارەسەر بەپێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بەدی نایەت، بگرە بەتوندکردنەوەی کۆت و بەند و قایمکاریی سنوورەکان دەبێت، وەک ئەوەی بزاڤی بیرکردنەوە و گفتوگۆ و گۆڕان شایان بەوەیە بخرێتە قەفەسەوە.

***

ئەو ڕاگەیاندنەی خرابووە پاڵ سەرۆک حوسنی موبارەک خەمباری کردم، کە لە گشت ڕۆژنامەکانی دوێنێدا (پێنجشەمە) بڵاو بووەوە، ئەو قسەیە درابووە پاڵی، کە "ئەگەر ڕۆژنامەنووسان پابەندی پەیمانی شەرەف بوون، ئەوا یاسا نوێیەکە لەخۆوە دەنوێت"، پاشان ئەمەش درابووە پاڵی "پێشوازی لە بیروڕا دەکات، بەو مەرجەی ڕاستگۆ بێت".

لەگەڵ هەموو ڕێزێک بۆ پایەی سەرۆکایەتیی دەوڵەت، یاساکان مانای نووستن نازانن، بەڵکو مانای شەونخوونی دەزانن، ئەوانەش دانانرێن تاکو بەبەخشندەیی، یاخۆ بەئەفسوونی موگناتیس بنوێت، بەڵکو بەهای یاسا ئەوەیە جووڵانەوەی خۆیی بەرز بێتەوە بەسەر ویستی تاکەکاندا.

***

ئیدی گوتەی "دەسەڵات پیربووە" کەوتە سەر هەموو زمانێک، بگرە بووە دروشمی گشت بەرهەڵستکارەکانی سیاسەتی موبارەک و وامایەوە، تاکو کێشەی میراتگری بەدوایەوە بوو، ئینجا وانەیەکی من لە زانکۆی ئەمەریکایی لە قاهیرە لە نۆڤەمبەری ۲۰۰۲دا هاتە پێشەوە، تێیدا قسەم لەسەر گریمانەکانی میراتگری کرد، لە مەترسییەکانی ئاگادارم کردنەوە، ئەوە بوو زریانی تووڕەیی لە سەرۆکایەتی و حزب و فەرمانگەکانی دەسەڵات و حوکمدا هەڵی کرد، هۆی تووڕەبوونەکەش ناکاو بوو:

لەلایەکەوە چونکە نهێنییەکە بەئاشکرا دەتەقێتەوە، لەلایەکی تریشەوە چونکە تەقاندنەوەی نهێنییەکە چاوەڕواننەکراو بوو، هەروەها ئەوانەی کارەکەیان بەلاوە گرینگ بوو سەرقاڵی ئەو ئاهەنگانە بوون، کە لە قاهیرەدا بەبۆنەی کردنەوەی کتێبخانەی ئەسکەندەرییەوە دەگێڕرا، کە ئاهەنگەیلێکی ئەفسانەیی بوون فیستیڤاڵی کردنەوەی کەناڵی سوێسی لە ڕۆژانی خدێوی ئیسماعیل و چیرۆکەیلی "یۆجینی"ی ئیمپراتۆریای فرەنسی بیر دەهێنانەوە (کە میوانی ئەو فیستیڤاڵە و چادرە گەورەکەی بوو، لەبەر نزیکی لە "فردیناند دلیسیپس"ی ئەندازیاری پرۆژەی هەڵکەندنی کەناڵی سوێس).

وانەکەی زانکۆی ئەمەریکایی لە کەناڵی "دریم" لە دوو ڕۆژدا سێ جاران پەخش کرا، پاشان ئاهەنگگێڕان لە کاریگەرییەکانی ئاگادار بوونەوە، ئەوە بوو زریانی تووڕەیی هەمــوو ئەوانەی دەســتــیــان لە پەخــشکردن و دووبارەکردنەوەیدا هەبوو گرتەوە. ئیدی تووڕەیی ڕووی لە هەر ژن و پیاوێک کرد ڕۆڵیان لە دووبارە پەخشکردنەوەی وانەکەدا هەبوو، ئەوانیش "ئوسامە ئەلشێخ"ی ئەندازیار (بەڕێوەبەری کەناڵی دریم لەو کاتەدا)، لەگەڵ دوکتۆرە "هاله سەرحان"ی (ڕێکخەری بەرنامەکەی خۆی).

دوکتۆر "ئەحمەد بەهجەت"ی خاوەنی کەناڵەکە بەنیمچە پەرجوو قوتاری بوو، دوای ئەوە پێی گوتم:

"ئەگــەر بەخــشندەیی و توانای پەروەردگــار نەبوایا، هێندەی نەمــابوو پەخشکردنی ئەم وانەیە بە٢ ملیار جونەیە لەسەری بوەستێت ئەوە بوو بۆ گشت ئەوانەی بەلایانەوە گرینگ بوو هەڵوێستی خۆی بۆ شیکردنەوە".

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژنامەگەریی فەرمی لاپەڕەکانی خۆی بۆ هەڵمەتێکی دڕندانە تەرخــان کــرد، وەکــو ڕاهاتم لەســەر تەمــاشــاکــردنی، هەروەها بەلۆجیکی هەر قسەیەک دەلالەت لە وتیارەکەی دەدات پتر لەوەی ئامــاژە بەگوێگرەکەی بکات"!.

لە کەشوهەوای وادا شیمانەی ئەوەی سەرۆک موبارەک پێوەندیم پێوە بکات، بەدوور گــرت، چونکە باسی مــیــراتگری خــۆی بەســەر هەمــوو پێوەندییەکاندا دەسەپێنێت!.

کەچی کابرا بێ ئومێدی کردم!.

بەوشەیەکیش باسی میراتگری نەکرد، بگرە هەموو ئەوانەی گوتی باسیان لە بابەتێکی تر دەکرد، کە پێشبینیم نەدەکرد!.

***

دەنگی سەرۆک موبارەک بێ هیچ پێشەکییەک بەرگوێم کەوت:

– کوره کابرا بۆ وا له تەندروستیت دەکەیت؟!.

کاغەز و خامەیەکم لەسەر مێزەکە دانابوو، پێنووسەکە وێستا و پرسیارەکەی سەرۆکم دووبارە کردەوە، کە ڕووبەڕووم کرابووەوە:

– جەنابی سەرۆک، چیم له تەندروستیم کردووه؟!

– تۆ بواری چارەسەری پێویست بەخۆت نادەیت، چییەکەیت؟ دەبێت هەر ئێستا بۆ ئەمەریکا سەفەر بکەیت و لەوێ چارەسەرەکەت تەواو بکەیت، چونکە تەندروستیی تۆ نەک هەر بۆ خۆت بگرە بۆ وڵاتیش گرینگە، تۆ خزمەتی گەورەت بەمیللەت کردووە و ڕۆڵت له ژیانی گشتیدا گەواهی ئەوە دەدات.

ڕاستی سەیرم هاتێ، بایی ئەوەندە لە ڕای مووبارەکم سەبارەت بەهەڵوێستەکانم دەزانی، نازانم چی لەبارەیەوە بنووسم یا بڵێم، نەم دەتوانی بێ پێویستی گەڕانەوە بۆ ئەوی لە یادەوەریمدایە، یاخۆ خوێندنەوەی مەرامەکان، جگە لە سوپاسکردنی سەرۆک بۆ ئەو دەستپێشکەرییەی. وەڵامەکەی منیش ئەمە بوو:

– سوپاس بۆ گرینگی پێدانەکەی و هەواڵپرسینی لێم. پاشان ڕاڤەم کرد:

– سوپاس بۆ یەزدان ئێستا تەندروستیم باشە، ئەو دەزانێت بۆ چوار ساڵ دەچێت نەشتەرگەرییەکم کردووە و بیرم خستەوە، ئەوکات زەحمەتی کێشا و سێ جار لە نەخۆشخانەی کلیڤلاندی وڵاتە یەکگرتووەکان پرسیاری کردم، دوای نەشتەرگەرییەکە چەند جارێک گەڕامەوە کلیڤلاند و یەک جار بۆ ئۆماها، بۆ پشکنین و بەدواداچوون چووم، ئێستا کوڕە گەورەکەم، کە مامۆستایە لە کۆلێژی پزیشکی ئاگاداری دۆخەکەمە و بەردەوام لەگەڵ پزیشکەکانم لە ئەمەریکا لە پێوەندیدایە، تەندروستیم (لە سایەی خواوە) جێگیرە، هیچ شتێکم نییە مایەی نیگەرانی بێت!.

سەرۆک قسەکانی بڕیم و گوتی: نا، نا، ئەم نەخۆشییە بەیەک جار

چارەسەر ناکرێت، گوێم لێ بگرە.

بۆچوونی خۆی بۆ من ئاشکرا کرد: جارێکی تر تەندروستیم گرینگە، دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ئەمەریکا و دووبارەی دەکەمەوە "گەڕانەوە"، پاشان بابەتێک هەیە دەیەوێت بەکراوەیی لەبارەیەوە قسەم لەگەڵدا بکات، وێڕای ئەوەی سەبارەت بەوەی بەکبریای وەسف دەکەن زۆر دەزانێت، کەچی سەرەڕای ئەوەش ناچارە ئاگادارم بکاتەوە "تێچووی چارەسەرکردن لە ئەمەریکادا (ئاگرە)، ئیدی خاوەنەکەی چەندی هەبێت. پاشان سەرۆک دەگاتە لووتکەی قسەکانی و دەڵێت:

– ئەمجاریان تێچووی چارەسەرکردنەکەت لەسەر حسێبی دەوڵەت نییە، هەروەها لەسەر حسێبی ئەهرامیش نییە، بەڵکو لە منەوەیە، لەبەینی خۆماندا بێت ڕاستەوخۆ بێ یەکێکی تر.

ناڕازی بووم: جەنابی سەرۆک تکایە، هیچ کات دەوڵەت خەرجی چارەسەرکردنی منی لە ئەستۆ نەگرتووە، ئەهرامیش "ملیمێک چییە بۆ چارەسەرکردنم نەیگرتووەتە ئەستۆ، تەنانەت ئەوکاتیشی کە بۆ حەڤدەساڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕییەکەی و سەرنووسیاری بووم، هەمیشە خەرجیی خۆم لە ئەستۆی خۆم بووە، ئەمەشم بەمافی خۆم و مافی ئەوانی تر داناوە، بەتایبەت گەر توانای ئەوەم هەبووبێت.

سەرۆک وەڵامی دایەوە:

– ئەو دەزانێت دەوڵەت خەرجییەکەی لە ئەستۆ نەگرتووە، هەروەها ئەهرامیش، بەڵام ئێستا پێویستیی تەندروستیم شتی تری دەوێت، تاکو نەخۆشییەکە سەرهەڵنەداتەوە. دووبارەی کردەوە "پرسە داراییەکان" لای خۆی دەبن، بۆت هەیە بێ سنوور داوا بکەیت، من زۆر شت سەبارەت بەکەللەڕەقییەکەت دەزانم، بەڵام "... کەمێک وەستا و دەستی پێ کردەوە":

– محەمەد بەگ... نەخۆشییەکەت قورس نییە!! پاشان گوتی: شێرپەنجە

گاڵتە نییە" و چارەسەری زۆری تێ دەچێت، بەتایبەت لە ئەمەریکا ئاگرە و ئێمە بۆ چارەسەرکردنی سوزی (مەبەستی ژنەکەیەتی) تاقیمان کردەوە.

ڕاستی خەریکبوو هەستێکی دژ بەیەک بزێتە هزرمەوە:

– لەلایەکەوە کابرا بەقسەکانی گوزارشت لە بایەخپێدانێکی ڕوون دەکات، ئەمەش دانپێدانانێکە بەفەزڵی ئەو.

– لەلایەکی ترەوە باسکردنی پارە بەبێ سنووری و بێ خۆپارێزی بۆ من مایەی نیگەرانی بوو، ئیدی ئەگەر نیازی وتیارەکەی چەند باشیش بووبێت!

بەرپەرچم دایەوە: جەنابی سەرۆک، دەمەوێت هەڵوێستی خۆمت بخەمە بەرچاو: ئەو نەشتەرگەرییەی بەر لە چەند ساڵێک کردم، سوپاس بۆ خوا سەرکەوتوو بوو، بەدرێژایی ئەم چەند ساڵەش من لەژێر چاودێریی پزیشکی بوومە و بڕوام پێیان هەیە، ئیدی ئەگەر لە میسر بووبێت، یا لە ئەمریکا، بەر لە چەند مانگێک هەستم بەشتێک کرد، گەڕامەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و سوپاس بۆ خوا دەرکەوت ئەوە دەرنەچوو، کە پێشبینیمان دەکرد.

ئەگەر خوانەخواستە شتێکی نوێ دەربکەوتایا، ئەوا پزیشکەکانم بەپێی ئەوەی دەیبینن، پێشنیازی کوێم بۆ بکەن بۆ ئەوێ دەڕۆم. خۆ ئەگەر ئەمەش ڕووی دا، ئەوا بەپەنای خوا توانای خەرجیی چارەسەرکردنم هەیە، ڕاستی ئەوی نووسیومن و بڵاوم کردوونەتەوە لە کتێبەکانم بەچەندین زمانی زیندووی دنیا بایی ئەوەی بۆ هێشتوومەتەوە بەشی ئەوە بکات و بەزیادیشەوە.

هەروەها گوتم: من سوپاستان دەکەم بۆ ئەو بایەخ پێدان و بەخشندەیییەی نواندتان، بەڵام بڕوام وایە کەسانێک هەن لە من پتر ئاتاجی ئەوەن، بەڵێنت پێ دەدەم ئەگەر پارەکەم دەرۆست نەهات، ئەوا دەگەڕێمەوە لاتان، وای دادەنێم ئەوی خستتانە بەردەمم "یەدەکی ستراتیجییە"، ئەگەر پێویستم پێی بوو دەگەڕێمەوە سەری، هەرچی ئێستایە شتێک نییە وام لێ بکات بەکاری بهێنم!.

سەرۆک وەڵامی دایەوە: تۆ هێشتا کەللەڕەقی دەکەیت، پێم گوتی

نەخۆشییەکەت گەورە نییە و تێچووی لە ئەمەریکا بەرگەی ناگیرێت، پاشان پێم دەڵێی یەدەکی ستراتیجی، یەدەکی ستراتیجی مانای چییە؟.

بەسەرۆکم گوت، هەموو قسەکان مایەی شەرمن: جەنابی سەرۆک، داخۆ دەبێ من بم مانای یەدەکی ستراتیجیت بۆ ڕوون بکەمەوە؟ تۆ بەپاشخانی سەربازیتەوە لەمن و یەکی تریش باشتر مانای یەدەکی ستراتیجی دەزانیت، ئەوی مەبەستمە ئەوەیە ئەوی ئامادەبوونتان تێدا دەربڕی بودجەیەکە لە پاشخانی بیرکردنەوەمدایە، بوونیشی خۆی لە خۆیدا خاترجەمم دەکات، تەنانەت بێ بەکارهێنانیشی، بۆ ئەوپەڕی پێویستی هەڵی دەگرم، بەڵام ئەم ئەوپەڕی پێویستە لەم کاتەدا ئامادە نییە!.

سەرۆک گوتی: دەکرێت ئەم قسەیە لە ڕۆژنامەکان بنووسن، بەڵام هیچ سوودێکی نییە.

تەلەفۆنەکەمان کۆتایی هات، بەهەموو شێوەیەک کۆشام دۆستانە بێت، بێ ئەوەی داوای لێبوردنەکەم لەوی پێشنیازی بۆ کردم، وەرسی بکات.

***

بۆ چەندین سەعات قسەکانی مێشکیان داگرتبووم، ڕاستییەکەشی حەپەسابووم لە لێکدانەوەی مەبەستی:

– ئەو بەتاقە وشەیەکیش باسی ئەوەی نەکرد لە وانەی بەرهەڵستیکردنی "میراتگری"دا وتبووم، بەتاقە وشەیەکیش لە میانەی ئەو پێوەندییە تەلەفۆنییەی پتر لە بیست خولەکی خایاند، ئاماژەی پێ نەدا.

من وام وێنا کرد ئەو ڕووداوە لە گوتارێکی سوپاسکردنی نووسراودا تۆمار بکەم و وەکو وەفادارییەک بۆی بنێرم، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی سەرچاوەیەک هەبێت بواری خراپ تێگەیشتن نەدات.

ئەوە بوو دانیشتم و گوتارێکی کورتم نووسی، سەرجەم ئەوەی لە نێوانماندا ڕووی دا تۆمارم کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

قاهیره له ۲۰۰۳/۱۲/۳دا

جەنابی سەرۆک..

نازانم چۆن باس لە هەستکردنم بەپیاوەتییەکەتان بکەم، هەروەها لەگەڵ ڕێزم بۆ پێوەندییە تەلەفۆنییەکەتان لە ئێوارەی (سێشەم ۲ی دیسەمبەر) پرسیارتان لە تەندروستیم کرد و بایەختان پێ دام، بڕوام وایە پێشنیازەکەتان سەبارەت بەپێویستی چوونم بۆ پشکنین لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لەجێی خۆیدا بوو و ڕاستەقینە بوو، ئەمەش بەحوکمی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا. من خۆم لە مانگی مایۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووم، کاتم دانابوو لەگەڵ دوکتۆر ئارمیتاژی ڕاگری کۆلێجی پزیشکی لە زانکۆی نبراسکا (ئۆماها)، کە پێی گوتم ناودارترین پسپۆڕی ئەو نەخۆشییەمە، کە لە سەرەتای هاویندا تووشی هاتم و فشاری هێنایە سەر قوڕگم و تەنانەت کاری لە دەنگیشم کرد.

ئەوە بوو دوکتۆر ئارمیتاژ پلانی چارەسەرکردنی بۆ دانام و لە میسردا ئەنجام درا، هەست دەکەم تا ئێستا ئەنجامەکانی بەپلەیەکی بەرز سەرکەوتوون، پشتیوان بەخوا دەمەوێت بگەڕێمەوە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرێکی تر.

من ناتوانم باسی ئەوەتان بۆ بکەم چۆن ئەو کارە بەخشندەیەتان سەبارەت بەتێچووی چارەسەرکردنەکە کاری تێکردم، ئەو قسەیەتانم بەدڵ بوو کاتێک ئاماژەتان دا، کە جەنابتان (نەک دەزگایەک یا دەوڵەت) دەیگرنە خۆتان، بۆ ڕێزگرتن، "وەکو فەرمووتان" لە پیاوێک نرخی خۆی هەیە، داواشم لێ دەکەن بێ خۆپارێزی چیم بوێ بۆمی بکەن، ئەمەش بەخشندەییەکی مەزنە.

جـەنابی ســەرۆک، ئەوی زیاتر خـۆشـحـاڵی کـردم، خـۆتان باش دەزانن چی دەنـووسم و چی دەڵێم، کـە جـیـاوازم لەگـەڵ هـەندێک بۆچوونـی سـیـاسـەتی مـیـسـریدا، با هەسـتـتـان بـەم شـێـوەیە دەرکـەوێت، کە هـەر وا دەرکـەوتووە، ئەمەش نیشانەی هەسـتی پڕ لە ڕاستگۆیییە، دەتوانێت دووبەرەکی لە نێوان گشـتی و تایبەتی، سیاسی و مرۆییدا نەهێڵێت.

ئەو قـسـەیەتانم زۆر بەدڵ بوو "نـەخـۆشـیـیـەکـەتان گـەورە نـیـیـە" چونکە تێـچـووی چارەســەرکـردن لە ئەمـەریکا زۆر گـرانە، هـەر بەکـردەنیش وابوو، دوو جـار پێـشـتـر ئەمـەم تاقی کـردووەتەوە، بەڵام تەندروستی بەنرخترین شتە مرۆڤ بەتەنگییەوە هاتبێت.

من ئەو پێـشنیـازەی بۆتان کردم لای خـۆم دەیپارێزم، هـەر کات پێــویســتـم پێی بوو دەگــەڕێمــەوە لاتـان، وەک ئەوەی یـەدەگی ســتـراتیـجی بێت (وەکـو دەڵێن) بوونی ئـاسـوودە و دڵنیـامـان دەکاتەوە، ئەمەش چاکەیەکە بیر ناکرێت، ئەوی مـەبەستی وابێت، شایانی هەموو چاکە و پیاوەتییەکە.

هـەرخـۆشـبن (جەنابی سـەرۆک) لەگـەڵ دڵسۆزانـەترین و قووڵترین سوپاس، ڕێزم قبووڵ بفەرموون.

محەمەد حەسەنێن هەیکەل

***

لە ڕاسـتـیدا ئەم دەقـە، وێڕای هـەمـوو نووسـینەکانم، زەحـمـەتترین شـتـە نووسـیـبـێـتـم! نەم دەتوانی نکوڵی لە چاکـەی ئەو پیـاوە بکەم، تەنـیـا تـوانیم لێــبــوردنم ســەبارەت بەو پێــشـنیــازەی بـۆی کــردم تۆمــار بکەم، هـەر بۆ تاقـیکردنەوە کـاریگەریی گـوتـارەکـەم لەســەر ئـەوانی تر تاقی کـردەوە، کـە بەپێـچـەوانەی نـەریتـەوە ژمـارەیەک لە سـەرنووسـیـاران بینـیـبوویان، لەوانەی ئەوکـات پێـوەندییـان پێوە کردبوو، لە نێویاندا مـامـۆسـتـا (ئیـبـراهیم نافع)ی

سەرۆک ئەنجوومەنی کارگێڕیی "ئەلئەهرام"، هەروەها مامۆستا "ئیبراهیم سەعدە"ی سەرۆک ئەنجوومەنی کارگێڕیی "اخبار الیوم".

ئیدی لە موبارەکەوە وەڵام یا پێوەندیم پێ نەگەیشت، بەڵکو ئەوەی شێوە پەرچەکردارێکی پێ ڕاگەیاندم دوکتۆر ئوسامە ئەلباز بوو، کە هات بۆ دیدەنیم و گوتی:

– گوتارەکەی خوێندووەتەوە، دەقەکە بەئاگادارییەوە نووسراوە، بەڵام "ئوسامە" بەڕوونی تێگەیشت من ویستوومە ڕووداوەکە تۆمار بکەم.

بەئوسامەم گوت: جارێکی تریش ئەوی تێی گەیشتووە، دروستە.

ئەوی مایەی سەیر بوو، یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکان لە ئەندامانی لێژنەی سیاسی جارێک بۆی نووسیم و لێی پرسیم چیم لەم بەرهەڵستکارییە بەردەوامەی سیاسەتی سەرۆک دەوێت؟ هەر ئەویش بەخشندە بوو "لەگەڵت"، ئامادەبوونی خۆیشی ڕاگەیاند لە حیسابی خۆی چارەسەرت بکات، تۆ بووی داوای لێبوردنت کرد و نەتویست، ئەوە بوو بۆ خەڵکی و لە کەناڵی جەزیرەوە لە جێڕەوتی (سیاق) قسەکردن لەگەڵ پەخشکەرە درەوشاوەکەیدا، مامۆستا "محەمەد کرێشان" گوتت: "گەر سەرزەنشتم دەکەن لەوەی ئامادەییەکەیانم ڕەت کردەوە، ئەی چی دەبوو گەر قبووڵم بکردایا؟

***

دوای ئەوە پێوەندییەکانی لەگەڵمدا وەستان، بەڵام گفتوگۆی من لەگەڵ سیاسەتەکانیدا نەوەستا، تاکو گەیشتینە ساڵی ٢٠١٠، ڕای من وابوو ڕێژیمی موبارەک لە لایەنی مێژوویییەوە تەواوبووە، ئەگەرچی لە لایەنی سیاسییەوە لە میسر لە لووتکەی دەسەڵاتدایە و گواستنەوەیەکی پێویست بۆ دەسەڵات بەڕێگەوەیە، دەبێت کاری بۆ بکرێت، وێنایەکی تەواوم خستە بەرچاو ئەوی ناوم نابوو "ئەنجوومەنی دەستپاکانی دەوڵەت و دەستوور" لە بەڕێوەبردنی قۆناغی گواستنەوەدا پێی هەڵدەستن، بەئامادەبوونی هێزە چەکدارەکان، بەنوێنەرایەتیی موشیر "محەمەد حوسێن تەنتاوی".

بۆ ئەندامێتییش ناوی کەسانێکم هەڵبژارد خەڵکەکە خۆیان ناویان هێنابوون، وەکو پاڵێوراوی پیاوچاک بۆ سەرۆکایەتی، ئەوی سەیرە زۆربەی زۆری ئەوانەی من هەڵمبژاردن بۆ سەرۆکایەتی، ئێستا لە سەری لیستەکەن بۆ پێشبڕکێی سەرۆکایەتیی کۆمار دوای ٢٥ی ینایەری ٢٠١١.

ئەوە بوو تێکچڕژانی شەڕێکی گەورە دەستی پێ کرد:

ئەوکاتی پێشنیازی ئەوەم کرد دەسەڵات بگوازرێتەوە و ئەنجوومەنی دەستپاکانی دەوڵەت و دەستوور بەڕێوەی ببەن و هێزە چەکدارەکانیش لەو دیمەنەدا ئامادە بن، پرسیاری ڕۆژنامەکانی سەر بەموبارەک ئەوە بوو، ڕەنگە لایەنی تریش بایەخیان بەکێشەی گشتیی میسر دابێت، نارەزاییەکەیان لە دروستیی ئەو لۆجیکەی لە بناغەوە پشتم پێ بەست ئەوە بوو:

چۆن داوای ئەوە دەکەم پرۆسەی گواستنەوە بەڕێککەوتن لە دەسەڵاتدا دوای موبارەک، لە کاتی بوونی ئەو لە لووتکەی دەسەڵاتدا، باشە چی وا لەو پیاوە دەکات قابل بێت، لە کاتێکدا ئەو دەیەوێت حوکمکردنەکەی هەتاهەتایی بێت، مادامەکی "دڵی لێ دەدات و هەناسە دەدات" (بەپێی ئەو گوتارە بەناوبانگەی لەم دواییانەدا دای)، پاشان کابرا بیر لە جێگرتنەوەی دەسەڵاتەکەی دەکاتەوە، هەموو کەللەڕەقییەکەیشی لە خاڵێکدایە، چۆن میراتگری لە ماوەی ژیانیدا ڕوو دەدات، یا دوای تەمەنێکی درێژ، ئەودەمی دەمرێت؟!.

وەڵامی من بۆ هەموو ئەوانەی لەوبارەیەوە پرسیاریان لێ کردم:

گشت وەڵامێکی سیاسی لەسەر قەبارەی فشارە بەردەوامەکان وەستاون، لەو کاتەدا نەم دەتوانی بڵێم: تەنانەت ئەگەر دابەزاینە سەر شەقامەکانیش!.

هەروەها مەترسییەکانیش لە گشت حاڵەتەکاندا تەنیا وریایی و ئاگاداری ڕووبەڕووی دەبێتەوە!

***

پرسیاری زۆر دووبارە ئەوە بوو، گواستنەوە لە موبارەکەوە بۆ کوڕەکەی،

بەئاشکرا و بەنهێنی هەردووکیان بڕوایان وابوو پرۆسەیەکی زۆر زەحمەت و پڕ لە مەترسییە، چونکە وەبەرهێنانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و میسریی هەیە، هەمووشیان دەیانەوێت ڕێژیمەکە بمێنێت، ئەگەر بێ ئەو پیاوەش بێت.

هەموو مەترسییەکەش لە هۆکارە ناوچەییەکان بوو، لەگەڵ هۆکاری دەرەوە، بەتایبەت لەلایەن ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە.

کاتێک ینایەری ساڵی ٢٠١١ هات، قسەکەی "ئەندرێ مۆروا"م بیر هاتەوە:

"ئەوی مەزەندەی ناکەین هەمیشە ڕوو دەدات، دوورترین مەزەندە لە بەدیهاتندا نزیکترینیانە "!

ئەوانەی وەبەرهێنانەکانیان لەسەر موبارەک داناوە، لە هەموویان بەپەلەتر بوون بۆ وازهێنان لێی، ئەمەش دوای ئەوەی سووربوونی بارستە جەماوەرییەکان و پێشەنگانی گەنجانیان پێکەوە بینی، کە میللەت "ڕووخانی ڕێژیم"ی دەوێت.

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە یەکەمینەکان بوون، وەبەرهێنانەکانی خۆیان لە موبارەک کێشایەوە، نەخشەیان ئەوە بوو میسر نابێت جارێکی تر لەدەستیان دەرچێت، ئەوە گرەوی ڕاستەقینەیان بوو.

ئالێرەدا ئەوە گەورەترین هێدمە بوو تووشی موبارەک هات، واتا وێڕای ئەوەی دەریای خۆپیشاندانەکان و پلەی ڕەتکردنەوەی یەکجاری بۆ کوڕەکەی بینی، تا دواساتیش قەناعەتی وابوو کە گشت ئەمانە ڕێکخراون و کەسانێکن پاڵنراون، بەلام ڕێکخراو و ئاراستەکراون، ڕەتکردنەوەکەشیان بۆ کەسی ئەو نەبوو، بەڵکو مەبەستی ڕاستەقینە ڕووخانی دەوڵەت بوو، ئەویش هێشتا توانای خۆڕاگری هەیە، وەلێ ئەوی چاوەڕوانی نەدەکرد و حیسابی بۆ نەکردبوو، کشانەوەی گرەوی ئەمەریکایی بوو، ڕەنگە ئاشکراکردنی ئەوی لە مێشکیدا بوو، ئەو گفتوگۆ تەلەفۆنییە بووبێت، کە لە نێوان خۆی و "بنیامین ئەلیعازەر"ی دۆستی بوو، کە لە نیوەڕۆی ڕۆژی ١٥ی

فـبـرایەری ٢٠١١دا و دوای وازهێنانی لە سـەرۆکـایەتیی کـۆمـار و کـردنی "شرم الشیخ" بەشوێنی نیشتەجێ بوونی، ئاشکرا بووبێت.

لەم گـفـتـوگۆ تەلەفـۆنییـەدا، کـە چەنـدین ڕۆژنامـەی ئیـسـرائیلی هـەواڵ و وردەکارییەکانیان بڵاو کردەوە، هەروەها بنیامین ئەلیعازەر بەخۆی بەدرێژی سەبارەت بەوە قسانی کرد و ئەوەی گێڕایەوە "موبارەک" نیو سـەعاتی تەواو وەکـــو هـاوەڵێک سکاڵای دەردەدڵی خـــۆی بۆ دەکـــرد، کـــە چۆن وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا پشتی تێ کردووە، کە ئەمـەریکا نکوڵی لە هەمـوو ئەوانە کردووە پێی هەڵساوە، ئەوی مایەی سـەیرە لە هەڵچوونەکەیدا خۆی وا دادەنات قـوربانیی دانپێنەنانـی ئەمەریکایە، ئەمیش وەکو "شـای ئێران"، شـا قوربانیی کارتەر بوو، ئەمیش قوربانیی ئۆبامایە!

پاشان موبارەک بەپێی "ئەلیعازەر" ئەوەش دەڵێت:

ئەوانە (هـەندێک لەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکان" ڕۆژێک پەشـیمان دەبنەوە لە پشت لێکردنی، ئەوی جێی داخە مـوبارەک ئەوەی بەبیردا نەهات خۆی ژیوان بێتـەوە، لەوەش جێی داخـتـر ئەو کـابرایەی دنیـا بینی بەڕاکشـاوی لەسـەر قـەرەوێڵـەیەکی پزیشکـی دەچێتـە گـرتگەکەی دادگـەی کـەتنی مـیـسـری، بێ هـەسـتکردن بەکبریا خـۆی نەبان کـردبوو، وادەهـاتە بەرچاو بێ ئاگایە، دوور لە هەستکردن بەکبریا، نە کبریای مرۆڤ، نەیش کبریای مێژوو!

***

لەبان هـەمـوو ئەمــانەوە مـیـسـری لە ناوەندی کـێـڵـگەیەکی پڕ لە مـیـندا جێهێشت!.

# گرێی میراتگری

پرسـیـارەیلێکی زۆر لە "مـوبـارەک" سـەبارەت بەمـیـراتگری و هـەر جـارەی وەڵامێکی جیا!

کـێـشـەی مـیـراتگری دیـارترین بەڵگە و سـەلماندنە بۆ ئەو وتەیـەی دەڵێت، ئەوانەی هەموو شتێک لەبارەی موبارەکەوە دەزانن، لە واقیعدا هیچ شتێکی لەبارەوە نازانن!.

زۆرێک لەوانەی مـوبـارەک دەناسن، گـەیشـتنە ئەو باوەڕەی دەیەوێت کـوڕە بچووکـەکەی بخـاتـە شـوێن خـۆی، ئەوەش پڕۆژەیـەکە بەجدی کـاری لەسـەر دەکـات، مـن یەکێک نەبـووم لەوانەی مـوبارەکـیـان دەناسـی، کـەچی ئـینـجـاش هەسـتـەکـانم (بێ بەڵگە پشـتـیـوانییـان دەکرد)، کابرا لە هـەسـتی ناوەوەیدا ئەمــەی نـەدەویست، نـە بەبـیـرکــردنـەوە و نەیش بەهـەست، بەڵکو ڕەنگە لە قسـەکردن لەبارەیشییەوە خـۆی بەدوور بگرێت، چونکە ئەوەی بیردەخـاتەوە، کە ئومێدەوارە لەبیری بکات!.

بەمـانـایەکی ڕوونتر لاری لەسـەر ئەوە نییە کوڕەکەی سـەرۆکایەتی بگرێتـە دەست، بەڵام هەڵسـوکـەوتەکانی ئەوە ئاشکرا دەکەن ئـامـادە نیـیـە ئەمـە لە ژیانیدا ڕوو بدات، ئەو لە تەڵەزگەیەکی ڕاستەقینەدایە، چونکە ئەو لە دۆخی یەکـێکدایە قـایل بێت و قـایـل نەبێت، قــەبـووڵ دەکـات بـێ ئەوەی ئیــرادەی قبووڵی بکات، قەبووڵیش ناکات مادامەکی ئیرادەی هەیە!.

ئەوانی لێوەی نـزیکن فـشـاری دەخـەنە سـەر و بەردەوامـن لە پاڵەپەسـتـۆ خستنە سـەری، مکوڕن لەسەر ئەوەی ئەگەر میراتگرییـەکە لە بەردەمی خۆی و بەئیرادەی خـۆی ڕوو نەدات، ئەوا بەدیهێنـانی ئەسـتـەم دەبێت لە نەبوونی

ئەو و نەبوونی دەسەڵاتەکەی!.

گرێکە لەوەدایە کابرا لای خۆیەوە ئامادە نییە، بەڵام هەندێک ئاماژە دەدات کە مانای ئەوە دەگەیەنن قبووڵی بکات، ئەویش خاوەخاو و پێچوپەنای تێ دەخات و نە بەڕاستی دەڵێت "بەڵێ"، نەیش بەیەکجاری دەڵێت "نا"، چونکە دەیەوێت خۆی لە فشارێکی "ناسک" بپارێزێت وەکو بەرکەوتنی ئاوریشمە، هەندێک جاریش بەکێشی تەنێک لە ئاسن"قورس"ە!.

لەو حاڵانەدا هەندێک قسە بڵاو بوونەوە سەبارەت بەپلانەیلێک دادەڕێژرێن وسیناریۆیەلێک ئامادە دەکرێن، چاوەڕێی بۆنەیەکن بێت، یا لەوەدەکا بەڕێوە بێت، پاشان هەمان پرۆژە دەخرێتە ڕوو، بۆنەکانیش تێپەڕ دەبن و هیچیش ڕوونادات!.

***

پێداگرتن لەسەر ئەو پلان و سیناریۆیانە گەیشتە ڕادەیەک خەریکبوو هەر بەڕاستی بێتە دی، ئەودەمی سەرۆک موبارەک نەیتوانی لە بەردەم ئەنجوومەنی گەل لە مانگی نۆڤەمبەری ۲۰۰۳دا قسە بکات، گوتیان (ئەوانی وایان گوت لە ناوەوە بوون) ئەوکاتی سەرۆک نەیتوانی و خەریکبوو بکەوێتە سەر زەوییەکە و دانیشتنەکە بۆ ماوەی نزیکەی سەعاتێک دواخرا، لە چاوەڕوانی ئەو بۆچوونانەی لە دەرەوەی لێکدانەوەی مرۆڤە، شتێک بەمێشکی یەکێک لە بەرجەستەترین پیاوانی کۆشکدا هات، لە حاڵەتی ڕوودانی هەر ناخۆشییەک، کە دەور و خولی ئەو هۆڵەیان دابوو موبارەکیان بۆ گواستەوە و پزیشکەکانی دەوریان دابوو، ڕەنگبوو سەرۆک ئەنجوومەنی گەل ڕای گەیەنێت، کە قەزای خوا گەیشتە کۆتایی و لەودەمی ئەنجوومەن هێشتا لەژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەدایە، فرمێسک دەڕێژێ و خەم دەخوات، ژمارەیەک پەرلەمانتاری حزبی نیشتمانی دێنە پێشەوە و پێشنیازی ئەوە دەکەن متمانە بەکوڕەکەی بدەن، وەکو وەفادارییەک بۆ باوکە و ڕێزگرتن لێی و بەردەوام بوون لەسەر ڕێبازەکەی،

خـاوەنانـی ئەم پێـشنیـازە گـومـانیـان لەوەدا نـەبوو، کـە دەنگدان لەسـەری بەڕازیبوون زۆر دەبێت.

ئەوی مـایەی سـەیرە، ئـەمـەش بەشـێک لەو گێـڕانەوانەیە کـە شـایەتحـاڵی هـەیە، خـاوەنی ئەم پێـشنیـازە بەچرپە چرپ بـەیەکـیـان گـوت، لە کـاتێکدا پزیشکـانی مـوبـارەک دەورەیان دابوو و نەخـشـەی دڵیـان دەکـێشـا و ترپەی دڵیـان دەگـرت و دەرزییـان لێ دەدا و ئەوانی تـریش سـەرقـاڵی ئەوە بوون چی دەبێت ئەگـەر هـەوڵەکانیـان بێ ئەنجـام بوو، بۆ ورد قسـەکردن نـەم بیسـتووە کەسێک ئەم قەیرانەی بەژنەکەی سەرۆک وتبێت، ئەوانی خاوەن ئەم بیروڕایە بوون دەیانـویست "لە سـاتی نیگـەرانییـەکـەیدا تووشـی سـەخـڵـەتی نەکـەن، هـەروەها ترسـان سـەخـڵـەتییەکـەی کـاردانەوەیەکی سـەرپێییـیـانەی هـەبێت"، ئەوە بوو لەو هـەڵسـوکـەوتەیان بـەردەوام بوون، تاکـو یەکێک لە پزیشکەکـان هـات و پێی گـوتن "سـەرۆک باشـە و دەتوانێت دوای چارەکـە سـەعـاتێک بگەڕێتـەوە گـوتارەکـەی تەواو بکات، بۆ دوورکـەوتنەوە لە قـسـە و قسـەڵۆک، ڕەنگە لە ئەنجـوومـەن دەر چێ بێ ئەوەی هیچ یەکێک لە دانیشـتـوانی هـۆڵی ئەنجوومەنی گەل بیبیـن"!

دەرفـەتـەکـە ڕۆیی، بەڵام ئـەوانەی خـەونیـان بەپلان و سـیـناریۆوە دەبینی بیـریان نەچـووەوە، هەلەکـە بـەدەرکـەوتەوە و هـەمـان شت دووبـارە بووەوە، ئەودەمی سـەرۆک مـوبارەک بۆ نەشتـەرگـەری چووە هـایدڵبێرگ، وایان زانی زامن نـیـیـە، هـەمـان شت دووبارە بووەوە، کـاتێک بیـر لە سـەرۆکـایەتیی پێنجـەمی سەرۆک موبارەک کرایەوە، ئەمجـاریان پێشنیـازی ئەوانە ئەوە بوو سەرۆک لە دواسـاتدا بێ و گوتارێک بڵێت ئەوە بگەیەنێت، کـە "لەبەر تەمەن و تەندروستی کوڕەکەی وەکو جێگرەوەی دادەنێت"، وەلێ هەوڵەکان دەگەیشتنە خاڵێکی دیاریکراو، پاشـان وادەردەکەوت ئەو گەرم و گوڕییە خـاو دەبێتەوە و هەنگاوەکـانی سـست دەبنەوە تا بەیـەکجـار وەسـتـا، ڕەوڕەوەکـە، لەوکـاتی بیرۆکەی مـیراتگری لەگەڵ سـەرەتـای سەدەی بیست و یەکدا بەسـەر شـەرمدا

ڕۆچوو دەسووڕێتەوە و بەردەوامە!.

***

هەرچەندە من زوو کێشەی میراتگرییەکەم لە وانەیەکدا لە زانکۆی ئەمەریکایی (ئێوارەی ڕۆژی ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢) وروژاند، هەندێک شتم تێبینی کرد و بیست، کە مایەی ترس و گومان بوون، هەروەها وابزانم کەسانی تریش تێبینیی ئەمەیان کردبوو و بیستبوویان، بەڵام کەس دڵنیا نەبوو لەو شێواز و کاتەی گومانەکەی تێدا دەردەکەوێت و پەردە هەڵ دەدرێتەوە!

ئەو پێشبینی کردنانەی سەبارەت بەبابەتەکە بەردەوام لە ئاسۆدا مایەی سەرسووڕمان بوون، پرسیاریش بێ بۆنە و بەبۆنەوە لە زیادبووندا بوون!.

* ئەوانی دەیانزانی و زیاتر لە ڕاستییەوە نزیک بوو، سوڵتان قابووس یەکەمین کەس بوو لەبارەی پرۆژەی کوڕەکەیەوە پرسیاری لە موبارەک کرد، کوڕەش نزیکەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ماڵێکدا، هی خاوەنکارێک بوو لە پیاوانی سوڵتان بوو لە گەڕەکی کینسگتۆن لە لەندەندا دەژیا، بۆیە سوڵتانی عومان لە یەکەمینەکان بوو بەپلانەکانی گواستنەوەی کوڕە لە کینسگتۆنەوە بۆ ماڵی سەرۆکایەتی لە قاهیرەی دەزانی.

وەڵامی موبارەک بۆ سوڵتان بەپێی ئەوانەی دەیانزانی:

"ژنی سەرۆک نیگەرانە لەوەی کوڕەکەی زۆر لە لەندەندا بمێنێتەوە، دوایی گەڕانەوەی زەحمەت دەبێت، پاشان مانەوەی لە لەندەندا ڕەنگە بەژنهێنان لە ئینگلیزێک، یا بیانییەک کۆتایی بێت، ئەویش ئەوەی ناوێت، هەروەها ئەو لە نێوەندەکانی خێزانە میسرییەکاندا لەوانەی لە لەندەندا دەژین لە بووکێکی گونجاو بۆ کوڕەکەی گەڕا، کچێکی وای نەدۆزییەوە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بێت، کە ئەم داوای دەکرد، وەلێ ئەو لە گەڕان لێرە و لەوێ بەردەوام دەبێت و بەهیوایە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت!.

* دووەمین کەس پرسیاری کردبێت "موعەمەر قەزافی" بوو، کە تێبینیی

بەرێکی دەرکەوتنی کورەی لە گۆڕەپانی سیاسیی میسریدا کردووە، هەروەها پرسیارەکەی ڕاستەوخۆ بوو (ڕەنگە لەپڕ بووبێت) داخۆ بیرکردنەوەیەک لە میراتگری هەبێت لە شێوەی "بەشار".

بەڵام سەرۆک موبارەک ڕەتی کردەوە، قەزافییش سەیری هاتێ، کە گوتی:

– ئەزموونی بەشار ئەسەد لە میسردا قابیلی دووبارەبوونەوە نییە، هەروەها میسریش سووریا نییە، هەروەها سیستەم لە میسر کۆمارییە و سیستەمی کۆمارییش میراتگریی بۆ حوکم نازانێت.

پاشان دوای ئەوە سەرۆک موبارەک ئەم ڕایەی بەخەڵکیش ڕاگەیاند.

موبارەک ئەوەشی بەقەزافی گوت:

– ئەوان حەز لە زوو گەڕانەوەی کورەکەیان دەکەن، وایان بەباش زانی فریوی کورەکەیان بەکارێکی نوێ بدەن بەدڵی بێت، هەندێک پۆستی سیاسیشیان پێ دا "خۆی پێوە بخافڵێنێت"، کەچی ڕۆژێک چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد بگەڕێتەوە لەندەن، پاشان دەبیسین لەوێ ژنی هێناوە و سەقامگیر بووە!!

هەر بەکردەنییش وابوو، موبارەکی باوک لەو ترسانەی لەسەر ڕاست بوو، چونکە هەرچەندە کورە لە لەندەن گەڕایەوە، پرۆژەی ژنهێنانی پێ بوو لە کیژێک نیوەی بەریتانیایی و نیوەشی ئێرانی بوو، ئەوە بوو کچە بەدوایدا هات و لە خانەی میوانداری چەند مانگێک مایەوە، پاشان "خەونی سەرۆکایەتی" "خەیاڵی خۆشەویستی"ی لابرد!.

* سێیەم کەس کە پرسیاری کرد بیانی بوو، ئەویش "چاک شیراک"ی سەرۆکی فەرەنسا بوو، پرسیارەکەی لە چاوپێکەوتنێکدا لە نێوان هەردووکیاندا لە کۆشکی "ئەلیزێ" لە پاریس لە فبرایەری ساڵی ٢٠٠٤دا کرا، وەڵامی موبارەکیش ئەوە بوو:

– هەموو ئەو قسانەی لەم بارەیەوە دەکرێن پڕوپاگەندەن و هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان بڵاوی دەکەنەوە، ئامانجیشیان خراپەکارییە بۆی (بۆ

باوکـــــه)، کـــــەچی هـەمـــــوو ئەوەی ڕووی دا ئەوەیە، لە بەڕێوەبردنی نووسینگەکەیدا پشت بەکوڕەکەی دەبەستێت، وەکو چۆن سەرۆک شیراک بەخۆی لەگەڵ کچەکەیدا دەیکات.

لەو کاتەدا سەرۆک شیراک ئەوەی گوت، هەر بەکردەنی وایە و پشت بە"کلۆد"ی کچی دەبەستێت، پسپۆڕە لە پێوەندییە گشتییەکاندا، کە هەر بەڕاستییش بەیاریدەری خۆی هەڵی بژارد.

***

لەگەڵ ئەو هەرا و بەزمەی لەسەر کێشەی میراتگری لە میسردا نرایەوە، خێزانی دەسەڵاتداری سعودی بایەخێکی بەرچاویان پێ دا، هەروەها یەکێک لە میرە گەورەکانی سعودیە ڕاستەوخۆ پرسیاری لە سەرۆک کرد، ئەویش وڵامەکەی دایە دەستەوە:

– ئەو نایەوێت کوڕەکەی جێی بگرێتەوە، یەکەمین هۆ لەبەرئەوەی نایەوێت کوڕەکەی "وێرانە"ی بۆ بمێنێتەوە.

ئەم وەڵامە بۆ گوێگرەکەی چاوەڕواننەکراو بوو!.

***

* بەڵام وا دیاربوو سیاسەتوانە بەریتانییەکان پتریان دەزانی، ساڵی ٢٠٠٢ پێوەندییەک لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیایی لە قاهیرە، کە ئەودەم جۆرج سوێر بوو کرا (ئەو ئێستا پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی دەرەوە لە هەواڵگریی بەریتانیایی بەڕێوە دەبات) پرسیاری ئەوەیان لێ کردبوو: "ئەگەر بکرێت پێوەندییەکی توندوتۆڵتر لە نێوان کوڕەکەی سەرۆک و سەرکردایەتیی پارتی نوێی کرێکارانی بەریتانی ڕێک بخرێت؟!"

ئەو کات کوڕە دەستی کردبوو بەدەرچوون و دەرکەوتن لە گۆڕەپانی سیاسی لە میانەی ئەوەی بەپرۆسەی نوێکردنەوەی لاوانی پارتی نیشتمانی ناویان دەبرد، بۆیە پێویست بوو گرینگی بەئەزموونی "تۆنی بلێر" بدرێت، کە بۆ ئەوانەی لە قاهیرە بوون، ئەوەی دەگەیاند لاوێکە سەرکەوتنی بەدەست

هێنا و بەپەڕەشووت دابەزییە سەر سەرکردایەتیی پارتەکە و سەرۆکایەتیی وەزیران، ئەوانەی لە قاهیرەدا ئەمەیان بەلاوە گرینگ بوو، وایان دەزانی بلێر نموونەی دڵگیـــرە و شـــایانی گـــواســـتنەوەیە لە دێرینتـــرین وڵاتانی دیموکراسییەوە!! ئەوە بوو باڵیۆزی بەریتانیایی بەوەڵامی ڕەزامەندی و پێشوازی لێ کردنەوە گەڕایەوە.

جۆن سوێر باڵیۆزێکی ئاسایی بەریتانیا نەبوو لە قاهیرە، بگرە لە بناغەدا "پیاوی کارە تایبەتەکان بوو"، دامەزراندنیشی لە باڵیۆزخانەی قاهیرەدا هەڵبژاردنێک بوو لە باڵیۆز زیاتر، کاری ڕاستەقینەی ئەو لە ماوەی بوونی لە پایەتەختی میسردا پێشەکی و خۆئامادەکردنی سیاسی بوو بۆ پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، هەر (بەڕاستیش وابوو، هەر هێندەی شەڕ دەستی پێ کرد، سوێر وەکو نوێنەری بەریتانیا لە لووتکەی دەسەڵاتی داگیرکەر لە عێراقدا لە قاهیرەوە گواسترایەوە بۆ بەغدا، بەڵام لە سەلماندنی بوونی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، چونکە کۆمیسیاری ئەمەریکایی بۆ داگیرکردن "پۆڵ بریمەر" هاوبەشیی بەریتانی نەدەویست، بەڵکو ئاڵایەکی ئەمـــەریکایی دەویست بەتەنیـــشـــتـــیـــیـــەوە ئاڵای ترەوە هەڵنەدرێت!!).

هەمووان لە پارتی کرێکاران و سەرۆکایەتیی وەزیران پێشوازییان لەو داخوازییەیان لە میسر کرد، بەتایبەت تۆنی بلێر، چونکە سیاسەتی بریتانی لەو کاتەدا وزێنەی هەژموونی تایبەتی لە میسر بەدڵدا دەهات، لەگەڵ دانەسەری کۆمەڵەی ئەوروپایی خۆی "بەریتانیا" بەکاری چاودێریی ڕێکخستنی سیاسی و پێشخستنی ڕاگەیاندنکاری، لە میانەی پلانی جووڵان لەسەر بەرەی پان بەرەو جیهانی سێیەم و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەدیاریکراوی، هەروەها کاری پێوەندیکردن لەگەڵ لێژنەی سیاسەتەکان لە حزبی نیشتمانی و سکرتێرەکەیدا ("موبارەک"ی کوڕ) بەپیتەر مندڵسۆن سپێررا، کە بەرپرسی یەکەم بوو لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئەوە بوو

بەدرێژاییی سێ هەڵبژاردن تێیدا سەرکەوت و تۆنی بلێر بردییەوە!!

پیتەر مندڵسۆن بەگەرمی لە قاهیرەدا پێشوازی لێ کرا (تەنانەت دوای نەمانی لە پۆستەکەشیدا لە وەزارەتی بازرگانی لە حکوومەتەکەی بلێر، بەهۆی ئەو گومانانەی لەسەری دروست بوون لە پێوەندییەکانی بەخاوەنکارانەوە!!)، پاشان مندڵسۆن بووە "میوانی بەردەوامی قاهیرە، بەبانگهێشتنی ئەمینداریێتیی لاوان لە حزبی نیشتمانی، هەروەها شاندەکانی ئەمینداریێتی پێیەکیان هەر لە لەندەن بوو.

لە تێبینییەکانی مندڵسۆن، کە خۆم لەوەوەم بیست "خانەخوێ میسرییەکانی بایەخی زۆریان بەتایبەت بەدوو بەش لە ڕێکخراوی پارتی نوێی کرێکاران دەدا: ژووری پروپاگەندە، ژووری چالاکییە ڕەشەکان، واتا ئەوی پێوەندە بەکارە چەپەڵەکانەوە (وەکو خۆیان ناویان لێ نابوو)"!!

* پاشان جۆرج بووشی کوڕ پرسیاری لە بابەتێکی تر لە سەرۆک موبارەک کرد، ئەوکاتی لە سەردەمی ئەودا سەردانی واشنتۆنی کرد، سەرۆک موبارەک بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– ئەی تۆ باوکت سەرۆک نەبوو و پاشان تۆ دوای ئەو هاتییە ئێرە؟!

بووش وەڵامی دایەوە:

– ئەوە بەهەڵبژاردنی ئازاد بوو، هەروەها ناوبڕێک هەیە ماوەکەی هەشت ساڵە، لە بەڕێوەبردنی کلینتۆندا لە نێوان سەرۆکایەتی باوک و سەرۆکایەتی کوڕدا دوورخرامەوە!

وێڕای ئەوەی وادیاربوو موبارەک نەی دەویست لەوە پتر گفتوگۆ لەگەڵ جۆرج بووشدا بکات، باڵیۆزخانەی ئەمەریکا ئەودەمی ڕیچاردۆنی باڵیۆزی بوو بەدواداچوونی هەبوو بۆ میراتگری لە قاهیرەدا، لە بروسکەکانیدا (زۆریان لە میانەی دەستەی ویکلێکسەوە بڵاو بوونەوە) پێشبینیی زۆریان دەربارەی دەردەبڕی، لەناویاندا ئەوانەی لە موبارەکی کوڕەوە گواستراونەتەوە، قسەکانی ئەو برادەرانە ڕوون بوون، لەوەی میراتگری لە

سـەدا سـەد دێت و هیچ ڕایناگـرێت، تەنانەت دامـەزراوەی سـەربازییش لەوەناکات خۆپارێزی لە بەرابەردا هەبێت!.

بروسکەکانی ویکلێکس لە زمانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکاوە لە قاهیرە قسە لەوە دەکەن، لە نێوان ئەو برادەرانەدا (ئەوانەی ئەو بەڵگەنامە نهێنییانەیان بڵاو کردووەتەوە بەمەبەستی پاراستنیان ناوەکانیان سڕیوەتەوە، ئەگەرچی دوایی ناوەکانیان دزەیان کرد و بڵاو بوونەوە)، کاتێک ڕیچاردۆنیی باڵیۆز مکوڕ بوو لەسەر هەندێکیان، کە گوتی "بیستوویەتی موشیر تەنتاوی دژ بەمیراتگرییە، لەبەر گەلێک هۆ لای دامەزراوەی سەربازیی لە میسردا، وەڵامیان بەبڕوایەکی تەواوەوە ئەوە بوو "موبارەک بەپێنج خولەک دەتوانێت تەنتاوی لە پۆستەکەی دەر کات، یەکیان ئەوەی بیر باڵیۆزی ئەمەریکایی هێنایەوە و گوتی:

– تەنتاوی لە "ئەبوغەزالە" بەهێزتر نییە، ئێوە بەچاوی خۆتان بینیتان چۆن موبارەک کاتێک ویستی، توانی ئەبوغەزالە بگەڕێنێتەوە ماڵەکەی خۆی، بڕیارەکەش پێویستی بەکۆشش نەبوو، لای هێزە چەکدارەکانیشەوە هیچ سەرێشەیەکی تێدا نەبوو، وەکو گومانکاران ئەوانی نەیاری کوڕەکەی بوون وایان دەگوت!

***

کەچی هەواڵەکان لە دەوروبەری سەرۆکایەتیی خۆی دزەیان دەکرد، کە سەرۆک بۆ ئەوانەی زۆریان لێ کردووە، ناتوانێت قسە لەسەر ئەو شتانە بکات، کە داوای لێ دەکەن، دەبێت فشار کەم بکەنەوە، چونکە دامەزراوەی سەربازی لەسەر میراتگری ڕازی نییە، ئەویش بەهەموو توانایەوە دەکۆشێت بۆ قەناعەت و ئامادەکردن، بەڵام بەرگری قورسە و مەسەلەکەش هێند ئاسان نییە وەکو ئەوانەی پێی لەسەر دادەگرن بۆی دەچن، کە ئێستا ئەوی داوای دەکەن جێبەجێی بکات، ئەگینا هەلەکە لەدەست دەدا.

هەروەها لە دەوروبەری سەرۆکایەتیی چیرۆکەیل و گێڕانەوەی زۆر

سەبارەت بەدەمەقاڵە و دەنگ بەرزبوونەوە دژەیان کرد.

ڕاستی ئاڵۆز بوو. ڕاستە دامەزراوەی سەربازی بەکردەنی دژی بوو، ویستی ئەو بەرهەڵستییەی لای سەرۆک موبارەک ناسراو بکات.

لە ڕاستیدا خۆپاریزیی دامەزراوەی سەربازی لەسەر میراتگری، لە کاتی ڕیفراندۆم لەسەر هەموارکردنی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٦دا بەبەر میراتگرەکە دوورا، لە نێو بەرهەڵستییەکی زۆر و ڕەتکردنەوەیەکی میلليی ڕووندا بڕیاری لەسەر درا، وای لە موشیر "محەمەد حوسێن تەنتاوی" کرد ڕای خۆی بدات، کە "هەندێک سەرکردەی ڕاسپاردووە تکا لە سەرۆک بکەن، ئەو بناغە جێگیرە لە سیاسەتی میسریدا لەبەرچاو بگرێت، هێزە چەکدارەکان دوور بخاتەوە لە هەر ڕۆڵێک ئەوە بسەپێنێت بەسەریا توخنی ناوخۆی سیاسی بکەون".. (ئەمەش بەڵێنێکە کاتی خۆی تاقە جارێک ڕووی دا، لە کاتی خۆپیشاندانەکانی خواردن لە ١٧ و ١٨ی ینایەری ١٩٧٧، ئەوە بوو فراوان بووەوە و لە دەسەڵاتی پۆلیس دەرچوو، ئەوکات موشیر "محەمەد عەبدولغەنی ئەلجەمسی" وەزیری بەرگری بوو، مەرجی ئەو بۆ هاتنە ناوەوەی هێزە چەکدارەکان و گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، زیادکردنی نرخەکان هەڵبوەشێتەوە، دوای ئەوە کاتێک هۆکارەکە نامێنێت، کە بووە هۆی هەڵگیرسانی خۆپێشاندانەکە، هێزە چەکدارەکان یارمەتی دەدەن بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری و ئاشتیی ناوخۆیی بۆ نیشتمان!).

ئێستاش نامەکە ڕوونە، کە موشیر تەنتاوی گوتی: هێزە چەکدارەکان نایەوێت خۆی بخزێنێتە گێروگرفتێکی ناوخۆییەوە، ڕەنگە لە ڕەتکردنەوەیەکی میللی بۆ قبووڵکردنی میراتگری سەرهەڵبدات.

***

ئەوی سەیربوو سەرۆک موبارەک بەم ئاگادارکردنەوەیە دڵتەنگ نەبوو، زۆر ئاماژەکردنیشی پێی بەڵگەی ئەوەیە، کە شتێکی لە قبووڵکردن لا دروست کردووە، ئەوەش پێویستی بەتوێژینەوەیەکی دەروونی هەیە بگاتە ئەوپەڕی

قووڵایی، لەو شوێنەی متبوو و چەپێنراوە!.

لەوەش سەیرتر سەرۆک موبارەک بەخۆی لە نێوان ئەوانەدا بوو، کە هیمەتی پتر بۆ گەڕان بەدوای بووکێکی گونجاو بۆ کوڕەکەی، بەشێک بوو لە پرۆسەی سازکردنی بۆ میراتگریی سەرۆکایەتی، گوایا زەحمەتە بۆ کۆمەڵگەیەکی خۆپارێزی وەک کۆمەڵگەی میسری سەرۆکێکی "ڕەبەن" قبووڵ بکات!.

***

بێگومان هەموو کرداریک پەرچەکرداری خۆی هەیە، هەروەها هەر هەڵسوکەوتێکی دژ بەسروشتیش باج و ماکی دەبێت، بۆیە قسەکردن لەسەر میراتگری بەشێوەیەکی پڕ لە نیگەرانی کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کەشی خانەوادەی سەرۆکایەتیی دانابوو، چونکە کوڕەگەورە وای هەست کرد برابچووکی پلە و پایەی بەدەست هێنا، ئەوە بوو قەڵشتی گەورە کەوتە نێوانیانەوە، وێڕای هەموو پەردەپۆشییەک خەڵکەکە خراپیی پێوەندیی نێوان دووبرایان بەدی کرد، براگەورە کە خۆی بەشایستەی سروشتیی دادەنێت، لە هەل دەگەڕا تاکو بوونی خۆی بسەپێنێت، ڕەنگە بواری وەرزشی بۆ دەرکەوتن هەڵبژاردبێت، کە یاریگەی تۆپی پێی تێدایە و ئەویش زۆری حەز لێ دەکات (بەم شێوەیە ئەو لە جەماوەرەکەیەوە نزیکترە، چونکە لە وڵاتدا ئەوان حزبی زۆربەن).

لە یاریی میسر و جەزائیردا کوڕە گەورە بەرەو خەڵکەکە دەرچوو، وای دانا گوزارشتکردنە لە هاونیشتمانی بوون، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی بەئاشکرا داوا لە باڵیۆزی جەزائیر بکات میسر جێ هێڵێت و لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە ڕووبەڕووی ببێتەوە و گوتاری ئاراستە بکات: چاوەڕێی چیتە نارۆی؟!

هەروەها قسەی وای پێ دەگوت زیانی بەپێوەندیی نێوان هەردوو وڵات دەگەیاند، سەرەڕای ئەوەش کوڕەگەورە هەڵمەت و دەرکەوتنی لە مەیدانی گشتیدا چڕتر کردەوە، وەکو چاوپێکەوتنی دۆستانەی ڕانەگەیەنراو، لەگەڵ هەندێک لەو نووسەرانەی بەوە ناسراون بەرهەڵستیی برا بچووک دەکەن لە

میراتگری له فەرمانڕەوایییدا!.

ئەمەش کەشێکی پڕ له نیگەرانیی له ماڵی سەرۆکایەتی خوڵقاندبوو، جگە له ئاڵۆزیی تر!.

پێوەندیی نێوان دووبرا گەیشتە دیمەنی خەمهێنەر، بێگومان کاریگەریی لەسەر باوکە قورس بوو!!

***

ئەوی مایەی سەیرە سەرۆک موبارەک هەستی پڕ له ترس و دڵەڕاوکێ دایگرت، ئەودەمی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی دوادواییەکانی ساڵی ٢٠٠٣ی ئەنجوومەنی گەلی پێ گەیشت، هەستی کرد (ڕەنگە) هەوڵێک بەڕێوەیە بۆ تێپەڕکردنی پلانی میراتگری، تەنانەت بێ ڕەزامەندیی ئەو و له کاتی ژیانیدا، تێبینیی ئەوەی کرد قەبارەی زۆربە، کە حزبی نیشتمانی له ئەنجوومەنی گەلدا پترە له سنووری خۆی، دووریش نییە ئەمە پێشەکییەک بێت بۆ میراتگرییەک بەخۆی بیسەپێنێت و بەبڕیاری پەرلەمانی نوێ، ئەودەمی کاتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گەل دێت بۆ پاڵێوراوی زۆربە بۆ سەرۆکایەتی، تا ئەوپەڕی یۆلیۆی ٢٠١١.

ئەوی مایەی سەیروسەمەرە بوو هەندێک له چاودێران سەیریان هاتێ، بەڕای ئەوان سەرۆک موبارەک بەخێراییەکی زیاد له پێویست کشایەوە، پاشان بێ بەرهەڵستییەکی جیدی له دوای شۆڕشی ٢٥ی ینایەری ٢٠١١دا بۆ داخوازیی لاچوون خۆی دایە دەستەوە، هەندێکیان لێکدانەوەی خۆیان لەسەر ئەوە هەبوو، کە سەرۆک موبارەک بەڕۆیشتن خۆی ئاسوودەکرد، چونکە ئەو تەنیا لەبەر خۆی لانەچوو، بەڵکو کوڕەکەشی لەنێو بگرەوبەردەیەکدا لادا، ئەودەمی بەڕێز "عومەر سلێمان"ی بەجێگری سەرۆک دامەزراند، ڕووداوەکانیش له هەمووان خێراتر بوون!!

***

هەروەها ئەوی مایەی سەیروسەمەرە بوو کێشەی میراتگری مایەی

سەرقاڵیی گەورەی ئەو هێزە دەرەکییانە بوو، کە بایەخیان بەکاروباری میسر دەدا، یەکەمیان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ بەڵگەش سەنتەرەکانی هەواڵگریی مەدەنی و سەربازی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا و بەدرێژایی قسەکردن لەسەر میراتگری، بەتایبەت لە مانگەکانی دوایی ساڵی ٢٠١١دا خۆیان بۆ ئەم بابەتە تەرخان کرد، هەروەها کۆشان و لیژنە و کۆنفرانسیان تەرخان کرد توێژینەوە بکەن لەسەر ئەو بۆچوونانەی دەکرێت لە دوای موبارەک لە میسردا ڕووبدەن، ڕەنگە گرینگترین ڕاپۆرت ئەودەم ئامادەکرابێت، ڕاپۆرتی گرووپی بۆچوونەکانە لە کۆلێژی جەنگی ئەمریکی لە سوپای ئەمریکادا I.S.S.

ئەوی تێبینی دەکرێت ئەوەیە ئەم ڕاپۆرتە لە سپتەمبەری ٢٠١١دا دەرچووە، هەرچەندە ڕووداوەکانی میسر پێشی کەوتن، کۆلێژی جەنگی ئەمریکی بڵاوی کردەوە و وای دانا ئەوی تێیدا هاتووە کاری پێ دەکرێت، تەنانەت دوای دوورخستنەوەی دوو شیمانە لە پێنج سیناریۆکەی دوای موبارەک وێنای دەکرد.

ئەوەی بەدوور زانی موبارەک بەخۆی لە دەسەڵات بەردەوام بێت.

– یاخۆ کوڕەکەی لە سەرۆکایەتیی میسردا جێگەی بگرێتەوە (وەکو چۆن کوڕە دەیویست و ئەوانەش دەیانویست، کە ناوی خۆیان نابوو گاردی نوێ).

پاشان ڕاپۆرتەکە ئەو بۆچوونانەی مابوونەوە خستنییە ڕوو، کە لە ٣ سیناریۆدا چڕ بووبوونەوە، لە میانەی پرۆسەی ململانێکانەوە لەنێوان ڕەوتی ئیسلامی (ئیخوان و سەلەفییەکان) و هێزە چەکدارەکان و لە نێوان ژمارەیەک کەسایەتی و ڕێکخراوی حزبی، یا سەربەخۆدا دەجووڵان، بەڵام ڕاپۆرتە ئەمریکییەکە بەکۆتایی دیاریکراوی ململانێکە نەبڕا، ئەمەش وا لە وڵاتە یەکگرتووەکان و سیاسەتەکانی دەکات، لە گشت بەرەکانەوە لە بەرابەر میسردا لە ڕەوشی چاودێری و ئامادەدا بێت ، چونکە سیاسەتی ئەمریکی و لەگەڵیدا بۆچوونەکانی سەرکردایەتیی سەربازیی ئەمریکی وادادەنێت

بەنیسبەت ئەوەوە میسر وڵاتێکی زۆر بەبایەخە، ئەو بناغەیەیە کە جووڵانەوەی لە ناوچەکەدا پشتی پێ دەبەستێت، ئەو وتە ستراتیژییە کە لە گشت بۆچوونەکاندا لای سەنتەرەکانی بڕیار دووبارە دەبێتەوە، ئەوەیە "نابێت میسر لەدەستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرچێت، ئیدی بەهەر شێوازێک بێت بۆ بەدیهێنانی، پلەی نەرمی یا توندوتیژییش لە پراکتیزەکردنی سیاسەتی ئەمریکادا هەرچەندێک بێت بۆ مسۆگەرکردنی بەدیهاتنی"!!

هەروەها سیاسەتی ئەمریکا بەدوای ڕووداوەکانەوە بوو و لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا مامەڵەی دەکرد و بەهەموو وزەیەوە دەجووڵا، ئامانجی داواکراویش بەپێداگرییەوە "نابێت جارێکی تر میسر لەدەستی وڵاتە یەکگرتووەکان دەرچێت"، ئەمەش ئەو تارمایییە هەڵواسراوەیە بەئاسۆی دواڕۆژەوە لە میسردا، ئەو ساتە مەترسیدارەی مێژوو!!